# پێشەنگ ژمارە: 10

بەهاری 1385ی هەتاوی



**توێشووی داهاتوو:**

**سەبارەت بە ژیان و بەسەرهاتی هونەرمەند و دەرهێنەری سینەمایی "یەڵماز گونای"یە.**

**چاوەرێی بەرهەم و بابەتی هاوکارانی خۆشەویستین.**

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد ساڵحی

سەرنووسەر: سەعید ئەمانی

سکرتێری نووسین: یونس. م

دەستەی بەرێوەبەر:

بێستون

ناسر حەق پەرەست

شورش محەمەدی

رووبەرگ و مونتاژ: هیوا عبدی

ئیمەیل: peshang2@msn.com

تەلەفون:

07701934573

07701367543

نرخ: 1000 دینار / 600 تمەن


بۆ ئاگاداری خوێنەران:

کەڵك وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.



**بابەت و بەرهەم، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان  بۆ بنێرن.**

**"پێشەنگ"**

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێر: | لاپەرە: |
| --- | --- | --- |
| **وتار:** | | 9 |
| بە بۆنەی مەرگی هاری مگداف | ئا: پێشەنگ | 6 |
| هۆنەر و هەڵوێست | ن: سەعید ئەمانی | 10 |
| م.ئازاد شاعیری ئیماژیست و بێدەنگی | ن: سیروان ئەزموون | 14 |
| خوای من باشە و خوای بن لادن شووم | ن: هارولد پینتر ـ و: بێستون | 19 |
| شێعر لاواندنەوە، نەک بزوتن | ن: خوسرەو گوڵسورخی ـ و: کەریم ئەمانی | 25 |
| **سینەما:** | | 28 |
| سینەما: | ن: عەباس سەماکار ـ و: س. ا. | 29 |
| کەشتی پۆتمکین | و: ئەسعەد رۆستەمی | 39 |
| **چیرۆک:** | | 43 |
| هەڵسەنگاندنێکی چیرۆکی ... | ن: بەرزان عبێد | 44 |
| لە پێناو خەون و روئیا دا... | ن: گارسیا مارکز ـ و: پەیمان | 46 |
| بۆ وەرزەکانی هەستانەوە دەژیم (شانۆ) | ن: هەژیر نینا | 52 |
| منداڵەکانیش غەیری نیزامین! | ن: هاینریش بێل ـ و: ناسر حەقپەرەست | 58 |
| **شێعر:** | | 60 |
| ئێوارە کۆرێک بە بۆنەی 3ی رەشەمەوە | ئا: پێشەنگ | 61 |
| هەناسەکانی ژیان | ن: هەژیر نینا | 66 |
| **وتوویژ:** | | 67 |
| وتووێژی "ئسپریت" لەگەڵ مەحمود دەروێش | و: مەجید مارابی | 68 |
| وتووێژێک لەگەڵ گابریل گارسیا مارکز | و: سەلاح ئەمانی | 73 |
| **ئەدەبیاتی کرێکاری:** | | 85 |
| بەردەنگە لەبیرکراوەکان | ن: عەلی سادقی ـ و: ئازاد 82 | 86 |
| سەبارەت بە ئەدەبیاتی کرێکاریی ئێران | ن:عەلی ئەشرەف دەرویشیان ـ و: عەلی ئەحمەدپور | 93 |
| ئەدەبیاتی کرێکاری ئێمە بۆچی لاوازە؟ | ن:مەنووچێهر بەسیر ـ و: سەباح مورادی | 96 |
| **پروشە:** | | 98 |
| سەرکەوتنی موسیقا بەسەر دیکتاتوریدا | و: پێشەنگ | 99 |
| کورتە مێژوویەک لەمۆسیقای راک | ن: بەهرام حسین ـ و: ئارام | 102 |
| زیندان لەهونەرو ئەدەبیات دا | و:پێشەنگ | 105 |
| ژنان فیلتێر ناکرێن | ن:فوئاد شەمس ـ و:سەیران رەحیمی | 108 |
| هونەرمەند کێیە؟ | ن: فەرهاد عێرفانی ـ و: دەریا | 109 |
| جەک لەندەن، نوسەرێک لە چینی کرێکار | و:پێشەنگ | 111 |
| میرزادە عیشقی: (شاعیری ئازادی) | ن: محەمەد عەلی سەپانلو ـ و: پێشەنگ | 115 |
| **توێشوو:** | | 117 |
| شێوەی ژیانی نازم حیکمەت و ... | و. لە فارسیەوە: شورش محەمەدی و بێستون | 118 |
| ئەو پیاوەی کە راوەستاوانە مرد | ن: یاشار ئازەری ـ و: کەریم ئەمانی | 123 |
| یادێک لەنازم حیکمەت | ن: عەمران سەلاحی ـ و: بێستون | 127 |
| برنجی بۆ خۆی کوشت | ئا: بێستون | 129 |
| کارڵ مارکس: سانسۆر.. (لەسەر روبەرگ) | و: ناسر حەقپەرەست | |

# بەبۆنەی مەرگی هاری مەگدافەوە



هاری مەگداف ئابووریزان‌و گەورە بیرمەندی مارکسیت رۆژی یەکەمی ژانویەی 2006 بۆ هەمیشە چاوی لەسەر یەك داناو ماڵئاوایی لەژین کرد. ناوبراو بەهاوڕێیەتی لەگەڵ "پل باران، لئو هوبرمان، هاری براور من‌و پل سوئیزی" یەکێك لەبناغە دانەران‌و هەڵسوڕێنەرانی نەشریەی "مانتلی ریویو" بوو. ئەم بڵاو کراوەیە کەلەلایەن "پل سوئیزی"یەوە بناغە رێژی کراو ژمارەیەك لەگەورە بیرمەندانی مارکسیتی لەدەوری خۆی کۆکردەوە، لەماوەی نزیك بەنیو سەدە لەهەڵسورانی خۆی دا نەتەنیا ئۆرگانێکی درەوشاوە بوو بۆ رەخنەگرتن لەسەرمایەداری سەردەم بەڵکو نوێنەری مارکسیزمی خەباتگێڕ بوو لەنیشاندانی ئاسۆی سۆسیالیستیانەی ئەمڕۆیی لەسەرتاسەری جیهاندا. لەسەردەمی زاڵبوونی مارکسیزمی ئوردوگایی، "مانتلی ریویو" جیایی‌و سەربەخۆیی خۆی لەسۆسیالیزمی ئۆردوگایی پاراست‌و لەسەردەمی پاش لەبەریەك هەڵوەشانی ئۆردوگا، بوو بەناوەندێکی کاریگەر لەپێناو نوێکردنەوەی سۆسیالیزم. هاری مەگداف لەساڵی 1969 بەم بڵاوکراوەیەوە پەیوەست بوو و وێڕای "پل سوئیزی" لەپەرەپێدان‌و بانگەشەی مارکسیستی‌و تئۆری سۆسیالیستی رۆڵی گرینگی گێڕا.

هاری مەگداف ساڵی 1913 لەبروکسی ئەمریکا لەدایك بوو. باوکی کرێکارێکی کۆچبەری رووسی بوو کەکاری نەققاشی بیناکانی دەکرد. ناوبراو لەشوێنی کۆچبەرانی نیویۆرکدا گەورە ببوو، ئەویش لەسەردەمێکدا کەمەسەلەی شەڕو شۆڕش لەهەموو شوێنێك وێردی سەرزمان بوو. رۆژێك هەروا سەرپێی گوێی لەقسەو باسێك بوو کەکەسێك دەیوت، هیند موستەعمەرەی ئینگلیزە. ئەم وتەیە کەبیستبووی، مەگدافی هەژاندو دەستیکرد بەموتالاکردنی مێژووی ئیستعیمار. 15 ساڵانە بوو کەنوسراوەی مارکسی بەناوی پێشەکیەك لەسەر رەخنەی ئابووری سیاسی کەوتە بەرچاو. هەر ئەو زانیارییە بوو بەهۆی ئەوە کەهۆگر بەخوێندنەوەی ئابووری بێ. پێی نایە "سیتی کالج"ی نیویۆرك‌و بوو بەئەندامی "ئەنجومەنی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان"و سەردەبیری نەشریەی ئەو ئەنجومەنەی بەناوی "سنوورەکان" لەئەستۆ گرت، رۆیی بۆ شیکاگۆو لەکۆبونەوەکانی دامەزراندنی ئیتحادیەی میللی لاوان‌و ئیتحادیەی لاوان لەدژی شەرو فاشیزم بەشداریکرد. ناوبراو لەماوەی ساڵانی 1932 تا 1933 سەردەبیری نەشریەی ئیتحادیەی میللی لاوان بوو. پاش ئەوەی کەبەهۆی هەڵسورانەکانی لەسیتی کالجی نیویۆرك دەرکرا، چوو بۆ زانستگەی

نیویۆرك‌و لەساڵی 1936 لەبەشی ئابووریدا لیسانسی وەرگرت. دواتر لەفیلا دۆلفیا لەجەریانی پرۆژەی لێکۆڵنەوەکانی میللی ئیدارەی پێشکەوتنی پیشەکان دەست بەکار بوو، کارەکانی سەبارەت بەلێکۆڵینەوە لەهێزی کار، بێکاری، زەرفیەتی سەنعەتی‌و بەرێوەبەرایەتی بەرهەم بوو.

هەگداف بەنووسینی وتارێك بەناوی "مەسەلە ئابورییەکانی سەرمایەداری ئەمریکا" کەلەساڵنامەی "سۆسیالیست رجیستر" لەساڵی 1965 چاپکرا وەك رووناکبیرێکی ناسراوی سۆسیالیستی پێی نایە مەیدانەوە. لەمانگی مەی ساڵی 1969 چووە نێو هەیئەتی تەحریریەی نەشریەی "مانتلی ریویو"و بوو بەجێنشینی "لئو هوبرمن" کەلەساڵی 1968 مردبوو. ناوبراو لەوتوێژێکدا دەڵێ کەلەیەکەم ژمارەی بڵاوکراوە "مانتلی ریویو" من عاشقی بووم. ئەو کاتە پوولم نەبوو کەئەم بڵاوکراوەیە ئابوونە بکەم بەڵام هەموو ژمارەکانیم دەخوێندەوە.

مەگداف دەڵێ (3) تایبەتمەندی ئەم نەشریە، سەرنجی منیان راکێشان: یەکەم ئەوەی کەبەراشکاوی دیفاعی لەسۆسیالیزم دەکرد، کارێك کەئەو کاتە لەئەمریکا دژوار بوو، دووهەم لەتاقم‌و فیرقە بوو، سێهەم زمانێکی ئاسان‌و خۆشی لەهێنانە گۆڕی مەسەلەکاندا هەبوو. مەگداف لەدەیەی 70 و 80دا وێڕای هاوسەرەکەی بەناوی "بئاتریس گرایتزر" کەیەکێك لەهاوپۆلەکانی خۆی بوو، بۆ زۆر شوێنی جۆراوجۆری دونیا سەفەریکردو پەیوەندی بەرینی دامەزراندبوو. هەروەك "سوئیزی و پل باران" پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ کوباو دۆستایەتی تایبەتی لەگەڵ چێگوارا هەبوو. بیروەرییەکانی خۆی لەگەڵ چێگوارا دواتر لەدوو توێی کتێبێکدا بڵاوکردەوە. لەکتێبی بیرەوەریەکاندا مەگداف دەگێڕێتەوە کەبەچێگوارام وت کەتۆ دەزانی من چ هەستێکم بەرانبەر بەشۆڕشی کوبا هەیە، بەبڕوای تۆ چ کارێکم لەدەست دێ. چێگوارا وتی "درێژە بەئاموزش‌و راهێنانی من بدە"

مەگداف بەهۆی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بەئیمپریالیزم ناوبانگێکی زۆری دەرکردوە. لەبەرهەمەکانی دەتوانین ئیشارە بە"سەردەمی ئیمپریالیزم" چاپی 1969و ئیمپریالیزم لەسەردەمی ئیستیعمارەوە هەتا ئێستا چاپی 1977 بکەین. کتێبی "سەردەمی ئیمپریالیزم" کەکاتی چاپکردنی نزیکەی 100 هەزار بەرگی فرۆشرابوو وە بۆ سەر 15 زمان وەرگێڕدراوە، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شکڵ پێدانی بیروڕای چەپ لەئەمریکا بۆ خەبات لەدژی شەڕی ڤێتنام هەبوو.

هاری مەگداف مارکسیستێکی لێکۆڵەرەوە، بیرمەندێکی هەڵکەوتەو بەهەوڵ‌و تێکۆشان‌و خەباتگێڕێکی نەسرەوتووی بەبڕوای پتەو بەسۆسیالیزم بوو. بێگومان جێگای بەتاڵی ئەو لەململانێکانی داهاتوودا لەپێناو سۆسیالیزم هەست پێدەکرێ.

***

# وتـــــار




هۆنەر و هەڵوێست — ن: سەعید ئەمانی

م.ئازاد شاعیری ئیماژیست و بێدەنگی — ن: سیروان ئەزموون

خوای من باشە و خوای بن لادن شووم — ن: هارۆڵد پینتر ــ و: بێستون

شێعر لاواندنەوە، نەك بزوتن — ن: خوسرەو گوڵسورخی ــ و: کەریم ئەمانی




# هونەرو هەڵوێست

کورتەباسێك سەبارەت بەژیان، بەرهەم و بۆچوونەکانی جان لنۆن.

نووسین و ئامادەکردنی: سەعید ئەمانی




جان لنۆن ئەیوت ئاواتەخوازە بەرهەمەکانی لەسەر خەڵکێکی کە لەژێر زوڵم و زۆرداری‌دا دەژین، کاردانەوەی ببێت، تاڕادەیەکی کە خۆیان وشیاربنەوە و بتوانن ڕێرەوی ژیانیان دیاری بکەن، سەمیمەت و سەداقەتی لنۆن لەم هیواخوازیەی دا، لەبەرچاوترین تایبەتمەندیەکانی ئەو بوو.

جان لنۆن سەرئەنجام توانی بەو ئاواتەی بگات و بەرهەمەکانی ببنە وێردی سەر زمانی کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش، بەڵام کاتێك کە ئیتر خۆی نەمابوو تا بەشانازییەوە ئەو کاردانەوە بەرین و بەربڵاوە ببینێ.

جان لنۆن لە بەندەری لیورپۆل ئینگستان لەدایك بوو. لەشارێکی کرێکارنشین. لەتەمەنی منداڵیدا دایك و باوکی لەدەست چوون و درایە دەست پووری و لەلای ئەو گەورەبوو. سەردەمی خوێندنو قوتابخانە بۆ لنۆن گەلێ پڕ چەرمەسەری بوو. نەیدەتوانی لەگەڵ هەل‌و مەرجی وشك و بێ عاتفی فێرکردن و بارهێنانی ئەو سەردەمەدا بگونجێ. هەرچەندە وەزعی بنەماڵەی پووری مام ناوەندی بوو، بەڵام جان لنۆنی تازە لاو لەگەڵ منداڵانی چینی کرێکاردا گەشەی دەکردو گەورە دەبوو بەشانازییەوە خۆی بە

یەکێك لەوان دەزانی. بەم ڕوانگەیەوە بوو کە لەدەورەی خوێندنی ناوەندی دا ڕۆژنامەی دەردەکرد و سەبارەت بەهەل‌ومەرجی کرێکاران و داکۆکی لە بەرژەوەندیەکانیان، وتاری دەنووسی.

لەرۆژە تەماویەکانی نێوان دەیەی 1950 دا، جان لنۆن شەیدای مۆسیقای ڕاکی ئەندرۆل بوو کە بەخێراییەکی سەرسام هێنەرەوە ئامریکای دەتەنیەوە. ڕووی کردە مۆسیقای ڕاك تا ڕۆحی خۆی لە دەست دیسپلین و بایەخە کۆن و سوننەتەیەکانی کۆمەڵگای ئینگلیسی ڕزگار بکات.

لە تەمەنی شازدەساڵیدا یەکەمین گوروپی مۆسیقای خۆی پێك هێنا. ساڵی 1957 مۆسیقیدانێکی لاو و خاوەن توانا بەنێوی پۆل مەك کارتنی کەوتە ژێر کاردانەوەی کەسایەتی و هونەری جان لنۆن و هاتە ناو گوروپەکەیەوە. لەساڵەکانی دەیەی شەست دا ئەو کاتەی کە لنۆن و گورپی مۆسیقای "بیتلز" ناو و ناوبانگێکی دوور لە چاوڕوانیان بەدەست هێنابوو، تا جێگایەکی کە سەرنجی

گەلێك لە كۆمپانیا گەورەكانی نەوارپڕكردنەوە و ئیستدیۆ ورادیۆو تلویزۆنەكانی بۆلای خۆڕاكێشا بوو، بەرادەیەك كاریان بەسەردا كەوتبوو، وەكو خۆی ئەڵێ، ناچاربوون بەشێوەی شەوانە رۆژی لەئیستدیۆكانی تۆماركردن دا بمێننەوە.

بەڵام لەدنیای دەرەوەدا، رووداو گەلێكی گەورە لەئارادا بوو. بزوتنەوە ڕزگاری بەخش و شۆرشگێڕانەكان بەشێكی بەرینی لەولاَّتانی تازە موستەعمەرەو موستەعمەرەی لەئاسیا، ئافریقاو ئامریكای لاتین دا گرتبۆوە. ئیمپریالیزمی ئامریكا لەگێژاوی شەرێكی داگیركەرانەدا لەڤێتنام نوقم ببوو. شۆرەوی باسی لەپێویستی پێك هاتن و سازان لەگەڵ دنیای سەرمایەداری رۆژئاوا دەكرد و كرێكارو زۆر لێكراوانی بۆ ئاشتی و سازش لەگەڵ دەسەلاَّت داران بانگهێشت دەكرد.

چین سوور بوو لەسەر بانگەوازی بەرپاكردنی شۆرشێكی جیهانی. كوبا بەپێشینەی خەباتێكی چریكی و چەكدارانەوە هێشتا بۆ زۆر كەس نمادی شۆرش بەحیساب دەهات. و لە رۆژئاواش دا باس و خواسێك لەئارادابوو.

بزووتنەوەیەكی ڕادیكاڵ خەریك بوو گەرای دەبەست. بزوتنەوەیەك دژ بەگشت ئەو دیارەدە و شتانەی كە مۆرك و ئاكامی سیستمی سەرمایەداری بوون. بزووتنەوەیەك نەیارو دوژمنی نەزمی سیاسی زاڵ و بایەخ و سوونەتە كۆنەكان، دوژمن و نەیاری داگیركاری و دەستێوەردانە ئیمریالیستیەكان، دژ بەحیزبە ڕەسمی یەكان كە حیزبەكانی لایەنگرو هاوسەنگەری مۆسكۆشی دەگرتەوە، دژ بە فەرهەنگ و هونەری ئەشرافی و خەسیوو بێ ناوەرۆك و خەڵك خەڵەتێن. ئەو رێك كەوتنە كۆمەلاَّیەتیەی كە لەرۆژئاوا و لەئاكامی شەڕی دووهەمی جیهانی دا پێك هاتبوو، ووردە ووردە درزی دەبرد. بەشەكانی خوارەوەی چینی كرێكار كە هێشتا بیرەوەری خەبات و ئاڕمانەكانی دوو دەیەی ڕابردوویان لەكەللەدا مابوو، كەم كەم سەبارەت بە دروستی سیاسەت و نیازپاكی سەندیكا ڕەسمییەكان گومانیان لادروست ببوو، لەم دنیا ئالۆزو پڕ گێژاوەدا، جان لنۆن و گورووپی "بیتلز" لەكوێدا قەراریان گرتبوو؟

ئایا دەیانتوانی خۆیان لە شەپۆلەكانی ئەم بزوتنەوە چارەنووس سازە، بەدوور بگرن؟.

لەو رۆژانەدا "بیتلز"، هەروەك خودی لنۆن لەساڵەكانی دواتر دا دەڵێ گێرۆدە ببوون. گیرۆدەی ناوبانگ و پلەوپایەیەكی كە سەرمایەداری بۆی دابیندەكردن. گیرۆدەی دەستی ئەو ناوەندانەی دەسەلاَّت و سەرمایە كە رێرەوی سەرەكی گۆڕەپانە فەرهەنگی و هونەریەكان دیاری دەكەن. گورووپی بیتلز بەروونی هەستی كرێكارانیان لە بەرهەمەكانیاندا وێنادەكرد.

بەلاَّم شوێن پێی كرێكاران و زۆرلێكراوان لەگۆرانیەكاندا، تەنیا لەم ئاستەدا دەمایەوە، نە ئاڕمانێك لەئارادا بوو، نە ناڕەزایەتییەك. لەگەڵ گشت ئەمانەدا، لەنێوان ساڵەكانی دەیەی 1960 دا هەست و ئێحساساتی جان لنۆن سەبارەت بە مەسایلی سیاسی و ئاڵوگۆڕەكانی دنیا بەتەواوی هەڵخرا بوو. بەردەوام رۆژنامەی دەخوێندەوە و بەدوای هەواڵەكاندا دەچوو. لە هەموو جێیەك قسە لە شۆرش دەكرا و لنۆن یش لەو هەل و مەرجەدا سرودی "شۆرش" ی دانا.

سرودێك كە بەهەوێنی بەیتی یەكەمی سرودی بەناوبانگی "مارسی یز" كە پاشماوەی شۆرشی فەڕانسەو سرودی نەتەوەیی ئەم ولاَّتەیە، گیرسابوو. بەرەو ڕادیكالیزم چەرخانی جان لنۆن و ڕەنگدانەوەی لەبەرهەمەكانی دا ئەوی تووشی كێشەو گرفت كرد لەگەڵ مشتەریە سەروەت مەندو خاوەن كۆمپانیاكاندا. كار گەیشتە جێگایەك نووسراوی گۆرانی سەر كاسێتەكانیان سانسۆر دەكرد.

ئەو هەل‌ومەرجە ناسەقامگیرە چەند لایەنیەی جان لنۆن نەیدەتوانی هەروا بەردەوام بێت. لەیەكێك لەو سەرفەرانەی كە گورووپی "بیتلز" بۆ ئامریكای كرد، ئەو و جۆرج هریسۆن هاتنە سەر ئەوەی لەوتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنەرە گشتیەكاندا دژایەتی خۆیان لەگەڵ شەڕی ئامریكا لە ڤێتنام ڕاگەیەنن، كاتێ ئەمەیان لەگەڵ سەرپەرشتی بەرنامەكانیان دا باس كرد، لەگەڵ دژایەتی ڕاشكاوانەی ئەودا ڕووبەڕوو بوون كە لە ئاكامی كردەوەكەشیانی وشیاری دەكردنەوە.

جان لنۆن بریسکەی دواتری لەوتووێژێکی جەنجاڵی دا، کە هەراو هوریایەکی زۆری بەدواوە بوو، لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیسی بەنێوی "مورین کلیو" دا لێداو دەکرێ بڵێین بەئانقەست دەستی کرد بە ڕووخاندنی هەموو پردەکانی پشت سەری. ئەو لەو وتوێژەدا بەڕوونی و ڕاشکاویەکی کە تایبەت بەخۆیەتی وتی: "مەسیحیەت کاڵ دەبێتەوە و لەناودەچێ. پێویستیش بە بەڵگە نییە، ئەوەی من ئەیلێم ڕاستە لەداهاتووشدا دروستی بۆچونەکەم دەردەکەوێ.

هەر ئێستا ئێمە لە عیسا مەسیح زیاترمان لایەنگر هەیە"شەش مانگ دوای ئەم لێدوانە، لنۆن و گورووپی "بیتلز" لەسەفەرێك دا بۆ ئامریکا، کەوتنە بەرهێرش و گوشارێکی قین لەدڵانەی کەسایەتی و دەستەوتاقمە تاریك ئەندێشەکان. بەم قسەیە، جان لنۆن کەسانێکی زۆری بۆ ئەبەد کردە دوژمنی خۆی بەڵام لەبەرانبەردا، سەرنجی بیروڕای کۆمەڵانی پێشکەوتوی خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

خۆی وتوویەتی کە ئەم هەڵوێستەی ناشارەزایانە نەبوە و بەم شێوەیە ویستویەتی پشت بکاتە ئەفکارو بۆچوونەکانی ڕابردووی. جان لنۆن بەشێنەیی لە تەوەهومات و ئەفکارە کۆنەکانی مەودای گرت و گەیشە ئاستێك کەپێی وابوو. ئایین "شێتیەکی یاسایی یە".

دوای ئەم ئاڵ و گۆڕە فکرییەی بەسەر بەشێك لەئەندامانی گورووپی "بیتلز" دا هات، لێك هەڵوەشانی ئەمرێکی حەتمی بوو. ئەم ڕاستیە دەکرا لەبەر خوردی توندو بەگژیەك دا هاتنی جۆرج هریسۆن و پل مك کارتنی لەبەردەم دووربینی هەواڵنێرانی تلویزیۆنەکاندا هەست پێبکرێ. دەستەو تاقمی زاڵ بەسەر دنیای مۆسیقادا و ڕەخنەگرانی محافزەکار، لایەنی مك کارتنی یان دەگرت و جان لنۆن یان خەتابار دەکرد. لەم نێوانەدا ئاشنایەتی لنۆن لەگەڵ "یوکو ئونو" هونەرمەندی ژاپۆنی تەباردا، شوێنەوارێکی زۆری لەسەر ئاڵوگۆڕی فکری جان لنۆن لەبواری کۆمەڵایەتی وهونەری دا دانا. جان لنۆن ئەڵێ ئەوە یوکۆ بووکە ئەفکارو بایەخەکانی ئەوی سەبارەت بە ژنان گۆڕی. بزوتنەوەی ڕزگاری بەخشی ژنانی پێناساند و لەداوی بۆچونە پیاوسالارانەو سوننەتیەکانی نەجات دا.

جان لنۆن لەم پەیوەندیەدا ئەڵێ: "ژنان گەلێك گرینگن. ئێمە ناتوانین بەبێ بەشداری ئەوان و ڕزگاربوونیان شۆڕشێك بەرپاکەین. باڵادەستی پیاوان بەچەشنێکی زیرەکانە ئاموزش دراوە. زۆری پێچوو تا من بەوە گەیشتم کە پیاوبوونم تا چ ڕادەیەك ئاستی هەڵسوڕانی یو کۆی بەرتەسك کردۆتەوە. ئەو ژنێکی سەربەست و ئازادە و بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو منی تێگەیاند کە لەکوێدا تووشی هەڵە هەم. هەرچەندە خۆم پێم وابوو هەڵسوکەتم گەلێك سروشتیە. هەربەم هۆیەوەیە کە بەردەوام دەمەوێ بزانم هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی ئیدیعای ڕادیکالیزمیان هەیە لەگەڵ ژن دا چۆنە."

بۆ داوەری سەبارەت بە جان لنۆن باش وایە ئەفکارو بۆچوون و هەستەکانی لە زمان خۆیەوە ببیستین. تارق عەلی و ڕابین بلاکبورن لەساڵی 1971 دا وتوێژێکیان لەگەڵ جان کردووە کە یەکێك لە بەڵگە گرینگەکانی ئەو دورەیە. لە وەڵام بەرپرسیارێکی تارق عەلی دا ئەڵێ:" من بەردەوام زەینیەتێکی سیاسم بووە و بەدژی وەزعی مەوجودو هەلومەرجی سەردەم وێستاومەتەوە، کاتێ تۆ لەهەلومەرجێکی وەك ئەوەی منی تێدابووم گەورە بووبێتی، بەشێوەی ئاسایی پۆلیس وەك دوژمنێکی سروشتی دەبینی و نەفرەتی لێدەکەی. ئەڕتەشت خۆشناوێ، ئەو بە چاوێك سەیردەکەی کە ئەم و ئەو دەگرێ و دەیانبا و لاشەکەیان لە شوێنێ فڕێ ئەدات.

دەمەوێ بڵێم ئەساسەن ئەمە شتێکی کرێکاری یە و بەچینی کرێکار مەربوتە. بەدرێژایی ژیانم بەرانبەر بەئاین و هەموو سوننەت و داب‌ونەریتە کۆنەکان هەڵوێستم گرتووە. ئەگەر بەشێوەیەکی کاڵ و کرچیش بووبێ. هەر لەدرێژەی ئەو دیدارەدا ئەڵێ:"هەرچی زیاتر لەگەڵ ڕاستییەکاندا ڕووبەڕوو ئەبین، زیاتر ئەوەمان بۆ روون دەبێتە کە دەستوری کاری رۆژانەی دەسەلأت داران نیشان نەدانی ڕاستیەکانە. ئەمە خۆی ئێمە بەچەشنێك ڕادیکاڵتر دەکات. وەك ئەوەی کە لە سووچێك دایانابێتی و هەموو ڕێگاکانیان لێگرتبێتی. بەڵام چ باشتر دەبوو ئەگەر ژمارەمان زیاتر بوایە.."

یوکوی هاوسەری لە گۆشەیەکی ئەو توێژەدا دەڵێ: "من و جان مرۆڤ گەلێکی خۆشبەختین. چون دەتوانین

هەلومەرجی ژیانی خۆمان پێك بێنین. و گرینگی پەیوەندی گرتن لەگەڵ کەسانی دیکەش دا بەباشی دەزانین."

دەیەی 1970، ساڵەکانی نزیك بوونەوەی جان لنۆن لەسیاسەتە ڕادیکاڵەکان بوو. ئەو گەیشتبووە ئەو باوەڕە کە دەسەلآت بەبێ خەبات و تێکۆشان بەدەست نایەت و شۆرشێکی بێ توندوتیژی لەگەڵ مەنتیق دا ناگونجێ. بەڕاشکاوی ئەی وت پۆلیس و ئەرتەرشی خۆش ناوێ بە گۆپاڵ و بکوژی جەماوەری ناڕازیان دەزانێ و بەتوندی لێیان بێزارە. لەدیدارێك دا ئەڵێ داوام لە شۆرشگێران ئەوەیە کە لە کرێکارانی لاو نزیك ببنەوە چون کرێکاران ئیمکانی شناسایی و دۆزینەوەی شۆرشگێڕانیان نیە. لنۆن تەنانەت بەشێوەیەکی هاندەرانە ئەم باسەی هێناگۆڕێ کە خوێندکاران هێشتا بەڕادەی پێویست وشیار نەبوونەتەوە کە بزانن دەبێ کرێکاران وشیارکەنەوە. لەگەڵ گشت ئەمانەش پێی لەوەدەنا کە ئاڵترنا تیوێکی دیاری کراوی لەزەین دانیە و تەنانەت سەبارەت بەڕێگای گەیشتن بەدنیایەکی جیاوازتریش لەتاریکی دایە.

سەرئەنجام لە مانگی نوامبری 1980، کۆتایی دوو دەیەی پڕ کێشمەکیشی ناڕەزایەتی و خەباتی شۆرشگێڕانە لەگەڵ کۆتایی تەمەنی جان لنۆن دا هاوکات بوو. شەوکاتێ لەگەڵ یوکۆ لەشوێنی کارەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە لە "سنترال پارك"ی نیۆیۆرك کەوتەبەر دەسترێژ و لەحاڵێك دا بەپێنج گوللە پێکرابوو گیانی لەدەست دا بکوژەکەی دانی بەوەدانا کە ئەنگیزەی بۆ کوشتنی جان لنۆن و دەست بردن بۆ ئەم جنایەتە، قسەکانی لنون سەبارەت بەعیسا مەسیح لەساڵی 1966 دابووە.

بەڵام بۆ زۆربەی جەماوەری وشیارو لایەنگری لنۆن، ئەمە قەتلێکی سیاسی بوو کە نیهادە کۆنەپەرست و دژی خەڵکیەکانی لەپشتەوە بوو. کوشتنی لنۆن لە هەوەڵین رۆژەکانی هەڵبژاردنی رۆناڵد ریگان وەك سەرۆك کۆماری ئەمریکا دا بەڕێوەچوو. هەر ئەو رۆژانە کاتێ لەدیدارێك دا سەبارەت بەم ڕووداوە پرسیاریان لە ڕیگان کرد، لەژێر لچەوە بڵماندی و شتێکی وت بەڵام کەس لێی حاڵی نەبوو، بەزەردە خەنەیەکەوە دەستی هەڵبڕی و وای نیشان دا کە ئەمە ڕووداوێکی کەم بایەخەو جێی ڕەزامەندی دەسەلآت داران و تاریك ئەندیشانە. کاتێ مرۆڤ گوێ ئەداتە سرودی (وابیرکەوە) بێ ئیختیار رۆدەچێتە ناخی ئەو دنیا مرۆڤانە بێ زوڵم و زۆرداریەی کە لەزەینی جان لنۆن دا گونجا بوو:

وابیرکەوە بەهەشتێك بوونی نیە

ئەگەر هەوڵبدەی کارێکی دژوار نیە

جەهاندمێك لەژێر پێمان دا نیەو بەسەر سەرمانەوە تەنیا ئاسمانە.

وابیرکەوە کە خەڵك بۆ ئەمرۆ ئەژین

وابیرکەوە وڵاتەکان بوونیان نیە. ئەمە کارێکی دژوار نیە.

شتێکی وابوونی نیە کە لەپێناوی دا بکوژی یان بکوژرێی.

ئاینیش لەئارادا نییە.

وابیرکەوە کە خەڵك بەگشتی لەئاشتی دا ئەژین

ڕەنگە بڵێی دەڕاوێنم، بەڵام هەر من بەتەنیا نیم.

هیوادارم رۆژێ تۆش پێمان پەیوەست بی و دنیا ببێتە پەیکەرێك.

وابیرکەوە خاوەنداریەك لەئارادا نیە. گرێو ئەکەم کە ناتوانی.

پێویست بەهەڵچون و برسیبوون نیە. ئینسانەکان برای یەکن.

وابیرکەوە کە گشت مرۆڤەکان لە تەواوی دنیادا هاوبەشن.

سەلآی سرود و گۆرانیەکانی جان لنۆن لەبەرانبەر ئەو خاوەن هێزو دەسەلآتانەی لەکۆبوونەوەی رێکخراوی بازرگانی جیهانی لەمیکزیك، لە دەوری یەك کۆببونەوە، بەوپەڕی هێزەوە دەنگی دایەوە و ئەو جەماوەرەی کە لە هەزاران کیلۆمیتر دوورترەوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین سەبارەت بەو نابەرابەریەی بەسەر خەڵکی بێ هێزو دەسەلآت دا سەپاوە لە دنیادا، هاودەنگ لەگەڵ لاوانی ناڕازی سرودەکانیان بەکۆڕ ئەخوێند بەتایبەت سرودی "وابیرکەوە". ئەم سرودە هەروەك یەکێك لەئاواتەکانی جان لنۆن کە شوێنەوار لەسەر خەڵك دانانە، بۆتە سەلآی کۆمەلآنی خەڵکی وشیارو ناڕازی.

سەرچاوەکان:

سایتی رۆشنگەری

سایتی نگاە

***

# م.ئازاد شاعیری ئیماژیست و بێدەنگی

ن: سیروان ئەزموون



م. ئازاد ( مەحموود موشەڕەف تارانی ) شاعیری هاوچەرخی نیما، شاملو، فروغ و ئەخەوان، و بەگشتی شاعیرانی پێشرەوی شێعری هاوچەرخی ئێران لە ساڵی 1312 لەدایك بووە. یەکەمین دەفتەرە شێعری بە ناوی هەرێمی شەو ی لە ساڵی 1332 و1333 دا، کە شاملوو پێشەکی بۆ نووسیبوو، بڵاو کردەوە. خۆی دواتر سەبارەت بەو کۆمەڵە شێعرە گووتبووی کە لە بڵاوبوونەوەیان پەشیمان ببوومەوە چوونکە شتێکی نوێی ئەوتۆم تێدا بەدی نەدەکردن. هەرێمی شەو کە زۆرتریان چوار برگەین زۆر لە ژێرکاریگەری نیمای شاعیر دایە. بەڵام ئەو کاریگەریە هەر بە هەرێمی شەو کۆتایی نەهات و لە دیوانەکانی تریشی دا جاروبارە خۆی بەرجەستە دەکاتەوە. بەڵام لە کۆمەڵە شێعری هەرێمی شەودا کێش و پەیام و تەنانەت ڕاوێژیش«لەحن» نیمایی‌یە. لەم پێوەندیە دا خوودی م. ئازاد دەڵێ: کەڵك وەرگرتن لە ئەزموونەکانی نیما بۆ پێگەیشتن بە زمان و بەیانێکی سەربەخۆ زەمانی پێویستە. ئەوە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێ کە م. ئازاد ئاگایانە شوێن پێی نیمای هەڵگرتووە و لەم ڕێگەیە دا هەوڵی داوە.

م. ئازاد تا بە ئێستا 8 دیوانە شًعری بلأو کردۆتەوە. بەڵام لە ساڵی 1378 دا بە هەوڵ و هیمەتی سەفدەر تەقی زادە گوڵبژێرێك لە شێعرەکانی بە ناوی گوڵی باخی ئاشنایی بلأو کردۆتەوە.

م. ئازاد لێکدانەوەیەکیشی لە سەر ژیان و شێعرەکانی فروغ فەروخزاد بە ناوی پەریشاندوختی شێعر واتە پەرێشان کیژی شێعر هەیە کە زۆرتر شێعرەکانی فروغ لە ڕوانگەی ژیانی شاعیرەوە ڕاڤە دەکا. هەروەك چۆن محەممەد سەپانلوو لەم دوایانە دا ئەم کارەی لەسەر شێعررەکانی وی کردووە. لە بەستێنی وەرگێڕانی شێعریش دا دەستی هەیە و چەند دیوانە شێعری وەرگێڕاوەتەوە. هەروەها لە بەستێنی ئەدەبیاتی منداڵانیش دا خۆی ماندوو کردووە و زیاتر لە 50 بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە کە بەشی زۆریان دووبارە نووسینەوەی ئەدەبیاتی کلاسیکی بە زمانی منداڵانەیە، کە گوڵبژێرێك لە چیرۆکەکانی مەولەوی بەلخی، کاوەی ئاسنگەر حەوت خانی رۆستەم و... لەوانن.

م. ئازاد ئەمساڵ دەگەڵ مەفتوونی ئەمینی خەڵاتی شێعری بیژەن جەلالیان وەرگرت کە هەر ساڵەی بۆ ڕێز گرتن لە هەوڵ و تێکۆشانی شاعیران دەدرێ بە دوو شاعیر. تا ئەوەی کە لە 29 ی ڕێبەندانی84 دا بە یەکجاری ماڵایی لێکردین.هەر بەو بۆنەوە و بۆ ڕێز گرتن لە خەباتی 50 ساڵەی ئەدەبیاتی م.ئازاد، خوێندنەوەیەکی سەرپێیمان دەبێت لە سەر کۆمەڵە شێعری گوڵی باخی ئاشنایی کە 5 دیوانە شێعری بە ناوەکانی «هەرێمی شەو»،«قەسیدەی درێژی با»، ئاوێنەکان هەڵۆڵن»«دەگەڵ من هۆرامان کە»و«شێعرە تازەکان»لە خۆ گرتووە.

لەم مەجالە کورتە دا دوو لایەنی بەرجەستە لە شێعری م. ئازاد کە بە لای نووسەری ئەم وتارەوە، لایەنی بە هێزن و ئەو دەگەڵ شاعیرانی‌تری هاوچەرخی خۆی تا ڕادەیەکی زۆر لێك جیا دەکاتەوە، باس دەکا.

1 .م. ئازاد و ئیماژیستی بوونی شێعرەکانی

2 .م. ئازاد و بێدەنگێکی شێعریانە لە شێعرەکانی دا

1. ئەوەی لە شێعری م. ئازاد دا جێگەی سەرنجە بەرجەستەبوونەوەی لایەنی ئیماژیستی لە شێعرەکانی دایە. ئەو لە ڕاستی دا شاعیرێکی تەواو ئیماژیستی‌یە و لە زۆربەی هەرەزۆری شێعرەکانی دا وێنەیی بوون ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ. بەر لەوەی باس لە شێعرەکانی م. ئازاد لەو ڕوانگەیەوە بکەین با ئاماژەیەکی زۆر کورت بە سەر ئیماژیست دا بکەین. دامەزرێنەری شێعری ئیماژیستی ئێزراپاوندە کە دەگەڵ ئێف، ئێس فلینت و چەند شاعیری‌تر یاسایەکی سێ بەندیان بۆ شێعری ئیماژیستی نووسی:

1. هەڵسووکەوتێکی سەر ڕاست دەگەڵ شتەکانی پێوەندی‌گر بە خۆی جا چ زەینی بێت چ عەینی.

2 . خۆ پاراستن لە هەر وشەیەك کە لەم پێوەندیە دا ڕۆڵی نەبێ.

سەبارەت بە کێش، شێعر دەبێ لە سەر ڕیتمی مۆسیقایی بێت نە لە سەر ڕیتمی عەرووزی. بەڵام بەر لەوە ئەزراپاوند لە نامەیەك دا کە بۆ هاوڕێی شاعیری ویلیامز-ی نووسی بوو کە تێدا دەسکەوتە سەرەکیەکانی شێعری لە ڕوانگەی خۆیەوە دەست نیشان کردبوو، ئاوای نووسیبوو:

ئەلف.نەقاشی ئاسا ئەم جۆرەی کە خۆمان دەیبینین. ب. جوان، ج. بەدوور لە پەند و ئامۆژگاری هەروەها تی. ئێس. ئیلیوت دەڵێ: شێعری ئیماژیستی تەژی هیوامان دەکات. تەنانەت ئەو کاتەی کە خۆی لە خۆی دا شێعرێکی باش نەبێ. مزگێنی فۆڕمێکمان پێدەدا کە تێیدا شێعری زۆر باش بێنینە بەرهەم.

ئەمانە بە گشتی بێجگە لە بەندی سێی یاسا سێ بەندیەکە لە زۆربەی شێعرەکانی م. ئازاد دا بە جوانی هەست پێدەکرێ. ئەو لە قەسیدەی درێژی با دا، سەرەڕای ئەوەی کە لێوالێوی هیوامان دەکات بانگەشەی ئەوەشمان دەکات کە پێکەوە بئاژوێن پێکەوە بپشکوێن پێکەوە بچرین و زۆر شتی‌تریش. هەڵبەت ئەم شێعرە، ئاماژەیەك بۆ فەزاسیاسیەکانی ئەو کاتی ئێرانە کە شاعیریش وەك زۆربەی ڕووناك بیرانی ئەوکات دەگەڵ فەزا سیاسیەکان تێکەل بووە. بە بڕوای من ئەو شێعرە هەر ڕاستەو خۆ باس لە ناو ڕیزەکانی حیزبی توودەی ئەو کات دەکات وا بزانم دوو شاخەی لێ جیاببۆوە یەکیان بە ڕێبەری خەلیلی مەلەکی بوو. بەڵام شێعرەکە ئەم پتانسیلەی تێدا هەیە کە ئەگەر ئاماژە بەمەش بێت لە بایەخی کەم نەکاتەوە.

هەروەها لە شێعری گوڵی باخی ئاشنایی دا «هەڵبەت لێرە دا زۆر جەخت دەخەمە سەر ئەو شێعرانەی کە دواتر پێشکەشتان دەکرێ»کە شاعیر خۆی ئەو گیا تەنیایە کە هەر بە هیواوە ماوەتەوە بە یادەکان دەپشکوێ. تەنانەت ڕیشەی خۆشەویستی قرتاوەو شوشەی دڵیشی شکاوە. یا ئەم هیوا و شێلگیرەیی کە لە شێعری «من گیایەکم ریشەم لە خۆ دایە»دەبیندرێ. کە بەم مسرەعە کۆتایی دێ: من گیایەکم ڕیشەم لە خۆ دایە و لە ڕۆژ دا دەڕوێ. یا لە شێعری هەرام کە، کە لەویش دا هیوا لە ئارا دایە. ئەوانە هەر هەموویان ئاماژەیەکی کورت بوون کە وەك نموونەی شێعری ئیماژیستی لە شێعری م. ئازاد دا باسمان کرد.

2 .م. ئازاد و بێدەنگێکی شێعریانە لە شێعرەکانی دا:

بێدەنگ بوون بەو مانایە کە خۆی دەڵێ: بۆ دیتنی باخ/ ئەشێ ببی بە باخ بێدەنگی بەو مانایە کە برستی لە دەربرینەکان زۆرتر بێت.بێدەنگی‌یەك کەخۆی گەورەترین دەنگە. هەر وەك کە خۆی دەڵێ:

من زادەی سرودی بێدەنگیم/ ئاکامی سام گرانی خودایان/ لە سەر لێوم ئەگەر سرودێ نییە/ من سرودێ دەڵێم بە بێدەنگی. ئەو بە بێدەنگی شێعر دەڵێ بەڵام بێدەنگی نە بەو مانا وشەیی کە هەیە بەڵکوو بەو مانا شێعریەی کە شاعیر مەبەستێتی. بەو مانا شێعریی کە خۆی دەڵێ: بۆ پەڕینەوە لەم رووبارە/ ئەشێ ببی بە پەلکە زێڕینە یا لە شێعری بێدەنگیم فێر کە کە شاعیر روو لە شێعر دەڵێ بێدنگیم فێر کە تا بتوانم بپشکوێم، تا بتوانم بباریم تا زستان بوون لە ناو گوڵدانەکان دا هەست پێبکەم. دیسان بە قەولی شاعیر کە لە یەکەم دیوانی شێعری دا واتە لە هەرێمی شەو دا لە چوار برگەیەك دا گووتبووی:

ئیتر چ بڵێم ئەوا من و ئەوا ئاخرین بەستە
ئەوا کوندە بووی شەو. سرودی شەوی مەبەستە
ئەوا پێلی سەرشکستەی دەرکراوی بەردەکان!
ئەوەش سۆزی شێعر کە جیهانێکی سەربەستە

لێرە دا دەچینە ناو جیهانی ساز و ئاوازی شاعیر و پێکەوە چەند نموونەیەك لە شێعرەکانی دەخوێنینەوە.

1. قەسیدەی درێژی با

قەسیدەیەك بە نیازی ئەوەی کە
دەبێ ببێتە گوڵێك و
بکەوێتە سەر عەرز.
بۆ دیتنی باغ
ئەشێ باغ بی
ئەی باغەکانی ئینسانی
دەبێ ببنە دەستێ
ئەی لقە ئاواڵەکانی دەست بە دوعا!
بۆ دیتنی باخ
ئەشێ ببی‌یە کانی
بئاژوێی
لە ناو بەردا
لە سەر عەرزا
دەگەڵ گەڵا دا
لە ناو گەڵا دا.
دەبێ بڕوێی سەوز
-دەبێ بڕوێی!
دەبێ ببیە شینکایی
بۆ هەڵپەڕین تەنانەت وێرانیش بی،
هەمیسان سەوز
دەبێ لە خەو ڕاپەڕی.
بۆ سکاڵای باخ
ئەشێ باخ بی
ئەی باخەکانی ئینسانی
گوڵە بەردە موخورمایەکانتان
لە بادا
پەرێشان کەن
تریفەی ناو چاوانیشتان
دەگەڵ نیلووپەڕەکان
مەستی خەو....
ئەی کانیەکانی ئینسانی
بئاژوێن. هەموو رۆژێ بئاژوێن
لە خۆشی کانیەکان
بئاژوێن
ئەی گوڵە مێلاقە ئاساکان
لە باخی مێلاقەکان دا.
ئەی غونچەکانی تەنیایی
بچەمێنەوە
بپشکوێنەوەنەوە
بپشکوێن وهەمیسان بچڕن:
ئێمە
هێڵی
شادی
پێلین
ئێمە ئەو لقەین کە چەماوینەوە....
ئەرێ
ئەشێ ببێ دەستێ
ببێ باخێ
بە دەستێکی ئاواڵا
لە ئامێزی باخێکی‌تر دا.
دیوارە سەختەکانی غەریبی بروخێنن ئەی نیلووپەڕ!
دەگەل من بە. دەگەڵ من
سەوز دەبین

سەوز و بێدار
لە قاو دەدەین:
وەرن!
وەرن
سەیر کەن
سەیر کەن
ئەی کانیە ڕووناکەکانی ئاژوان
ئێمە هێڵی شادی گەنمە جاڕین
ئەی باخەکانی تر دەگەڵ ئێمە بن
ئەی باخەکانی تەك و تەنیا لە تەنیایی دا
لە تەنیایی دا مەگرین
لە تەنیایی دا مەچڕن
دەگەڵ ئێمە بن
دەگەڵ ئێمە
ئێوە ئەی دوو باخە تەنیایەکەی‌تر
ئێستا لە ستایشی باخ
ئەشێ تەنیا بمێنینەوە
ساتێکی تەنیا
وەکوو سەرماوەز
زەرد
سارد
خامۆش
تەنیا
چونکە ئەگەر نەباری
ناڕوێی.
لە ستایشی باخ دا
ئەشێ ببی‌یە باخەوانێ_ بێڵێ لە سەر شان
ئەوا ئێستا خۆت دارێکی کاکی برا
بە لقەکانتەوە
دەست بەدوعا.
باخەوان لە بەرەبەیان دا
جوانترین دارە
لە مانگی ساردی سەرماوەز دا
دەچەمێتەوە
دەچڕێ
دەڕوێ
دەڕوێنێ....
لە ستایشی باخ دا
ئەشێ جوان بی
وەکوو خاکەلێوە
سەوز
گەرم
لێواولێوی هاوار
لەباخ دا
ئەشێ هەبی
ئەشێ بڕوێیی-
سەوز و گەرم و پڕهاوار
وەکوو خاکەلێوە
ئەوجار ئەشێ ببێ گوڵێ
لە جۆزەردانا
دیاری باخ بی بۆ وڵات.

## 2. گوڵی باخی ئاشنایی

گوڵی من مەلێ بە و بە باخی با–دا بڕۆ
تریفەی من شکۆفە بە و لە دەشتی ئاو دا بمێنەوە
گوڵی باخی ئاشنایی. گوڵی من، لە کوێ پشکووتی
نە سەرو دەناسێ
نە مێرگێکی پێشك دێ؟
نە کۆترێ کە ڕاسپاردەت بێنێە بانێ
نە بۆ سەر لکی دارێ، نە بۆ لێوی قاپی مەیێ
نە وەنەوشەیەك،
نە ڕووبارێ،
نەشنەی ئاخاوتنی دوو دڵدارێ
نە کۆترانی ڕاسپاردە
نە باخەکانی ڕووناکی!
گوڵی من، لە ناو کام لە گوڵەکانی باخ دا خەوتووی
لە کام لاوە بەستەت چڕی
لە کام ڕێوە ڕێگەت بڕی
گوڵی من
تۆ ڕازی مەت لە لای کام دێو دڕکاند؟
ڕەگی خۆشەویستی قرتاند و شوشەی دڵمانی شکاند
منم ئەو تاقە گیایە

به گوڵێ هیوا بەستوو.
هەموو لقەكان شكاو
بەهیواوە ماینەوە و بە یادەكان پشكوتین
لەو تاریكە ماڵە دا
بە هەزار بەڵێن ماینەوە و
بە یەك فریو خەوتین.

3 . من گیایەكم ڕیشەم لە خۆ دایە
لە " ستایشی نیما دا"
من گیایەكم ڕیشەم لە خۆ دایە
من بێدەنگی تاقگە شوشەییەكانی زستانم
من شكۆی ڕووناكی زەریای خامۆشم
من سرودی تینووی هەڵسوونی بەهارانم
خۆشەویستی ئاگرینم، سێحری شەو بێدارانم
مەلی باڵ زێڕینی زەریا، ڕازی مانگەشەوم
كانی ڕەنگ ئاسمانی خەوم
چنگی تووڕەی ئاهەنگی پایزم
هاواری شاراوەی تۆفانی هەستانم
بانی بێداری گوڵ ڕژێنم
سێبەری سەروم كە بە خۆی دەنازێ
شمشاڵی شوانم كە دەناڵێ
كارمامزی دەشتم كە دەئاژۆێ
من گیایەكم ڕیشەم لە خۆ دایە و لە ڕۆژ دا دەڕوێ.

4. هەرام كە
هەرام كە ، ئەی دەنگی دەنگەكان
هەرام كە، ئەی هاواری ڕزگاری
لەو دیوی دیوارەوە...
لەو دیوی ئەم شارە كوێرە نەزۆكەوە
كە پەردووی بەردو ئاسنە
هەرام كە
كە غەمی گوتن
چیها خوێنی فیشقاندووە لە حەنجەرەی من
دەنگی تۆ، ئەندێشەی ئەرخەوانییە
لە ئاوێنەی ڕووبار دەئاژۆێ
پەلكە زێڕینەیە
لە سكاڵای دەمە وبەیانیان دا.



# خودای من باشە و خودای بن لادەن شووم

سوخەنڕانی هارۆڵد پینتر بە بۆنەی پێشکەش کرانی خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبیات

وەرگێرانی بێستون




هێڵی لێبڕاوانەی نێوان دروستی و نادروستی، نێوان ڕاست و درۆ لە ئارادانیە. پێویست ناکات شتێک ڕاست، یان هەڵەبێ، دەتوانێ هەم دروست بێ و هەم هەڵەبێ.

ئێستاش لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەو بۆچوونە ڕاستە و ئێستاش دەکرێ لە ڕێگای هونەرەوە، حەقیقەت بدۆزرێتەوە. هەر بۆیە وەك نووسەرێك لەسەر ئەم بۆچوونە پێدادەگرم، بەڵام وەك شارۆمەندێك پێداگرنیم.

وەك هاووڵاتی یەك دەبێ بپرسم، حەقیقەت چیە؟ درۆ کامەیە؟ حەقیقەت لە شانۆدا ڕەهایە و هەرگیز ناتوانن بە تەواوی لێی تێبگەن، بەڵام ناکرێ لە دۆزینەوەی خۆبپارێزی. دۆزینەوە، بەتایبەت هۆکاری ئەم هەوڵ و تەقالایەیە. گەڕان و دۆزینەوە ئەرکی ئێوەیە. زۆربەی کاتەکان لە رووی حەقیقەتەوە لە تاریکیدا هەڵدەنگوێی، بەرخوردی پێدەکەن، یان تەنیا سیمایەك یان نیگارێك بەر چاوتان دەکەوێ کە پەیوەندی بە حەقیقەتەوە هەیە و زیاتر لەوەش تەنانەت گەلێك جاران هەست پێناکەن کە لەگەڵ حەقیقەت ڕووبەڕوو بوونەتەوە، بەڵام حەقیقەتی گەورە ئەوەیە کە لە شانۆدا شتێك بەناوی حەقیقەتی تاقانە بوونی نیە، حەقیقەتی جۆراوجۆر لە ئارادان. ئەم حەقیقەتانە ململانێی یەکتر دەکەن، ئاوێتەی یەکتر دەبن، لە ناو یەکتردا ڕەنگ دەدەنەوە، چاوپۆشی لەیەکتر دەکەن و پێکەوە شەڕ و ناکۆکی‌یان دەبێ و پەیوەندی‌یان بە یەکترەوە هەیە. هێندێك جار بیر ئەکەیتەوە کە بۆ ساتێك حەقیقەت لەدەستی ئێوە دایە،دواتر لە دەستتان رادەکات و ون دەبێ. زۆربەی کات لێم دەپرسن شانۆنامەکەت باس لە چی ئەکات؟ من ناتوانم بیڵێم. هەرگیز ناتوانم ئاکامی کارەکانم ریز بکەم، بێجگە لەوەی کە بڵێم ئەوە شتێکە کە ڕوویدا. ئەوەیە شتێك کەوتیان و کارێك کە بەڕێوەیان برد. زۆربەی شانۆنامەکان بە دێڕێك، وشەیەك، یان

وێنەیەك دەخولقێن. پاش وشەکە، زۆر جار بە خێرایی دیمەنێك دەردەکەوێ.

بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد لە شانۆدا، گەڕان و دۆزینەوەی حەقیقەت هەرگیز کۆتایی پێ نایە. ناکرێ دەستی لێ هەڵبگری و بیخەیتە دواوە و دەبێ لە گەڵی رووبەروو ببی‌یەوە. هەر راست لەم شوێنەدا، لە ناوەندی دەرکەوتنی شانۆدا، شانۆی سیاسی بە تەواوی جۆرێکی‌ترە. دەبێ بە هەر نرخێك لە "**موعظە**" خۆبپارێزی. تێڕوانینێکی راستەقینە و بنەڕەتی‌یە. دەبێ رێگا بە کاراکتێرەکان بدرێ کە لە ناخی خۆیانەوە، هەناسە هەڵبکێشن.

نووسەر ناتوانێ بە جۆرێك باسیان بکات یان بەرتەسکیان بکاتەوە کە لەگەڵ زەوق و بۆچوونی ئەو یان، پێش داوەری‌یەکانی خۆی، بگونجێن. نووسەر دەبێ حازر بێ کە لە لایەنی جۆراوجۆرەوە کاراکتێرەکانی بگرێ، لە بەرینایی‌ترین تیشکی بۆچوونەکانی و رەنگە جارجاریش غافلگیری‌یان بکات، هەروەها هەرگیز رێگە نادات کە ئەوان بەرەو هەر رێگایەك کە حەزی لێدەکەن، بڕۆن. ئەم کارەش بەردەوام مسۆگەر نییە.

توانجی سیاسی، پابەندی بە هیچکام لەم بۆچوونانە نییە، لەراستی‌دا بەپێچەوانەی ئەوانە وکاریگەری راستەقینەی ئەویش لەوەدایە.

من لە شانۆنامەی "میوانیی جێژنی لە دایك بوون" رێگەم دا کە بەشێك لە دووره دیمەنەکان لە دارستانێکی چڕوپڕی ئەگەرە مسۆگەرەکاندا کایە بکەن، هەتا لە ئاکامدا یەکێك لەوان بە سەر دووره دیمەنەکانی‌تردا زاڵ بوو، وە لە ناوەندەوە قەراری گرت.

لە "زمانی کوێستان"دا بە جۆرێك دەرم خست کە بوارێکی ئەوتۆی بەرین لە ئارادا نییە، شانۆنامەکە، تووڕە و تۆسن، کورت و قێزەون مایەوە، بەڵام سەربازەکانی شانۆکە کەمێك سەرخۆش بوون. ژمارەیەکیان لە بیریان دەچێتەوە کە شکەنجە گەرانیش هیلاك دەبن. ئەوان پێویستی‌یان بە هێندێك شادی هەیە، بۆ ئەوەی ورەی خۆیان بەرز رابگرن. کارەساتی "ئەبوغرێب" پێ‌لەسەر راستی ئەوە دادەگرێ. "زمانی کوێستان" تەنیا 20 چرکەیە. بەڵام دەتوانێ سەعات بە سەعات، سەر لە نوێ و دووبارە، دووپات بکرێتەوە، بۆ جارێکی‌تر و سەر لە نوێ و بۆ چەندین سەعات. لە لایەکی ترەوە، "خۆڵەمێش بە خۆڵەمێش" بە گومانی من لە شوێنێکدا لە ژێر ئاو رووی‌دا. ژنێك کە لە حاڵی نوقم بوون دایە، لە ناوشەپۆڵەکانەوە دەستی درێژ دەکات، لە کاتێك دا بەرەو قوڵایی دەکشێ لە بەر چاو ون دەبێ، پەلەقاژەیەتی دەستەکانی بە کەسێك بگات، بەڵام کەس لەم شوێنەدا نیە، نە لەسەرەوە و نە لە ژێر ئاوەکەدا و تەنیا سێبەرەکان، دەنگدانەوە و رەنگدانەوە، پەلەقاژە، ژن، جەستەیەك لە حاڵی نوقم بوون دا، ژنێکی بێ هێز کە ناتوانێ لە چارەنووسی خۆی دوور کەوێتەوە، کەوا دێتەبەر چاو تەنیا کەسانی‌ترن بەوە مەحکوم دەبن. بەڵام هەر بەو جۆرە کە ئەوان مردوون، ئەویش دەبێ بمرێ.

زمانی سیاسی کە لە لایەن سیاسەت دانەرانی ئێمەوە هەڵدەبژێردرێ، مەترسیی قەبووڵ کردنی هیچکام لەو رێڕەوانەی سەرەوە قەبووڵ ناکات، چونکە زۆربەی سیاست رێژانی ئێمە بە پێی بەڵگە گەلێك کە لە دەستمان دایە، هۆگرێك بە حەقیقەت نییە و تەنیا بیر لە دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵات دەکەنەوە. بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان، دەبێ خەڵك لە نەزانی دا بمێنێتەوە، دەبێ بێ ئاگا لە حەقیقەت ژیان بەسەر بەرن، تەنانەت بیر لە حەقیقەتی ژیانی خۆشیان نەکەنەوە. هەر بۆیە ئەوەی ئێمەی گەمارۆداوە پەردەیەکی گەورەیە لە درۆ کە دەرخواردی ئێمەی دەدەن.

هەروەك تەواوی تاكە تاكەی ئینسانەكان لێرەدا دەزانن، پاكانەی هێرش بۆ سەر عێراق ئەوەبوو كە سەدام حوسێن لە ئاستێكی بەرینی مەترسیداردا خاوەنی چەكی كۆمەڵكوژە، كە ژمارەیەك لەوان دەتوانێ لە ماوەی 45 دەقیقەدا ئاگر بگرێ و تەقینەوەیەكی مەترسیدار بخوڵقێنێ. ئەوە لە راستی بەدوور بوو. بە ئێمەیان وت كە عێراق پەیوەندی بە ئەلقاعیدەوە هەیە و شەریكە جورمی جینایەتی گەورەی 11ی سێپتامبرە. دڵنیایان دەكردین كە ئەوە ڕاستە، ئەوە ڕاست نەبوو. بە ئێمەیان وت عێراق هەڕەشە لە ئاسایشی جیهان دەكات و دڵنیایان دەكردین كە ڕاستە. حەقیقەتی نەبوو.

حەقیقەت بە تەواوی جیاوازە. حەقیقەت پەیوەندی بە تێگەیشتنێكەوە هەیە كە ئامریكا لە رۆڵی خۆی كە لە جیهاندا دەیگێڕێ و بە جۆرێك ئەم دەور و رۆڵە مسۆگەر دەكات. بەر لەوەی كە بۆسەردەمی ئێستا بگەڕێمەوە، دەمەوێ چاوێك بە رابردوودا بخشێنم، بە سیاسەتی دەرەوەی ئامریكا لە پاش شەڕی دووهەمەوە. بە بڕوای من، ئێمە ناچارین ئەم سەردەمە و ئەوەندەی مەجال هەیە بە وردی لێك بدەینەوە.

هەمووان دەزانن لە یەكێتی شورەوی و سەرتاسەری ئورووپای رۆژهەڵات لە سەردەمی دوای شەر چی رووی دا، توندوتیژی یەك لە دوای یەك، جینایەتی بەرین، سەركوتی بیروڕای سەربەخۆ، سەرجەمی ئەوانە بە تەواوی تۆمار كراوە و بە بەڵگە هەیە. بەڵام جینایەتی ئامریكا هەر لەو سەردەمەدا تەنیا بەشێوەیەكی سەرسەرەكی تۆمار بوە، چ بگات بەوەی بە ڕەسمی بناسرێن و لە قەبووڵ كردنی ناوەرۆكی جینایەتكارانە بوونی ئەوان بگەڕێین. بیر دەكەمەوە كە ئەم مەسەلەیە دەبێ سەرنجی پێ بدرێ. ئەم راستییە، رۆڵێكی گرینگی هەیە لە گەیشتن بە بارودۆخی ئێستادا. ئەو كارانەی كە ئامریكا لەسەرتاسەری جیهان دا ئەنجامی داوە، نیشاندەری ئەوەیە كە هەر چەند ئەم وڵاتە بەهۆی بوونی یەكێتی شورەوی ئاستەنگی لەسەر رێگابوو، بەڵام بەو ئاكامە گەیشتبوو كە پێناسەی سپی هەیە كە هەر كارێك حەزی پێدەكات، ئەنجامی بدات.

ئامریكا لە راستی‌دا هەرگیز هۆگر بە هێرشی راستەوخۆ نەبوو. بەشێوەیەكی سەرەكی دیاردەیەكی بەرز دەكردەوە كە شەڕ و پێكدادانەكان بە رەواڵەت بە شێنەیی بەڕێوە بچن. تێكهەڵچوونی بە شێنەیی بەو مانایەیە كە هەزاران كەس بمرن، بەڵام بە شێنەیی‌تر لەوەی كە كاتێك بۆمبێكیان بەسەردا دەتەقێتەوە. بەو مانایەیە كە جەرگەی وڵاتێك بكاتە وێرانە، بەو مانەیە كە ئێوە تۆوی ژاربچێنن و سەیری بكەن كە هەتا دەماری گەندەڵی گەشە بكات، بەو مانایە كە خەڵك تووشی زەلكاو بكەن و یان هەتا لێواری مەرگ ئازار بدەی، لە حاڵێكدا كە دۆستانی خودی ئێوە، نیزامیەكان و شیركەتە گەورەكان بە سانایی لە سەر كورسی دەسەڵات دابنیشن و ئێوەش لە بەردەم دووربینەكاندا دەركەون و بڵێن دێموكراسی دامەزراوە. ئەوە رێبازی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئامریكا بوو لەسەر دەمێك دا كە من دەمەوێ. تراژیدی نیكاراگوا خاڵێكی گەورەی جێگای سەرنجە. ئەوە هەڵدەبژێرم چونكە بۆچۆنی ئامریكا لە ئاست رۆڵی خۆی لەو سەردەمەی ئێستادا نیشان دەدات. لە كۆبوونەوەیەك لە باڵیۆزی...... لە لەندەن لە كۆتایی ساڵەكانی 1980 بەشداریم كرد. كۆنگرەی ئامریكا قەراربو سەبارەت بە دانی پووڵی زۆرتر بە كونتراكان بە مەبەستی بە گژداچوونەوەی دەوڵەتی نیكاراگوا تەسمیم بگرێ.

ئەندامی لێژنەیەك بووم كە نوێنەرایەتی نیكاراگوای دەكرد، بەڵام گەورەترین ئەندامی لێژنەكە "پدر جان متكاف" بوو. سەرۆكی لێژنەی نوێنەرایەتی ئامریكا واتە ریمۆند سایتز، ئەو كاتە جێگیری سەفیر و دواتر بالوێزی

ئامریکا بوو. "پدر متکاف" وتی: من بەرپرسی حەوزەیەکی بچووك لە باکووری نیکاراگوام. ئەندامانی دەستەکەی من قوتابخانەیەك، دەرمانگایەك و ناوەندێکی فەرهەنگی یان دروست کرد. ئێمە لە ئاشتی و ئارامی‌دا ژیانمان بەسەر دەبرد. چەند مانگ دواتر هێزەکانی "کونترا" هێرشیان کردە سەر حەوزەکەمان. هەموو شتێکیان وێران کرد، قوتابخانە، دەرمانگا و ناوەندە فەرهەنگییەکەیان کاول کرد. دەستدرێژی‌یان کردە سەر پەرەستار و موعەلیمەکان و بە درندانەترین شێوە دوکتورکانیان کوشت. رەفتار و کردەوەیان بێ بەزەیی‌یانە بوو. تکادەکەم داوا لە ئامریکا بکەن کە یارمەتی ئەم کردەوە تیرۆریستیانە نەکات. ریمۆند سایتز بە کەسایەتیەکی ژیر، بەرپرس و هەڵکەوتە ناسراو بوو. ناوبراو لە کۆروکۆبوونەوەی دیپلۆماتیکی‌دا بایەخێکی زۆری پێ دەدرا. گوێی گرت، کەمێك وەستا و دواتر بەشێنەیی قسەکانی دەست پێکرد و وتی: "پدرمتکاف" رێگە بدە شتێکت پێ بڵێم. هەمیشە لەشەڕدا خەڵکی بی‌تاوان ئازار دەبینن. بێدەنگی‌یەکی ساردو سڕ هاتە ئاراوە. ئێمە هەموومان تێی راماین. ناوبراو هیچ دژ کردەوەیەکی لە خۆی نیشان نەدا. "لەراستی‌دا هەر خەڵکی بێ‌تاوان رەنج و ئازار دەکێشێ".

سەرەنجام یەکێك وتی: بەڵام لەم پەیوەندی‌یەدا خەڵکی بێ تاوان، قوربانیانی جینایەتی سامناکی ئەوتۆن کە بەیارانەی حکومەتی ئێوە و کەسانی‌تر بەستراونەتەوە. ئەگەر کۆنگرە پووڵی زۆر بە کونتراکان بدات، ئەم جینایەتانە بەرین تر دەبنەوە. ئایا ئەوە مەسەلەکە نی یە؟ ئایا دەوڵەتی ئێوە بەرپرسی پشتیوانی لە جینایەت و کوشتاری شارۆمەندانی دوڵەتێکی سەربەخۆ نی یە، کە بەسەریان دا دەسەپێ؟

کارتێکردن لە سایتز دژوار بوو. وتی، بڕواناکەم واقعییەت، بیروڕای ئێوە پەسەند بکات.

ئامریکا بۆ ماوەی زیاتر لە 40 ساڵ پشتیوانی لە دیکتاتۆری سەرەڕۆی سوموزا لە نیکاراگواکرد. خەڵکی نیکاراگوا بە رێبەرایەتی ساندێنیستەکان لە رێگای شۆڕشێکی درەوشاوەی جەماوەری لە ساڵی 1979، رژیمیان رووخاند. ساندێنیستەکانیش پڕاوپڕ نەبوون. ئەوانیش لە سەرپێچی کردندا بەشی خۆیان هەبوو، وە فەلسەفەی سیاسی ئەوان دیاردەی دژ بە یەکی تێدابوو. بەڵام ژیر و تێگەیشتوو و پێشگەیشتوو بوون. ئەوان کۆمەڵگایەکی سەقامگرتوو، رێزدار و پلۆرالیستی‌یان بناغە رێژی کرد. سزای ئیعدامیان هەڵوەشاندەوە. سەدان هەزار جوتیاری هەژاریان لە مردن رزگار کرد. زەوی و زاریان بەسەر زیاتر لە سەد هەزار بنەماڵە دابەش کرد. دوو هەزار قوتابخانەیان دروست کرد. خەباتێکی درەوشاوەیان لە دژی نەخوێندەواری دەست پێکرد. ئاموزش و بێهداشتیان کردە خۆڕایی و مەرگ و میری مناڵانیان بەلانی کەمی خۆی گەیاند.

ئامریکا سەرجەمی ئەم دەسکەوتانەی وەك سەرکوت کردنی مارکسیست- لنینیستی، مەحکوم کرد. لە روانگەی ئامریکاوە ئەوانە نموونەیەکی مەترسیدار بوون.

من پێشتر باسم لە پەردەی درۆ کرد کە گەمارۆی داوین. رەیگان هەمیشە نیکاراگوای بە نوێنگەی پاراستنی تەواوییەت دەناساند، راگەیەنەرەکانیش هەر ئەوەیان بڵاو دەکردەوە و دەوڵەتی بریتانیاش لێبڕاوانە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت، بەڵام لە راستی‌دا هیچ نیشانەیەك لە جوخەکانی ئیعدام لە نیکاراگوای ژێر دەسەڵاتی ساندێنیستەکان لە ئارادا نەبوو. شکەنجە دان کۆتایی پێهاتبوو.

لە"ئێلسالوادۆر"و"گواتمالا"ش نیکاراگوا ببوو بە نمونەیان. دەوڵەت کە بە شێوەیەکی دێموکراتیك

هەڵبژێردرابوو، ئامریکا رووخاندی و 200/000 کەس بوون بە قوربانی دیکتاتۆریی نیزامی و سەرەڕۆیی. 6 کەس لە هەڵکەوتەترین کشیشەکانی جیهان لە ساڵی 1989 لە "سن سالوادور" بە دەستی ئەو باتلیۆنانەی کە لە جورجیا پەروەردە کرابوون، کوژران. 75 هەزار کەسیان کوشت و "ئوسقوف رومرو"یان لە کاتی سوخەنرانی رێورەسمێکدا تیرۆر کرد. بۆچی ئەوانیان دەکوشت، چونکە ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە دەکرێ ژیانێکی باشتر دابین بکرێت. تەنیا ئەم بۆچوونە بەس بوو بۆئەوەی بە کۆمۆنیستیان بزانن.

ئەم سیاسەتە تەنیا ئامریکای ناوەندی نەدەگرتەوە، بەڵکوو ئامریکا پشتیوانی خۆی لە یەك بە یەکی ئەم دیکتاتۆرییانە دەردەبڕی کە پاش شەڕی دووهەمی جیهانی کە خۆیان وە یان بە پشتیوانەی ئامریکا بە دەسەڵات گەیشتن: وەك ئەندونێزی، یونان، ئۆروگوئە، برازیل، پاراگوا، هائیتی، تورکیە، فیلیپین، گواتمالا، ئێلسالوادور... من بە راشکاوی پێتان دەڵێم کە ئامریکا گەورەترین شانۆی جیهانە. رەنگە، توندوتیژ، خوێن سارد، دڵڕەق و بێ بەزەیی بێ، بەڵام، باشترین فرۆشیاری کاڵایە و هەمیشە براوەیە. گوێ بگرن لە قسەکانی سەرۆك کۆمارەکانی ئامریکا لەسەر تلویزیۆن کە روو بە خەڵك لە وشەگەلێکی ئەوتۆ کەڵك وەردەگرن: "بە خەڵکی ئامریکا رادەگەیەنم کە کاتی ئەوەیە بپارێینەوە و بەرگری لە مافەکانی خەڵکی ئامریکا بکەین و داوا لە خەڵکی ئامریکا بکەین کە متمانە بە سەرۆك کۆماری خۆیان بکەن لە پێناو کارێك دا کە بە قازانجی خەڵکی ئامریکایە." ئێستا ئیتر ئامریکا پێویستی بە تێك هەڵچوونی بەشێنەیی نییە. ئیتر سودێك لە خۆپارێزی نابینێ. ئێستا ئیتر بایەخێك بە سازمانی میلەل، یاسای نێونەتەوەیی و رەخنەی نەیارەکانی نادات و لە پشت سەرییەوە بەرخۆڵەیەکی ئاڵقە لەگوێ واتە بریتانیای گەورە کەوتۆتە ڕێ.

هێرش بۆ سەر عێراق کردەوەیەکی داگیرکەرانە بوو، تیرۆریزمی ئاشکرای دەوڵەتی بوو کە بە تەواوی یاسای نێونەتەوەیی خستە ژێر پرسیارەوە. ئەم داگیرکارییە، کردەوەیەکی نیزامی بە ئانقەست بوو کە بە کەڵەکە کردنی درۆ لەسەر درۆ و چەواشەکردن و خرووقاتی بەرینی هەواڵنێری لە راگەیەنەرەکاندا و هەروەها بە فریودانی بیروڕای گشتی، کەوتە ڕێ. شکەنجە، بۆمبی هێشوویی، ئۆرانیۆمی پاڵاوتە، جینایەتی بەرین، چارەڕەشی، سووکایەتی و مەرگ و میرمان بۆ خەڵکی عێراق بە دیاری هێنا و بە ناوی "هێنانی دێموکراسی و ئازادی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" ناو زەدمان کرد.



چەند کەس ئەبێ بکوژرێ هەتا بتوانین بە جینایەتی جەماوەری و شەڕ لێکی بدەینەوە؟

سەد هەزار کەس؟ رەنگە ئەو ژمارەیە بەس بێ. هەر بۆیە دەبێ بوش و بلێر، بدرێن بە دادگای جینایەتی جەنگی. بەڵام بوش ژیر و بەهۆش بوو، حازر نەبوو دادگای دادەپەروەریی نێونەتەوەیی پەسند بکات، هەر بەم پێیە

ناتواندرێ کە هیچ سەرباز و یان سیاسەت داڕێژێکی ئامریکایی بۆ دادگا بەرن. بوش وتی هێزی دەریایی خۆی دەنێرێتە شوێنتان. بەڵام تۆنی بلێر قەراردادی دادگای نێونەتەوەیی ئیمزا کرد، هەر بۆیە بۆ محاکمە کردن دەبێ.

لەسەرەتای هێرش بۆ سەر عێراق، وێنەیەك لە لاپەرەی یەکەمی یەکێك لە بڵاوکراوەکانی ئینگلیسی دا چاپ کرا بوو کە بلێر کوڵمەی مێرمنداڵێکی عێراقی ماچ دەکات. لەسەری نووسرابوو منداڵێکی سپاسگوزار. چەند رۆژ دواتر بابەتێك بە وێنەوە لە لاپەڕەکانی دا چاپکرابوو کە منداڵێکی 4 ساڵە دەستی نەبوو، بنەماڵەکەی بە موشەکێك لەبەر یەك هەڵتەکا بوون. ئەو منداڵە تەنیا کەسێك بوو کە بە زیندوویی رزگاری ببوو. پرسیاری دەکرد کە دەستەکانم کەی وەردەگرمەوە؟؟ تۆنی بلێر ئەو منداڵەی لە ئامێز گرتبوو. تۆنی بلێر، هەرگیز جەستەی بێ دەستی هیچ منداڵێکی لە ئامێز نەگرتوە و هەرگیز تەرمی خوێناوی لە باوەش نەکردوە. خوێن پیس و چەپەڵە، کراس و کراوەتەکانی پیس دەکات کە لەسەر تلویزیۆن باس لە خۆشەویستی و سۆز دەکات.



دەزانم بوش خاوەنی کەسانێکی شارەزایە کە سوخەنرانی بۆدەنووسن، بەڵام دەمەوێ لەسەر داوای خۆم ئەو کارە بکەم. ئەو سوخەنڕانییە کورتە دەنووسم کە روو بە خەڵك بیڵێ. ئەو دەبینم کە بە ویقار، بەو موویانەوە کە بە دیقەت شانە کراون، مەتین، سەرکەوتوو، سەمیمی، فریودەرانە و ریاکارانە، گەلێك جاران بە بزەیەکی سەرنج راکێش، پیاوی پیاوان: "خوا گەورەیە، خوا باشە. خودای من باشە. خودای بن لادن خراپە. خوای ئەو شوومە. ئەسڵەن ئەو خودای نییە. دڕندەیەکە. ئێمە دڕندە نین. من رێبەرێکی دێموکراسی ئەویندارى ئازادیم کە ئازادانە هەڵبژێراوە. ئێمە کۆمەڵگایەکی مێهرەبانمان هەیە، ئێمە میللەتێکی گەورەین. دیکتاتۆرنیم، ئەو دیکتاتۆرە. دڕندەخوە نیم، ئەو دڕندەیە. هەموویان دڕندەن. دەسەڵات و هێزی ئەخلاقی رەها بەلای منەوەیە. ئەو مستە دەبینن؟ ئەوە دەسەڵاتی رەوشتی منە و ئەوەتان لە بیر نەچێ."

ژیانی نووسەرێك بە توندی لەمەترسیدایە، بێ پشتیوان و بێ پارێزگار. نابێ بە هۆی ئەوەوە هاوار بکەین و بناڵێین. نووسەر هەڵدەبژێرێ و دەبێ لە پشت هەڵبژرادنەکەش رابوەستێ. بەڵام ئەوەش حەقیقەتێکە کە ئێوە لە بەردەم تەوژمی هەڵکردنی باهۆزدا قەرارتان گرتوە. ئێوە خۆتانن و تەنیا. بێ سەرپەنا، هیچ پشتیوانەیەك نییە مەگەر ئەوەی کە درۆ بکەن کە لەم حاڵەتەدا پارێزگارتان بۆ خۆتان دروست کردوە، دەتوانن بڵێن، کە بوون بە سیاسەت دانەر.

کاتێك سەیری ئاوێنە دەکەیت، بە جۆرێك تێدەگەی کە وێنەی ئێمەیە نیشانی دەدات. بەڵام کەمێك بۆ دواتر بڕۆی، وێنەکە دەگۆڕێ. ئەوەی کە ئێمە دەیبینین لە راستیدا پاڵە پەستۆی بێکۆتایی رەنگدانەوەمانە. بەڵام جار جارێك، نووسەر دەبێ ئاوێنەکە بشکێنێ. چونکە لەوپەڕی ئاوێنەکەوەیە کە حەقیقەت بۆ ئێمە دەڕوانێ.

من وەك هاووڵاتیەیەك لەسەر ئەو باوەڕەم، شی کردنەوەی راستییەکانی ژیانمان و کۆمەڵگاکانمان ئەرکێکی گرینگە کە لەسەر شانی هەمووی ئێمەیە، لە راستیدا ئەوە مەئمورییەتێکە. ئەگەر ئەوە لە بۆچوونی سیاسیماندا رەنگ نەداتەوە، هیچ هیوایەك بە نوێ کردنەوەی ئەوە نییە کە خەریکە لە دەستمان دەردەچێ واتە حورمەتی ئینسانی....!

***

# شێعر لاواندنەوە، نەك بزوتن

ن: خوسرەو گوڵسورخی

وەرگێڕانی لەفارسیەوە:

کەریم ئەمانی



لەداسی وەرزێر، ئەوە ئەسرین بوو کە دەباری، یان شەونم؟ کاتێك کەشارو ئاوایی بەیەکەوە هەڵ دەسەنگێندرێن، "شار" بەڕەنج‌و مەرارەت‌و بێ سەرەوبەرەیی‌و بێ عەداڵەتی تاوانبار دەکرێت، بەڵام "ئاوایی" بەهۆی سروشتی ڕام نەکراوو دیمەنی جوان‌و لێواو لێو لەهێمنایەتییەوە پێی دا هەڵدەوترێ. لەحاڵێکدا بەچاوخشاندنێك بەسەر هەلومەرجی ژیان لەئاواییەکاندا بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کەلەئاواییەکانیشدا، ڕەنج‌و مەینەتی‌و بێ بەشییەکان، کەم نین. گومان لەوەدا نییە کەئینسانی کۆیلەی نیزامی سەوداگەری دەبێت دڵی بۆ سروشتی ئاوایی لێ بدات، چونکە ئەو لەگەڵ پەیوەندییەکی وشك‌و بێ عەداڵەتییەکی بنەڕەتی ڕووبەڕووە. دیمەنی جوان‌و سروشتی دڵگیری لادێ ئەو مەجالە بۆ کەسێکی دانیشتوی شار پێك دێنێ، کەچەند ڕۆژێك بێ پەژارە لەوێدا بەسەر بەرێت، بەڵام هیچ کات حازر نابێت، کەبۆ هەمیشە لەوێ نیشتەجێ بێت. چونکە ئەم شارستانییە، بەو حەقیقەتە گەیشتووە کەدانیشتوانی ئاواییەکان بەهۆی کەم بوونی ئیمکاناتەوە ناتوانن بەڕادەی پێویست لەو هێزە سروشتیانە، بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی ژیانی خۆیان کەڵك وەربگرن. ئەم "شارستانییە" دیلی ئیمکانات‌و کەرەسەی ژیانە، هەر بۆیە کاتێك کەدەچێتە ئاوایی، تەنیا خوڕەی ئاوی جۆگەو جۆبارەکان، دارستانە چڕو پڕو سەر سەوزەکان‌و دەنگی زەنگوڵەکانی لەیاد دا دەمێنێتەوە، ئەو دانیشتوی ئاواییەکانی کەمتر دێتە بەرچاو. شاعرەکانی شاری، کاتێك باس لەئاواییەکانەوە دەکەن، هەموویان هەروان، لەشێعرەکانیاندا باسێك لەمرۆڤەکان ناکرێت، ئەوانیش هەر وەك ئەمنی "شاری" تەنیا بەدیمەنە ڕواڵەتیەکاندا هەڵ دەڵێن. هێندێك لەوان لەمەڕ ئەوەی کەبۆ خۆیان لادێین بەڵام ساڵهایە کەلەئاوایی دوورن لەشێعرەکانیاندا تەنیا یادو بیرەوەری بەرچاو دەکەوێت.

ڕەنگە باشترین شێعری "لادێی" ئێمە "کاری شەوپێی" نیما بێت کەئینسانی مەینەت دیتوی لادێی لەناو خەرمانەیەك لەوێنەکانی سروشت دا نیشان داوە.

"لەو دیوی دیمەنەکانەوە" نامیلکە شێعری "سادات ئەشکوری" وێنەیەك لەشێعری لادێییە کەپڕاو پڕە

لەمێهرەبانیو هەستی خۆشەویستی، بەڵام بەر لەوەی کەهەستو ئەندێشەکان بخرۆشێنێت، دەلاوێنێتەوەو دڵنەوایی دەدات. "ئەشکوری" خاوەنی سەرنجێکی شاعرانەو هەستێکی ناسکە. ئەو لەناو شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا، لەمەڕ نزیك بوونەوە لەحەقیقەتەکانی شێعرو ناسینی چۆنیەتی شێعر گوتن، سیمایەکی ناسراوترە.

هەروەها ئەوەی کەئەو لەزمانێکی سادەو بەیانێکی ئاشکرا بۆ نوسینی شێعر کەڵکی وەرگرتووەو ئیتر نەئەسیری پێکهاتەی سەیرو سەمەرەیەو نە بەشێوەیەکی تایبەتیش بەشوێن کەڵك وەرگرتن لەوشەکانەوەیە.

"ئەشکوری"مان لەپاش چەندین ساڵ شێعر وتن لەبەرچاوە، لەگەڵ ئەوەڵین نامیلکە شێعرەکەی "لەو دیوی دیمەنەکانەوە" کەسەمەرەی هەڵبژاردەیەکی چون یەكو یەك لایەنەیەو بێجگە لەشێعری "هەلاج" کەپێویستە زیاتر لەشێعرەکانی دیکەی باسی لێوە بکەین. بەڵام بەر لەوەی کەباسی شێعری "هەلاج" بکەین، پێویستە سەرچاوە شێعرییەکانی ئەو بناسین: "ئەشکوری لەهەژدە پارچە شێعری "لەو دیوی دیمەنەکانەوە"دا تەواوی تواناییەکانی خۆی بۆ دیتنی سروشت بەکارهێناوەو لەهەلومەرجەکانی سروشت بۆ نەزمی شێعرەکانی کەڵکی وەرگرتووە، بەو مانایەی کەشێعرەکانی ئەو بەتەواوی وەك سروشتی هەست بزوێنی لادێ دەچێت:

"لەئاواییە دوور دەستەکانەوە، خۆر لەکەنار مەزراکانەوە هەڵ دیت، پۆلی باڵندەکان قولایی دەرو دوڵەکان، پڕ دەکەن." سەرچاوەی شێعری "ئەشکوری" وەك لاواندنەوە وایە، لەناو ئەوان دا لەجموجوڵ، پشێویو بێ قەراری هیچ نیشانەیەك بەرچاو ناکەوێت. هێندێك لەپارچە شیعریەکانی ئەو هەر دەڵێی بەپەنا مرۆڤدا تێپەڕ دەبێت بێ ئەوەی کەئەو ببزوێنێ، یان لەپلیکانێکەوە بۆ پلیکانێکی تر فڕێی بدات. شێعری ئەو کەمتر لەگەڵ مرۆڤ تێك هەڵدەچێت، بەڵام سەرنجی مرۆڤ بۆ لای دیمەنی سروشت رادەکێشێ. زۆرترین بەشی نامیلکە شێعرەکانی تەنیا باس لەدیمەنە سروشتییەکانو چۆنیەتی پێدا هەڵ گوتنی ئەو دیمەدنانە دەکات. وەك:

سەفەرنامە، گۆرانییەکان، سەرکەوتن، بەهار، بەسەرهاتو تاریکیو هی تر.. هەروەها شێعرەکانی زۆرجار بەسەرهات، بێ هیواییو ئایین ناسی لەخۆدەگرنو "تەنیایی" تەڵەب دەکەن، بەو مانایەی کەمرۆڤ لەگۆشەیەك دابنشێتو چاو لەدیمەنەکانی سروشت بکات. ئەم شێوە رووبەڕوو بونەوەیە لەگەڵ سروشتدا ئەوپەڕی سادە دڵییەو ئەم سادە دڵیو بێ غەلو غەشییەش تەنیا پێناسەی شێعرەکانی "ئەشکورییە" کەئەو وەك گوند نشینێك دەخاتە بەرچاو، کەتازە سەری لەچوار دیوارییەکەی خۆی دەرهێناوەو سەر قاڵی ناسینی دنیای دەوروبەری خۆیەتی. بەم شێوەیە ئێمە ناتوانین هیچ داوەرییەك لەسەر ژیانی هاوچەرخ لەشێعرەکانی "ئەشکوری"دا بخەینە بەرچاو. ئەو هێندە میهرەبانانە وێڵو سەرقاڵی تماشایە کەلەهەر جۆرە تێکهەڵچونێکی جیدی لەگەڵ بێ عەدالەتیەکانو بێ هیوایەکانی هەلومەرجی مێژویی خۆ دەبوێرێ، هەرچەند کەلەشێعری "ئێمە لەناو خەڵکدا بووین"دا ئالوگۆڕێکی بەخێرایی بەرچاو دەکەوێتو باس لەکەندو کۆسپەکان لەمێژووی کۆمەڵایەتیدا دەکاتو شێعرەکەی ئاوا هیوادارانە کۆتایی پێ دێنێت:

"رۆژێك، ئەو کاتە کەخۆر، لەدەم کەل ئاوا دەبێت، لەگەڵ رووبار دەڕۆین، دەبێت بەروناکی پەیوەست بین".

شێعرەکانی "لەدیوی دیمەنەکانەوە" شێعرێکی خەباتکارانە نین، بەڵکو تەنیا گلەییو گازەندەو خەمو پەژارەن. ئینسانێکی کە"ئەشکوری" لەسروشت دا دەی بینێت، نە وەك شارستانیو نە وەك لادێی دەچێت، ئەو ئینسانەکان وەك هێمای گەشەی سروشت دەبینێت، رەش ئەسمەرێکی لاواز شمشاڵ لێدەداتو کیژەکان لەداوێنی چیاکان "رێواس" هەڵ دەکەنن. زەحمەتکێشان لەشارەکەی ئەودا، گەشە ناکەن. دەچەوسێنەوەو، وە بەرچاو ناکەون، ئەو هۆکارانەی کەدەوری ئەوانیان گرتووەو لەبەرچاوەکان ونیان کردوون، بریتین لە:

دار، کێو، نەسیمی بەیان، بەفر، دەرو دۆڵو دارستانو هی تر.. سەرچاوەیەکی دیکەی شێعری "ئەشکوری" پەنا بردنە بەر فەلسەفەی خودا ناسیو باوەڕە ئاینییەکانە، کەلەشێعری "هەلاج"دا ئەم بەشە زۆر بەڕوونی وەربەرچاو دەکەوێت.

وەرگرتنەوەی چیرۆكو بەسەرهاتە مێژووییەکان، بۆ بەیان کردنی هێندێك لەپێویستیە ئەمڕۆییەکان پێویستە لەخزمەتی حەقیقەتە هەست پێکراوەکان دا بێت، بۆ وێنە ئەگەر بمان هەوێ لەکەسایەتی "بابەك"یان "مازیار"

لەشێعردا کەڵك وەربگرین، نابێت حاڵەتێکی ئاسمانیو دوور لەدەست پێ راگەیشتن بەوان بدەین، چوون ئەگەر وابێت "بابەك"و "مازیار" وجودێکی ئەفسانەیی لەخۆ دەگرن، کەوەك ئەوە وایە لە"دنیای سەرەوە" بەچەتر هاتبێتنە خوارێ بۆ ناو ئێمە، ئەگەر مەبەست وەڵام دانەوە بەپێویستییەکە، دەبێت خوێنەر وا هەست بکات کەبۆ خۆشی دەتوانێت "بابەك" یان "مازیارێك" بێت.

"هەلاجی" ئەشکوریش، دەستی پێ راناگات، عیشقی ئەو بەحەقیقەتو "حەق" تەڵەبی عیشقێکی عەرزی نییە، بەڵکو عیشقێکی ئاسمانییە، لەحاڵەتێك دا "مەنسور" لەناو خەڵکدا هاواری "حەقی" بەرز کردەوەو هەر لەناو خەڵکیشدا زمانی "حەقیان" بڕی.

شێعری "هەلاجی" ئەشکوری نەیتوانیوە خۆی لەژێر کاریگەری ئەو شتەی کە"عەتار" لەو هەلومەرجە مێژووییەدا، بەو بیروباوەڕەوەو لەژێر کاریگەرییەکانی مەزهەبدا لەپێوەند لەگەڵ هەلاج دا نوسیوویەتی رزگار بکات. شێعری "هەلاج" هەروەك ئەوەی کەشێعرێکی کۆمەڵایەتییە، لەهەمان حاڵدا تەنیا شێعرێکی ناو نامیلکە شێعری "لەو دیوی دیمەنەکانەوە"یە کەشیاوی سەرنج و لێ وردبوونەوەیەکی ئەوتۆیە. هەرچەند کەلەزمانێکی سادەو شیرین کەڵك وەرگیراوەو لەناو هێندێك لەو پارچە شێعرانەدا "شاعر" توانیویەتی چەند شتی وەك: چاوەڕوانی، کۆمەڵایەتی کردنەوەی شێعرەکانو جموجۆڵ، وێنە بکات، بەڵام ئەو حاڵەتە ئاینیو ئاسمانی بوونەی ئەو تەواوی رێسەکانی لێ دەکاتەوە بەخوریو بەجێگای گیان بەخشین بە"مەنسوری هەلاج" هەروا ئەو لەناو خەرمانەیەك لە"رازو رەمزەکاندا" رادەگرێت:

"لەناو باخی روداوەکاندا هاتوچۆی دەکرد، پەرێشانو سەرخۆش، هەنگاو دەنێت، بەرەو ئەو دیوی حەوت شار، ئەو جێگایەی کەهەرچییەك بوو، خودا بوو."

"ئەشکوری" بەجێگای هەڵسەنگاندنی هەلومەرج ناسی "هەلاج" لەگەڵ رۆژگاردا، ئەو بەرەو قوڵایی تاریکییەکان پاڵ پێوە دەنێتو بۆ خۆشی لەناو پازدە لاپەڕەی شێعری "هەلاج"دا دەنوسێت:

"ئەمن، زۆر دەترسم، تەنیای تەنیام، بەڵام لەم دیوی سەدەکانی دەست درێژییەوە، هاوار دەکەم، حەق.. حەق".

شێعری "هەلاج" سەرەتایەکی هەلومەرج ناسانەی هەیە، "هەلاج" لەپانتایی ژیان دا رەها دەکاتو دەی کێشێتە ناو خەڵکەوە، بەڵام هەلاجی سەر بەرزو خەباتکار، زۆر زوو دەبێتە شێری ناو دارستانی "تەحقیق"! و بۆ هەمیشە لەعالەمی غەیبدا عیبادەت دەکاتو بەم شێوەیە ئەم شێعرە لەسەرەتا دڵگیرەکەی خۆی بەتەواوی دوور دەکەوێتەوەو رووبەرەو "ئاسمان" دەنێت. شێعری "هەلاج" ئەشکوری لەدوو بەش پێکهاتووە، ئەو کاتەی کەبۆ خۆی باس لەزەمانی هاوچەرخ دەکات، جموجۆڵێك لەشێعرەکانیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام کاتێك کەباس لەخودی "هەلاج" دەکات، هەروەك رۆیشت خوێنەر بێجگە لەدوورکەوتنەوە لە"مەنسور" شتێکی تری بەنسیب نابێت.

شێعرەکە بەمجۆرە کۆتایی پێ دێت:

"زانای رۆژگار، ئەوەی کەچۆتە مەنزڵی "ئەسرار"، ئەوەی کەهاتووە لەدنیای سەرەوە، ئەو بێ باکە، ئەو کوژراوی رێگای خودایە، خۆزگە گەیشتبایە شەوێك لەرێیەوە".



کامەیە دنیای سەرەوە؟! مەگەر هەلاج دانیشتوی سەر ئەم گۆی زەوییە نەبوو، مەگەر شاعر چاوەڕوانی هاتنی "هەلاجێکی" دیکەیە، ئایا مومکینە لەئاسمانەوە "مەنسوری هەلاجێکی" دیکە بێتە خوارێ؟! بەسەر ئەو حاڵەتەش دا بێ ئینسافییە ئەگەر بڵێین کە"سادات ئەشکوری" شاعر نییەو "لەو دیوی دیمەنەکانەوە" بەتەواوی بێ بایەخە.

"لەو دیوی دیمەنەکانەوە" بەپێنج شێعری باشەوە، لەریزی یەکێك لەباشترین کتێبە شێعرەکانی ساڵدا قەرار دەگرێت:

"لەناو دەشتو کێوو کەنار دەریاکان، دەبێت ناوی تۆ وێردی زمانی خەڵك بێت، لەناو ماڵو لەناو مەزراکانو لەسەرکانی، وەك گۆرانییە رەسەنەکان، نەقڵی سەرزاری خەڵك بێت".

***

# ســـــینەما

| | |
|---|---|
| سینەما: | ن: عەباس سەماکار ـ و: س. ا. |
| کەشتی پۆتمکین | و: ئەسعەد ڕۆستەمی |

# سینەما

ن: عەباس سەماکار

و: س. ا.

بە هەر ڕادەیەك ئەدەبیات لە ڕێی شەرح و شیکردنەوەوە ناڕاستەو خۆیە، سینەما، لە بەرانبەردا، تەوسیف هەڵنەگر، ڕاستەوخۆ و زیندوە. سینەما وەفادار ترین هونەر سەبارەت بە ڕاستیە کانەو وا دەنوێنیٚ کە شتێکی دیکتە کراوی تێدا نییە،سینەما، بە جێگای وەسف کردنی ڕاستیەکان لە گۆشە نیگای جۆراو جۆرەوە و بزوتن و نوور دا و تێکەڵ بە بڕگە گەلێك لە مەکان و زەمان نیشان دەدات . وەسف ،شیکردنەوەی ڕاستیە. بەڵام وێنەی سینەمایی، هەر چەند دروست کراو بێت و بەرداشتێك بێت لە ڕوداوێکی دیاریکراو،دیسانیش وێنەیەکە کە مادییەتی ڕووداوەکە دەپارێزیٚ و ،بێجگە لەو، شتێکی تر ناخاتە بەر چاو. سینەما وەسف کردن بە خودی بینەر دەسپێریٚ و بەم شێوەیە، دەبێتە نادەخاڵەتگەر ترین هونەرەکان و هیچ گۆڕانێك بەسەر ئەو شتە دا وا وێنەی گرتووە ناهێنیٚ،بەڵکو ئاڵو گۆڕەکانی لە پێکهاتەی دەروونی و دراماتیکی بەرهەمەکە دا دەمێنێتەوە،نەك لە شکڵ و شێوەی ڕاستەقینەی دەرەوەی دا. سینەما بە کردەوە ناچار بە چەشنێك ڕاستگۆی یە.چون بە ڕادەیەك توخم و ڕەگەز گەلی واقعی و شیاوی بینین دەنێتە بەر قەزاوەتی بەر دەنگی خۆی، ڕێگایەك بۆ شاردنەوەو داپۆشین نایەڵێتەوە.

دەست تێوەردانی ڕاستی،شیکردنەوەی ڕاستەوخۆی ڕووداو،بەو شێوەیەی کە لە ئەدەبیات داباوە، لەسینەما دا شتێکی بێگانەو نامۆیە. ئەگەر ئەدەبیات ڕاستیە کان وە بیر ئینسان دێنێتەوەو لە کاتی گواستنەوەی ڕاستیدا،دەستیشی تێوەر دەدات و بە سەلیقەی خۆی گۆڕانی بەسەر دادێنێت ; ئەگەر ئەدەبیات لەلای ئێمە ماندگارە و لەو شوێنەیە کە ئێمەی لێین، ئەگەر ئەدەبیات دەروونیە، نەك فیزیکی، سینەما شتێکی ترە. سینەما مرۆڤ بەرەو بینینی ڕاستیەکان پەل کێش دەکات. سینەما دەستی بەر دەنگی خۆی دەگریٚ و بە دوای خۆی دا دەکێشیٚ، بۆ تماشای زەمان و مەکان و سەیری ڕووداو و دیدار .سینەما هەر ساتەو پەنجەرەیەك پێوە ئەداو دەربیجەیەك دەکاتەوە و بینەر لە گەڵ خۆیدابەرەو دیمەنگاکان،بەرەو ڕووداوەکان، بەرەو مرۆڤ و ڕوو بە زەمان ومەکان و لایەنە جۆراو جۆرەکان دەگێریٚ و هەردەم دەیداتە بەر ڕەهێڵەی ڕوداوەکان. لە فیلم دا، هەموو شتێك لە پەیوەند لە گەڵ ئاڵو گۆڕ و بزوتنی فیزیکی ڕووداو دا ئەسووڕیٚ. هەر چەند سینەما ناچارە بەر دەنگ کووڕ و ڕاست کاتەوە بۆ بینینی ڕاستیەکان، ژێر و ژووری پێبکات و بیخاتە وێرغە، یان، لە لە جێگای خۆی دا بیچەقێنیٚ، بەڵام ناتوانیٚ ئاڵ و گۆڕێك بەسەرئەو ڕووداوە دا بێنیٚ کە خستوویەتە بەر چاوی. سینەما هونەرەێکی دەرەوەییە و تەنانەت خەیالاتیش تێیدا عەینیەتی هەیە. لە ڕاستی دا، گۆشە نیگا و جووڵەی دوربین و جۆری پیشاندانی شانۆ دەخاڵەتێکی لە خودی ڕاستیە کە دا نییە: دەرخستنی ڕوانگەی نویٚ و دەرکەوتە گەلی ئاڵۆز و شاراوەی ترە کە عەینەن بونیان هەیە، بەڵام ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا نەمانتوانیوە یان نەمانویستوە ئەوان، بەشێوەیەی کە دووربین بۆمان دەنوێنیٚ،ببینین. گۆشەنیگایەکی سەرەو ژوور یان سەرەو خواری دوربین ڕەنگە وێنەی ڕواڵەتی ڕاستەقینەی دیدێکی نائاسای بە دەستەوە بدات. بەڵام ئەم حاڵەتەنا ئاساییە،بەگۆڕان و شیکردنەوەی واقعیەت

ناژمێردرێ. چاوی مرۆڤیش دەتوانێ لە هەل ومەرجێك دا ،هەمان وێنە سەر بەرەو ژوور و بەرەو خوار ببینێ کەوا دوربین بەبێ هیچ شرح و تەفسیرێك پیشانی ئەدات. ئێمە، ئەگەر هەمان گۆشە نیگای ڕوانینی دوربینە کە بگرین و،هەر بەو شێوە بزوتنە لە دەوروبەری بابەتەکە، سەرنج بدینە شتێك، تەنیا ئەو زاویە تایبەتیەی نزیك بوونەوە لە ڕاستەقینە ئەبینین، نەك تەفسیرێکی نوێ لەڕاستیە کان.ئەم شێوە ڕوانینە ،لە بنەڕەتدا، لەگەڵ ئەو ڕوانگە ئەدەبی یەی کە بە گشتی هەلێنجان و سەمەرەی زینە جیاوازی هەیە. دوربین ،زیاتر، یارمەتی دەرمانە بۆ دۆزینەوەی هەرچی زیاتری شکڵ و شێوە گەلی نوێی واقعیەت. لە ڕاستی دا، دەستی هونەرمەند لە هیچ هونەرێك دا بە ئەندازەی سینەما لە پەیوەند لەگەڵ ئاوەژو کردنەوەی ((روخساری ڕاستەقینە ))نەبەستراوە. هەر لێرەشەوە یە کە سینەما بەبێ پێچ و پەناترین و دێمکرات ترین هونەرە کان بە نەزەر دەگات. لەبەر ئەوەی کە وێنەی سینەما یی وەسف و لێکدانەوە بە خودی بینەر دەسپێرێ.

بەڵام، لە ڕوانگەیەکی ترەوە ،سینەماش وەك ئەدەبیات جادوگەرانەیە. وئەم پەیوەندیە، هەرچەند ڕەنگە لەگەڵ پەیوەندیەکانیپێشتر نا تەبا بەر چاو بێت، بەڵام ئەمە ڕاستە. وخۆی لە جۆراوجۆری روخسارو حاڵەتەکانی مەوجود لە هونەرەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. لە سینەماش دا،وەك ئەدەبیات، مروڤ گەلێك هەن ئەرۆن، دێن خۆراك ئەخۆن، کار ئەکەن ،بەشەڕدێن، عاشق ئەبن و سەرشار لە جلوەی ژیانن، بەڵام لە پەردە جیا نابنەوەو هەرگیز سەرنجی بینەر نادەن. ئێمە ئەویندارى ئەم خەیال ‌و پەردەو روخسارە ناڕاستیانەین. ئەویندارى توێژا لێکی تەنکین کە بە ئەندازەگیری بارستاکەی، لە لایەنی بێ بایەخی مرۆڤەکانی مەترسی دامان دەگرێ: ئەویندارى شتێکی کە لە چرکەیەکدا هاتوەو ڕابردوەو، بێجگە لە خەیاڵ و گومانێك شتێکی بەجێ نەهێشتوە .

بە ڕاستی، ئەم مرۆڤە کاغەزیانە تاچەند لە ژیانی ڕاستە قینەی خۆیاندا نزیکن بەو بوونەوەرانەوە وا لە زەینی ئێمە دا شکڵیان گرتوە؟ ئەوان ڕاستەقینەترن یان ئەو بونەوەرە خیاڵیانەی زەینی ئێمە؟ لە ڕاستیدا ،ئەوان چۆن دەتوانن باری قورسی کەسایەتیە خەیاڵیەکانی خۆیان (کە بێ گومان شك لە قورساییان دانیە) بە کۆڵی ڕاستەقینەیانەوە بگرن و وڵامی گشت چاوەڕوانیەکانی ئێمە بدەنەوە وا لەوانمان هەیە؟ لە خۆوە نیە هەر کە لەگەڵ یەکێك لەو خەیاڵیانە (ئەکتەرانە)لە دنیای واقعی دا ئاشنا دەبین، دوای ماوەیەك تەواوی ئەو قورسایی و جەبە ڕووتە رۆئیاییە وەك تەمێك دەڕەوێتەوە و بونەوەرێکی بێ دەسەڵاتی، وەك خۆمان،لەبەرانبەرمان دا دەوەیستێ.

ئێمە لەنێو سینەمادا،هەر بەو چەشنەی کە ساکت و بێ خەیاڵ لەسەر جێگاکانمان دانیشتوین و بە بێ هیچ کۆششێك چاومان بڕیوەتە پەردە خەیاڵیەکە،غەوغایەکیش دەرونمانی پڕکردوە. دیوارێکی ڕووناك،دەربیجەیەکی کراوە بەرەو دنیایەکی سەیرو سەمەرە و جیهانێکە کە لەگەڵ خۆیدا بەرەو دیباری شگفتیەکان و بۆ بینینی دنیا، بەو شیوەیەی کە دەبێ ببێ مان دەبات. سەرەنجام تەئکید لەسەر ئینسانەکان و ڕووداو و شێوەی بە شوێن دا چۆنیەتی کە پێکهاتەی دەرونی سینەما دروست دەکات و ئیدەئال شکڵ پێدەدات. دەست تێوەردانی هەنەرمەند ڕاست لێرەدا ڕوو دەدات: لە زەینیەتێکی کە بۆمان پێك دێت: زەینیەتێکی، کە نەك لەگەڵ ئاڵ و گۆڕ لە ڕوخساری عەینی واقعی دا ،بەڵکو لەگەڵ کەم و زیاد کردنی دا، لە گەڵ ئاڵ و گۆڕی زەمان، لەگەڵ دروست کردنی جوڵە، بە بڕگە بەندی حاڵەتە نوێیەکان و بە گوشارە عاتفی و عەسەبیەکان لە ئێمە دا پێك دێت.

پەیوەندی سینەما بە واقعیەتە دیداریەکانەوە دەبێتە هۆی ئەوەی سنور داریەکیلە بواری خەیاڵات دا بۆ پێك بێت. بۆ نمونە چەشنێك خەیاڵ پەردازی لە ئەدەبیات دا هەیەکە لە سینەمادا کەمتر دەتوانێ بوونی هەبێ. قالیچەیەکی کە لە زەمانی ((سەد ساڵ تەنیایی))گارسیا مارکێز دا بوونی هەیە و ئەو شوعبەدە بازانەی هاتونەتە گوندەکەوە و پێی هەهەڵدەفڕن، بە تەواوی وەك ڕاستەقینە دێتە بەر زەین. خوێنەر،لەگەڵ ئەوەدا کە دەزانێ وەها وێنەیەك سەرتاپا خەیاڵی و نا ڕاستە ،دیسان بە ئارەزوی خۆی دەیەوێ باوەڕی پێبکات و بڵێ شتێکی وا ڕاستە و، لە پاڵی دا، هەستێکی شەدیدەن جوانی ناسانەی نۆیش هەست پێدەکات. بەڵام وەها قالیچەیەکی باڵ دار لە سینەما دا، لەبەر ئەوەیکە تەفسیر و شیکردنەوەی نەك لە

ئەستۆی نوسەر، بەعۆدەی مەنتقی دیداری بەر دەنگە،بەتەواوی ساختەگی و دروستکراو دێتە بەر چاو. هەر لەم ڕووەوەیە کە لە کاتی بە وێنە دەرهێنانی بەرهەمێکی ئەدبی‌دا پێویستە بە تەواوی ئاگاداری ئەوە بی کە ئەو حاڵەت وفەزایەی لەو بەرهەمە دا بونی هەیە لە بەرهەمە سینەماییەکەدا پارێزراوبێت .لە بەر ئەوەی ،لە سینەمادا، تەنیا مەسەلە لەسەر باوەر کردنی ڕاستی و ناڕاستی نیە. بەڵکو جوان ناسی وچێژ بەخشی ئەدەبی ،لە سینەما دا،شکلێ و شێوەی دیداری بە خۆوە دەگرێ.وە دەرکەوتەی ئەم ئاڵێ و گۆڕە زاتی یە لە پێکهاتە گەلی جوان ناسانە ئەم هونەرەی لێ دەکەوێتەوە.



## * زەمان

شەپۆل و پێکدادانە ئاهەنگینە (ملودیك) پرش و بڵاوەکان و بەری لە مەنتقی زەمانی لە مۆسیقا دا، لە فیلم دا، دەکەوێتە ژێر نەزەری مەنتقێکی ڕووداوانەوە. بەڵام زەمان بەبێ پەیرەوی کردن لە هیچ شتێك باقی دەمێنێتەوە . ئەم چلۆنایەتیە سەر سور ِهێنەرە چەشنێك شێعرانیەتیش دەگەیەنێ. لە شێعریش دا ،بە هۆی نەبوونی حزوری ڕووداو و مەنتق و ڕەواڵی داستانی، چەشنێك بێ زەمانی شەپۆل ئەدات. پچڕان و پێکەوە لکانەکان (قگع و وێل ها )پەیرەوی بزوتنە دەرەکیەکان نین . بەڵکو پەیرەوی لە ناوەندێکی دەرونی دەکەن. بۆ نمونە دیمەنێك لە لێدانەکانی دڵێك ،بە سەحنەی حەرەکەتی گەروی بۆقێك کە سەر گەرمی هەناسە کێشانە دەپچڕێ و زەینی بینەرتا بیەوێ پەیوەندی یان نەبونی پەیوەندی نێوان ئەو دوانە بدۆزێتەوە، قەتعیەتی بونی دیداری ،جۆرێك مەنتقی بۆ پێك دێنێ کە پێویستی ڕەواڵێکی مەنتقی کەم دەکاتەوە .

لە فیلم دا ئەو مەجالە نییە وەك شێوە کاری، بە ئارەزوو ، لە نەخش و نیگاری پەردەکە وردبینەوە .لە سینەما دا، پەردەکان دەبنە بەشێك لە زەمان. زەمانی سینەما لەگەڵ زەمانی شایستەی گەرانەوەی شێوە کاری دا جیاوازە .شێوە کاری چون خاوەنی زەمانێکی دەرونیە، بەبێ زەمان دێتە بەر نەزەر. بەڵام سینەما تێپەرە .لە تێپەڕ بونی دا، تەنانەت مۆسیقاش (لە بەر حزوری بەردەوامی ژەنیارەکان لە سەحنە دا کە چەشنێك زەینیەتی هاتنەوە و گەڕانەوە دەگەیەنێ)ناگاتە ئاستی سینەما. شەپۆل و پێك دادانە ئاهەنگینە پرش و بڵاوەکان و بێ مەنتقی‌زەمانی مۆسیقا و چەند دەنگانەی هاوتەریب و سەربەخۆی مۆسیقا لە سینەما دا شکلێ و شێوە دەگۆرێ. سینەما سەفینەی زەمانە: ئێمە لە ناویدا دادەنیشین تا جیهانی بەرێ و دواوەتماشا بکەین. سەر بکێشینە ناو سەحنەکان و بگرە بە دەروونی مرۆڤەکانیش دا بڕوانین،تا دەستمان بگاتە لایەنی دیداری و بینایی و زەمانە.ڕیتمە سەر سام هێنەرەکان، کورت و درێژ کردنەوەی سەحنە و نەماکان ،گەڕانە وردە بیناییەکان ،هەڵخرانە تەکاندەرەکان و خێرایی،خێرایی،خێرایی. ئەم کۆمەڵە سەرسوڕ هێنەرە لە هیچ هونەرێکی تر دا بە ئەندازەی سینەما بەر چاو نیە.

سروشتی شۆڕشگێرانەی مونتاژ و تێك شکاندنی لە ڕادە بەدەر و عەجیبی زەمان بە ڕازی سەرنج ڕاکێش و زەقترین تایبەتمەندی سینەما دەژمێردری. لە سینەمادا،دوو ڕاستی پێکەوە دەلکێن:واقعیەتی ما دی سەحنەیەك،لەگەڵ واقعیەتی سەحنەیەکی دیکە. و نیهادی ئەو دوانەش ڕاستیەکە کە هی هیچ کامێکیان نیە. بەڵکو ئاڵ و گۆڕ و بەرجەستەکردنی بە وێنەیەکە کە لە زەینی

بینەر دا پێك دێت. زەینیەتێکی نوێی کە لە پەیوەند لەگەڵ هیچ هونەرێکی تر دا بەم شێوەیە دەرناکەوێت. ڕازی مونتاژی فیلم وەهایە.

ئایزن ئیشتاین،لە سەحنەی پلیکانی ئۆدسا دا ،لە بەرهەمە کەم وێنەکەی دا "ڕەزمناوی پاتیومکین "،سەحنەگەلێك دروست دەکات کە زەمانەکەی، لە گەڵ زەمانی هیچکام لە هونەرەکانی دیکە دا وەك یەك نیە. بینەر وێنە گەلێك ی بزواوی کالیسکەی منالێك لە چەند برگەیەك دا بە سەر پلیکانێکەوە دەبینێ کە پێی دا،ئەڕتەشی تزار لە حالی هێرش کردنە سەر خەڵکە. کالیسکەکە یەك دوو جار نزیك بەربونەوە دەگاتە لێواری پلیکانەکە و سەحنەکە بە وێنەیەکی تر دەقرتێ. هەر جارەو دڵە کوتەی بەربونەوەی منالی نێو کالیسکەکە بینەر دادەگرێ. تا ئەوەی لە پلانێکی گشتی دا دەبینین کالیسکەکە دەکەوێتە خوارێ. چەند پات بونەوەی ئەم هەستە وەك یەکە لە سەحنەیەك دا،تەنیا لە سینەما دایە کە بەم شێوەیە ڕوو دەدات "زەمان "ێکی کە لەم نێوانە دا ڕادەبرێ ،لەکوێیە؟ئەگەر قەرار بوو کالیسکەکە بەر بێتەوە، ئەی بۆ هەر جارە و لەسەر جێی خۆیەتی و هەروا لەحالی بەربوونەوەدایە؟

بەم شێوەیە،زەمان لە سینەما دا دەشکێتەوە و لایەنی نا سروشتی بەڵام هەست پێکراو بە خۆیەوە دەگرێ. ڕەنگە لە ئەدەبیاتیش دا شێوەی ئەم سەحنەیە پێك بهێنرێ. بەڵام لەوێدا شتێکی کە کەمتر وەبەر چاو دێت ((ئیستایی زەمان))ە و بابەت، لەلایەنی بزواندنی هەیەجانیەوە، بەبێ حزوری هەستپێکراوی زەمان هەست پێدەکرێ.واتە لەوێ دا زەمان کێشی دێ و یان فەڕزەن کورت دەبێتەوە .یەقینەن لەم ڕێگایەشەوە دەکرێ هەیەجان بەدی بهێنرێ. بەڵام پێویستە ئەوەت لەبەر چاو بێت کەلە سەحنەی سینەمایی ئاماژە پێکراو دا، زەمان بە چەشنێك دەگۆڕێ کە لە گەڵ لێك کشانەوەی زەمان لە سەحنەیەك دا جیاوازی هەیە.لەوێدا قسە لە سەر دووبارە بوونەوەی زەمانی تێپەڕ بوودایە ،نە درێژ یان فەڕزەن کورت بوونەوەی. ڕەگەزی بینای ڕووداو ،تێپەڕ بوونی زەمان لە مەودای ڕووداوێك دا ،داخوازی و، بەم شێوەیە، ڕاوەستاوی زەمانی سەرف بوو(زەمانی شوێنەوار دانەری هەیەجانات )گوشاری تایبەتیخۆی دەخاتەسەر زەینیەتی بینەر.

لە ڕاستی دا ،زەمان لە سینەما دا دەبێتە((دەور هەڵگرتنی دراماتیك ))، کە هێدیتر یان خێرا تر لە ئەزمونی بینایی زەمانی ڕاستە قینەیە، و زیاتر لە هەر هونەرێکی تر، لە لایەنی ئاسای خۆی دەچێتە دەرەوە .بەراورد کردنێکی نێوان پایەداری زەمانی شێعر یان مۆسیقا لەگەڵ ((زەمانی بینای ))فیلم دا سەرنجمان بۆ لای ئەم تایبەتمەندیە پتر ڕادەکێشێ.

لە شێعر دا، زەمان، بە بێ پەیرەوی کردن لە زەمان تێپەر دەبێت. ڕابردنی زەمانی شێعری، پەیرەوی لە یاسایەکی دەروونی دەکات کە لە زاتی قوڵی ئەندێشە دایە. بزوتن لە هێندێك لایەنەوە لە تێپەر بوونی چرکەکان زیاتر بەرچاو دەکەوێ وخاوەن قوڵایی تایبەتیخۆیەتی. لە مۆسیقا دا ،زەمان هەرچەند لەگەڵ بزوتنی دەرەوەی ملۆدیەکاندا دەستەویەخەیە، بەڵام بە هۆی هەڵینجانیەتی و نەبوونی بەراوردی ڕەگەزە سەرەکیەکانی لەگەڵ ڕوخسار گەلی سروشتی ،وەك شێعر دا، بەرەو زەمانە دەرونیەکانیش دەگێرێتەوە. بەڵام،مەنتقی سینەما دەخوازێ کە لە بزوتنی ڕووداو دا، زەمان هاوتەریب لەگەڵ شکڵ و شێوەی دەرەوەی ڕووداودا ڕابرێ. لەم ڕووەوە، پەیرەوی نەکردنی برگە گەلێکی زەمانی لە شکڵ و شێوەی دەرەوەی ڕوداو، چەشنێك کرداری تایبەت پێك دێنی کە تایبەت بە سینەمایە .

شوێنیش لە سینەما دا مەیو و وێستاو نیە. تەسەوەرمان سەبارەت بە شوێنێك ،بەو ڕادەیەی کە ئێمە جێگایەك وەبێر خۆمان دێنینەوە، بازدان بۆ هەر گۆشەیەکی دیمەنێك بە پێی ئێرادە و یان کرداری کاری زەین، کردەوەی هاوشێوەی خۆی لە نێو هونەرەکاندا تەنیا لە سینەما دا دەدۆزێتەوە .

تەسەوری دوو ڕووداو لە دوو شوێن و لە یەك کاتدا تایبەت بە سینەمایە. سینەما ،لە گۆڕەپانی زەمان و مەکان دا، شێوەی خێرای بیر هێنانەوەی زەینییەتی ئینسانی‌یە .هەر بەو جۆرەی کە ئێمە دەتوانین برگە گەلێکی خێرا لە ڕووداوێك، لە دەورانێك ،مەودای تەمەنێك و بگرە مێژوویەکمان هەبێ ،و خێراو لە ناکاو، لە چاو تروکانێك دا

،سەر تاپای هەستی دەور کەینەوە، سینەماش وەها تایبەتمەندییەکی لە ناخ دا شاراوە هەیە. ئەوە ئاشکرایە کە خێرایی دەور کردنەوەی سینەمایی هیچ کاتێك ناگاتە خێرای بیر هێنانەوەی زەینی، بەڵام خەسڵەتی دەور کردنەوەی بە شاراوەیی لە خۆدا هەیە. خسڵەتێکی کە لە هیچ هونەرێکی دیکە دا بەر چاوناکەوێ.

ئەم دەرکی نوێی زەمانە تەنیا خسڵەتی ئەم دەورانەیە. مرۆڤی ئەمڕۆ ئاگای لەو زەمەنەیە کە بەسەری دا تێ دەپەڕێ. ئاگادار بوون لە گوزەشتی زەمان خۆی لە چوار چێوەی قازانجێکی تایبەت دا دەبینێتەوە و دەردەخات کە لانی کەم پێی دەوترێ سود ئاوەری. پەیوەند لەگەڵ ساتەکان خاسیەتی ئەم دەورەیە و خاوەن بایەخێکە کە لەبەر چاوی کەس شاراوە نیە ئەم دەور هەڵگرتنە، ئەم هیتر خوازی و گۆڕانی ساتیە،بە تەواوی خۆی لە زەمان دا چڕ دەکاتەوە. سینەما هونەری گۆڕانەکان و هونەری ئینسانی مۆدێرنە کە قەت ئیمکانی نەبوو لە سەردەمێکی تر دا بەدی هاتبایە. ((زەمان))ی سینەمایش زەمانێکە مۆدێرنە: سەردەمی گۆڕان و بزوتن و شکاندنی زاویەو لایەنەکانی زەمان: زەمانی گەیشتن بە هەستی بیناییە نوێیەکان و ورد بوونەوە لە زەڕەکان.



*** ئاخێوەر (ڕاوی)**

لە سینەما دا حزوری ئاخێوەر (ڕاوی)باو نیە. دوربین خۆی، لە لایەن بەر دەنگەوە، وەك ڕاوی قەبوڵ ناکرێ. چون دوربین بونەوەرێکی بێ گیانە کە تایبەت مەندی گێڕە ڕەوەیی کە بە شێوەی ئەزمونی_مێژوویی لە گەڵ بوونەوەری زیندو دەخاڵەت گەر دا شکڵی گرتوە، لە خۆی نیشان نادات، بەڵکو بە ناچار هەر ئەوە دەر دەخاتەوە کە لە بەرانبەریان داناوە. تەنانەت ئەگەر زاویە و بزوتنی ڕاستیەکی کە نیشانی دەدات ئاوەژوو کاتەوە، ئەم گۆڕانە بە ئیرادەی ئەو نییە و لە هەر حاڵ دا،نەخشی شانۆی ڕاستە قینە و نا دەخاڵەتگەری لە بینین دا، لە دوربین دا بوونی هەیە. ڕاوی بە شێوەی تاك وێژی و دەنگێك لە سەرەوەش لە سینەمادا زیادی دێتە بەر چاو .هەر بەو چەشنە کە تاك خوێندنەوەی شێعریش بەو جۆرەیە: شێعرێکی کە لە زمان هیچ کام لە پرسناژەکانەوە دەر نابڕدرێ، وەك ئەوە وایە کەلە بان سەری بینەرەوە وە دەنگ دەردەهێنرێ.دەنگی پرسناژەکانی فیلم لە ڕووبەڕووە و لە ئاستی ئێمە دا دێت. دەنگی خوێنەری شێعر لە دەرەوەی فیلمەوە سەر چاوە دەگرێ. وەها دەنگێك دەکۆشێ لەگەڵ ئێمە دا پەیوەندی پێك بێنێ و ئێمە هەست بەو هەوڵە دەکەین و لە فەزای فیلمەکە دێینە دەرەوە. شێعر خۆێندنەوە لە سەر فیلم چەشنێك فاسیلە دانانی ئاشکرایە ئەم مەودادانانە، لە تیاتر دا بە تەواوی سروشتی بە زەین دەگات، لە فیلم دا بە گشتی ناسروشتیە .ئەم ((دەنگەی لە سەرەوە )) لە داستاندا بوونی نییە. حزوری بگێڕەوە (ڕاوی)شتێکی سروشتی بەر نەزەر دێت و زەرورەتەن دانای گشت، بینینێکی لە دەرەوەی حەکایەت بەر چاو نایەت .هەر چەند لە هەر چەشنە داستانێك دا، تەنانەت ئەوانەش وا بە ڕواڵەت ڕاوی تیاندا بوونی نییە، و نوسەر دەکۆشێ_بە شاردنەوەی دارو دەستەی دست تێوەر دەر_لایەنێکی ڕاستەقینە و گوزارش وار (وەك دوربین) بداتە ڕووداوەکانی داستان، دیسانیش ئاخێوەر بوونی هەیە و دەبێ هەشبێت. چون حکایەتی بێ ڕاوی لە ئاساس دا بوونی نییە. تاك وێژی شێعری حزورێکی بە هێز تر لە هەر چەشنە ڕاوی و دانایەکی گشتی داستانی‌یە.

لەم ڕووە وە، لە هێندێك لە فیلمە کاندا کە لەسەر ویستی‌فیلم ساز ڕاوی زەرورەت پەیدا دەکات (تاك وێژییەك لە بان فیلمەوە دێت، یان شێعر خوێندنەوە لە

فیلم دا) وەك گفتار و لەحنێکی بە ئەنقەست دێتە بەر نەزەر. ئەم چەشنە وتارە تەنیا دەتوانێ لە فیلمی موستەند دا کە کاراکتەرە دەروونیە کانی وەك ئەکتەرێك رۆڵ ناگێرن ، قبوڵ بکرێ. چون رۆڵی فیلمی مستەنەد بە شوێن سەلماندنی سەنەدیەتەوەیە،تا دروست کردنەوەی داستانی. لەم ڕووە وە ،وتار لە وەها فیلم گەلێك دا سروشتی دەنوێنێت.

لە سینەما دا، چەشنێك گۆشە ڕوانینیش بوونی هەیە کە بە((نمای خاڵی سەرنج)) بە ناو بانگە و ئەویش بریتیە لە وێنەیەکی کە،لە لایەن گۆشەی ڕوانینەوە، بزوتنی دوربین و کەڵك وەرگرتن لە تایبەتمەندی گەلی وێنەیی ،وەك ڕوون و ئاشکرایی (وچوح) و یان چەشنی کادر و شتی تر .لەگەڵ روانینی بینەر دا یەکسانە و بەتەواوی ڕئالیستی بەر چاو دێت. واتە دوربین سەحنە، لە چەشنی شتێکی کە واقعیەتی هەیە،وەك خۆی پێشکەش بە بەردەنگی خۆی دەکات. بەم جۆرە ،بینینی دوربین لە دیمەنی ڕوو بە ڕوو هەر ئەو شتەیە کە ئەگەر بڕیار بووخودی بینەر لە حاڵی ئاسایی دا ببینێ، دەیدیت. لە وەها حاڵەتێك دا، بە ڕواڵەت لە لایەن فیلمسازەوە کەمترین ڕۆڵی دخاڵەت گەرانە ئەنجام دەدرێت. لەم حاڵەتەدا ئەم هەستە لە بینەر دا پێك نایەت کە کارگەردان گێڕانەوە یان بە شێوەیەك، لە وتنەوەی ڕووداو دا دخاڵەت دەکات. بەڵکو سەبکی کاری ئەو ڕئالیستی و لە هێندێك هەلومەرجا بگەرە گوزارش وار بە نەزەر دەگات. بەڵام، لە جلوە تایبەتییەکانی سینەمایی دا، ئەم بێ لایەنی‌یە، بە شێوەیەکی ئاشکرا دەشکێ وبینەر ئاگاداری حوزوری کارگەردان لە پشت وێنە نا ئاساییەکان (فەڕزەن ئسلو موشن کە جوڵەیەکی دەستکرد و لە سەر خۆی وێنەیە و سەحنە بە حاڵەتێکی سروشتی پیشان نادات )، دەبێت. ئەم چەشنە وێنەیە (کاربووردی نا ئاسایی دوربین بۆ پێك هێنانی حاڵەتی تایبەت )یش چەشنێك گێڕانەوە نیە، بەڵکو تەنیا چەشنێك مەودا گرتنە کە بینەر لە غەرق بوون لە سەحنەیەکدا کە ڕاستە قینە دێتە بەر چاو، دەر دەکێشێ. لە نمایەکی وەك ئسلوموشن خۆلادانی بە ئانقەست لە ڕاستە قینە_نمایەك بوونی هەیە .ئەم سەحنەیە، هەر چەند چەشنێك دەست تێوەردان بە حیساب دێت،بەڵام چون لە گەڵ عەینیەتێکی وێنەی دا تێکەڵە، لە گەڵ خەیاڵاتی ئەدەبی دا_کە تەنیا لە زەینی خوێنەر دا شکڵ دەگرێ _جیاوازی بنەڕەتی هەیە و، تێیدا، چەشنێك گومانی هاوڕایی و هاوزاتی بینایی لە گەڵ مرۆڤەکانی فیلم دا بینەر دادەگرێ کە تێپەڕین لە ڕوکەشەوە و حزور لە ناخی سەحنە دا بە حیساب دێت:تاك وێژی یان ڕەوتی ڕوانینی زەینی، کە نمایش کردنی لە گەڵ شێوەی ئەدەبی دا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە و هەروا دیموکڕاتیك و بێگەرد و پاك دەنوێنێ. بەڵام نوکتەیەکی تر لەم بوارەدا دەخیلە ئەویش ئەوەیە کە کاربوردی بەردەوامی وەها وێنە گەلێك، تا ڕادەیەك حاڵەتی نا ئاساییان دەسڕێتەوە و پەرە بە هەستی بوونی چەشنێك ڕوایەتگەری لە فیلم دا دەدات. بە شێوەیەکی کە بە کردەوە جلوە تایبەتیەکان و کادراژە نائاساییەکان، بە چەشنێك حزوری ناسادەقانە لە دەرەوەی فیلم بە زەین ناگەن. بەڵام کادراژی نائاسایی، وك ئسکوپ، زۆربەیان تایبەت بە فیلم گەلێکن کە دەیانەوێ پانتاییەکی بازاری بەرین تر داگیر بکەن و وشەی پڕ زریقەو بریقەیان لێ دەکاڵێتەوە. لە ئەکتەری گەورەوە بگرە تا سەحنەگەلی پڕ شکۆ، دیکۆڕ، ڕووداو،کۆمێدی و سەرگەرمی و فانتێزی یان دەتوانی تێیدا بدۆزیتەوە. دیارە لە سەحنە گەلی ئەو جۆرە فیلمانە دا هەموو شتێك بە چەشنێك ڕێك و پێك بەرەو پێش دەچێت کە موو بە بەینیاندا ناچێت. ئەکتەری ڕەهایی بەخش دەگاتە گۆڕەپانی پێك دادان و هەموو شتێك لە ڕۆشناییەکی پاك و خاوێن دا کە گشت سێبەرەکانی خاو کردۆتەوە و هەموو شتێك دەبیندرێ و شاد و خۆش حاڵ بە نەزەر دەگات، چڕ کراوەتەوە. شێوەیەك واقعگەرایی سواو و لە مۆد کەوتو و وەفادار مانەوە بە هەرشتێکی کەلەم جۆرە فیلمانەدا ڕەسمیەتی هەیە ،بەر چاو دێت. لە ڕاستی دا ،هەموو شتێك لەوان دا دروست کراوە: هەر لە ڕووناکی‌یەوە بگەرە تاسەحنە عالیەکان و ئەو ڕووداوانەی بینەر وە پێکەنین دێنن و هیچ کامیشیان هاو تەریبی بواری ڕاستەقینەی ژیان نین. و بە گشتی هەموویان وەك لە پێشدا ئامادە کراو دینە بەر زەین. دەکرێ بڵێین ئەم فیلمانە بۆ پێك هێنانی فەزای واقعی (نەك ڕاستەقینە)ی ژیانی چاپی کار دەکەن. فیلمی

کۆمێدیش جیلوەیەکی نا مەنتیقی هەیە، هەر چەند خەڵك وەك شتێکی پێکەنینی لایان پەسندە ،بەڵام جۆرەکانی بە تەواوی لە واقعیەت مەودا دەگرن. ئیغراق ،کە چەشنێك دەستێوەردانی واقعیەتە، لە سەرەتای ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ سینەمای کۆمێدی دا ئەمریکی پەسند کراوە. لەم ڕوانگەوە ،سینەمای کۆمێدی تا ڕادەیەکی زۆر لە خەسڵەتی دیموکراتیکی خۆی دوور دەکەوێتەوە تا واقعیەت بە تەعبیرێکی شیرین تر یان تاڵ تر پیشان بدات. تەنزی تاڵی چاپلین کۆمێدی لە دیسان دروست کردنەوەی ئیغراق ئامێزی نا واقعی ڕووداوەکاندا پێك دینی، تەنیا لە ڕێگای چێژ لە بە دەستەوە گرتنی واقعیەتی پەیوەندیە ئینسانییەکانی نێو کۆمەڵگایە کە زەقی حزوری دخاڵەتگەرانەی خۆی دەشارێتەوە. لەم ڕووەوە ،سەحنەکانی، نەك دروست کراو ،بگرە ڕاستەقینە دەنوێنن ،لە بەر ئەوەی ڕاستەقینەی شاراوە لە ڕووداو دا پیشان دەدات: ئاماژە بە شتێك دەکات کە لە ڕاستی دا، خەڵك بەلایدا بێ هەست پێ کردن تێپەڕیون نەیان دیوە و چون بە ڕوانینی چاپلین دەبیننەوە، لە بینینەوەی لە ناخەوە شادمان دەبن. بەڵام لە فیلم گەلێ کۆمێدی موزیکاڵ دا کە بناغەیان لەسەر ئیغراق لە واقعیەت دا رۆنراوە ،خاڵەتێك بوونی هەیە کە دوور لە ڕاستیە و تەنیا بۆ بێتاقەتی دەرکردن و پێکەنین،بوونی پەسەندە. لەم چەشنە فیلمە دا، شتێکی شاراوەو ئالۆز نیە تا بدۆزرێتەوە.هەمووشتێك لە مەدارێك دا دەخولێتەوەکە دەیەوێ بە داچڵەکاندن، و تەنیا لەو ڕێگایەوە، کەسەکان وەپێکەنین بخات.

فیلمە سریاڵیە کانیش دەکرێ لەم ڕیزە دا دا بنێی، بە تایبەتی ئەو فیلمانەی وا هۆویەتی کەسایەتی ئەکتەر ناپارێزێ و هەر جارە و ئەکتەرێکی کە ئیتر لە مەودای پیشاندرانی چەند فیلمێکەوە، بوونە وەرەێکی ناسراوە،لە چوار چێوە و نەخشێکی نوێدا دەناسێنێ. ئەم گۆڕانە و ئەم ئاڵ و گۆڕە کەسایەتیە، لە لایەن کەسێکی دیاریکراوەوە ،بە پەتەوی ڕوانینی بینەر لە نا واقیعی بوونی خۆ بە دوور دەگرێ. بگرە کاتێکیش هۆویەتی کەسایەتی بپارێزێ، دیسان حزور لە ڕوودا گەلی جۆرا و جۆری فیلمە سریالیەکاندا، بە بێ تەئسیر وەرگری کەسایەتی ئامازە پێکراو لە داستانە پێشوە کاندا، ئەم کەسیەتیە لە هەر ڕووداو و فیلمێکی تازە دا دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. بۆ نمونە دەیوید "هەسیلهوف"، هەمیشە هەمان دەیویدە کە هەر جارە و لە ڕۆڵێکی نوێ دا دەردەکەوێ و یان ماجەرایەکی تازەی بە سەر دا دێت، لە حاڵێکدا کە هیچ ئاسەوارێکی لەوەی لە فیلمی پێشو دا بە سەری هاتووە پێوەی دیار نیە. بارستای ئەو گشتە ڕووداوەی کە بەسەر وەها کەسێك دا هاتوە بە سەیروسەمەرە دێتە بەر نەزەر. تەنانەت مانشێتی هەمیشەیی فیلمەکانیش ،درۆینە بوونی کوللی ماجەراکە دەردەخات. هەروەها ،پیشاندانی ڕواڵەتی ئەو ئەکتەرانەی وا بۆ ناساندنیان،لە کادرێك دا، بە زەردە خەنەوە دەردەکەون و ون دەبن. هەڵبەت بەشداریکردنی ئەکتەرێك لە فیلمە جۆراو جۆرە ناسریالیەکاندا، بە خاتری بڕگە زەمەنی و حزوری سەبەب گەلێ تر کە لە نێوان فیلمە جۆراو جۆرەکانی ئەو دا پێش دێت لە گەڵ بابەتی باس کراو دا جیاوازی هەیە.

*



## سینەمای کامپیوتێری

لە فیلمە تازە کامپیوتێریەکاندا دخاڵەت گەری شکڵ و شێوەیەکی نوێی بە خۆیەوە گرتوە.لە ڕاستی دا،سینەمای ئەمڕۆ لە گەڵ کەڵك وەرگرتنی زۆر لە ڕادە بەدەر لە کامپیوتێر، لە ڕاستای باڵا دەست کردنی ڕاوی دەخاڵەتگەر لە پێکهاتە و چارەنووسی خۆیدا و دوور کەوتنەوە لە پەیوەندی یەکی دیموکڕاتیکی کە تا ئێستا لە

گەڵ بەر دەنگ ی خۆیدا بوویەتی دەڕواتە پێش. و ئەمە بۆ زۆربەی ئەویندارانی سینەمای کلاسیك وەك زەنگێکی خەتەری پڕ زایەڵەیە. بەڵام ،لەلایەکی دیکەوە ،سینەما بەر لەوەی لە بواری ئیرایە دانی وێنەی ڕووداوە ڕاستە قینەکان دا ببێتە ڕەگەزێکی بێزار کەر، بە ڕاکردنە نێو کامپیوتێر و دروست کردنی بونەوەر گەل و جووڵەو ڕووداوی ئاوسانەیی، بوارێکی تازەی دۆزیوەتەوە کە تەنانەت دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوی ئەساتیری بەشەریش و ئەم دنیا خەیاڵیە، بە بێ ئەوەی واقیعەن بە خەیاڵی بێتە بەر زەین،ڕاستەقینە بنوێنێت. ئێستا ئاشکرایە کە جیاوازیەکی ماهیەتی لە نێوان کەڵەکە سینەماییە کامپیوتێرییەکان لە گەڵ ئەو شتەی پێشتر پێی دەوترا کەڵەکی سینەمایی، دا بوونی هەیە. جیاوازیەکی کە خەیاڵی ترین سەحنە بە ڕاستە قینە نیشان دەدات:جیاوازییەکی کە لە سایەی دا ((ڕئالیسمی جادوویی)) گارسیا مارکێزیش لە سینەما دا ڕاستەقینە دەنوێنێ.

ئەمجار ئەڵیی وێنەی دەستی مرۆڤ بە دیوارەی غارەکانەوە ،لە ڕەوتی مێژویی خۆی دا،تا دەگاتە وێنەی کامپیوتێری کە بە ئیمکاناتێکی سەر سوڕ هێنەریەوە بواری شکڵ گرتن و خۆنواندنی هەر چەشنە خەیالێکی مرۆڤ لە قوڵایی دەروونیەوە دەڕەخسێنێ، بۆتە شتێکی بێ نیهایەت واقیعیتر لە خودی دەستەکەی. گشت جوانیەکانی هونەر، هەر لە سەرە تاوە ،لە مەدابوە کە ڕاز و ڕەمزی وێنەی ئەم دەستە ئاشکرا بێت و وەك ڕازێك نەمێنێتەوە. چون ئینسان بەم ئاشکرا بوونەیە دەتوانێ هەم خۆی ڕابردوی بژێنێتەوە و هەم خۆی ئیستای زیندوو ڕادەگرێ.هەوڵێکی کە تا ئیستا مرۆڤ لەم بارەوە داویەتی کۆششێکە بۆ کردنەوەی قفڵی ئەم ڕازە ،بۆ ناسینی خۆی ،لە ژێر کاریگەری هێزی بەر داشتێکی کە سەبارەت بە خۆی بوویەتی دا بووە.ئەم هێزە لە وێنەی کامپیوتێری دەستیش دا هەر هەیە. و مرۆڤ گەرەکیەتی هەر جارە و بە ڕیوایەت و بە شێوەیەکی نوێ، بدۆزێتەوە .دەنا، هیچ ئەنگیزەیەکی تر ئەم پاتە بوونەوەیەی وێنەی دەست بە سەر دیوارەی کامپیوتێری سەردەمی ئێمە وە پاساو ناکات.




### * ئەکتەری

لە سینەما دا ،لە بەر ئەوەی سەحنە کە بە ڕاستەقینە دێتە بەر زەین ،ئەم هەستە لە بەر دەنگ دا پێك دێنێ لەگەڵ کەسێك دا ڕووبەڕوە کە یاری ناکات، بەڵکو، لە ڕەوتی ڕووداوێك دا ،دژ کردەوەیەکی سروشتی لە خۆی نیشان ئەدات. بەم پێیە ناسینەوەی یاری ئەکتەرێکی سینەمایی و زانین و دەرکی باش و خەراپی یەکەی دژوار دەبێت. لەم ڕووەوە، زۆربەی خەڵك هونەرپیشەکانی تیاتر لە بواری بازیگەری دا بە توانا تر هەست پێ دەکەن. ئەم بابەتە ئێعتیباری بازیگەری سینەمایی دەخاتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە. لە حالێکدا یاری لە سینەما دا لە بەر پچڕانی سەحنە و هاتنەدەری یاری کەر لە هەستی بەردەوامی ڕووداو، ئالۆزو دژوارتر لە ڕاگرتنی ڕەواڵی کەسایەتی بزوتن و دژ کردەوەی عاتفی تیاتریە.

پچڕانی یاری لە سینەما دا هەردەم تەعادولی یاریەکە دەشێوێنی. لەگەڵ ئەوەش دا، جوڵە لە وێنەدا چەشنێك چڕ کردنەوەی لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ بزوتنی دەرەوەیی ڕووداوی تیاتری دا نایەتەوە. بەم مانایەی کە ڕوانینێك لە سینەما دا،بە شێوەی ئاسایی، بریتیە لە بزوتنی لە سەر خۆی گێلێنەی چاو، لە حالێك دا ئەم شتە لە تیاتر دا زۆر تر لەگەڵ سووڕانی سەر بۆلای بابەتی جێی ئامارژە دەردەبڕدرێ: چون یاری تیاتری لەگەڵ واقیعەتی ئەزمون کراو و هەست پێکراوی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دێتەوە. یاریکەرێکی تیاتر دژواری کارەکەی زۆرتر لە دەربڕینی بزووتنی بە دەنیانەی هەست و پێك هینانی لەحنی گونجاو دا، چڕ دەبێتەوە .بەڵام دەرك و هەست کردنی

ئاڵۆزیەكانی جووڵەی سینەما، هاسان نییە. یاریگەریی سینەما بە دەر لە ڕەواڵی ئاسایی فیزیكی ژیانە، كاتێ وێنەی دەست، دەموچاو یان بەشێكی تر لە ئەندامانی جەستەی ئەكتەر دەكەوێتە بەر چاوی بینەر، یاریگەری لە ژانرێكی نوێدا خۆ دەردەخات كە دەرك و وەرگرتنی تایبەتمەندیەكەی نمایەك دەخوازێ. واتە جیالەمەی كە ،بە گشتی، یاری سینەمایی لەگەڵ یاری تیاتری دا جیاوازە و گیرۆدەی نەبوونی لەگەڵ یەك هاتنەوەی ڕووداو حاڵەتی فیزیكی سروشتیە، بە پێی بینینی دوربین و بە پێی شێوەی ڕوانینی كارگەردان و لە ڕووناكی و شوێن و فەزا جۆراو جۆرە كانیشدا ،شكڵ و شێوەیەكی تر بەخۆیەوە دەگرێ كە لە بنەرەتەوە و ماهیەتەن لەگەڵ ئەكتەری تیاتری دا جیاوازە .هەروەها هونەرپیشەكانی فیلم و قارەمانەكانی داستانیش پێویستیان بە نەرم ونیانیەكی جەستەی زیاتر،نیسبەت بە هونەرپیشەتیاتریكان هەیە .چونكە دەبێ بتوانن لە تۆیی تەنكی فیلمەكان و لاپەڕەی كتێبەكاندا جێبگرن و لە بەرانبەر گوشاری قورسایی كاغەز و تۆیژاڵی ژلاتینی دا خۆ رابگرن. ئەمە شتێكی خەیاڵی نییە، واقیعەتی هەیە .

***لە كۆتاییدا**

چۆڕاوەی ئەم وتارە ئەمەیە كە سینەما هونەرێكە وا وڵامی نیهایی بە فەردگەرایی مرۆڤ ئەداتەوە.خاڵی كۆتای فەردگەرایی ،فەردگەرایی بە خەسڵەتی گشتیەوەیە.ئەگەر كۆمەڵێك تاكی،لە یەك نەچوو بێهۆیەتیهۆگری سینەما كە لەكاتی بینینی فیلم دا لە پاڵ یەكتر دا دانیشتون و قەراریان گرتوە ،تا ببنە هاو بەشی بەرداشت لە بینینی بەرهەمێك ،لە گەڵ دەستەیەك ئینسانی سەرەتای لە غارەكاندا،كاتێك لە مەڕاسیمێكیان دا بۆ تماشای شوێنەوارێكی شێوەكاری بە سەر دیوارەوە كۆ بونەتەوە بەراورد بكەین،هیچ لەیەك چونێك لە نێوانیان دا نابینین. واتە دەستەیەك بە هاوبەش دەزانین و تاقمێكی تر بە فەرد. بەڵام لە ڕاستیدا شتێكی دیكەیە. ڕوانینێكی قوڵ بەم كۆ پرژ و بڵاوە و، بە ڕواڵەت، تاكی سینەما ڕۆیە دا، كە لە فەردیەت گەلی تاك بە گرایش و خواست و مەیلی جیاجیا وەپێك هاتوە، دەركی بابەتی((یەكگرتن بە كۆ))هاسان دەكات. ((یەكگرتن بە كۆ)) دیاردەیەكیِنوێی ئەم ڕەگەزەیە وا لەگەڵ كۆیەكی ساكار لە پاڵ یەك قەرار گرتنی ڕەگەزە تاكە كاندا جیاوازیەكی ماهیەتی هەیە. بێنەو بەرەیەكی بێ هاوتایە كە سەمەرەی دنیای مۆدێرنە. حەول و دەولێكی یەك سانە و بریتیە لە بزوتن بەرەو مەرامێكی كۆمەڵایەتی: واتە بەشداری لە كێبەر كێی بە دەست هێنانی هۆویەت ویەكسانی كۆمەڵایەتی یە. سینەمایەكی كە بەسەر پەردەی بەر چاوی وەها مرۆڤێكەوە لە حەرەكەت دایە هۆكاری یەك خستنی ئەو و بزوتنەوەی بنەڕەتی ئەم سەردەمە و دەر بڕی ئەم ئاڵ و گۆڕە و حەرەكەتێكە وا لە دەرونی فەردیەتی كاڵ ی سەرەتایی بەشەر دا ڕووی داوە.زەمان، لەم دیاردەدا، زەمانێكی خێرایە و ڕۆحێكی نوێ بە ژمار دێت. ئەسەرێكی سینەمای تەنیا كۆمەڵێك خەڵكی نێو ساڵۆنێك بە یەكەوە گرێ نادات. بە ملیۆن مرۆڤ لە سەر تا سەری دنیا دا لەو ڕێگایەوە دەكەونە پەیوەندی بە یەكترەوە و زەینیەتێكی هاوبەش بە دەست دێنن. بە سەر هەڵدانی سینەما لە دنیا دا،یەكگرتوویەكی نەزەری هاوبەش پێك دێت كە وەك سەرەتایەكی نوێ و بە ڕاستی دیموكراتیك لە پەیوەندی بەرینیكۆمەڵایەتی دنیای ئەمڕۆ دا بەحیساب دێت. سینەما هونەری بە كۆمەڵی جەماوەری خەڵكە: كۆمەڵێك خەڵكی بێ فەردیەت گەلێكی خالیس و یەكگرتویەكی بێهاوتا. ئەم هەستە هاوبەشە ڕازێكی مەحرەمانەی لە پشت سەرەوەیە: ڕازێك لە هەزارەكانی بەرێوە، كە بەسەر باڵی((نەخش))ەوە لە دیواری غارەكانەوە تا بە ئەمڕۆ فڕیوە: بە شێوەیەكی كە، لە ئاڵ و گۆڕێكی خێرای سەد ساڵەی سینەما دا،فێربوونی لێكدانەوە گەلێ گەشەی فیلم تەنانەت لە دەست سادەترین مرۆڤی هۆگری سینەماش دێت. بە چەشنێكی كە، ئاڵ و گۆڕ لە دیكۆڕ،سەحنە، شوێن، جل و بەرگ،بازیگری و ئاڵ و گۆڕ لە بەرجەستە كردنەوە دا، زاویە بەندی و حەرەكەتی دووربین، ڕووناكی و دەنگ و مونتاژ دا، هاسانیەكی زۆر زۆر زیاتر لە ئاڵ و گۆڕەكانی هەر هونەرێكی تر هەست

پێدەکرێ و هەر شێوەیەکی سینەمایی بە خێرای دەبێتە شتێکی ئاسای ئەگەر نوێ نەبێتەوە، شوێنەوار دانانی کاریگەریەکی نامێنێ. لەمڕۆ دا هەر بینەرێك دەتوانێ ڕەواڵ و شکڵ و حەرەکەت و ڕووداو و پەیرەنگ و پایانەی فیلمەکان بەنا بە ئەزمونێکی کە لە بینینی فیلم گەلی جۆراو جۆر بە دەستی هێناوە پێشبینی بکات و خاوەنی چەشنێك سەلیقە و شایەد مەیلەو کارگەردانی کردنیش بێت. ئەم ((ڕازە)) ئاشکرا بووە. ئەم جوانی ناسیە گەشەی کردوە و خسڵەتی هەمەگانی سینەمایە کە ئەم چەشنە هاوبیری یەی ،وەك کلیلی بەهەشتی ون بووی مرۆڤ، پێشکەش بە دنیای ئەمڕۆ دەکات: دنیایەکی کە ئینسان خۆی تێدا دەدۆزێتەوە و فەردانیەتیش لە کۆیەکی هاو هەست و ئاشنا دا دەناسێتەوە.

وە، لە کۆتاییدا شیاوی وتنە کە هونەر و ئەدەبیات خاوەنی عەجایباتی (شگفت ئەنگیزی) ئەو ڕۆژگارانەن وا شتەکان بایەخدار بوون. بە ڕاستی مرۆڤ نازانێ ئەم "ڕۆژگارانە" لە ڕابردوودا بوونیان بوە یان بابەتێکن لە پەیوەندی لە گەڵ داهاتوو دا.

* * *



# کەشتی پۆتمکین

وەرگێڕانی: ئەسعەد رۆستەمی



31ی دیسامبری ساڵی 1935 "کەشتی پۆتمکین" بۆ یەکەمجار لەسەر سەکۆی شانۆی مۆسکۆدا کەوتە بەرچاوی خەڵك‌و نیشان درا. ئەوە دووهەمین فیلمی درێژی "سرگئی میخائیلوف ئایزنشتاین" بوو. ئایزنشتاین سینەماکارێکی لاوی 37 ساڵ تەمەن بوو کەپێشتر تیئۆرییەکانی سەبارەت بەدروستکردنی فیلم سەرنجی زۆری پێدرابوو. کەشتی پۆتمکین بەبۆنەی رێزگرتن لەشۆڕشی 1905 کەبەستێن‌و سەرەتاکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی نیشان دەدا، دروست کرابوو. هەروەها سەرکەوتوویی ئەم فیلمە لەبواری جوانناسییەوە لەئاستێکدا بوو کەهونەری سینەمای تووشی ئاڵوگۆڕ کرد.

بەبۆنەی رێزگرتن لەبیستەمین ساڵیادی شۆڕشی سەرنەکەوتووی 1905 کۆمیسیۆنێك لەلایەن دەوڵەتی شورەوییەوە بۆ یادکردنەوەی ئەم بۆنەیە هەڵبژێردراو ئەویش کەوتە بیری دروست کردنی فیلمێك لەم پەیوەندییەدا. ئەندامانی ئەم کۆمیسیۆنە سەردانی دەرهێنەری لاو "سرگئی ئایزنشتاینیان" کرد کەساڵێك پێشتر فیلمی بەناوبانگی مانگرتنی دروست کردبوو.

ئایز نشتاین بۆ نووسین‌و وێنەگرتن‌و تەواوکردنی فیلم تەنیا چوار مانگ مۆڵەتی لەبەردەست دابوو. لەئاکام دا سیناریۆی درێژو سەرەتایی لەژێر ناوی "یەك لایەنە نووسینەوەی سەردەمێك" کەبەیارمەتی‌و هاوکاری نینا ئاگاد جوونا نوسیبووی، کەمکردەوەو رووداوەکانی تەنیا لەسەر یەك دیاردە کۆکردەوەو ئەویش بریتی بوو لەئاخێزی مەلەوانەکانی کەشتییەکی شەڕ کەر لەئاوەکانی دەریای رەش‌و لەنزیك بەندەری ئودسا لەرێکەوتی 27ی ژووئەنی 1905دا.

لەساڵی 1945 ئایزنشتاین بەسەرنج دان بەبیرەوەرییەکانی وتی کەلەبەر ئەوەی ئەم کەشتیەیە نەمابوو بەناچار لەپەیکەری ئاسنی کەشتی "دوازدە حەوارییوول" کەلە لەنگەرگای "سباستوپل"دا لەکار کەوتبوو، کەڵکی وەرگرت. بەڵام سەرەڕای ئەم مەسەلەیە گریمانەکانی ئاخێز ئەوەندە راستەقینەو کامڵ بوو کەبەپێی قسەکانی ئەو، ئەم شۆڕشە بناغەییەی جوانناسی

سینەما، بوو بەهۆی داماوی زۆربەی سانسۆرچی‌و پۆلیسەکانی وڵاتانی دونیا.

باشترین رەخنەگرانی رۆژئاوا لەساڵەکانی 1920 هەتا 1930 لەچەشنی زیگفرید، کارل کوئیر لەئاڵمان، لیئون موسیناك‌و ژۆرژ شارفیسلول‌و ئالتمەن لەفرانسە، بەزوویی لەسەرکەوتوویی هونەری ئەو تێگەیشتن. بەوتەی ئالتمەن سینەمای سۆڤیەت بەم فیلمە رواڵەتی راستەقینەی خۆی واتە نیشاندانی دەسەڵاتی کۆمەڵ‌و بزووتنەوەی جەماوەری بەخۆیەوە وەرگرت. پێشوازی لەم فیلمە لەدەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت بوو بەهۆی ئەوە کەرادەی دژایەتی دەوڵەتەکانی ئەو سەردەمە لەگەڵ ئەم وڵاتە دەربکەوێت هەر بۆیە یان لەبڵاوبوونەوەی ئەم فیلمە پێشگیرییان کرد، یان تەنیا بەو نوسخانە ئیزنی بڵاوکردنەوە درا کەلەژێر تیخی سانسۆر هاتبوونە دەرێ.

لە29ی ئاوریلی 1926 بۆ یەکەمجار ئەم فیلمە لەبەرلین نیشان درا. کەچی زۆر زوو ئیجازەی نیشاندرانەکەی کەوتە ژێر پرسیارو کۆمیسیۆن ناچار بوو سێ جاری تر کۆبوونەوە بکات‌و سەرەنجام دواتر ئەم فیلمە بۆ لاوان قەدەغە راگەیەندرا، چونکە بەبڕوای ئەوان ئەو فیلمە لەسەر پەروەردەکردنی بیری لاوان رۆڵی خراپی هەبوو، پاشانیش چەند بەشێك لەم فیلمەیان قرتاندو سانسۆریان کرد.

بەڵام لەفەرانسە چی روویدا؟ بەئیبتکاری لیئون موسینیاك بۆ یەکەمجار لە18ی نوامبری 1926 لەپاریس‌و لەهۆڵی سینەما ئەرتیستیك، فیلمی ئایزنشتاین نیشاندراو دواتر بەیارمەتی ئەنجومەنی هاوڕێیانی ئیسپارتاکوس کەکۆبوونەوەی تایبەتی نیشان دانی فیلمیان ساز دەدا، لەشوێنە جۆراوجۆرەکانی تریش دا بڵاوبۆوە. لەئۆکتۆبەری 1928 قوەی قەزائیەی فەرانسە، ئەنجومەنی هاوڕێیانی ئیسپارتاکوسی ناچار کرد، هەڵوەشێنەوەو دواتریش فیلمەکە بەتەواوی تەحریم کراو بڵاوبونەوەی لەشەبەکەی ساڵۆنە ئاساییەکانەوە قەدەغە راگەیەندرا. دەوڵەتە جۆراوجۆرەکانی ئەوکاتی فەرانسە بۆ ماوەیەکی درێژخایەن زەختیان خستە سەر سینەماکان کەبڵاوی نەکەنەوە، هەتا لەئاکامدا لەساڵی 1935 لەناخی گێژاوو سانسۆرەکان هاتە دەرێ‌و رزگاری بوو.

گرینگ ئەوەیە کەپاش سەرکەوتنی گەورەی یەکەم نیشاندانی فیلم لەسەر سەکۆی "بلشوی" مۆسکۆ لەرێکەوتی 21ی دیسەمبەری 1925، "رەزمناوی یوتمکین" بەخێرایی‌و لەسەرتاسەری جیهاندا لەگەڵ پێشوازی خەڵکی بەرەو روو ببوو، وە جێگای تێڕامان‌و سەرسوڕمان ئەوەبوو کەنوسخە نیشاندراوەکان، هەموویان لەژێر تیغی سانسۆر تێپەڕ ببوون. لەساڵی 1958 لەکاتی پێشانگای نێو دەوڵەتی بروکسل، ژمارەیەك لەمێژوونووسان، هەتا ئەو ئاستە رۆیشتن کەوتیان ئەم فیلمە باشترین‌و سەرکەوتووترین فیلمی سەرجەم مێژووی سینەمایەو هەڵیانبژارد.

لەساڵی 1905 لەرووسیە چی روو دەدات؟ هەموو شتێك رۆژی یەك شەممە 9ی ژانویە لە"سنت پترزبورگ"ەوە دەست پێ دەکات، لەو رۆژەدا خەڵك بەبێ دەنگییەوە بەرەو ناوەراستی شار دەرۆیشتن‌و لەگەڵ خۆیان وێنەکانی "قدیین"و تزارنیکۆلای دووهەمیان هەڵگرتبوو. لەمانگێك پێشرەوە، مانگرتنێك بۆ هاوپشتی‌و پشتگیری لە3 کرێکاری دەرکراو لەسەر کارەکانیان لەکارخانەدا، وەرێ کەوتبوو. مانگرتوان نامەیەکی درێژیان بۆ لای شا دەبر، هەتا ئەو بارودۆخی ژیانی ئەوان لەبەر چاو بگرێت، بەڵام هەر ئەوەی کەخەڵکەکە لەکۆشکی زستانە نزیك دەبنەوە، قەزاقەکانی گاردی شا دەست بەتەقە کردن دەکەن کەئەم رووداوە پاشان هەزار کوژراوو 2 هەزار بریندار لێدەکەوێتەوە.

### بیرەوەری ساڵی 1905

تەزارو گۆپاڵ بەدەستەکانی بەدەرکردنی بڕیاری سەرکوتی خۆپیشاندەران، لەئاکامدا بەئامانجی پێچەوانەی پیلانەکانیان گەیشتن. لەپایزی 1904دا رێبەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لەشکستی ئەرتەشی رووس لەرۆژهەڵاتی دوور لەبەرانبەر ژاپۆن، بەمەبەستی پتەوکردنی خواستەکانیان، کەڵکیان وەرگرت بەڵام زۆربەی خەڵك بەباش بوونی هەلومەرج لەرێگای ریفۆرمەوە، بڕوایان هەبوو، بەڵام لەرووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کردەوە خوێن رێژییەکانی تەزار گومان‌و تەوەهوومەکانیان رەوییەوە. "یەکشەممەی خوێناوی مانگی ژانویەی 1905"رێگای بۆ مانگرتن لەکارخانەکان، راپەڕینی

دێهاتەکانو ئەرتەش لەرۆسیەدا کردەوە. ڕێگا سەرەکیەکانی ئاسن لەباکووری روسیە لەنیوەی یەکەمی مانگی فێوریە لەلایەن کۆمیتەی کرێکارانی ڕێگای ئاسنەوە، بەتەواوەتی بەسترا. دەوڵەت بۆ بونیاد نانەوەی دەسەڵاتی تەزارو هێورکردنەوەی ئاخێزەکان، ڕێکخستنی چەند کۆمیسیۆنێکی لەنوێنەرانی کرێکاران قەبووڵ کرد، پرۆسەی دروستکردنی ئەم کۆمیسیۆنانە دەست پێدەکات، بەڵام 400 نوێنەری هەڵبژێردراو بەر لەبەشداری کردن لەکۆبوونەوەکانی وتووێژ، خوازیاری ڕاگەیاندنی سەرەکی ئازادی ڕێکخستنی کۆبوونەوەو ئازادی رادەبڕین بوون. دەوڵەت ئەم خواستەی قەبووڵ نەکردو هەموو گەڵاڵەکانیان پووچەڵ بوونەوەو کێشەکان سەریان هەڵدایەوە.

لەمانگی ئۆکتۆبەردا کرێکارانی ڕێگای ئاسنی مۆسکۆو "سن پترزبۆرگ" دەستیان دایە مانگرتن. کرێکارانی پۆستو سەرجەم ڕێکخراوە دەوڵەتیەکانیش بەمانگرتنەکە پەیوەست بوون. ئیتر نەبەرق هەیە، نەنامەو نەرۆژنامەیەکیش ئەمجارەیان مانگرتووان چیتر بەباش بوونی بارودۆخی ئابووری خۆیانەوە ڕاناوەستن، بەڵکو ئامانجی ئەوان گۆڕینی نیزامی بێ عەدالەتیە. ئامانجەکانی ئەوان چییە؟ بەدەستهێنانی مافەکانی شارۆمەندی، لێبووردنی گشتی بۆ زیندانییە سیاسییەکان، هەڵبژاردنی پارلەمانێك کەلەڕێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە هاتبێتە سەرکار. نوێنەرانی ئەو حیزبو ڕێکخراوانەی کەبانگەشەی شۆڕشیان دەکرد، بەزاڵبوون بەسەر مشتومڕە ناوخۆییەکانی خۆیان بەرنامەیەکی هاوبەشیان بەمەبەستی نووسینی یاسا، ڕاگەیاند. دەوڵەتی تەزار کەلەئاستەنگو بەستێن دامابۆوە، لەکۆتاییەکانی ساڵی 1905 دەستی دایە شەڕێکی توندوتیژ. نوێنەرانی کۆمیتەکانی مانگرتنو شورا کرێکارییەکان کەپێیان دەوترا "سویت" دەستگیر کرانو کرێکارانێك کەحازر بەچوونەوە سەر کارەکانیان نەبوون، بەیەکجارەکی لەسەر کار دەرکران، کەئەم حەرەکەتانە بۆ تێك شکاندنی مانگرتنەکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو.

بەڵام لەیەکەم ڕۆژەکانی مانگرتنی دیسامبر لەمۆسکۆدا، تێپەڕبوونو سەرکەوتنێك هاتنە ئاراوە. لەرێکەوتی 21ی نۆڤەمبەری ساڵی 1905 شورایەك پێکهاتبوو کەلەلایەن دووباڵی حیزبی سۆسیال دیموکرات واتە بلشویکەکانو مونشویکەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا. ئەم شورایە کۆمیتەیەکی خەباتی سەرتاسەری دروست کردبوو، وە لە6ی دیسامبردا مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند. لەئەرتەش دا ڕاپەڕینی چەکدارانە بەخێرایی دەستیپێکرد، 8 هەزار کرێکار بەڕیزی خەباتەوە پەیوەست دەبنو لەهەموو گەڕەکەکاندا سەنگەر دروست کران.

شێوەی کارەکانی دەوڵەتی تەزار هیچ ئاڵوگۆڕێکی بەسەردا نەهاتو لەشەوی هەشتەمی دیسامبەردا هەمووی ئەندامانی کۆمیتەی فیدراڵی سۆسیال دیموکراتەکان قۆڵ بەست دەکرێنو ناوەندی فەرماندەیی سویتەکان لەناو دەچێت. لەدواییدا بەهۆی ئەوەی کەئەرتەش جێگای برِوا نەمابوو، دەوڵەت گوردانێك لەگاردی پاشایەتی شاری "سن پترزبورگی" ڕەوانەی ئەوێ کردو دەستیان بۆ هێرش کردنە سەر سەنگەرەکان ئاوەڵا دەبێت.

گرووپە چەکدارەکانی کرێکاران بۆ ماوەی 9 ڕۆژ دیفاع دەکەنو لەئاکامدا لە18ی دیسامبەردا بەتەواوی تێك دەشکێن. بەم شێوەیە ساڵی 1905 بەسەرکەوتنی تەزارەکان کۆتایی پێ دێتو دەوڵەت هەلی تۆڵە سەندنەوەی بۆ دەرەخسێ. ڕێبەرانی هێزە شۆڕشگێڕەکان ناچار ڕوو لەکاری نهێنی دەکەنو هەرچەشنە نارەزایەتیەکیش لەگەڵ پاشەکشە ڕووبەڕوو دەبێت بەڵام ئەوە زۆر ناخایێنێت. ماوەیەك بەر لەدەست پێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی لەمانگی ئوتی 1914 لەزۆربەی سەندیکاکانی "سن پترزبورکو مۆسکۆ" بلشویکەکان زۆرایەتیان بەدەستهێناو مانگرتوانیش بەڕادەی ساڵەکانی 1905 ژمارەیان زۆربوو، وە ڕاپەڕینی دووبارە سەرهەڵدەداتەوە. تەقینەوەکانی ئۆکتۆبەری 1917 شکستی ساڵی 1905ی پشت ڕاستکردەوە، بەڵام دەریەکانی ئەو شکستە لەجەریانی شۆڕش دا ڕۆڵیان هەبوو. بزووتنەوەی نەیارانی تەزاریزم فێری ئەوەبوون کەبەچ شێوەیەك ئاخێزو ڕاپەڕینە چەکدارییەکان لەگەڵ مانگرتنە جەماوەرییەکانو دروستکردنی شوراکان، هاوئاهەنگ بکات. ئەزموونی شوراکان کەبۆ دیفاع لەقازانجی کرێکاران دەوڵەمەندتر ببوو، بوو بەهۆی چڕو پڕترکردنی ستراتیژی شۆڕشگێڕانە. خۆشەویستی

تروتسکی کەلەرووداوەکانی "سن پتروز بورگ"دا رۆڵی بەرچاوی هەبوو، هەر لەئاکامی ئەم شورایانەدا بوو، لینین پاش ماوەیەك ئارامیو سوکنایی، لەئاکامدا قەبووڵ کرد کەسویتە جەماوەرییەکان سەرەتای ئەو ناوەندانە نوێنەرایەتی دەکەن کەدەبێ ببن بەجێگری دامودەزگای دەوڵەت ئەگەر بیرەوەرییەکانی 1905 تەنانەت تا رادەیەك لەجیهاندا زیندوو مایەوە، رۆڵی ئایز شتایی و فیلمەکەی واتە "رەزمناوی پوتمکین" لەو مەسەلەیەدا کەمو بچووك نییە. ئەم فیلمە ساغ کردنەوەیەکی مێژوو نییە. ئایزنشتاین بەڕوانین لەرووداوی تایبەتو لەسەر ئەساسی شێوەی کەمو زۆر هەوڵیدا هەتا حەماسەی 1905 لەشێوەیەکی سۆزدارییەوە، هەستێکی راستەقینەی پێ بدات. ئەو سەرکەوتنەی ئۆکتۆبەری 1917ی وەکو خەتی ئەسڵی هەڵبژارد. ئاخرین پەردەی فیلم کەپەردەیەکی نوێنگە وێنەیە، کەشتییەك نیشان دەدات کەبەندەری ئودسا بەجێ دەهێڵێتو سەرکەوتوانە رێگای دەریا دەگرێتە بەرو بەدوای ئەم پەردەیەش دا خەفەبوونی تزارە کە5 تا 6 هەزار کوژراوی لێ دەکەوێتەوە.

لە19ی ژانویەی 1926 کاتێك کەئەم فیلمە لەسینەماکانی یەکیەتی سۆڤیەت نیشان درا. لەلایەن ژمارەیەك لەبینەرانەوە هەڵەو کەموکوڕییەکانی ئەویان دایە بەرباسو رەخنە. ئایزنشتاین ئەم رەخنانەی قەبووڵ کرد، بەتایبەت ئەوەی کەباشترین پەردەکانی فیلم بەرهەمی بیرکردنەوە تایبەتییەکانی خۆی بوو.

ئەو لەوەی کەرووداوەکانی ساڵی 1905 بەشکستی بزووتنەوەی مانگرتن کێشرابوو، وە لەوەی کەمەلەوانەکانی کەشتی پوتمکین لەراستیدا سەفەرێکی پڕ رووداوی خۆیان بەڕاکردنو شکستێکی دڵتەزێن لەبەندەری رومانیای "کنت نزا" کۆتاییان پێ هێنابوو، بێ ئاگا بوون. ئەوانەی بەخت یاوەریان بوو ئەوانە بوون کەلەدەستی پولیسی تزاری رزگاریان ببوو، وە بەرەو رۆمانیا هەڵهاتن، بەڵام ئەوەی کەبۆ کرێکاران گرینگ بوو، هیوای راپەڕینێك بوو کەلەناو نەچوو بوو. لەکاتێکدا سینەمای جیهانی لەفیلم بەرواڵەت مێژوییەکاندا کەتێیاندا بۆ پەرستنی کەسایەتیە بەناوبانگەکانو لەرێگای کۆکردنەوەی داستانەکانو رووداوەکان هەوڵ دەدرا، بەڵام ئایزنشتاین نیشانیدا کەبەچ شێوەیەك جەماوەری خەڵکی بێ ناونیشان لەشکستە دڵتەزێنەکانیشدا دەتوانن هاندەرو ماتۆری مێژووبن.

سەرچاوە: لوموند دیپلوماتیك

***






| | |
|---|---|
| هەڵسەنگاندنێکی چیرۆکی ... | ن: بەرزان عبێد |
| لە پێناو خەون و رونیا دا... | ن: گارسیا مارکز ـ و: پەیمان |
| بۆ وەرزەکانی هەستانەوە دەژیم (شانۆ) | ن: هەژێر نینا |
| منداڵەکانیش غەیری نیزامین! | ن: هاینریش بێل ـ و: ناسر حەقپەرەست |

# هەڵسەنگاندنێکی چیرۆکی "سزای خۆشویستن و سزای خۆشنەویستن"ی سمکۆ محەمەدی، کە لە ژمارە 7و8ی گۆڤاری پێشەنگ دا بڵاو کرابۆوە.

ن: بەرزان عبێد

ئەم چیرۆکە کراوەتە دوو بەشەوە بەشی یەکەمیان دونیای واقع و بەشی دووهەمیشیان دونیای مەرگە.

لەدونیای واقع دا پەری ناوێك ئالودەی خۆشەویستییەك دەبیَ و بە ئاکام ناگات و بە زۆر بە پیاوێکی تری دەدەن.

ئەمیش ناچار دەبیَ بیکوژیَ لە پای ئەم کوشتنە پەری دەنێردرێت بۆ خنکاندن، دوای خنکاندنەکە دەچێتە دونیایەکی غەیبییەوە، دونیای مردن. جارێکی تر کوڕێکی سیَ سەد ساڵی لەمەو بەر دەبینیَ و خۆشی دەویَ لە ئاکامی ئەمەش دا جارێکی تر بۆ پەیژەی خنکاندن بەڕێی دەکەن.

ناو نیشانی چیرۆکەکەش بەسەر هەر دوو دنیاکەدا دابەش بووە. سزای خۆش نەویستن لە باری یەکەم دا سزای خۆشەویستن لە باری دووەم دا.

بە کاربردنی وەها فەنتازیایەك، بۆ خودی چیرۆك جێی قبوڵە، چونکە یەکێك لە ماکەکانی هونەر بۆخۆی بەکار بردنی ( شێعرە ) بەڵام ئەم ماکە لە چینێکەوە بۆ چینێچکی تر لە کاربردندا بۆ خۆی ئاڵ و گۆڕی پێدا دێت.

سمکۆ محمدی ئەم ماکەی بە خاتری ئیدئۆلۆژیکێك بە کار بردووە کە خودی خۆشی پێی نامۆیە، پەری کاتیَ بە سزا دەگا دەچێتە دنیای خوداوە جەحەنەمی پیَ نیشان ئەدا بەڵام نێردراوی خودا لەبەر خودی جوانیەکەی (پەری) لە خودا دەپاڕێتەوە بیخاتە بەهەشتەوە لە رێی بەهەشت چیرۆك نووس چەند دیمەنێکی نەشیاوی سیکسیمان پیَ نیشان ئەدات بۆ خۆی دەکریَ وەك پلارێك بۆ ئاکاری ئەو دنیایە بەکار ببریَ بەڵام پاڵەوانەکەی چیرۆك نووس لەوە نشیاو ترمان پیشان ئەدات کاتیَ کابرایەکی کۆیلەی سیَ سەد ساڵ لەمەو بەر سەر بڕاو لە هەوەڵین دیداری دا ئاشقی دەبیَ و دووایەش جووت دەبیَ دەگەڵی دا.

لە ئاکامی ئەو خۆشەویستنەش دا ئەهلی ئەم دونیایە بە هەمان سزای دەگەیەنن.

خۆشویستنێك لە نێوان دوو ئینسان بەتەمەن جیاواز دا، پەری یەك ڕۆژە مردووە کۆیلەکەش سیَسەد ساڵ لەمەوبەر، ئەمە بۆخۆی فەرقێکە دوایش ئەوان لە تەنهایی چوونەتە باوەشی یەکترەوە و عاشق بە یەکتری بوونە یانی دەکریَ بڵێن لەسەر بنەڕەتی (سوود) بە یەك گەیشتوونە هەر پیوەندیەك لەسەر (سوود) یەکی گرتبیَ حەتمەن بە قەولی(......):

(دوو زیناحکەر لە ڕەوشت ژن و میردایەتی دا یانی چاکەکەر)

خۆشەویستەکەی چیرۆك نووس ئەم خێزانە ڕەوشت چاکەیە. چاکەکاریەکی تر لە هەمووی سەیر تر دروستی نێردراوە ڕاسپاردەکانی کە لە سبەینێی مەرگ دا ئەم دەبێتە هانادەری (ئەمەلەکەی). چیرۆك نووس لێرە دا ماکی ئەم سیحرەی بۆ دروستی خودی ئەم خورافانە بەکار بردوە.

لە ئیسپات کردنی دا بڕوا ناکەم خۆشی پێی ڕازی بیَ.

یەکێکی تر لە خسلەتەکانی چیرۆك بەکاربردنی ڕۆمانسیەتە مەیدانی چیرۆکەکە بۆخۆی حەساسترین

بابەتی ئیختیار کردوە بۆ دروست کردنی گرێکانی. کەچی پەری لە کاتی زەماوەندەکەی دا چیرۆك نووس وای پیێ ناکا یادداشتێك لە چۆنیەتی خۆشەویستەکەی گۆزارش بکات کە بۆخۆی دەکرا ببوایە بە هەتاوی چیرۆکەکە تا بڕانەوەی. کەچی لە بڕی ئەمە هەندێ دیمەنی زۆر کۆن لەم عەسرە لەهەیکەل چیرۆکەکە دەنێ.

بۆ هەر خوێنەرێك جێی بڕوا نیە پیرێژنێك لە شەوی یەکەمی گواستنەوەی بوك دا دەگەڵیان دەبێ و چالاکی سێکسیانەی هەردووکیان رێنمایی بکاو دواییەش بە پەڕۆی ڕووسووریەکەوە دەربچێ وەك شایەتی ڕووسووری ژن ئەمڕۆ ئەم تەدارۆکاتە ئاسان تر بووە.

گرانیەکانی سەر شانی ژن ئەمرۆ بار هێنانی منداڵ و سەرف کردنی توانایەتی لە نێو متبەخ دا و چاو لێکردنی ئەو وەك شەرەفی پیاوان، بێ بەشی ئەوە لە حەقدەستی بەرابەر و کردنێکی وەك کائینێکی بێ حقوق و هەیوانێکی ماڵێ. دەکرا ئەم دونیایە شوێنی ئەو وێنە بەسەرچوانەی تر با.

(لەبۆگەنیدا) شتی نوێ لە دایك دەبێ ئەو بۆگەنیەی پەری تێدا کەوتووە.

گرێکانی ئالودە بە یەك نەبوونە دژێك دەبووا سیحری چیرۆکەکە ئیبرازی کردبا و لە باوەشی چلۆنایەتیەکی شایەستە بەر چاوی ئینسان کەوتبا. دەبووا لە دەستووری ئافەریدەی نووسەری چیرۆك نووس بایە. کەم و زۆر ئەمە کراوە بەڵام بە خاتری چلۆنایەتیەکی چاك نا کە دەکرا پەری چاوەڕێی سەرزەمینی کردبا هەم دژ بە یاساکانی دیالکتیك و هەمیش دووای مێژوو.

***



# گابریل گارسیا مارکز لە پێناو خەون و رۆئیا دا...

لە فارسیەوە : پەیمان



کاتژمێر نۆی بەیانی بوو کەبەبێ هیچ پێشەکیەك، شەپۆلێکی بەهێز کە دەرنەکەوت لە کوێوە هات، بەسەرماندا ڕووخا. ئاسمان ساو بوو هەوا و بان هێدی، و ئێمە سەرگەرمی خواردنی نان و چای بەیانی لەسەر باڵکۆنی هوتێل " ریویرا " ی " هاوانا "، شەپۆل ئەو ماشینانەی لە حاڵی هاتووچۆ لەسەر شەقامی کەنار دەریا دا بوون، لەگەڵ ئەو ماشینانەی لێرە و لەوێ لە نزیك هوتێلەکەی ئێمە دا ڕاگیرا بوون، ڕاماڵی و دانی بەنهۆمی‌یەکەمی هوتێلەکەدا. ڕاست وەك دینامتێکی بەهێز تەقیبێتەوە، ترس و وەحشەت سەرتاپێی میوانانی هوتێلە بیست نهۆمەکەی ئێمەی داگرت، شوشەی تەبەقەی یەکەمی هوتێلەکە بە گشتی ورد و خاش بوو. میوانەکان و میز و سەندەڵی بەیەکەوە بەم لاوئەو لادا فڕێ دران. بگرە بەشێك لە میوانەکان بە هۆی وێ کەوتنی لەتە شوشە بریندار بوون .

لەگەڵ ئەوە دا کە لە مەودای نێوان هوتێلەکەی ئێمە و دەریا دا، شەقامێکی بەرینی دوو لایەنە لێدرا بوو، لەگەڵ ئەوەش دا بۆ بەرگری لە سەرکەوتنی شەپۆلەکان دیوارێکیان لەبەردەم هوتێلەکە دا دروست کردبوو، بەڵام ئەم شەپۆلە ئەبێ زۆر لەو شەپۆلانە بەهێزتر بووبێ کە لەئاکامی هەڵکشان و داکشانێکی ئاسایی ئاوی دەریا پێك دێت، دەنا نهۆمی یەکەمی هوتێلەکە بەم چەشنە وێران نەدەبوو .

لەئاکام دا دوای شەش کات ژمێر هەوڵ و تەقەلا ، داوتەڵەبانی کوبایی بە یارمەتی مەئمورانی ئاور کوژێنەوەی گەرەك توانیان هەل و مەرجەکە بگێرنەوە دۆخی ئاسایی. دوابەدوای داخستنی دەرگای سەرەکی ڕوو بە دەریای هوتێل و کردنەوەی دەرگایەکی تر، سەر لە نۆی هەل و مەرجی هوتێلەکە هێور بوەوە و هەمووشتێك گەڕایەوە سەر دۆخی جارانی. لەماوەی ئەم ڕووداوە دا و دوایەش تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە، کەسێك زۆر سەرنجی

نەدایە ئەو سەیارەیەی کوترابوو بە دیواری هوتێلە دا. زۆر کەس پێی وا بوو ئەویش هەر لەو ماشینانەیە کە لە دەوروبەری هوتێل ڕاگیرا بوون. بەڵام کاتێ جەروسەقیلیان هێنا بۆ لابردنی لاشەی ماشینەکە تازە زانیان کە پەیکەری ژنێکی بێ گیانی تێدایە کە ئێستاش پشتێنەی ئەمنی سەندەڵی شۆفێری نەکراوەتەوە. وەها بەتوندی بە دیواری هوتێلەکە دا درابوو سەرپاکی ئێسکی بەدەنی ورد و خاش ببوو، دەموچاوی بە چەشنێك شێوا بوو نەدەناسرایەوە، بگرە لیباسەکانیشی بەم ڕووداوە شیتاڵ ببوون. لەگەڵ گشت ئەمانەدا هێشتا کلکەوانەیەك لە قامکی دەستی ڕاستی دا بە ساغی مابوەوە، ئەنگوستیلەیەك لە چەشنی مارێك، کە دوو زومورەد وەك چاوەکانی، تێیدا بەکار برا بوو.

بەپێی ڕاپۆرتی پۆلیس، ئەم ژنە وەك خزمەتکاری بالوێزی تازەی"پرتەقال"و هاوسەرەکەی‌ناسێندرا. لەڕاستی دا خزمەتکار و باڵوێز و هاوسەرەکەی پازدەرۆژ بەر لەم ڕووداوە هاتبوونە ئەم هوتێلە، و هەربەیانی ئەو ڕۆژەش بە سەیارە تازەکەی باڵوێز، بۆ کڕینی شتومەك، لە هوتێل چووبوە دەرەوە. کاتێ درێژەی ڕووداوەکەم لە ڕۆژنامەدا خوێندەوە سەرنجم نەدایە ناوی ئەم ژنە.

تەنیا ئەم هەڵقەیە بوو، کلکەوانەیەك لەچەشنی مار بە دووزومورەد لەچاوی دا، کەسەرنجی منی ڕاکێشا. بە داخەوە نەمتوانی بزانم ئەم ئاڵقەیە لە کام قامکی دا بوە. ئەمە شتێکی گرینگ بوو. دەترسام نەکا ئەمە هەر ئەو ژنە بێت کە زەمانێك دەمناسی و قەتیش لە بیری ناکەم، ئەگەر چی قەت ناوی ڕاستەقینەشیم بۆ دەرنەکەوت ئەویش وەك ئەمەیان، ئەنگوستیلەیەکی لە دەست دەکرد لە چەشنی مارێك بە دوو زومۆرد لە چاو دا. بەڵام ئەم ئەڵقەیەکی بە پێچەوانەی شێوەی باو و ئاسایی ئەو سەردەمە، دەکردە قامکە گەورەی دەستی ڕاستیەوە .

من چل و شەش ساڵ بەر لە ئێستا ئەمم لە قاوەخانەیەك کە شوێنی کۆبونەوەی خوێندکارانی زانکۆی ئەمریکای لاتین لە "وین" دا بوو، بینی. بەیانی ئەو ڕۆژە تازە لە "رۆم" ەوە گەیشتبومە ئەوێ و خەریکی خواردنی سوسیس و پەتاتەی کوڵاو بووم، لەو قاوەخانەیەدا بوو کە ئەو ژنە سەرنجی ڕاکێشام. لە ڕاستی دا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام شان و مل و سینەی پان و پۆڕی—سینگ و بەرۆکێك لە شێوەی سینگی گۆرانی بێژانی ئۆپێرا، کەوڵە ڕێوی‌یەك لە دەوری یەخەی ئاڵابوو گۆشەیەکی شۆڕ ببوەوە و لە ئاکامدا ئەنگوستیلەیەکی میسری کە لە چەشنی مار دروست کرابوو بە دوو چاوی زومۆردیەوە. بە زاراوەی خەڵکی ئاسایی و لەگەڵ ئەوەش دا لەهجەداری زمانی ئیسپانیایی قسەی دەکرد. سەرەتا پێم وابوو دەبێ ئوتریشی بێ، یەکەم ئوتریشی حازر لەو قاوەخانەیە دا. بەڵام لە هەڵە دا بووم. لە "کولومبیا" لە دایك ببوو، وە لە مەودای نێوان دوو شار دا بەرەو ئوتریش کۆچی کردبوو هەر لەوێش وانەی مۆسیقاو ئاوازی خوێندبوو. کاتێ لە نزیکەوە بینیم بۆوە دەبوو نزیك سی ساڵ تەمەنی بێ. هەرچەند لە یەکەم نیگا دا بە تەمەنتر دەهاتە بەر زەین. لەگەڵ ئەمەدا ئەم ژنە یەکێك لەو مرۆڤە سەرسوڕهێنەرانە و سەرنج ڕاکێشترین کەسێك بوو کە لەو رۆژگارەدا بە درێژایی تەمەنم دیبووم.

لەو سەردەمە دا "ویەن" جیا لە پایتەختێکی دوورکەوتوی قەدیمی شتێکی تر نەبوو، ئەیش بە پێی جەبری هەل و مەرجێکی مێژوویی کرابوە پێتەختێکی دەستی دوەمی. شارێك کە لە نێوان دوو دنیایی لە ئاشتی نەهاتووی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دا هەڵکەوتووە، ئەم دوو دنیایەش لە ئاکامەکانی شەڕی دوهەمی جیهانی بوون، تەنیا دەیتوانی شوێنێکی گونجاو بێ بۆ بازرگانی لە بازاری ڕەش دا و جێگایەکی ئیدئال بۆ سیخوڕانی نێو نەتەوەیی. پێم وا نیە شوێنێکی گونجاوتر لەم قاوەخانە خوێندکاریە بۆ هاووڵاتیە تەریوەکەی من لەم شارەدا دەست بکەوێ کە هەم بتوانی تێر نان بخوێ و هەم پۆلووی بیرەوەریەکانی تیا بگەشێنیەوە، یەقینەن لەبەر دەست کورتی نەبوو ڕووی کردبووە ئەم قاوەخانەیە چون ئەوەندە دەست ڕۆیشتوو بوو کە دەیتوانی قاوەخانەکە بە گشتی بکڕێ، چ بگا بە خۆراکە هەرزان باییەکەی. قەت ناوی ڕاستەقینەی خۆی لای ئێمە ئاشکرا نەکرد. هەر کاتێ ویستبامان ئاماژەیەکی پێبەکەین لە قسەکانمان دا، ئەومان بە ناوێکی خوازراو ناو دەبرد کە بە زمانی ئاڵمانی هێندێك وتنی دژوار بوو. ئەم ناوەش خوێندکارانی

ئامریکایی لاتین کە لە "ویەن" دەرسیان دەخوێند بۆیان دروست کردبوو، خانمی فریدا.

هەرلەگەڵکو بەیەکتر ناسێندراین ناخافڵ تووشی بێئحتیاتیەك بوم، لێم پرسی: چۆن ڕێگای کەوتۆتە ئەم ناوچەیە لە دنیا، کە چەندین فەرسەخ لەگەڵ بەرزاییەکانی ناوچەی" کوئین دیۆ " لەکولومبیا مەودای هەیە.

وڵامێکی کە پێیدامەوە ئەمەبوو:

" من لەخزمەت خەونەکانمدام!"

لەڕاستی دا درووستی وتبوو، حەقیقەتەن ئەمە پیشەی بوو.

خانمی فریدا سێهەمین منالْ لە یازدە منالی کاسبکارێکی سەرکەوتووی ناوچەی " کالْدا " بوو، هەرلەمنالیەوە، لەوکاتەوە کەتوانی قسەبکا، دەستی کرد بە گێڕانەوەی خەون و ڕوئیاکانی، ئەویش سەرلەبەیانیان و لەکاتی ناشتادا.

سەردەمێکی کە بەوتەی خۆی، هەست و حاسەی شەشەمی و هێزە هوشداردەرە دەرونیەکانی، لەوپەڕی خۆیاندابوون، لە تەمەنی حەوت سالی، لە خەونی دا یەکێك لە براکانی لە ئاو دا خنکابوو. کاتێ ئەم کابووسەی گێڕاوە، دایکە خورافاتیەکەی نەیهێشت کوڕەکەی بچیٚ بۆ مەلە کردن.شتێکی کە کوڕە لە ژیانیدا بەتوندی هۆگر و ئەویندارى بوو. بەڵام تەعبیری جانمی فریدا لە خەونەکانی، هەر لەو سەردەمەوە شکڵ و شێوەی تایبەت بە خۆیان هەبوو:

"تەعبیری ئەم خەونە ئەمە نیە کە براکەم دەخنکیٚ. ئەمەیە کە دەبیٚ لەمەو بە دوا شیرینی نە خوا!" تەعبیرێکی لەم چەشنە سزایەکی گەورە بوو بۆ منالێکی پێنج سالْ تەمەن. منالێك کە، ژیان بەبیٚ خواردنی شیرینی بۆ ئەو هیچ مانایەکی نەبوو.

بەڵام دایك کە باوەڕی بە هێزی غەیبگویی کچەکەی هێنابوو، لە هەڵوێستەکەی پاشگەز نەبوەوە و هروەها سوور بوو لە سەر بڕیارەکەی. بەداخەوە بەهۆی چاوپۆشیەکی کورت ماوە، لەتێك شیرینی کە کوڕەکە لەگۆشەیەك و بەدزی ئەغیارەوە خەریکی خواردنی بوو، یان بڵێین خەریکی قووتدانی بوو، دەپەرێتە گەروی و تا بێن و فریای کەون دەخنکیٚ.

خانمی فریدا قەتی بیرلەوە نەکردبۆوە کە دەکریٚ بۆ بەرێچوون، کەڵك لو هێز و توانابیە وەربگریٚ. تا ئەو کاتەی لە زستانێکی سارد دا لە" ویەن" گوشار و دژواری ژیان پالی پێوەنا بۆ بەردەم یەکەمین دەرگایەك کە لەبەردەمی دا بوو. قامکی بە زەنگی دەرکەوەنا و داوای کرد دایمەزرێنن و سەر پەنایەکی بدەنیٚ. کاتیٚ ژنی ماڵەکە لیی پرسیبوو چ کارێکی لەدەست دیٚ، زۆر بە ساکاری وتبووی: "من خەن دەبینم و خەون لێکدەدەمەوە". دوابەدوای کەمێك وت و وێژ وەریانگرتبوو بە حەق



دەستێکی نزیك بە پولگیرفانیەك، ژوورێکی ئابڕومەندانە و سێژەمە خۆراك لە شەو و ڕۆژێك دا.

هەڵبەت دیسان نابیٚ ڕێوڕەسمی بەر خواردنی نانی بەیانی لەبیر بچێتەوە، کاتێکی کە گشت ئەندامانی بنەماڵە لە دەوری یەك و لەسەر میزێك کۆدەبنەوە تا سەبارەت بە تەقدیر و چارەنووسی بنە ماڵە لە ڕۆژێکی کە لە پێشیان دایە، قسەکانی خانمی فریدا ببیستن و ڕێگاچارەشیان پیٚ بلیٚ.

باوکی بنەماڵە ئیجارە دارێکی کۆنە کار و دایك ەش ژنێکی شاد و پڕ شوور و شەوق، و لەگەڵ ئەوەش دا هۆگری مۆسیقای کلاسیکی ئیتالیا،دوو منالْ، یەکیان یازدە سالە و ئەویتریشیان نۆسالانە. گشت ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە، کەسانێکی مەزهەبی بوون، و بەچەشنێکی

دەمارگرژانانە، خورافاتی و کۆنە پەرەست. چوونی خانمی فریدا بۆ نێو ئەم بنەماڵەیە، وەك لوتف و پاداشتێك چاوی لێ دەکراو پێی لەسەر چاوان بوو، هەڵبەت بەو شەرتەی هەموو رۆژێ تەقدیر و چارەنوسیانی نزیك بە خەونێکی کە شەوی پێشو دیبویان، لە زاربیستن.

کاری خانمی فریدا لەو دەمەوە بە تایبەتی لە ساڵەکانی دواتر دا کە هاوکات بوو لەگەڵ ساڵەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، ڕاستەقینەیەکی شووم تر لە کابوس، گەشەی کرد. هەموو رۆژێ لەسەر سفرەی نانی بەیانی، ئەو بەتەنیایی روونی دەکردەوە کە هەریەك لە ئەندامانی بنەماڵە پێویستە لەمەودای رۆژدا چ کارگەڵێك بەڕێوە بەرن. بگرە شێوەی بەڕێوە بردنی کارەکانیشی بۆ دیاری دەکردن. کار گەیشتە جێگایەك کە پێشگویەکانی خانمی فریدا، بوو بە یەگانە هێزی دەسەڵاتداری بنەماڵە. بە چەشنێك بە سەر بنەماڵە زاڵ بوو کە بەبێ ئیزنی ئەو پشوویان نەدەکێشا و کەس بە بێ دەستوری ئەو ئاوی نەدەخواردەوە. باوکی بنەماڵە بەر لە چوونی من بۆ "ویەن" فەوتی کردبوو. هەڵبەت بە لوتفی خۆی بەشە ماڵێکی باشی بۆ خانمی فریدا بە جێ هێشتبوو، بەڵام بەو مەرجەی دوای ئەویش تەقدیر و چارەنووسی رۆژانەی بنەماڵە بۆ تەك تەکی ئەندامان دیاری بکات، تا ئەو کاتەی لە توانایدا بێت.

نزیك بە مانگێك لە " ویەن" مامەوە.ژیانم، ژیانێکی فەقیرانەی خوێندکاری بوو. چاوەڕێی برە پوولێك بووم ئەویش قەت نەگەیشت! لەو سەردەمەدا لەگەڵ دەست تەنگی دا دەستەو یەخە بووم،هاتنی چاوەڕوان نەکرای خانمیفریدا وسەردان و دەست و دڵبازیەکەی، شکۆمەندییەکی تایبەتی بوو بۆمان. شەوێك لە قاوەخانەکە، لە حاڵێکدا کە بۆنی خۆشی ئاوجۆ فەزای ژورەکەی ئاخنی بوو، هاتە بن گویم و وتی: " ئەمشوە تەنیا بۆ ئەوە هاتم پێت بڵێم خەونم پێوە دیوی. پێویستە هەر ئەمشەو "ویەن" بە جێ بێڵی و لانی کەم تا پێنج ساڵیتر نەگەڕێیتەوە بۆ ئێرە " ڕاشکاویەکی وەها لە شێوەی وتنەکەی دا بوو کە ترس سەرتا پێی لەشی داگرتم و جیا لە قبووڵ کردنی تەوسیەکەی چارەیەکی ترم نەبوو. هەر ئەوە بوو واداری کردم خۆم بگەیەنمە کوپەی قەتارێك

کە بەرەو "رۆم" دەرۆیشت. تا ئێستاش پێم وایە لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ ڕووداوێکی مەترسیدار دا ڕزگاری کردوم و پێم بە "ویەن" دا نەچوەتەوە.

بەر لەم ڕووداوەش لە "هاوانا" جارێکی تریش لەگەڵ خانمی فریدا دا ڕووبەروو بووم، ڕوووبەڕوو بووونێکی چاوەڕوان نەکراو لە"بارسلۆنا" کە زۆر گوماناویم هاتە بەر زەین: لە ڕێگای سەفەرێکی دەریایی بۆ "والپاریزۆ" لە "شیلی" و لە مانەوەیەکی کورت لە "بارسلۆنا" دا بووکە پێی "پابلونرۆدا"بۆ یەکەم جار دوای شەڕی نیوخۆیی، دەگەیشتە "ئیسپانیا". "نرۆدا" ئەو رۆژەی لەگەڵ ئێمە دا بردە سەر.بەیانی ئەو رۆژە پێکەوە چەندین عەتیقە فرۆشی چووین کە کتێبی کۆنە دەفرۆشن. لە ئاکام دا کتێبێکی کاڵەوە بووی بەرگ دڕاوی بە نرخێکی گران کڕی کە دەیکردە حقوقی دوو مانگی کونسولی "شیلی" لە ڕانگون. وەك ورچێکی ماندوو بەرێدا دەرۆیی. بەڵام لەو حاڵەشدا وەك منداڵێك دەیویست لە چلۆنایەتی کاروباری گشت ئەو شتانەی دەمانبینی و لەسەر ڕێماندا بوون سەردەر بێنێ.

دنیا بۆ ئەو، وەك کەرەسەیەکی یاری قورمیشی گەورە بوو!...

سەبارەت بە خۆراك خواردنیش هەر بە ئیشتیا و چێژەوە دەچوە سەر سفرە.

ژنەکەی لە پێشبەندێکی لە چەشنی پێشبەندی سەڵمانیەکانەوەی دەپێچاو دەچووە سەر سفرە. لە ڕاستی دا ئەمە شایەد تەنیا چارەی کار بێ بۆ ئەو شاعیر خۆی غەرقی سۆس و ئاوەکی سەر سفرە نەکا. ئەو رۆژە "نرۆدا" سێ قرژاڵی لە ڕاستی دا قوت دا. ئێسکی یەك بە یەکیانی بە جوانی و وەك جەڕاحێك، جیا کردەوە و و مژینی و بەردەوام چاویشی بە دەوریی ئەوانیتری سەر سفرەکە دا گێرا و لە ئاکام دا خۆی بۆ ڕانەگیرا و بە بیانوی لێ چێژانی باقی خۆراکیەکانی تر دەستی کرد بە نقورچك لێ گرتنیان و بوو بە شەڕێکی ئەوانی تر، ئەم ئاکارە سەرایەتی کردە سەر ئەوانەی تریش. بە چەشنی فەرانسەویەکان بێپسانەوە تاریفی ئەو خۆراکیانەی دەکرد کە حەزی لێیانە. لە پرێکدا وەستا، بێ دەنگ بوو،

گۆی هەڵخست و سەبر هاتە بن گوێم و پیٚ وتم: "لە پشتەوە، کەسێك سەرنجی لای منە و تێم دەڕوانیٚ".

وەرگەڕام و چاوم لیٚ کرد. ڕاستی دەکرد، لە پشتەوە، سیٚ میز واوەتر، ژنێك بە کلاوێکی کوڵکن و قەدیمی کە دەسرەیەکی بەنەوشی لە گەردن هالاندوە، لە سەر خۆ و بەبیٚ دڵەڕاوکیٚ خەریکی نان خۆاردنە و سەرنجیشی داوەتە "نرۆدا". یەکجیٚ ناسیمەوە. هەرچەند هێندێك پیرتر و قەڵەوتر ببوو، بەلام ڕاست خۆی بوو. کلکەوانەیەکی لە چەشنی مار لە قامك دابوو. لە "ناپلٚ"ە وە تا ئێرە لەگەڵ "نرۆدا" و ژنەکەی لە کەشتیەك دا بوون بەلام یەکتریان نەدیبوو. داوامان لیٚ کرد بێتە لای ئێمە دابنیشیٚ تا بەیکەوە قاوە بخۆینەوە. من لەبەر ئەوەی "نەرۆدا". من لەبەر ئەوەی "نرۆدا" بێتاقەت نەبیٚ، داوام لێکرد سەبارەت بە خەون و رۆئیاکانی بۆمان بدویٚ. فەوری شاعیر وتی ئەسڵەن باوەڕی بە قسەی غەیبگو و خەون و رۆئیا نیە. ودرێژەی بە قسەکانی دا و وتی"تەنیا شێعرە کە لە گەڵ بەسیرەت و ئاگایی دا سەر و کاری هەیە".

لە پاش نەهار، دوای کەمێك پیاسەکردن بەیەکەوە وتی کە سەروەت وسامانەکەی لە ئۆتریش فرۆشتوە و ئێستا لە "پورتو"ی "پرتەقالٚ" گیرساوەتەوە، لە ماڵێکی وەك قەسر و لەسەر بەرزاییەك، کە لەوێوە دەتوانیٚ سەرتاپای ئۆقیانووسی ئەتڵەس تا کەنارەکانی ئامریکا بخاتە ژێر نەزەرەوە. بۆخۆی پێی لێنەنا بەلام زانیم بە هەرشێوەیەك بیٚ توانیویە دەست بەسەر بەشەماڵەکەی ئوتریش دا بگریٚ. من لەسەر ئەو بڕوایە بووم خەون روئیاکانی وەسیلەیەك بوون بۆ بەدەست هێنانی مەبەستێکی تایبەت. ڕاشکاوانە بۆچونی خۆمم بۆ باس کرد. بە پێکەنینەوە و بە چەشنێکی گاڵتە ئامێز وتی: "تۆ ئێستاش هەر ئەو مرۆڤە بێشەرمەی پێشوی!".

باقی ئەندامانی گروپ چاوەرێی "نیرۆدا" بوون کە بە لەهجە و زاراوەی "شیلیایی" خەریکی قسەکردن لەگەڵ ئەو توتیانە بوو کە لە بازاڕی پەلەوەر فرۆشەکان لە قەفەس دا بوون. کاتیٚ دەستمان کردەوە بە قسە، خانمی فریدا باسەکەی گۆڕی:

"ئا! ڕاستی، هەر کات ویستت دەتوانی بچیتەوە بۆ "ویەن".

من تازە بیرم کەوتۆتەوە کە سیزدە ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە. وتم:

"هەرچەند خەونەکانت ڕاست نین، بەلام ئەگەر لەبەر قایم کاریش بیٚ ناگەرێمەوە بۆ ویٚ".

کاتژمێر سێی دوانیوەڕۆ بەرەو لای ماڵەکەی من وەڕیٚ کەوتین تا نیرۆدا دوانیوەڕۆ خەوەکەی دوانەکەویٚ. تەشریفاتێکی تایبەت و شاهانەی هەبوو: هێندێك لە پەنجێرەکان کراوە بن و ژمارەیەکیان داخراو، پلەی هەوای دیوەکە ڕادەیەکی دیاری کراوی هەبیٚ، ڕووناکی تەنیا لە لایەکەوە بەلایەوە پەسندە و بێدەگیەکی تەواو باڵی بەسەر ژورەکەدا کێشابیٚ. سەری کردە سەر باڵش و خەو بردیەوە. دوای دە خولەك وەك منالێك بەرلەوەی چاوەرێی لە خەوهەستانی بی، خەبەری بۆوە. هاتە ژووری نشیمەن. شوێنی گنجی باڵشەکە بە ڕوومەتیەوە دیار بوو شاد و سەرحالٚ لەگەڵمان دانیشت.

"خەونم بەو ژنەوە دی کە خەون دەبینیٚ"

"مایتڵد" داوای لێکرد خەونەکەی بگێڕێتەوە.

من وتم:

"قسەکانت لە قسەی "بورخس" دەچوو

شاعیر، بە بێوازیەوە چاوی لێکردم وپرسی:

"نوسیویەتی؟"

وتم:

"ئەگەر تا ئێستاش نەینووسیبیٚ، دڵنیام ڕۆژێك، شتێکی لەم چەشنە دەنوسیٚ. ئەمە یەکێك لەو شتە ئاڵۆزانەیە کە "بۆرخس" ئینسانی تێدا تووشی سەرلێشێوان دەکات "کاتژمێر شەشی دوانیوەڕۆ بۆ ڕەوانە کردنی نێرۆدا و ژنەکەی چوینەوە بۆ نێو کەشتیەکە. شاعیر لەگەڵکو پێی گەیشتە سەر عەرشەی کەشتیەکە، ماڵئاوایی لێکردین، میزێکی چۆڵی لەگۆشەیەکەوە دۆزیەوەو دانیشت دەستی کرد بە شێعر نووسین: هەربەو خودنویسەی جەوهەرێکی سەوزی تێدا بوو وە وێنەی گوڵ، ماسی و باڵندەی لەگۆشەی کتێبە پێشکەش کراوەکانی بۆ دۆستانی دەکێشایەوە. دوای وەرێکەوتنی کەشتی و دەنگ و زەنای بەڕێکەران، بە دوای خانمی فریدا دا گەڕاین. دوای

گەرانێکی زۆر بە چەشنێك کە پێم وانەبوو بیدۆزینەوە، لە بەشی توووریستی کەشتیەکەدا دۆزیمانەوە. وێدەچوو تازە لە خەوی دوانیوەرۆی هەستاتبیٚ.

"خەریك بووم خەونم بە شاعرەکەی ئێوەوە دەدی."

بە سەرسوور مانەوە داوام لێکرد خەونەکەیم بۆ بگێرێتەوە.

" لە خەونم دا بینیم کە شاعیرەکەی ئێوە خەون بە منەوە دەبینیٚ."

ترسێك کە سەرتاسەری گیانیداگرتبووم، بەواتای رەدی قسەکەی لێکدایەوە.

"چاوەڕوانی چێت؟ هەندێك جار لە نێوان گشت خەونەکاندا، ڕەنگە خەونێکیش هەڵکەویٚ کە هیچ پێوەندیەکی بە ڕاستیەوە نەبیٚ!"

لەو ڕۆژەوە نە خانمی فریدا م دیتەوە و نە کەوتمە بیریەوە. تا ئەو کاتەی هەواڵی دۆزینەوەی ژنێکیان بە ئەنگوستیلەیەکی لە چەشنی مار لە قامکی دا، لە ئاکامی ڕووداوە دەریاییەکەی نزیك هوتێل "ریویرا" بە کوژراوی ڕاگەیاند، چەند مانگ دوای ئەم ڕووداوە لە میوانیەکەدا کە بۆ دیپلۆماتەکان ڕێکخرا بوو، سەفیری "پرتقالٚ"م بینی. خۆم بۆ نەگیراو لێم پرسی: "دەکریٚ کەمێك سەبارەت بەو ژنە و ڕووداوی گیان لە دەست دانی بدوێی؟"

باڵوێز بە لەحنێکی کەسەر بار و ڕێزێکی زۆرەوە سەبارەت بەو خانمە وتی:

" باوەڕ ناکەن کە چەند ژنێکی نائاسایی بوو. هیچ شکم لەوەدا نیە تۆ داستانێك لەم بارەوە دەنووسی.

بە وردی دەستی کرد بە قسە کردن سەبارەت بە ژیان، یەك یەکی لایەنەکانی کەسایەتی و لەسەری دەدەوا. بەڵام قسەکانی باڵوێز هیچ زانیاریەکی بە دەستەوە نەدەدا.

لە ئاکامدا قسەکانیم پیٚ بڕی و وتم:

"ئاخریەکەی نەتان وت چ کارە بوو؟"

دڵتەنگ لەوەی گەیشتبووە کۆتایی قسەکانی تەنیا شانێکی هەڵتەکاند و لە وڵام دا وتی:

"هیچ. مرۆڤێکی خەیاڵاوی بوو، خەونی ئەدی".

***



# بۆ وەرزەکانی هەستانەوە دەژیم
## (شانۆ)

ن: هەژیر نینا

پەردە لادەدەرێت

لە چوار گۆشەی سەحنەکەوە، چوار کەس ڕوو بە بینەران دێن و خۆیان پێشان ئەدەن.

کەسایەتی یەکەم:

جەمالٚ:

من هاوارم پەنگ دەخۆم و لە بنارەکانی ئارام نگرتووی ژیانم پەل دەهاوێم، من بەدوای زەردەخەی ئەو لێوانەدا دەگەرێم کە دەپشکوێ و ئینسانی پێ پاراو دەبێ.

دێتە پێشەوە لە حالێکدا سەیری ناو لە پی دەکات دەلێت:

دەستەکانم، قامکەکانم هەرلە خۆرا گەورە نەبوون بەرزایی بیناکان لە توورەیی چاوەکانما دەلەرزێ و ئاسمانی ژێر پێشم دەبنە ڕێژەی ناخی دەنگم.

هەوراز و نشێوەکانی ژیان، خەیاڵەکانی دایکم، وەنە وزە پچرپچرەکانی باوکم لە کاتی ئێوارە تۆز لێنیشتوەکانی ناو گەرەکی هەژاریم تا ئێرە بۆ ناسینم بەسە. ( دەچێتە پشت سەحنە )

کەسایەتی دووهەم

ب:

من! خۆم بە ئێوە بناسێنم؟ نا، نا شتی وا چۆن ئەبێت ئێوە، ئەوان، تۆ، تۆ لە بیرتان نەچێت، ئەوە ئێوەن کە بە ناسینی من پەشیمان دەبنەوە ئێوە، ئێوە.

کەسایەتی سێهەم

ش:

مرۆڤێکی وەك ئێوەم.

دێتە پێشەوە بە هێمنی لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێ لە حاڵێکدا توند، توند لەچکەکەی گرێ داوە، بە ئەسپایی گرێکەی شل دەکاتەوە و هەناسەیەکی ڕاحەت دەکێشێ و پاشان دەلێت

ئەو کاتە هەست بە بوونی خۆم دەکەم کە مرۆڤ بیر لە رێزگرتنی مرۆڤ کاتەوە، ئینسانی تەنیا باڵندەیەکی بێ پەڕ و باڵە کە خۆزگەی فرێنی لا خنکاوە. پێویستم بە ناسینەکانە وەرن لە شەقەی باڵ دەین لە هەواری خۆزگەکانمان دا تێر، تێر بنوین.

کەسایەتی چوارەم:

ئاژاوەگێر:

ئێستا لەبەر چاوی هەمووتانەوە هاتمە ئێرە لە پنادەستی ئێوەش دانیشتبووم. ئەوە ئیشی منە واش ڕاهاتووم ئێرە بەجێ بێڵن.

( پەردە دەکشێ )

بۆ چەن ساتێك پەردە لادەدرێت

ج:

لە ناوەڕاستی سەحنەکەوە ڕاوەستاوە ڕوخساری بزە و شادی لێنیشتووە دێتە پێشەوە ڕوو بە جەماوەر قسە دەکات.

ج:

خوشحاڵم ئێوە لێرە دەبینم، دەزانم زۆر بە زەحمەت لێرە کۆبووینەتەوە بەڵام دڵنیاشم بوونمان نە تەنیا ئەزمونەکانمان خاراوتر دەکات بڵکە لێرە ڕاستییەکانی ناو کۆمەڵگا پێکەوە لێك ئەدەینەوە وە قامك لەسەر ئەو حەقیقەتانە دادەنێین کە لە نێوان ئێمە و ئەواندا ساڵهایە وەکو کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێگامان چەقیوە ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر ئەمڕۆ قسە لە باڵا دەستیە، قسە لە خوڵقێنەریشە.

دەنگی نزم دەکاتەوە پاشان درێژە بە قسەکانی ئەدات:

نازانم کاتێك بیر لە خۆمان دەکەمەوە بیر لەو بارودۆخە، ئەو ژیانەی کە تێیداین و مەرگی بەرە، بەرەمان بۆ دووپات دەبێتەوە، چەندە بێزار ئەبین.

ج:

دزی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری وەك کاسپی بە حسێب دێت مەبەستی من ئەوە نییە کە بانگەشە بۆ ئەم دیاردە ناحەزە بکەم بەڵام کاتێك لە نێوان کار و سەرمایە ئەو پەڕی بێ بەزەی نیشان ئەدرێت، هەر بە دەستی باڵا دەستەکان مرۆڤ دەکەنە دوژمنی مرۆڤ.

پیاسە دەکات هەر دوو دەستی قوچاندووە لە فکر دایە:

ئەمڕۆ کە دەمەویست بۆ ئێرە بێم شتێك سەرنجمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، حەشیمەتی خەڵك لە شەقامەکان زۆر کەم بوون بە ڕاستی شاری قەرەباڵغ بە مرۆڤەکانیەوە جوانە مرۆڤە بێ ناوەڕۆکەکان نالێم، ئەوانە ناڵێم کە بۆ دەسەڵاتی تاکە کەسی حەول ئەدەن.

شەکیبا لە حاڵێکدا دێتەوە سەر سەحنەکە رووبە جەماڵ دەڵێت

شەکیبا:

قسەکانت هیوا بەخشە، بەڵام

ج:

بەڵام چی؟

ش:

ئێمە کەم ئەزموونین

ج:

ڕاست دەکەی، بەڵام دەزانی تەمەنی خوڵقێنەری ئێمە هەڵدەگەرێتەوە بۆ کەی

ش:

بۆ کەی نازانم! ئەوە پێوەندی بە بارودۆخی ئێستای ئێمەوە نییە

ج:

نا، نا بە پێچەوانەوە مێژوو ڕاستییەکان وەدەر دەخات

ش:

ئەگەر ئێمەش مێژوو لەگەڵ خۆماندا ببەین و پاش ماوەکانی ئێمە بیر لە مێژوویەکی تر بکەنەوە (دەزانی من حەز ناکەم بیر لە مێژوو بکەمەوە حەزیش ناکەم بچمە ناو مێژووەوە و بیریشم لێ بکەنەوە)

ج:

بە خۆاستی تۆ نییە تایبەتمەندی ژیان وا دەەکات تۆ بیر لە زۆر شت کەیتەوە

ش:

من بیر لە دوا ڕۆژ دەکەمەوە چۆن دروستی کەین

ج:

دۆزیتەوە

ش:

چی؟

ج:

مەبەستت

ش:

پرژوبڵاوین

ج:

شەرت ئەوەیە بزانین چۆن دەور بگێرین، من فەرز دەکەم لەسەر سەحنەی شانۆم خەریکم دەور دەگێڕم تۆش لەگەڵ جەماوەر دا بینەری ئەگەر شانۆکە هەستی ئێوە نەجولێنێ چی دەکەن ئێوە پێناکەنن، ناگرین یا بەواتایەکی تر شانۆکە سەرنج ڕاکێش نییە

ش:

من هۆڵەکە بەجێ دێڵم، نازانم ئیتر لە دوایی دا جەماوەر چی دەکەن ڕەنگە بە چەپڵە دڵی یەکتر خۆش بکەن و هەتا ئاخر لەگەڵ تۆ دا بمێنەوە

ج:

تۆ دەڕۆی ئەوان دەمێننەوە بەو مانایەش کە ئەوان لە شانۆکە تێنەگەیشتوون، یانی بایەخی کارەکەی من ئەوەندە لاوازە؟

ش:

بەڵێ لاوازە چونکە ئەوان نازانن بۆ چەپڵە لێ ئەدەن

ج:

نا وانیە بیرکردنەوەی تۆ زۆر نزمە

ش:

سەرکەوتنی هەر شانۆیەك لە ئەکترەکانی دایە ئەگەر بتوانێ شۆرشێك لە دەرونیاندا بەر پا بکات نە تەنیا چەپڵە ڕێزانەکە درێژە دەکێشێ بەڵکو ناوەڕۆکی شانۆکەش زیاتر هەست پێدەکرێت

لە کوتوپڕ لە نێوان جەماوەرەکە دا پیاوێك دەیکا بە هەرا

ئاژاوەگێر:

بێ دەنگ بە، بێ دەنگ بە

ش: بە سەر سورمانەوە چاو لە جەماڵ دەکات و دەلێت:

ئەو دەنگە لەگەڵ ئێمە دا نییە

ئاژاوەگێر:

تۆش بێ دەنگ بە

ج:

ئەمە شانۆ نییە حەقیقەتە حەقیقەت

ئاژاوەگێر لە حاڵێك دا دێتە پێشەوە قا قا پێدەکەنێ:

من لە حەقیقەت ناچم

ش:

تۆ کێیت وا لە خۆتا ون بووی؟

ئاژاوەگێر:

من! ها ها ها ها (ڕووبە ش) ناتەوێت ئاسودە بژیت وەرە وەك من بە (چاو دەبرێتە نێو چاوی) سەیری ناو چاوەکانم بکە ئەمانە دەت ڕوخێنن

ج:

تۆ، تۆ کە ناتوانی ناوەڕۆکی ئینسانی خۆت بپارێزی، تۆ کە ڕوخێندراوی برۆ، لێرە برۆ

ئاژاوەگێر بەسەر عەرزەکەدا ڕادەکشێت و بە دەنگی بەرز دەلێت:

لەگەڵ خۆمدا دەتانبەم جارێکی تر یەکتر دەبینین، هە هە هە

موزیکێکی ترس هێنەر بلاو دەبێتەوە

( پەردە دەکشێ ) پەردەلادەدرێت

سەحنەی 2

کورسیەك و مێزێك لەسەر سەحنەکە یە

دوای چەند ساتێك پیاوێك بە پەلە "ش" بە دوای خۆی دا ڕادەکێشێ بە تووڕەییەوە لەسەر کورسیەکە دای دەنێ پیاوەکە دەڕوا و سەحنەکە بەجێ

دێڵێ سەحنەکە بۆ چەند ساتێك بێ دەنگ دەبێ

شوێن زیندان

پیاوێك لە حاڵێك دا کراسێکی سپی و شەرواڵێکی ڕەشی لەبەر دایە دێتە پشت سەری شەکیباوە دەست بۆ نزیك دم و چاوی دەبات پاشان دەڵێت:

گوێت لە دەنگمە



ش دەستی دێنێ بە دم و چاوی دا:

نامەوێت بە دم و چاوت وڵامم بدەیەوە زمانت بە کار بخە

ش قسە ناکات

ب:

نێوت چیە؟

ش:

کاتێك چاوەکانم لە ژێر ئەم پەڕۆ ڕەشەوە هەناسە ئەدەن ڕقم لەو پرسیارەیە کە بە دوای ترس دا دەگەڕێ ئەگەر لە چاوەکانم بپرسی قەت پێت نالێن

ب:

لە کوێ کار دەکەی؟

ش:

لە ماڵەوە کار دەکەم

ب:

حەتمەن حەقدەستێکی باشیش وەردەگری

ش:

ئەگەر وەك پیشە بێت دەبێ وابێ، بەڵام نا، وەك و ئەرك هەمیشە خەریکی کارم بەڵام بێ حەق دەست

ب: کەوایە کەسێکی قانعی، نە گاڵتە دەکەی

ش: ڕەنگە جۆرێك لە ژیان گاڵتە بێت وەك بیرکردنەوەی ئێوە

ب زۆر بە تورەییەوە

ب:

پێم بڵێ بیرکردنەوەی تۆ بۆ ژیان چی یە؟ باسی ژیانم بۆ بکە

ش:

بیرکردنەوەی من لەگەڵ بۆچوونی تۆ دا زۆر جیاوازە

ب:

جیاوازیەکەی لە چی دایە؟

ش:

تۆ هەستی پێ ناکەی

ب:

دەڵێم وڵامی پرسیارەکەم بدەرەوە

ش:

وڵامی پرسیارەکانی تۆ لای من نییە

ب:

نەت گوت ناوت چی یە؟

ش:

نێوی من بە شوێن چی دا دەگەڕێ

ب:

تۆ دەتوانی تەنیا بە وشەیەك خۆت لە دەست پرسیارەکانم ڕزگار کەی

ش:

زۆر باشە تۆ باسی وشەیەکت کرد، من کۆمەڵێك وشە لەبەر دەم تۆ دا هەڵدەرێژم دڵت بەوە خۆشە

ب:

(لەبەر خۆیەوە) ئاوا چۆکت پێدا ئەدەم بڵێ

ش:

شەو ڕۆژ، گەرما سەرما، تاریکی ڕووناکی، هەور باران، بچوك گەورە، گریان پێکەنین، برسیەتی تێری، چەپ ڕاست، دەزانی جیاوازی ئەمانە؟

ب:

پێوەندی تۆ بەم وشانەوە چی یە؟

ش:

ئێستا پێوەندیم بە تاریکی یەوە هەیە بە دوای ڕووناکی دا دەگەڕێم

ب:

خوێندەواریت چەندە؟

ش:

چی وشەی جوانە لەبەرمە بۆی دەژیم، گۆرانی بۆ دەڵێم، هەناسەی بۆ هەڵدەکێشم

ب:

نێوی شەقام و گەڕەکەکەتان؟

ش:

گەرەکەکەمان شەقامی نییە

ب:

نێوی گەرەکەکەتان؟ ش: بۆ ژیان نابێت

ب:

ڕەقەمی خانووەکەتان؟

ش:

ڕەقەم! لەگەڵ دراوسێکانمان لێم تێك چووە لەو خانووەی ئێمە تیا ژیان دەکەین قەت ڕەقەمی بەخۆیەوە نە دیوە

ب، نێو چاوانی گرژ دەکا و لە بەردەم ش دا دێت و دەچێت زۆر تورەیە:

تا ئێرە هیچ وڵامێکم وەرنەگرتەووە، بەڵام دڵنیابە وات لێدەکەم نێوی خۆتت لەبیر بچێتەوە ( تۆ ناتەوێت ژیان بکەی )

ش:

ژیان، ژیان ژیان ئەم ژوورەیە کە بە دەم قامچیەکانی تۆ ئەوان لەسەر کورسی یەك بەدەم کۆمەڵێك پرسیارەوە دەلەرزی و بەدەم ئازارەوە دەناڵێنیٚ

ب:

جگەرەیەك هەڵ دەکا و لە کاتێك دا بە حیرسەوە مژی لێدەدا لەسەر دەم وچاوی "ش"ی دادەنیٚ دەڵێت: ئێوە زۆر ئەحمەقن هەر هەمووتان ئاوا بیر دەکەنەوە

ش: هاوار دەکات

لەم کاتەدا جەماڵ دێتە سەر سەحنەکە و هەر دوودەستی ئاوەڵا کردووە و دەڵێت:

لە دەنگی سەوزی باڵندەیەك

هەتا وەرزەکانی هەستانەوە

باڵ لێك ئەدەم

تا دەگەمە پشت هەورەکانی باران

دیوارەکانی ترس دەناسم

بۆی سەر دەچم

ئەو کاتە چاوەکانم ڕێگای مناڵیم ئەدوزنەوە

بووکە شووشەی خوشکەکانم

ورد و خاش دەکەم لە نێو چاوانی دوژمنانم

ئەو کاتە عاشق ئەبم

کە لەو پەڕی بارانەوە دێمەوە

تەڕ، تەڕ چاوەکانم دەکەمە

میوانی بەهار و

دەستەکانم لە مل خۆشەویستی مرۆڤ دەکەم

ئەوین بە نیگا دەکێڵم و ژیان دەکەم بە فەڕشی سەوزی

بەختەوەری هەموان

ش لە حاڵێك دا بە دەم ئازارەوە لە سلولەکەی خۆی گوێ ڕادەگریٚ بۆ وتەکانی جەماڵ دەڵێت:

ئێوە کێن وا بەسۆزەوە ئەدوێن

جەماڵ:

کەسێکی وەك تۆم گوێم لە هاوارت بوو دەمێك نەبوو چاوم چووبووە خەو هاواری تۆ و زامەکانی خۆم وەخەبەری هێنام

ش:

دەزانم کەیسێکی وەکو منی بۆ لێرەی؟ لەچی دەترسی؟ ژیانی ئاسای پاراستنی نهێنی ناوێت

ج:

وایە ڕاست دەکەی بەڵام دەزانی لەم وڵاتە لە پێناو ژیانی ئاسای دا ئەبیٚ لە بەردەم مەحکەمە وڵام بدەیتەوە. تۆ نەت گوت لەبەر چی لێرەی؟

ش:

بە بۆنەی بەشداری کردنم لە کۆڕێك دا و گویٚ ڕاگرتنم بۆ قسە و باسێك لە کۆڕەکەدا

ج:

باسی نهێنی و شتی تریان دەکرد؟

ش:

نا، نا زۆر بە ئاشکرا باسی ڕەنج و ئازارەکانی یەکتریان دەکرد

ج:

لێرەوڵامی پرسیارەکانت چۆن داوەتەوە؟

ش:

مەبەستت چی یە؟ تیٚ ناگەم

ج:

پەشیمان نەبووی لەوەی چویتە کۆڕەکە و ئێستاش لێرەی؟

ش:

تۆ بەو قسانەت من تاوانبار دەکەی

ج:

نا من تاوانبارت ناکەم تۆ لەو دەمەوە بیرت لە خۆت کردۆتەوە تاوانباری

ش:

تۆ بیٚ هیوام دەکەی

ج:

نا، تۆ بە هیواوە دەژیت

ش:

تۆ دەمێکە لێرەی ئەی تاوانی تۆ چییە؟

ج:

چەن مانگێکە، تاوانم ئەوەیە کە کرێکارم

ش:

تۆ وتت كرێكارم! منیش كرێكارم كەواتە هەموو كرێكارێك ئەبێ لێرە بێت؟

ج:

نە مەرج نییە هەموو كرێكارێك لێرە بێت، پاراستنی ناوەڕۆكی چینایەتی ئەگەر لە ناخی هەر كرێكارێك دا خۆڵقابێت وایە جێگای لێرەیە

ش:

تۆ وشەكانت جۆرێكە! پاراستن، ناوەڕۆك، چینایەتی

ج:

هیواداربە لە بوونی خۆت لێرە پەشیمان نەبیتەوە

ش:

نێوی تۆ چی یە؟

ج:

جەماڵ

ش:

لە وانەیە بەم زوانە لێرە بڕۆی؟

ج:

نازانم پێم وانیە

ش: تۆ جارێك هیوام پێ ئەدەی و جارێك دەڵێی پێم وا نییە لێرە بڕۆی مەگەر تۆش وەك من كرێكار نیت

ج:

وایە كرێكارم بەڵام هێندێ جار دوژمنانی چینایەتیمان بۆ ئەوەی كە لە یەكمان دور خەنەوە لەبەر ئەوەی چاوترسێنمان بكەن لەبەر ئەوەی بیر لە دوا ڕۆژ و كۆمەڵگا و ئینسانیەت، بیر لە چۆن ژیان كردن نەكەینەوە لەیەكمان دوور دەخەنەوە.

ش:

بۆ كوێ دەچی؟

ج:

دڵنیا بە ئەگەر نەگەرامەوە بارودۆخەكە هەر دەگۆردرێت لەوانەیە هەر ئەمشەویش گوێمان لە قسەكانی یەكتر بێت

جماڵ دێتە پێشەوە، ملی بەرز ڕادەگرێ

ش بەم وتانە دەڵێت:

تۆ ببارە وەك ڕێژنە بارانی بەهار

گوێم لە دەنگی وشەی تۆ بێت

كوا زرەی زنجیر و سامی سلولم ئەوێت

تۆ كە ڕووناكی دەنخشێنی بۆ ئینسان

باوەلانێ بارسایی سەرمایە

لەسەر شانی چەوساوەكان

دوای كۆتایی شێعرەكەی شەكیبا جەماڵ دەمرێ و سرودێك بڵاو دەبێتەوە. شانۆكەش كۆتایی پێ دێت.

***



# منداڵەکانیش غەیری نیزامین!

ن: هاینریش بێل
و: ناسر حەقپەرەست

نیگابانەکە بەتوڕەیی یەوە وتی: (نابیّ!)

پرسیم: (بۆچی نابیّ!)

(چوون قەدەغەیە!)

(بۆ قەدەغەیە)

(چوون قەدەغەیە، بابەگیان، چوونە دەرەوە بۆ نەخۆشەکان قەدەغەیە!)

غروورمەندام پێم وت: (بەڵام.... من لە نەخۆشەکانم.)

نیگابانەکە بەنیگایەکی ئاوێتەی سوکایەتی یەوە رووبەمن، وتی: (حەتمەن یەکەمین جارتە بریندار دەبی، ئەگینا بریندارەکانیش هەر نەخۆش بەحیساب دێن، باشە ئیتر برۆ!)

بەڵام نەمدەتوانی ئەوە قەبووڵ بکەم.

وتم: (لێم تێبگە! تەنیا دەمهەویّ لەو کچۆڵەیەی کە لەویّ یە شیرینی بکرم).

ئاماژەم کرد بۆ دەرەوە، هەر ئەو جێیەی کە کچۆڵەیەکی جوانی ڕووسی لەبەر بەفرو بۆراندا وێستابوو و شیرینی دەفرۆشت.

وتی: (خێراکە برۆ ژووریّ!)

بەفر بەرئارامی بەسەر قوڵکاوە گەورەکانی ناو حەوشەی ڕەشی قوتابخانەوە دەنیشت. کچۆڵەکە زۆر بە حەوسەلەوە لەویّ وێستابوو، بەردەوام بەدەنگێکی نزمەوە هاواری دەکرد:

(شیرینی یە....... شیرینی.....)

بەنیگابانەکەم وت: (ئەی هاوار !! دەمم ئاوی کرد، لێگەڕیّ با ئەو منداڵە بێتە ناوەوە ئیتر!)

(ڕێگەدانی غەیری نیزامی یەکان قەدەغەیە).

وتم: (نەخێرا بەڵام ئەو تەنیا منداڵێکە!)

دیسانەوە بەنیگایەکی ئاوێتەی سوکایەتی یەوە روو بەمن، وتی: ئەسڵەن( منداڵەکان غەیری نیزامی نین. جیالەوەیە!)

دیمەنێکی هیوا بڕاوانە بوو. لەشەقامی چۆڵ و تاریك دا توێیەکی ناسك لەبەفر زەوی داپۆشیبوو کە کچۆڵەکە تەنیای تەنیا لەویّ وێستابوو وە هەرچەند هیچ کەسێکیشی پێد رانەدەبوارد، بەردەوام هاواری دەکرد: (شیرینی...!) دەمویست بچمە دەریّ بەڵام نیگابانەکە بەتوندی یەخەی گرتم و تووڕە بوو.

(هۆی ! ئێستا خێرا لەبەرچاوم ون بە دەنا دەچم گوروهبان بانگ دەکەم).

بەتوڕەیی یەوە وتم (تۆیەك گوێلکی!)

نیگابانەکە بە بزەوە وتی: (ئەریّ! هەر کەس ئەرکناس بیّ بەلاتانەوە گوێلکە.)

نیوە خولەکێك لەبەر بەفر وێستام و تەماشای ئەو کولوە بەفرانەم دەکرد کە دەبوونە لەکە ئاوێکی ڕەش. سەراسەری حەوشەی قوتابخانە پر بوو لە قوڵکاو و لەنێوانیاندا تەپۆلکە گەلێکی سپی و چکۆلەی وەك شەکر دروست ببوو. لەپڕدا دیتم کە ئەو کچۆڵە جوانە چاوێکی لیّ داگرتم و بەبیّ سەرنجی بەرەو خواروی شەقامەکە کەوتە ڕیّ. بەرەو بەشی ناوخۆیی دیوارەکە چووم. لەگەڵ خۆمدا بیرم کردەوە: (بیّ تامە! بەراستی مەگەر من نەخۆشم؟)

دواتر تێگەیشتم لەنزیك ئاودەستە گشتی یەکەوە کەلێنێکی چکۆلە لەدیوار دایەو کچەکە بەشیرینی یەکانی یەوە لەویّ وێستاوە. لەو بەشەدا نیگابانەکە نەیدەتوانی

بمانبینیٚ. لەدڵی خۆمدا وتم: (هیوادارم پێشەوا ڕێز لە ئەرکناسیت بگریٚ)

شیرینییەکان خۆش دەهاتنە بەرچاو: نان بادامی، شیرینی کەرەیی، کولوچەو نان گوێزی کەلە چەوریان تروسکەیان دەدا. لەو منداڵەم پرسی: (ئەوانە بەچەندن؟)

ئەو پێکەنی قەرتاڵەکەی هێنایە بەردەمم و بەدەنگی منداڵانەو ناسکی وتی: (هەرکامیان سیٚ مارك و نیو.)

(هەر دانەیەك؟)

(سەری لەقاند و وتی: بەڵیٚ.)

بەفر لەسەر پرچە ناسك و زێڕینەییەکانی دا دەباری و دەنکە خلیسك و بریقەدارەکانی بەسەر تاڵە قژەکانی دا دەڕژاند. بەڕاستی پێکەنینەکەی دڵنشین بوو. شەقامە تاریکەکەی پشت سەر ئەو کچە بەتەواوی چۆڵ بوو، دەتگوت دونیا مردووە. کولوچەیەکم هەڵگرت و پارەکەیم دایە.

زۆربە لەزەت بوو، لەئاردی بادام و شەکر دروست کرابوو. لەگەڵ خۆمدا وتم: (ئەهها! ئەوە بۆیە نرخی ئەوانەش هەروەك ئەوانی ترە!)

کچەکە پێکەنی.

پرسی: (خۆشە! خۆشە؟)

تەنیا سەرم بەنیشانەی تەئید لەقاند: ئەسڵەن سەرما ئەزییەتی نەدەکردم. باندێکی ئەستوورم لە دەوری سەرم پێچابوو و وەك تێئۆدۆر کرونێر دەچووم، شیرینییەکی کەرەیی تریشم تاقی کردەوە و لێی گەرام ئەم شیرینی یە خۆشەش لەزارم دا بتوێتەوە.

دیسانەوە دەمم ئاوی کرد. (بەئارامی وتم: (وەرە! هەموویانت لیٚ دەکڕم، چەندانە شیرینیت هەیە؟)

لەحاڵێکدا کە خەریکی بووم شیرینییەکی گوێزیم قوت دەدا، ئەو بەدیقەتەوە بەقامکی ئیشارەی جوان و چکۆلانەی کە هێندێکیش پیس بوو، دەستی بەژماردن کرد، ئەو شوێنە زۆر بێدەنگ بوو، پێم وابوو کە لە ئاسمان تۆرێکی ناسك و جوان لە دەنکە بەفرەکان دروست بووە. بەئارامی دەیبژاردن و چەند جارێکیش پێی لێی تێك چوو. من لەوپەڕی ئارامی دا بەلایەوە وێستا بووم و دوو شیرینی تریشم خوارد. هێندێك دواتر لەپڕدا چاوەکانی بریە من. بەچاوە ترساوەکانی جۆرێك لێی دەڕوانیم کە ڕەشایی چاوەکانی بەتەواوی روو بەسەریٚ بوون.

سپێنەی چاوەکانی وەك شیری چەور لە شینی یەکی کەم ڕەنگ دەچوو. بەزمانی روسی لەژێر لێوەکانی یەوە ورتەیەکی کرد، بەڵام من بەپێکەنینەوە شانەکان هەڵتەکاند و دواتر ئەو داهاتەوە و لەسەر بەفرەکان بەقامکە چکۆلەو پیسەکەی نوسی: 45 ئەو پێنج سکەیەی تریشم لەزیادی دایە و وتم: (قرتاڵەکە بدە بەمن، باشە؟) ئەو سەری بەنیشانەی ڕەزایەت داخست و بەپارێزەوە لە کەلێنی دیوارەکەوە قرتاڵەکەی دامیٚ. منیش دەستم بردە دەریٚ و دوو سەد مارکیم دایە.

ئێمە بەرادەی پێویست پارەمان هەبوو. روسی یەکان بۆ پاڵتۆیەك 700 مارکیان دەدا و ئێمە لەماوەی سیٚ مانگدا بێجگە لە چڵك و خوێن چی ترمان نەدیبوو بەئارامی وتم: (بەیانیش وەرەوە، باشە؟) بەڵام ئەو گوێی بەقسەکەم نەداو بەخێرایی لەویٚ دوورکەوتەوە، کاتێك کە بەناڕەحەتی یەوە سەرم لە کەلێنی دیوارەکە کێشایە دەریٚ، ئیتر ئەو لەچاو ون ببوو و من تەنیا ئەو شاقامە بیٚ دەنگەی روسیەم دەدی.

تاریك و بەتەواوی چۆڵ بوو. دەتگوت، بەفر بە ئارامی ئەو ماڵانەی کە سەر بانگەلێکی سافیان هەبوو، دادەپۆشی. بۆماوەیەك وەك حەیوانێك کە بەچاوانی پڕ لە خەمەوە لەناو قەفەسدا چاو لە دەریٚ دەکا، لەویٚ وێستابووم و تازە کاتێکیش کە هەستم کرد، ملم تەزیبوو، سەرم بردەوە ناو زیندان و دواتر هەستم کرد هەر لەویٚ لە سوچێك، بۆگەنێکی ناخۆش دیٚ، بۆنی ئاودەستی گشتی. شیرینی یە چکۆلەو جوانەکان هەموو بەخامە گەلێکی تەسکەوە بە بەفر داپۆشراون.

بەماندوێتی یەوە قرتاڵەکەم هەڵگرت و بەرەو ژووریٚ چووم، سەرمام بوو بەڕاستی وەك تێئۆدۆر کرۆنێر دەچووم و دەمتوانی کاتژمێرێك لە بەفردا بوێستم، بەڵام کەوتمەڕیٚ، چونکە دەبوایە چووبایەتمە شوێنێك. ئینسان دەبیٚ بچێتە هەر ئەو شوێنەی کە ەبیٚ بچیٚ. ناکریٚ بوێستیٚ و بێڵی بەفر هەموو شوێنێك داپۆشیٚ. دەبیٚ ئەم لاو ئەولایەك بکەی، تەنانەت ئەگەریش برینداربی و لە وڵاتێکی غەریب و زۆر تاریکدا بەسەر بەری....

# شێـــعر



ئێوارە کۆرێك بە بۆنەی 3ی ڕەشەمەوە — ئا: پێشەنگ

هەناسەکانی ژیان — ن: هەژیر نینا

# ئێوارە کۆڕێك بە بۆنەی 3ی ڕەشەمەوە

ئا: پێشەنگ



ڕۆژی 3ی ڕەشەمە ئێوارە کۆڕێکی شێعر خوێندنەوە بۆ دوو کەس لە شاعیرانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە لە زەرگوێز ساز درا.

ئێوارە کۆڕەکە لە لایەن بەڕێز بێستونەوە بەڕێوە دەبرا. بەڕێوە بەری کۆڕەکە سەرەتا وتەیەکی کورتی سەبارەت بە دەورو نەخشی هونەر و ئەدەبیات پێشکەش بە ئامادەبوان کرد و سەبارەت بە 3ی ڕەشەمەش وتی: "ساڵی 1377ی هەتاوی لە ڕۆژی 3ی ڕەشەمەدا خۆپیشاندان و حەرەکەتێکی ناڕەزیانەی خەڵکی شاری سنە لەگەڵ توند و تیژی و سەرکوتی دڕندانەی هێزەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دا بەرەو ڕوو بوو، کە بە شێوەیەکی نامرۆڤانە سەرکوت کرا و ژمارەیەکی بەرچاو خەڵکی تێدا شەهید و بریندار بوو. ئەم کردەوەی ڕژیمی ئیسلامی هەرچی زیاتر بووە دەرخەری ڕووی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی ئیسلامی سەرمایە لە ئێران. ئەم ڕووداوە کاردانەوەی لەسەر هەستی شاعیران و نوسەرانیش داناوە و لە ڕێگای نوسینەکانیانەوە بە دژی بکوژانی ئەم خەڵکە ڕاپەڕیوە هەڵوێستیان نواندوە."

دواتر بەڕێوە بەری ئێوارە کۆڕ کورتەیەك سەبارەت بە ژیان و بواری هەڵسوڕان و چالاکیە ئەدەبیەکانی هەر یەك لە شاعیران سەعیدئەمانی و ناسرحەق پەرەست، دوا.

دوای ئەم کورتە ناساندنە، لە بەشی یەکەمی ئێوارە کۆڕەکەدا سەعیدئەمانی چەندین شێعری خۆی ڕووبە بەشدار بووان خوێندەوە، دواتر و لە بەشی کۆتایی ئێوارەکۆڕەکەدا ناسرحەق پەرەست بەرهەمەکانی خۆی پێشکەش کرد کە پێکهاتبوون لە کۆمەڵێك شێعر و پەخشان.

پێویست بە ئاماژەیە ئەم ئێوارە کۆڕە لە درێژەی ئەو چالاکیە ئەدەبی و هونەریانە دا دێت کە هەر جارە و بە بۆنەیەك و بۆ یەك یا چەند کەس لە ئەدیبان و هونەرمەندانی ناو ڕیزەکانی کۆمەڵە، لە زەرگوێز، ساز دەدرێت.

خوێنەرانی ئازیز! بەشێك لەو بەرهەمانەی لەو ئێوارە کۆڕەدا خوێندرانەوە لە خوارەوە دەخوێنەوە.

## ***چەند شێعرێکی سەعیدئەمانی:***



"دیدار"

**بۆ یادی ئەو دایك و باوكەی لە ڕێگای دیداری كوڕە پێشمەرگەكەیاندا بەسەر میندا كەوتن و شەهید بوون.**

**هاوینی 2003**

**بڕیاری دیدارێكیان دا بوو**
**بە تاسەی وڕگ گرتوویان.**

**بڕیاری باوەشێكیان دا بوو**
**بە ئامێزی**
**پڕاوپڕ خۆشەویستیان.**

**دەستی پیری**
**گۆچانی هیوا لە دەستا**
**"دایك و باوك"**
**سەری هەودای**
**كلافەی ڕێ دەكەنەوە**
**بەرە و سنوور.**
**پێیەهەنگاوی بەرەو سەفەر**
**لاجانگی ڕێ ڕادەمووسن**
**بەرەو ژوانگەی ئازیزی دوور.**

**جانتای كۆڵیان**
**پڕ كولێرەی ماچی گەرمی**
**تەنوری ناخی سنەیە**

**ئاسمانی ڕوونی چاوانیان**
**كەیلی گوڵئەستێرەی گەشی**
**باوەشی ناخی سنەیە**
**بۆ ناو دڵی كۆڵەپشتی و**
**بۆ بەرۆكی كوڕە پێشمەرگەی ڕێبواری**
**ڕێی ڕزگاری بێ بەشان و**
**باڵاشەكێنی ئاڵای سوور.**

*　　*　　*

**نەیان زانی ڕێگای سنوور**
**بست بە بستی**
**مینی مەرگی تیا چێندراوە**

**نەیان زانی تاپۆی قینی شەوپەرەستان**
**دوژمنانی خۆشەویستی**
**ئەو ناوەی گەمارۆ داوە.**

**وەڕێ كەوتوون**
**گوڵی پشكوتووی بزەیان**
**بەسەر لێوانەوە دیارە**
**شان بە شان و**
**دەست لە ناو دەست**
**چوونە ریزی شەهیدانی**
**كاروانە ڕێی ئەو دیدارە.**

**هاوینی 2003**

***"بروسكە"***
***( بۆ 26 ڕێبەندان )***

**بروسكەی چاوی هەورێك بووی**

کەیلی باران
لە شەوی ئەنگوستەچاوا.

تەقینەوەی کانیاوێك بووی
لە داوێنی ناڵەشکێنەی ڕاوەستانا
بۆ ڕووباری وەڕێ کەوتن.
بووی بەستێن
تا ناخی دەریای یەك گرتن.
* * *

تۆ
کلیلی ئەو سندوقەی
ڕازی سەرکەوتنی تیایە
بۆ ژێر دەستان.

تۆ
تۆفانی مەوجی مێژووی
بۆ غەرقی کەشتی سەرمایە
لە کوردستان.

*"دێوجامەی نەزمی تازە"*

لە سێڵی تەفرەقەی دەسوون
نووکی زمانی بڵێسەی
ئاگری تەنوری نەزمی نوێ
تا بەلێنی داهاتووی باشتر گوڵ دەکا و
دەپشکوێ
برێشکەی هیوا و ئاواتی لە مێژینەی خەڵەتاندن
پڕ دەکەن گیرفانی بێ مافی خەڵك
بە لاویچی گەورەی درۆ.

بە بن میچی
کۆشکی خەیاڵی داهاتووی ئەم نەزمەوە
بۆ بە شەوارە خستنی ئەو چاوانەی
دەست بەرداری

چەمکی سێبەری گومان نین بە هاسانی
بە شکۆوە
چلچرای دێو جامەیەك
ڕەنگاڵەیی
هەڵدەواسرێ.

مێرگی سەوزی خۆشباوەڕی ژمارەیەك
لەسەرکێشی ، ئەسپی بێ هەوساری
بە جیهانی بوون دا
ڕەها دەکرێ.
خەمساردی دەڕێژێ
چاوی لێك دەناوە یان
بە سورمەی بێگانەیی داهاتوویەك:
لە بازاڕی بەڕێچونیا
بە پانتای هەموو دنیا
لە بۆسەدان دەستی بازاڕ
چاوی دوکان
بۆ بە کالایی کردنی
سەرتاپای سروشتی بەشەر.

داهاتوویەك
هەموو ڕۆژێ ڕیچەی مەرگی
ڕواڵەتی ژین دەڕووشێنێ
پەنجەی غەمی نانی سبەی
خونچەی شادی ژیانی ئەمرۆی دەژاکێنێ.

داهاتوویەك
مایەی بوونی
بە هەوێنی شەڕ دەگیرسێ

جنتل مەنێك:
کلکەوانەی پەنجەیەتی
حەڵقەی هەموو نارنجۆکی
چارەنووسێ.

## چەند نمونەیەك لە بەرهەمەکانی ناسرحەق پەرست:



## ئێوارە

کاتێك ئاسمان دڵی بۆ خۆر پڕ دەبێ و دەیهەوێ بداتە زریکەی گریان، ئێوارە دادێ و تەزوویەکی سارد، سەرتاپای گوڵپەڕە ناسکەکان دادەگرێ.

بەڵام، خۆری کەنار نشینی ئەو ئاسمانە، ئاشقی نەشئەی بەهاری ئەم ئێوارەیە بووە و دڵی نایە جێی بێڵێ، ئاسۆ باوەشی بۆ گرتۆتەوە و داوێنگیری بووە.

گوڵێکی تەنیا، سێبەری کێوێکی دوور، پڕشەنگی هەتاوی لێ دەشارێتەوە، رەنگەکان لە ناخی خۆی دا حەشار دەدا و بزەی بەهارینی ژینی لە گەرووداً قەتیس رادەگرێ و چاوەڕوانی بەرە بەیان دەکا.

کۆترێکی سپی بە سەر بەرزایی ئاسمانی شارەوە، ئاخرین مالئاوایی لە خۆر دەکا و بەڵێنی ژوانی لە کازیوەیەکی تردا لێ دەستێنێ.

لەو بولێڵەیەدا شەمشەمە کوێرەیەك باڵ دەگرێ و دەبێتە خاوەنی ئاسمان، بە پێکەنینەوە دەڵێ:

ئۆخەی ئاواتەکەم هاتە دی، مەرگی رووناکیم بۆ جارێکی تریش بینی.

گمەی کۆترەباریکەیەکی هەڵکوروژماو: تاوانی ئێمە چییە تۆ کوێری، ژیان لە تارماییدا دەبینی.

کاتێك

ئێوارەدادێ و ئاسمان دڵی بۆ خۆر پڕ دەبێ،

کاتێك

تاریکی، زەنگی مەرگی روناکی دێنێتە دەنگ،

تا هەنگاو

هەڵدەگرێ لە تاریکییەوە بەرەو تاریکتر،

بەرەو مەرگی

خۆی دەخزێ و رووناکی لە دایك دەبێ.

## ماندوویەتی

ماندووم
لە تۆ
لە خۆم
لە بیرەوەریەکانم
جێ پێیەکانی دوێنێم،
پێشانگای وێنەکان
لەو کەنارانەی شەپۆلەکان دەرفێنن
لەو زامە بە ژانانەی
خەنجەر، پزیشکیانە
ئەو ئێوارانەی
بەیانیانی خۆر دەگیرێ
ئەو وڵامانەی لێوی پرسیارەکان دەگەزن
لەو قەلە دزانەی
دارگوێزەکانیش دەبڕن
لەو بەڵێنانەی داهاتووم پێ دەفرۆشن
لەو چەکانە سروودی ئازادی دەخوێنن
لەو وانانەی
تێر تێر رقیان لێمە
ماندووم.....



له دەست ئەو شارەوانیانەی
زیندوویەك راناگرن
له دەست ئەو گۆرستانانەی
به مردووەكان دەڵێن :زیندوو!
........
لەو هەمووە ماندویەتییە ماندووم
لەو هەمووە ماندویەتییە شادم
بەرەو پەنجەرەكانم دەبا
ئەو پەنجەرانەی
خۆرەتاو ئەنگاوتوونی
ئەو بەیانیانەی دەبنە هی خۆم
ئاوەزی تاریكی كەس داناگرێ
چاویلكەی رەش، هیچ گلێنەیەك داناشارێ
دونیایەكی پر لەئاوێنە
تێكرا سەر دادێنین
لەگەڵ داكردنی بارانا
رووت رووت دەبینەوە
................
ئەو بەیانیانەی ،گوڵفرۆشییەك نامێنێ
دەزانی چییە؟
: كۆترێكی باڵكراوە هیواكانم
بەڵام ، بە هەنگاوی وردی
بەرەو دوندی پاڵاس رێدەكا
خۆی هەڵدەدێرێتە باوەشی ئاسمان
ئاخر....
باوەری بە فرینەوە هەیە
نەك قیرەتاوی رەق و داغی خیابان



# هەناسەکانی ژیان

بۆ 16ی گەلاوێژ

دەیڕوخێنیٚ بەسەر دێوەزمەی "سەرمایە"
شار خۆشەویستی
شۆرشی لیٚ نیشتووە
وەك ئەیاری شەستەکان
سنەی لە ئامێز گرتوە
لەسەر لوتکەی
هیواکانی ئاویەرەوە
"سابلاخ"
میوانەو"هەواڵێکی" ئەنجن، ئەنجنی پێیە
لە ناو لەپی
جەرگی دایکان
جیهانی پیٚ تاساوە
*** *** ***
ئەوەوی لوورەی
پارێزەرانی سەرمایەیە
بۆن بە جەستەی شەقامەوە دەکەن
ئەوە قفلی داخراوی
دەستی ئینسانە
هۆی شڵەژاوی ئەوانە
لێرە هەزاران وشە
بەسەر لاپەڕەی مێژووا دەخولقیٚ
ئێرە مەڵبەندی شاری پەنجاو حوتی شۆڕشە،

تەرمی لاوەکانم
بەسەر شانی شەکەتی کرێکاران دا
بەرەو خەونی خاك
ڕێژە دەڕۆن
چاوەکانی "زێبارم"
ئاوپرژێنی یادی ئەم کۆچە دەکەنەوە
ڕاپەڕینە
بەسەر پەیژەی بەختەوەری دا هەڵدەکشیٚ
لێرە
پڕ بە گەرووی "جەماوەری"
وشەی سەربەستی دەپشکویٚ
هۆ هەڤاڵە چەوساوەکەم
وەرە سەیری شاری
گڕ گرتوی بەر پێت بکە
چلۆن بلێسەیسەندووە و
دوژمنی وا سلٚ کردووە

هەژیر نینا
1385/5/29

# وتووێژ



| | |
|---|---|
| وتووێژی "ئسپریت" لەگەڵ مەحمود دەروێش | و: مەجید مارابی |
| وتووێژێك لەگەڵ گابریل گارسیا مارکز | و: سەلاح ئەمانی |

# "ئاوێتەیی و جیاوازی نێوان شێعر و سیاسەت"



وتووێژی مانگنامەی فەرانسەوی "ئسپریت" لەگەڵ مەحموود دەروێش

لە فارسیەوە: مەجید مارابی

به بۆنەی بلاْو بوونەوەی کۆمەڵە شێعری نوێی مەحموود دەروێش لە ژێر نێوی "لە دواین شەوەکانی ئەم سەرزمینە دا" بە زمانی فەرانسە. مانگنامەی ESPRIT مانگی ژوئیەی ساڵی 1994 وتو وێژێکی لەگەڵ ناوبراو پێك هێناو.

مەحموود دەروێش بەناوبانگترین شاعری فەلەستینی ساڵی 1942 لە گوندی ئەلبیرە "هەلکەوتوو لە ناوچەی جەلیل لە باکووری فەلەستین" لەدایك بوو.

لە بەرهەمەکانی ناوبراو تا ئیستا 15 دەفتر شیعر و 5 دەفتر نەسر بە تیراژی زۆرەوە لەجیهانی عەرب دا بلاْو بوەتەوە. بەلاْم ناو بانگی ئەو لە ئوروپا دا بە پێچەوانەی هێندێك لە شاعیرە عەرەبەکانی تر وەکوۆ ئەدونیس، محمد ئەلغووت و شەوقی عەبدول ئەمیر تا رادەیەك لەگەڵ بەدلیٚ حاڵی بوون بەرەو روو بوە. چون بەم دیدەوە شێعرکانی دەخوێننەوە یان تەنیا ئەم بەرداشتەیان لە شێعرەکانی هەیە کە شاعێرێکە پابەند بە خەباتی سیاسی، ئەویش تەنیا بە چەکی قسە؟ قسەیەك کە لە شێوەی دەربڕینیدا کەمتر شۆرشگێرانەیە تا لە ناوەرۆکی شۆرشگێرانەیدا.

دەبیٚ بۆ سەرچاوەی ئەم ناروونیە لە بەرهەمەکان و ژیانی مەحموود دەروێشدا بگەڕین کە لە کاتی ڕاکردنی بنەماڵەکەی بۆ لوبنان لە ئاکامی یەکەمین شەڕی عەرەب و ئیسرائیل لە ساڵی 1948 دا، کە لە چارەنووسی خەڵکی فەلەسیتن جیا ناکرێتەوە. مەحموود دەروێش لەو کاتەدا تەنها 6 ساڵی بوو. ئەو لە یەکەمین بەرهەمی خوێدا وەفادارانە لەگەل مێژووی فەلەستین تێکەل دەبێت. کتێبەکانی ئەو یەك لە دوای یەك رۆژ ژمێرێکن کە بە وتەی خودی شاعر وەکوو" گەرما پێو، کەش و هەوای فەلەستین و فەلەستینیەکان پێشان ئەدات".

پرسیار: ئێوە بە ئەرکی خۆتانی دەزانن دولایەن لە کەسایەتیتان، یەکەم هەڵسوراوی سیاسی و ئەوی تر شاعر لە یەك جیابکەنەوە. بۆچی وەها جیاوازیەك لە کەسایەتی خۆتان دادەنێن؟

ولاْم: خۆشحاڵم کە نیگەرانی منتان بۆ جیا کردنەوەی 2 هەستی دەرونیم،یەکەم شاعر ودوهەم هەڵسووراوی سیاسی هەست پێکردوە ئەو دو هەستە کە بوونی من پێك دەهێنن ئەوەندە تێکەلاْوی یەکترن کە ئەم جیاوازیە لە ڕماستیدا ئەمرێکی نسبیە و زۆرتر لە ئاستی هیوایەك دایە تاکوو واقعیەت، ئەم دو هەستە هەرکامەیان زمانێکی تایبەتی خۆیان هەیە. ئەم دوو لایەنە دەرونیەم هەر یەکە و زمانی تایبەتی خۆیان هەیە، بۆ جیا کردنەوەی ئەم دوو زمانە دوو جۆری تێگەیشتنی ئەوان لە فەلەسیتنە کە خۆم زۆر بە بەرپرسیار دەزانم لە ناخی خۆمدا شاعر لە هەڵسووڕاوی سیاسی جیا بکەمەوە. واوەتر لەمە، بۆ بەرگری لەو تۆمەتانەی کە بۆ منیان هەڵبەستوە هەروەها بۆ بەربەرەکانیٚ لەگەڵ کاریکاتۆرێك، کە بە پێچەوانە لە

منی دروست دەکەن و زمان و ئامانجێك بە منەوە دەنووسێنن کە هی من نیە.پێویستم بە جیاکردنەوەی 2 لایەنی وجودیم هەیە.

پرسیار: بەرهەمەکانی ئیوە وەکوو شاعر بەردەوام تێکەڵاوی مەسەلەکانی فەلەستینەو بە زمانێکی تایبەت باسیان دەکات. لەم بوارەدا شێعر چی لە دەست دێت؟

وڵام: من لە ڕێگای شێعرەوە دەمەوێ بڵێم کە فەلەستینیەکان ئینسانهایەکن وەکوو باقی ئینسانەکانی تر هر بەو پرسیارانەوە کە ئەوان هەیانە. فەلەستینیەکان عاشقی پاڵەوان گەری نین. ئەوەی کە ئەوان لە ڕێگای پاڵەوان گەریەوە دەیانەوێت ئەوەیە کە وەکوو خەڵکانی تر بن و لەوانە ئەگەر بتوانن شاعر بن.ئەوەی کە من هەلسووراو بوونی سیاسی لە شاعر بوونم جیا دەکەمەوە ئەوەیە کە دەمەوێ بەرهەمەکانم بێ پێشداوەری بخوێننەوەو سەر بە خۆیی نووسراوەکانم بپارێزرێ تاکووبتوانرێ ئەو جۆرەی کە هەیە ئەوانیش لە پاڵ بەرهەمە ئەدەبیەکاندا بخوێننەوە. شێعری من بە واتای پێشنیاری ئاڵوو گۆڕ، سیاسیە بەڵام پێ بە ندبوونی من بەوەی کە شێعرەکانم لە مەسایلی سیاسی ڕۆژانە جیا بکەمەوە هەڵبژادنێکی جوان ناسانەیە. هەر وەها بە پێچەوانەوە، واتا تێکەڵاوی ئەدەبیات لەگەڵ ناڕەزایەتی سیاسی کارێکە کە زۆرجار ڕوو ئەدات.

پرسیار: ئایا لەوە دەترسیت کە وەکوو شاعرێکی ڕەسمی مەسەلەی فەلەستین بناسرێت؟

وڵام: بەڵێ. بە دڵنیایەوە من لەگەڵ هاونیشتمانانم هاوچارەنووسم بەڵام هەرگیز نامەوێت شاعری ڕەسمی بم. بەم هویەی کە لە نێوان پێوەندی شێعرم لەگەڵ واقع و پێوەندیەك کە لەوانەیە لەگەڵ هەر جۆرە ڕەسمیەتێك دا پێوەند بدەن جیاوازی دادەنێم.

لە بەر ئەوەی کە هەر پلەو پایە و هەڵوێستێکی ڕەسمی کۆسپێکە لە ڕێی ئازادی خولقاندی هونەری من داو تەنانەت کوسپێکە لە ڕێیی ئیمکانی ڕوانینی ڕەخنەگرانەی کاری تایبەتی من دا. بەواتایەکی تر، ئەمە تەنانەت لەگەڵ پێویستیەکانی کاری داهێنان دا دژایەتی هەیە. بۆ نموونە، من حازر نیم لە دەولەتێکی فەلەستینی دا وەزارەتی ڕۆشنبیری وە ئەستۆ بگرم.

پرسیار: سەرەڕای ئەوەی کە، لە نێوان بەرهەمەکانی ئێوە و خەڵکی فەلەستین دا پێوەندیەکی چڕۆپڕ هەیە. شێعرەکانی ئێوە خوینەری زۆرە، لە هەموو شوێنێك لە سەر زاری خەڵکەو لە ناوچە داگیر کراوەکاندا لە سەر دیوارەکان دەنوسرێن، ئەوپێوەندیە جوانەی کە ئێوە بە خەڵکەوە گرێ دەدات لە ئەدەبیاتی هاوچەرخدا بێ وێنەیە. چ هەستێکتان سەبارەت بەم پێوەندە هەیە؟

وڵام: هەرچەند کە وەها خۆشەویستیەك بۆمن مەترسیدارە بەڵام زۆرجار ورە و توانایی زیاترم پێ دەبەخشێ. گومان لەوە دا نیە کە وەها تێکەڵاویەك شێعر لە تەریك کەوتنەوە ڕزگار دەکات بەڵام شاعر ڕزگار ناکات. لە بەر ئەوەی کە ئەزموونی شێعر بەردەوام جۆرێك دوور خستنەوە لە جیهاندا پێك دەهێنیت. ئەم دوور خستنەوە ڕێگام پێ دەدات پرسیار گەلێك بۆ خۆم بێنمە ئاراوە کە لە سنووری واقعێك کە مێژوو پێی گەیشتوە واوەتر دەچێت.

پرسیار: بەڵام ئەم خوشەویستیە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

وڵام: ڕاستە شتێکی سەر سووڕ هێنەرە، خۆشەویستی من لەو ڕووەوە نیە کە بە زمان فەلەستینیەکان قسە دەکەم. بەڵکوو زمانی من ئەوخۆشباوەڕیەیان پێ دەدات کە گوایا ئەوانیش دەتوانن ئاوا بڵێن. نیگەرانی من وەکوو نوسەر و بیرەوەری تاکە کەسی وەها پێوەندیەکی هاوڕێیانە پێك دێنێت کە ئەوان بڕوام پێ بکەن کە باسی ئەوان دەکەم. من لە خودی خۆم نادوێم و ئەوانیش لە من بە کۆمەڵ تێ دەگەن. بەم پێ یە، من لە بەرابەر بەردەنگەکانی خۆمدا کەشێکی کراوەم لە بەر دەست دایە. من بەیانکەری دەروونی ئەوانم بە بێ ئەوەی نوێنەریان بم. پاش ساڵی 1948 قوناغی منداڵی من لەگەڵ تاڵی و سوێریەکی زۆربەرەو ڕوو بوو. کاتێك کە بنەماڵەم لەگەڵ هەلوومەرجێکی دژواردا بەرە و ڕو بوون من خۆمم بێ بەش لە خوشەویستی و سۆزی ئەوان هەست پێ کرد بە شێوەیەك کە لەو بڕوایەدا بووم کە دایکم خۆشمی ناوێت. لە ئاکامی یەکێك لە سەرەتایی ترین قوناغەکانی زینداندا کاتێك کە 20 ساڵ تەمەن بووم دایکم هات بۆ دیتنم. قاوەو ئەو خواردنانەی بۆ هێنا بووم کە خوشم دەویست. دوبارە پێم وا بوو کە ئەو نەیزانیوە کە ئەمە ئەوخواردنانەن کە من

خۆشم دەوێن. دوای ئەوەی کە ڕویشت پارچە شێعرێکی کورت کە تێیدا هاتبوو:

له نانی دایکم

له قاوەی دایکم.

له لاواندنەوەی دایکم،

لێکدانەوە دەکەم

رۆژ لەگەڵ رۆژ

منداڵی له مندا گەشە دەکات

شانازی بە تەمەنم دەکەم.

له بەر ئەوەی کە ئەگەر بمرم

فرمێسکەکانی دایکم

شەرمەندەم دەکات...

ئەم شێعره سادە کە بەرهەمی بیرەوەریەکی شەخسیە. ئەمرۆکە بە ملیۆنان عەرەب تەجرەبەی دەکەن و ئەیکەن بە گۆرانی. مەبەست ئەوەیە کە قسە هەرچی دۆستانە تر و سەمیمانەتر بێت بەر فراوان تر دەبێت.

کۆمەڵگەی ئێمە لە سالی 1948 دا تێك رووخا. هیچ کۆڵەکەیەکی دیار و قایمی نەبوو کە بتوانرێ لە سەری فەرهەنگێك بینا بکرێت. لە ئیمکانی پێك هێنانی شانۆیەکەوە بگرە تا نووسینی رۆمانێك. تەنیا شتێك کە چ زارەکی و چ بە شێوازی نوسین درێژەی بە ژیانی خۆی دا شێعر بوو. لە زمانی عەرەبیدا وشەیەك کە ناسێنەری شێعرە ناسێنەری خانووشە "بەیت" گومانی تێدا نیە کە فەلەستینیەکان لە شێعردا بە شوێن ماڵ دا دەگەرێن. زمان بەردەوام پڕە لەم داخ و خەمانە کە لە وشەی ولاتانێك دروست دەکرێت. بۆ فەلەستینیەکان مەسەلەکە لەمە واوەتریش دەچێت. پێدا گرتنی سەر سەختانەی ئەوان بۆ گێڕانەوەی بیرەوەریەکانیان ئەوانی لە هێز و توانایەك کە مێژووی پڕ ئازاریان لە خنکاندنیاندا بوویەتی ئازاد دەکات.

ئەمڕۆش لە غەمی مردوەکاندا. داوا لە من دەکەن شێعریان بۆ هەڵبەستم. دەڵێی بەم کارە دەتوانن زیندوو بمێنن، بە هۆی شێعرەوە.

پرسیار: لە شێعرەکانی ئێوەدا قسە لە ئەفسانە دەکرێت دەمهەوێ بپرسم ئەو شێعرانەی کە لەم دوایانەدا بە زمانی فەرانسەوی وەرگێڕدراوە کەمتر لە شێعرەکانی پێشووت پێوەندیان بەڕوداوەکانی رۆژەوە هەیە. وابە نەزەر دەگات لە بەرهەمەکانی ئێوەدا بە جورێك لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە قسە دەکرێت واتا هەڵسووکەوت لەگەڵ ئوستورە و ئەفسانە بەرووبەکی کراوەترەوە. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوەنیە کە لەمە بە دواوە دەتەوێ لە کەوشەنی سونەتی حەماسیدا بیت و نەتەوەیەك پێك بێنێت کە هاوکات لەگەڵ بێ بەش بوون لە نیشتمان بتوانێت لە نیشتمانێك لە وشەدا لە دایك بێت.ئەو جۆرەی کە بۆ نمونە لە حەماسەی گیلگارش یان تەورات دا دەیبەنین؟

ولام: من بەس ئەوە دەڵێم کە لەگەڵ تاریفێکدا کە لە بەرزە فڕی شێعرەکانمی دەکەی مەوافقم. لە خۆم دەپرسم کە ئایا بەوەها ئامانجێك گەیشتوم. زۆرجار دڵ سارد دەبمەوە. بەڵام کاتێك کە لە تێگەشتنێك کە ئێوە لە شێعرەکانی من هەتانە، پرۆژەکەم دەبینمەوەو بەو ئاکامە دەگەم کە نووسینەکانم بە ناسنامەی سەر بە خۆی خۆیان گەیشتوون و ئازاد بوون لە و کۆت و بەندەی کە پێوەندە بەڕوداوەکانی ڕابردوی منەوە. بەم شێعرانە من دەچمە نێو کەشێکی تایبەتەوە کە لەسەر لێ شێواوی دەم پارێزێت. شێعر کاتێك باجدەری روداوەکانی رۆژ نەبێت. ئەم مەترسیە هەڕەشەی لێ ناکات کە بە تێپەر بوونی قوناغێکی دیاری کراوی مێژویی ڕوداوەکان لە سەحنە دەچێتە دەر.بەلام بە ڕزگار بوون لەم مەترسیە. لەگەڵ مەترسیەکی تردا بەرەو ڕوین کە سەبارەت بەلایەنێکی هەتاهەتایە کە ویستوومە بە شێعرەکانمی بدەم. کاتێك کە بە هێنانە ئارای پرسیار گەلێکی میتافیزیکی دەگەم لەگەڵ قەیرانێکی تردا بەرەو روو دەبم. ئێستا کە بە رێگەوەم، شێعرەکانی من تا ئیستا بە ئامانجی تایبەتی خۆیان گەیشتوون. ئەوان تەنها سەبارەت بە بەسەرهاتی تایبەتی من نین. دەڵێی لەمە بەدواوە ئاسۆیەك کە لە پێش چاویاندایە خوێندنەوەی خودی شێعرە بەو هۆیەی کە لەم کتێبەدا چەندین جار ئاماژە بە " سەرەتاکانی وتار" کراوە. ئەم شێعرانە هەوڵ گەلێکی بۆ گەیشتن بەلانی زۆری مودێرنیتەی ئەدەبی داوە. بەلام کەمتر قانع کەرن. ڕاستی ئەمەیە کە من خوازیاری کلاسیکێکی مۆدێرنم.

ڕەنگە ئەم پرۆژەیەی من لە ڕادەبەردەر بەرزە فڕانە بێت بەردەوام دەپرسم کامەمان گەورەترین، من یان شێعرم؟ بە

داخەوە وا هەست دەکەم خۆم لە شێعرەکانم گەورەترم. واتە شێعری من هێشتا ناتوانێت پرۆژەکانم بگەیەنێتە ئامانج.

تا ئیستا تابعی ئاسۆیەکی تەنگی مێژوویی بووم کە ببوە کۆسپ لە سەر ڕێگام. ئاواتە خوازم بەو ساتە بگەم کە شێعرەکانم لە من واوەتر بچن کە ئیتر ئەم هەستەم نەمێنیت کە من دامڕشتوون.

پرسیار: ئێوە 24 ساڵە لە تاراوگەدا بە سەر دەبەن، ئایا ئەم ئەزموونەی تاراوگەیەکە هەلی پێویستی بۆ ئیوە ڕەخساندووە تا لە بە سەر هاتی فەلەستینەکان واوەتر برۆن؟



ولام: بەڵێ تاراوگە دەتوانێت جورێك دڵە ڕاوکە و هەرەشە پێك بێنێت. بەڵام من گۆمانێك بە خۆم ڕێکا نادەم کە بڵێم تاراوگە نیشتمانی شاعیرانەی منە. نیشتمانێك کە ئەو ئیمکانەی بە من داوە تا بەسیمایەکی ڕاستی تر لە خۆم بگەم. کاتێك کە لێرەوە سەیری ئەوە دەکەم کە ساڵەها لە مەو پێش لە "جەلیلی فەلەستین" بووم، کاتێك کە سەیری مێژویەك دەکەم کە بەردەوام بە ڕێگاوەیە ئەم سەحنەیە لەگەڵ خۆڕاگریەکان و سەرکەوتنەکا و خوداکانی باشتر هەست پیّ دەکەم. بە تایبەت لە بەربەرەکانێیەك ڕزگار دەبم کە ژیان لە دڵی ڕوداوکاندا لە مندا پێك دێنیت. بە دوورکەوتنەوە هەم باشتر لە خۆم دەگەم و هەروەها مێژویەك کە لەم نێوەدا ڕودەدات. تاراوگە ئەو ئیمکانەی بە شێعری من داوە کە لەگەڵ سروشتی تایبەتی خۆ ئاشنا بێت . شتێك کە سەبارەت بە مەسەلەی فەلەستین دەرونمی هەژاند، توورەیی و خروشانێکە کە لە ئاکامی بەزەیەك کە سەبارەت بە فەلەستینیەکان دەری دەبرێت لە خۆدا هەست پیّ دەکەم. دەمەوێت وەکوو ئینسان سەیریان بکرێت. مەبەستم هەستی قووڵی ڕۆژنامەنووسانە! لە ڕوانگەی ئەوانەوە فەلەستینەکان تەنها ڕۆڵی ئینسانگەلێکی هەژار دەبینن کە دەڵێی تووشی ڕوداوێك بوون بە تایبەت پشتی دراو ئەوە دەردەخات کە هەموو ساغن لە سەر ئەوەی کە نەتەوەیەکی ئاوارە لە چەند هەزار ساڵ پێش، واتا نەتەوەی جولەکە نیشتمانی خۆی دۆزیوەتەوە. ئەم خاڵە هەموو ئەو کەسانەی کە قسە لە سەر ئەم بەربەرەکانێیە دەکەن هان دەدات تا بەرانبەر بە چارەنووسی فەلەستینیەکان و کارەساتێك کە قورسایەکەی لە سەرشانی ئەوانە هەڵسووکەوتی ڕێژەیی و مەرجیان هەبێت. خودی دەسەلاّتی زاڵ "ئسرائیل" یش هەروەها بارودۆخی قوربانی بوونی لە گەمارۆدایە تازە لە رووی دڵسۆزیەوە، خۆی بە قوربانیەك بە ئەژمار دێنێت کە دەتوانێت وەکوو وێژدانی زیندووی کارەسات "کوشتنی جولەکەکان لە شەری دوەمدا"لە سەحنە دا نیشان بدات.

پرسیار: ئەو دو شێعرەی کە لە ساڵی 1992 دا وتراوە. "وتاری پیاوی سوور پێست" و "یازدە ئەستێرە لە کۆتایی سەحنەی ئەندەلووس"دا بەشێوازی تایبەتی خۆی ڕوداوەکانی ساڵی 1492 وەبیر دینێتەوە واتا دۆزینەوەی دونیایەکی نوێ و سەرەتای قوناغێکی ئستعماری کە شارستانیەتە خۆجێ یەکانی قارەی ئامریکای نابوود کرد و ئیتر داڕمانی غەرناتە " لە

ئەندەلۆسی ئسپانیا" کە کۆتایی هینا بە بوونی سێ ئاینی یەکتا پەرەست_جولەکە و مەسیەحی و ئیسلام لە ئوروپا دا. لەم دو شێعرەدا کە تایبەتن بەم ڕوداوە مێژوویە شوێن پێی فەلەستین دەتوانرێت لە نێوان دێرەکاندا ببینرێت.بەڵام فەلەستینیك کە لە ئاستی ئوستورەیەکی جیهانگردا گەشەی کردوە و هەموو توندو تیژیەکانی جیهان و کاروانی دەرکراوەکان و دوورخراوەکان و مردوەکانی لە خۆدا کۆ کردوەتەوە.

ولأم: بەڵام فەلەستین خۆی لە خۆیدا. بوونی شارستانیەتە، جورێك لە مرۆڤایەتی کە من وا هەست دەکەم وەکوو ئەمانەتێك لە خۆمدا هەمە. وەها شارستانیەت و مرۆڤایەتیەك کە هی منە لە دەورپی خودایانی کەنعانیدا، لە ژنانی سەدکانی کۆن بە جلی ئاڵو والأوە، تا ئەو منداڵانەی کە بەرد فرێ دەدەن، هەمووی ئەوشتانەی کە فەلەستینی پێك هێناوە لە یوونانیەکان، رۆمیەکان، جوولەکەکانە وەبگرە تا عوسمانیەکان و ئینگلیسییەکان و فەرانسەویەکان. من هەمووی ئەمانەم. ڕاستە کە من وەکوو شاعێر، هەمووی ئەم میراسە بە هی خۆم دەزانم بەڵام هەمووی دەست بە دەستی یەکەدەدەن تاکوو ناسنامەی من وەکوو ئینسانێك دروست بکەن ئەم مەسەلەیە کە لە کەیەوە ئەم یان ئەو پارچە زەوین هی فلان وفیسارەکەس بووە باسی من نیە. ئەوەی کە بۆ من بایەخی هەیە ئەمەیە کە مێژووی فەلەستین مێژووی مرۆڤایەتیە. ئەمەیە ئەومانایەی کە تێ دەکۆشم لە شێعرەکانمدا بیگونجێنم و بەم هۆیەشە کە ئیوە دەتوانن فەلەستین لە قووڵایی سەرکەوتنی دونیای نوێ و بە دارمانی غەرناتە ببینن. هەموو توندوتیژیەکانی مێژوو، هەموو کۆچەکان، هەموو نەتەوەکان، هەمووئەو پێوەندانەی لە نێوانیا دا بەستراوە گۆرانی فەلەستین دروست دەکات کاتێك کە من فرمیسك بۆ دارمانی غەرناتە دەرێژم بەو بۆنەوە نیە کە خاوەنداریەتی یەك کۆتایی هاتووە بەڵکوو بە هۆی جیابوونەوەی نەتەوەگەلێکە کە ناسنامەی خۆیانیان لە وتووێژێکدا دۆزیوەتەوە ئەمەیە مەبەستی من لە ئینسانی بە ئەژمار هێنانی فەلەستین.

پرسیار: بە گەشە کردنی فەلەستین بۆ ئاستی ئەستوورەی جیهانگر ئایا توندوتیژی هەوسار پێچراویش لەوێدا بەو ئاستە ناگەیەنرێت.

ولأم: توندوتیژی قەزاوقەدەرنیە. دەسەڵاتداران نەخودان و نەشاعێر. فەلەستین ناوەندی ناکۆکی بەرژەوەندیە نەك ناوەندی ناکۆکی ئۆستوورەکان. فەلەستین قوربانی بارودۆخی هەرێمی خۆیەتی نەك قوربانی خۆی. بەڵام ئەمە واقعیەتە کە دەتوانێت نیشتمانێك بێت کە مەسەلەی ئاشتی بە باوەشی ئاوا ڵەوە قبووڵ بکات. ئەرکی ئێمەیە کە ئەم مەسەلەیە تا ئاستی جیهانی کە باوەڕی ئاشتی تێدایە بەرز بکەینەوە. ئەگەر بەم سەرکەوتنە بگەین مایەی خۆش بەختی من دەبێت. ئەمە بەم مانایەیە کە شێعری من بە تەنها لە وشە پێك نەهاتووە بەڵکوو توانیویەتی پێداویستی تایبەتی خۆی بە دەست بێنێت.

پرسیار: پول سەلان شاعێری جوولەکەی ئاڵمانی جیاوازیەك لە نێوان شێعر و گوشینی دەست دانابینێت . ئایا حازری ئەم تاریفە بە هی خۆت بزانیت.

ولأم: بریا بێژەری ئەو من بوایەم.

پرسیار: شێعری ئەندەلۆست لە کۆتایی ئەم کۆمەڵە شێعرەدا هێناوە ئایا ئەمە دەستێکە کە بە نیشانەی هاوڕێتی ڕات داشتوە؟

ولأم: لەمە واوەترە. ئەمە دڵێکە کە باڵ لێ دەدات لە شێعردا هیچ غەریبەیەك نیە. شێعر نیشتمانی غەریبەکانە نیشتمانێك کە ئیتر تێیدا غەریب نین.

***

# وتووێژێك لەگەڵ گابریل گارسیا مارکز

*پێوەندی نێوان ئەدەبیات و رۆژنامەگەری..
*باسێکی کورت لەسەر "سەدساڵ تەنیایی"..

وەرگێڕانی سەلاح ئەمانی



گابریل گارسیا مارکز ساڵی 1928 لەشارۆچکەی ئارکاتا ی کولومبیا لەدایك بووە. ماکوندۆ کە چواردەورەکەی مەزرای مۆزەو دواجار بوو بەشوێنی سەدساڵ تەنیایی، سەر بەو شارۆچکەیەیە. گارسیا مارکز زۆرترین کاتەکانی دەورانی منداڵی خۆی لەگەڵ نەنك و باپیری بەسەر برد. بەشوورو شەوقێکی زۆرەوە ئەوانی حەقایەت خوانی جادوویی و ناو نابوو و بۆ زوربەی رۆمان و کورتە چیرۆکەکانی ئیلهامی لەوان وەرگرتبوو. هەرچەند لە سەرەتاوە شێعرو عیرفان کاریان کردۆتە سەر شتەکانی بەڵام ئەو دەم نووسراوەکانی بەشێوەی گوزارش بوون کە لەرۆژنامەی ئێڵ ئێسپێکتادۆر چاپ کراوە.

رۆژنامەیەك کە خۆی رەخنەگری فیلم و گوزارشەکانی بوو. هەروەها چەند ساڵێکیش لەنێوان ساڵەکانی 1950 هەتا 1959 لە رۆم و پاریس وەکو هەواڵنێری خارجی کاری دەکرد.

سەرەتاکان گابریل گارسیا مارکز چیرۆکەکانی ئەوکاتانە دەنووسی کە شەوانە رۆژنامەنووسەکان دەرۆیشتنەوە بۆ ماڵێ. بەڵام دوای تێپەربوونی ساڵێك و پاش ئەوەی کە چەند ڕفیقێکی هانیان دا چاپ کرا. ئەورۆکە بەرهەمەکانی وەرگێردراوەتە سەر زیاتر لەبیست* زمانی زیندووی دنیا کە بریتین لە: تۆفانی گەڵا (1955)، کەس بۆ سەرهەنگ نامە نانووسێ (1961) سەعاتی شووم (1962)، کە خەڵاتی ئەدەبی کولومبیای پێ بەخشرا. بەڵام تەنیا لەساڵی 1967 دابوو کە بەبڵاوکردنەوەی "سەدساڵ تەنیایی" کتێبێك کە ساڵیانێك لەهەوڵی نووسین دابوو، لە سەرتاسەری دنیا ناوو ناوبانگی دەرکرد، کتێبەکە لەڕێوە بەشاکارێکی گەورە دانراوە ساڵی 1969 خەڵاتی باشترین کتێبی خارجی ئاکادمی فەرانسەی پێ بەخشرا. ساڵی 1975 خەزانی باوك سالاری" درێژەی لێکۆڵینەوەی چیرۆکی تەنیایی و پێوەندی ئەو بەهێزو توانییەوە، وەکو رۆمانەکەی پێشوو لەگەڵ تاریف و تەمجیدێکی زۆر بەرەو روو بوو. رۆمانی گوزارشی مەرگێکی لەپێش دا ڕاگەیاندراو" ساڵی 1981 بڵاوبۆوە. گۆڤاری ئێل پایس ی

چاپی ئیسپانیا، چاپی ئەو دوو رۆمانەی بە رووداوێکی گەورە لە ئەدەبیاتی زمانی ئیسپانیا دانا.

گ.گ ماركز سالی 1961، بێجگە لەوەی ماوەیەکی کورت لە بارسیلۆن ماوە، دەنا لەمکزیکۆ دەژیا. زیاتر لەبیست ساڵە کە لەگەڵ یاری دەورانی منداڵی خۆی، مێرسیدێس، زەماوەندی کردووە و دوو کوڕیشی هەیە بەناوەکانی روودریگۆ کە لەزانکۆی هاروارد دەرس دەخوێنێ و گوونسالۆو کە قەرەنەی ژەنەو لەپاریس دەرس دەخوێنێ.

ئەو وتو وێژە لەدیوی کارەکەی لەگەڵ گابریل گارسیا مارکز کرا کە رێك لەپشت ماڵەکەی لەسان ئانخیل، شوێنێکی قەدیمی و خۆشی لێیە کە پڕە لەگوڵی ڕەنگاو ڕەنگی مکزیکی جوان و ئینسان حەز دەکا چاویان لێکا، دیوی کارەکەی کە لە ماڵەکەیەوە زۆر دوور نییە، ساختمانێکی نەوی و دوور و درێژەو وادەنوێنێ کە تایبەتی بۆ پەزێرایی ساز کراوە. لایەکی دیوەکە قەنەفەیەك و دوو مۆبل و بۆخچەیەك – کە سەهۆڵدانێکی سپی چکۆلە کەبرێك ئاو مەعدەنی لەسەرە، لێ دانراوە.

سەرنج راکێشترین شتی ئەو دیوە عەکسێکی گەورەی گارسیا مارکزە کە لەسەر قەنەفەکەوە هەڵواسراوە و چاکەتێکی خستۆتە سەرشانی و باڵێی دەدا. ئەکسەکە نەختێك وەك ئانتوونی کودئین دەچێ.

گارسیا مارکز، لەئاخری دیوەکە لەسەر مێزێك دانیشتبوو، بە لەسەرەخۆیی و سەری حاڵی بەرەوپیرم هات. پیاوێکی بەشان و باهۆیەکە بالای میترێك و حەفتا و پێنج سانتی میترە. وەکو بۆکسۆرێکی مام ناوەندی دەهاتە پێش چاو. چوارشانەیە بەڵام لاقی نەختێك کز دیاری دەدا. شاڵوارێکی مەخمەری بۆرو چاکەتێکی گەرمی یەخەدارو هەروەها جوتێك پۆتینی مەیلەو رەشی لەپێ دابوو. قژێکی لوو و رەنگ خورمایی و سمێڵێکی زل و باپڕی بوو.

وتووێژەکە هەموو رۆژێ لای ئێوارێ کە دوو سەعاتی دەخایاند لەماوەی سێ رۆژ دا تەواو بوو. هەرچەندە گارسیا مارکز ئینگلیسی بەباشی دەزانی بەڵام زیاتر بەزمانی ئیسپانیایی دەدوا و دوو کورە حەڤدە و هەژدە ساڵەکەی کە لە مەدرەسەی ئینگلیسی زمانەکانی مکزیکۆ و ئیسپانیا دەرسیان خوێندووە، بوونە دیلمانجی ئەو وتووێژە.

کاتێك کە قسەدەکا خۆی ڕادەژێنێ. دەستیشی زۆربەی کاتەکان دەجووڵێنێ و بەئاماژە کردنی کورت و سووربوون لەسەر مەسەلەیەك بەدەستی تەئکید دەکا یان خۆی بەلای بیسەرەکەی دا خوار کردۆتەوە یان لاقی لەسەر لاقی داناوە و خۆی تەواو کێشاوتە دواوە.

****

پیتر ئێستۆن: نێوانت لەگەڵ زەفت چۆنە ؟

گابریل گارسیا مارکز: مەسەلەکە ئەوەیە هەر کە ئاگادار دەبی خەریکن وتووێژەکەت زەفت دەکەن، بۆچوونت دەگۆڕێ. ئەگەر لەمن دەپرسن زوو دەکەومە حاڵەتی پشتیوانی لەخۆ. من وەکوو رۆژنامەگەرێك هەست دەکەم کە ئێستاش فێر نەبووین بۆ وتووێژ کەڵك لەزەفت وەرگرین. پێموایە باشترین شێوە بۆ وتووێژ ئەوەیە کە پێکەوە تێروتەسەل قسەبکەین بێ ئەوەی ئەو کەسەی وتووێژت لەگەڵ دەکا قسەکانت یادداشت کا. پاشان لەهەلێك دا وتووێژەکە وەبیری خۆی بێنیتەوە و ئەو شتانەی کە هەستی پێ کردوە لەسەر کاغەز بینووسێ. پێویست ناکا دانەبەدانەی وشەکان بنووسێتەوە.

شێوەیەکی تر کە بەهرەی زیاترە ئەوەیە کە ئەو کەسەی وتووێژت لەگەڵ دەکا چەند یادداشتێك لە قسەکانت هەڵگرێ و پاشان بەجۆرێك وەفاداری سەبارەت بەوتووێژەکە، دەست بکا بەشی کردنەوەی قسەکانی. هەڵەبوونی زەفت کردنی تەواوی وتووێژەکە لەوەدایە کەی زەفت سەبارەت بەو کەسەی کە وتووێژی لەگەڵ دەکرێ وەفادارنیە چونکە کاتێك کە ئەو لە شوێنێك تووشی ئارۆزیان یان سەرلێشێواوی دەبێ، زەفتەکە هەمووی دەخاتە خاترییەوە.

هەر بۆیە کاتێك کە زەفتم لەلا دادەنێن پەیتا پەیتا لەبیری ئەوەدام کە خەریکم وتووێژ دەکەم، بەڵام لەحاڵێك دا ئەگەر زەفت و مەفت لەگۆڕێ دانەبێ بەخاترجەمی و زۆر ئاسایی قسە دەکەم.

پ، کەوایە هەست دەکەم لەو بارەیەوە تاوانبارم بەڵام پێموایە بۆ ئەو جۆرە وتوێژانە پێویستە.

و: بەهەرحاڵ مەبەستم، لە قسەکانم ئەوەبوو کە بتانخەمە حاڵەتێکی پشتیوانی لەخۆ.

پ، دەتان هەوێ بڵێن کە لەوتووێژ دا قەت کەڵکتان لەزەفت وەرنەگرتووە؟

و: وەك رۆژنامەگەرێك قەت کەڵکی لێ وەرناگرم، من زەفتێکی زۆر چاکم هەیە بەلاّم تەنیا بۆ گوێ گرتن لە مۆسیقی کەڵکی لێ وەردەگرم، ئەوەش بڵێم کە وەك رۆژنامەگەرێك قەت وتویژم لەگەڵ کەس نەکردووە، گوزارشم ئامادە کردوە بەلاّم وتووێژێکم نەکردووە کە پرسیارو وەلاّمی تێدابێ.



پ، بیستوومە لەگەڵ مەلەوانی کەشتییەکی نوقم بوو وتووێژێکی گەرم و گوڕت بووە.

و، پرسیار و وەلاّمێك لەگۆڕێ دا نەبوو. مەلەوانەکە تەنیا بەسەرهات و رووداوەکانی خۆی بۆ دەگێڕامەوە و منیش یادداشتم دەکرد و هەوڵم دەدا قسەکانی بەشێوەی "یەکەم کەسی تاك" پێنم، دەتگوت ئەو بۆخۆی نووسەری رووداوەکەیە، کە نووسراوەکە دوا بەدوای یەك لەرۆژنامە بلاّوبۆوە لەماوەی دوو حەوتوودا، هەموو رۆژێ، دەچووە بەر دەستی خوێنەران و هەروەها ئیمزای مەلەوانەکەی پێوەبوو نەك ئیمزای من. تەنیا پاش تێپەڕبوونی بیست ساڵ بەسەر ئەو رووداوە دابوو کە یەکجێ هەمووی بلاّوبۆوە و خەڵك زانیان کەمن نووسیومە. هەتا سەدساڵ تەنیایی" بلاّونەبۆوە، هیچ ناشرێك نەیزانی کە نووسراوەیەکی بە بایەخ و جێی سەرنجە.

پ، بەبڕوای ئێوە رۆمان دەتوانێ کاری وابکا کە لەتوانای رۆژنامەگەری دا نییە؟

و، نەخێر، پێموا نەبێ لەنێوان ئەو دوانەدا جیاوازییەك هەبێ، سەرچاوەکە پێداویستی و کەرەسەو زمانیش هەریەکە. "گوزارشتنامەی ساڵی تاعوون" نووسینی دانیەل دیفۆی، رۆمانێکی گەورەیە و هیرۆشیماش نووسینی جان هێرسێی، بەرهەمێکی گوزارشی گەورەیە.

پ: ئایا رۆژنامەگەر و رۆمان نووس لە هەڵسەنگاندنی "راستی و خەیال"دا ئەرکی جیاوازیان هەیە؟

و، لە رۆژنامەگەری دا تەنیا ئەوە بەسە کە رووداوێکی درۆ لەبەرهەمەکەت دا بگونجێنی هەتا تەواوی بەرهەمەکەت بێ بایەخ بێ و کەڵکی نەمێنێ. لەبەرابەر ئەوەدا، لەچیرۆك دا، گونجاندنی رووداوێکی راست سەرجەم بەرهەمەکەت بەبایەخ و جێی سەرنج دەکا، ئەوە تەنیا جیاوازییەکەو ئەو کارەش لە ئەستۆی نووسەرە و پێوەندی بە خۆیەوەیەتی.

پ: چۆن دەستت کرد بەنووسین ؟

و، بەنەقاشی، کارتۆن، پێش ئەوەی فێری نووسین و خوێندنەوە بم لە ماڵێ و لە مەدرەسە شکل و شێوەی پێکەنینیم دەکێشاو. خۆشییەکەی لەوەدایە ئێستا کە بیری لێدەکەمەوە دەزانم کاتێ لە دواناوەندی دەرسم دەخوێند منیان وەك نووسەرێك دەناسی هەرچەند لەراستی دا شتێکم نەدەنووسی. ئەگەر بیان ویستیانە داخوازییەك یان بەشێك لەکتێبێکیاننووسیبایە دەیان خستە ئەستۆی من چونکە وایان دەزانی من نووسەرم. کاتێك کە چوومە زانکۆ بەهەڵکەوت زانیم کە بونیەی ئەدەبیم بەهێزەو لەهەموو رفیقەکەکانم باشترم. لەزانکۆی بۆگۆتا رفیق و ئاشنای تازەم گرت کە منیان بە نووسەرەکانی ئەو سەردەم ناساند.

شەوێکیان یەکێك لە رفیقەکانم کۆمەڵە چیرۆکێکی فرانتس کافکای بە ئەمانەت دامێ. رۆیشتمەوە بۆ پانسیۆنی شوێنی مانەوەم و دەستم کرد بەخوێندنەوەی چیرۆکی (مەسخ)**. یەکەم دێرێم کە خوێندەوە شتێکی نەمابوو لەسەر قەرەوێڵەکەوە بەربمەوە.

سەرم سووڕما. یەکەم دێر ئەوە بوو (کاتێك کە گریگۆر سامسا لەخەونی ناخۆشی بێ ئۆقرەی خۆی هاتە دەرێ زانی کەبووە بە جانەوەرێکی زل و زەبەلاح.) ئەو دێرەم کە خوێندەوە لەفکری خۆم دا وتم کە کەسێك ناناسم

بەوشێوەیە بنووسیّ. ئەگەر بمناسیبایە زۆر لەمێژ بوو دەستم کردبوو بەنوسین. زۆر زوو دەستم کرد بەنووسینی کورتە چیرۆك تەواوی ئەو چیرۆکانەی کە نووسیمن و روناکبیرانەن چونکە بەپێی ئەزموونی ئەدەبیم نووسراون. هێشتا پێوەندییەکم لەنێوان ئەدەبیات و ژیان دا نەدۆزیبۆوە. چیرۆکەکان لەپاشکۆی ئەدەبی رۆژنامەی ئێلّ ئێسپێکتادۆر، لە بۆگۆتا، چاپ دەکران و ئەوکاتیش سەرکەوتنێکی بەدەست هێنا، پێموابیّ هۆیەکەشی ئەوەبوو کە کەس لە کۆلۆمبیا چیرۆکی رووناکبیرانەی نەدەنووسی.

ئەو سەردەم ئەو شتانەی کە دەنووسران تەنیا لەبارەی ژیانی دێهات و کۆمەڵگاوە بوون. کاتێك کە چیرۆکەکانم نووسی پێیان وتم کە لە ژێژ کاریگەری جۆیس دا نووسیومن.

پ: ئەوکات بەرهەمەکانی جۆیست خوێندبۆوە؟

و:نەمخوێندبۆوە هەربۆیە دەستم کرد بەخوێندنەوەی یوولیس، تەنیا نووسخەیەکی ئیسپانیایی کە هەبوو پاش ماوەیەکی زۆر، دوای ئەوەی کە یوولیسم بەزمانی ئینگلیس و هەروەها فەرانسە کە زۆر باش وەرگێردرابوو، خوێندەوە، زانیم کە بەراستی خراپ وەرگێردراوەتە سەر زمانی ئیسپانیایی، شتێك کە فێری بووم، شتێك کە لە داهاتوودا لەبواری نووسین دا یارمەتی کردم، رەوشتی (techique) وتووێژی دەروونی بوو. پاش ماوەیەکی تر ئەو شتەم لە بەرهەمەکانی ویرجینیا و وڵف دابینی و شێوەی ئەوم لەوکارەدا زیاتر لەشێوەی جۆیس بەدڵ بوو. هەرچەند پاش ماوەیەکی دیکە زانیم کە داهێنەری وتووێژی دەروونی نووسەری بیّ ناوونیشانی گۆچان کێش توورمس ی بووە.

پ:چیژت لە چ کەسانێك وەرگرتووە؟

و:ئەو کەسانەی کە بەراستی یارمەتی یان دام تا لەدەست بۆچوونی رووناکبیرانە سەبارەت بە کورتە چیرۆك رزگارم بیّ نووسەرانی نەسڵی بیّ ناوونیشانی ئامریکا بوون. تێگەیشتم کە ئەدەبیاتی ئەوان لەگەڵ ژیان پێوەندییەکیان هەیە کە سەبارەت بە ئەو شێوە بۆچوونە زۆر بەبایەخ بوو. لە نۆی ئاوریلی ساڵی 1948، گیتان، یەکێك لەبەرە سیاسییەکان بەفیشەك کوژراو خەڵکی بۆ گووتا وەك شێت ڕژانە سەرشەقامەکان. من لەپانسیونی شوێنی مانەوەم خەریکی خواردنی نانی نیوەرۆ بووم کە ئەم هەواڵەم بیست. بە پەلە پرووزە چووم بۆ شوێنی رووداوەکە بەڵام گیتانیان خستبۆ ناو تاکسییەك و دەیانبرد بۆ خەستەخانە. لەکاتی گەڕانەوەم بۆ پانسیۆمن چاوم بە ئاپۆرەی خەڵك کەوت کەلەسەر شەقامەکان خۆپیشاندانیان وەریّ خستبوو، دووکانەکانیان تاڵان، دەکرد و ساختومانەکانیان ئاور دەدا.

خۆم گەیاندە ئەوان. بۆ دوانیوەرۆ و شەوی ئەو رۆژە بوو کە تێگەیشتم لەچ وڵاتێك دا دەژیم و کورتە چیرۆکەکانم بچووکترین پێوەندیان بەوانەوە نییە، دواجار کە ناچار گەڕامەوە بۆ باڕانکێلا لە دوورگەی کارائیب، کە دەورانی منداڵیم لەویّ بردبوە سەر، تێگەیشتم کە ئەو جۆرە ژیانم بەسەر بردووە و هەستم کرد کە مەیلم هەیە شتی لەبارەوە بنووسم.

دەوروبەری ساڵەکانی 1950و 1951 رووداوێکی تر کاریگەری کردە سەر مەیل و بۆچوونی ئەدەبیم. دایکم داوای لێکردم کە لەگەڵی بچم بۆ ئارکاتا، شوێنی لەدایك بوونم و ئەو ماڵەی کە ساڵەکانی سەرەتای ژیانم لەویّ بردۆتەسەر، بفرۆشین. کاتێك گەیشتمە ئەویّ تا ئەوکات چاوم بەویّ نەکەوتبوو لەراستی دا هیچ شتێك نەگۆڕابوو، هەستم دەکرد چاو لەئاواییەکە ناکەم بەڵکو دەتگوت کتێبێکی کراوە دەخوێنمەوە. دەتگوت ئەو شتەی کە دەم دی پێشتر نووسرابوو، تەنیا کارێك کردم ئەوەبوو کە دانیشتم و ئەو شتانەی کە پێشتر وجودیان بوو و هەروەها هەرشتێك کە دەمخوێندەوە یادداشتم لیّ هەڵدەگرت.

هەمووی ئەو شتانە دەستیان دابووە دەستی یەك هەتا ئەو خانووبەرانە، خەڵك و بیرەوەریەکانم بێنە ناو ئەدەبیاتەوە، جوان لەبیرم نییە کە ئەوکات بەرهەمەکانی فاکنێرم خوێندبۆوە یان نا، بەڵام ئێستا دەزانم کە تەنیا رەوشتێك (techique) لە چەشنی رەوشتی فاکنێر بوو کە توانای پیّ دابووم هەر شتێك کە دبینم، بینووسمەوە. حاڵ و هەوا لەنێوچوون و گەرمای ئاواییەکە تەقریبەن هەر ئەو جۆرەبوون کە لە بەرهەمەکانی فاکنێر دا هەستم پیّ کردبوو.

ئەو ناوچەیە مەزرایەکی مۆزبوو کە بریکی زۆر لە ئامریکاییەکانی سەر بەشیرکەتی میوە لەوێ دەژیان و حال و هەوایەکی تایبەتیان پێ دابوو کە لە بەرهەمی نووسەرەکانی (باشووریترین شوێنی ئامریکا) دیبووم. رەخنەگران قسەیان لەسەر کاریگەری ئەدەبیفاکنێر لەسەر بەرهەمەکانی من کردووە بەلاّم من پێموایە ئەو کاریگەرییەی جگە لە هەڵکەوت هیچ شتێکی تر نەبووە. من هەرئەوەندە کەرەسەی لەجۆری فاکنێر دۆزیبۆوەهەتا دەست بدەمە کارێك کە پێشتر فاکنێر کردبووی.

پاش ئەوەی لەو سەفەرە گەرامەوە، یەکەم رۆمانی خۆمم بەناوی تۆفانی گەڵا نووسی. ئەو شتەی کە بەراستی لەسەفەری ئارکاتادا بۆم دەرکەوت ئەوەبوو کە تێگەیشتم تەواوی شتەکانی دەورانی منداڵی من بایەخی ئەدەبیان بووە. لەو کاتەوە کە تۆفانی گەلاّم تەواوکرد زانیم کە دەم هەوێ نووسەر بم، کە هیچ کەسیش ناتوانێ پێش بەو کارەی من بگرێ، ئەویش تەنیا کارێك کە دەبێ بیکەم ئەوەیە هەوڵ بدەم ببمە باشترین نووسەری دنیا. ئەو باسە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1953 بەلاّم تەنیا ساڵی 1967 بوو کەپاش نووسینی پێنج کتێب لەو هەشت کتێبەم، مافی نووسینیان (حق التالیف) پێ دام.

پ: بەبڕوای ئێوە ئەوە شتێکی ئاسایی یە کە نووسەرە لاوەکان بایەخێك بۆ دەورانی منداڵی و ئەزموونەکانیان دانانێن و لەسەرەتاوە وەکوو رووناکبیرێك شت دەنووسن؟

و: نەخێر، زۆر جار شێوەی کار بەپێچەوانەوەیە. بەلاّم ئەگەر قەرار بوایە سفارشم بە نووسەرێکی لاو بکردایە دەم ووت لەبارەی شتێکەوە بنووسێ کە بەسەرخۆی هاتووە. هەمیشە زۆر بەهاسانی دەتوانی تێبگەی کە نووسەرێك لەبارەی شتێکەوە دەنووسێ کە بەسەر خۆی هاتووە یان خوێندوویەتەوە یان بستوویەتی. پابلۆ نرۆد لەیەکێك لە هەڵبەستەکانی دا دەڵێ: (خودا یارمەتیم بکا هەتا لەکاتی دانانی شێعردا، شتێك جەعل نەکەم). ئەو شتەی کە لێرەدا دەبێتەهۆی خۆشحاڵی و سەرگەمی من ئەوەیە کەبەرهەمەکانم زیاتر بەخاتری خەیاڵی بوونیان تاریفیان لێوە دەکرێ، لەحاڵێك دا کە راستی مەسەلەکە ئەوەیە کە لەنیو بەرهەمەکانی من دا دێرێکت بەرچاو ناکەوێ کە ریشەی لە راستییەکاندا نەبێ. مەسەلەکە ئەوەیە کە راستی رووداوەکانی دوورگەکانی کارائیب لەگەڵ سەیروسەمەرەو غەریب ترین خەیاڵەکاندا دیتەوە.

پ: ئەو سەردەم بۆ چ کەسانێکتان دەنووسی؟ خوێنەرەکانتان چ کەسانێك بوون؟

و: تۆفانی گەلاّم بۆ رفیقەکانم نووسی کە یارمەتیان دەکردم و کتێبەکانیان بەئەمانەت پێ دەدام و بەئاواتی خوێندنەوەی بەرهەمەکانم بوون. کاتێك کە دەنووسم هەمیشە و داییم وریام کە ئەو رفیقەم خۆشی لەو بەشە دێ و ئەو رفیقەم کەم تامو چێژ لەو بەشەی کە وەردەگرێ. ئاخرێکەی بۆم دەردەکەوێ کە هەموو کتێبەکانم بۆ رفیقەکانم نووسیووە.

تەنگ و چەڵەمەو دژوارییەك کە پاش نووسینی "سەدساڵ تەنیایی" هاتۆتە سەر رێم ئەوەیە کە نازانم بۆ کام یەك لەو میلیۆن خوێنەرە دەنووسم، ئەو مەسەلەیە ئۆقرەی‌لێهەڵگرتووم و پەکی کارم دەخا. دەڵێن یەك میلیۆن کەس چاویان تێبڕیبووی و بەڕاستی ئینسان نازانێ کە ئەوانە بیرلەچی دەکەنەوە.

پ: رۆژنامەگەری چ کاریگەرییەکی کردۆتە سەر چیرۆکەکانت؟

و:بەبڕوای من کاریگەری دوولایەنە بووە. چیرۆك یارمەتی رۆژنامەگەری منی داوە چونکە بایەخی ئەدەبی پێ داوە. رۆژنامەگەریش زۆر یارمەتی چیرۆکەکانی منی داوە چونکە منی لەپێوەندی نیزیك لەگەڵ راستییەکاندا راگرتووە.

پ: پاش نووسینی تۆفانی گەلاو پێش ئەوەی کە دەست بکەن بەنووسینی سەدساڵ تەنیایی، لەپێناو دۆزینەوەی شێوە و رەوشتێکی تایبەت چ کارێکتان کرد؟

و: پاش ئەوەی تۆفانی گەلاّم نووسی بەوە گەییشتم کە نووووسین دەربارەی دێهات و سەر دەمی مناڵی لە ڕاستی دا خۆشاردنەوەیەکە لە رووبە رووبوونەوە و نووسین لەبارەی ڕاستی رووداوە سیاسییەکانی ولاّتە. بەهەڵە وام بیردەکردەوە کە خۆم لەناو ئەو جۆرە دڵتەنگییە دا بۆ دەورانی منداڵی و شوێنی لەدایك بوونم دەشارمەوە هەتا لەگەڵ مەسەلەو رووداوەکانی دەووربەرم بەرەو روو نەبم. ئەوە راستە لەو سەردەمەدا بوو کە زۆر باسی پێوەندی نێوان ئەدەبیات و سیاسەت دەکرا. من هەوڵم دا کەلێنی

نێوان ئەو دوانە پڕکەمەوە لای فاکنێرم بەرداو، لای هەمینگۆیم گرت.

کەس بۆسەر هەنگ نامە نانووسیٚ، سەعاتێکی شووم و سەرەخۆشی دایەگەورەم نووسی کە تەقریبەن هەموویانم لەسەردەمێکدا نووسی و لایەنی هاوبەشیان زۆرە. شوێنی ئەو رۆمانانە ئاوایی یەکی تر جیا لەشوێنی رۆمانی تۆفانیگەلا و سەدسالٚ تەنیایی. لەو ئاوایی یە هیچ خەبەرێك لە جادوو نییە، ئەو ئەدەبیاتە دەبیٚ بە ئەدەبیاتێکی گوزارشی دانێی.

بەلاّم کاتێك کە سەعاتێکی شوومم تەواوکرد تێگەیشتم کە بۆ جارێکی تر تەواوی بۆچوونەکانم بەهەڵەدا چووە. بەو نەتیجەیە گەیشتم کە نووسراوەکانم لەبارەیدەورانی منداڵی زوتر سیاسی بوون و زیاتر لەوەی کە بیرم کردبۆوە راستی رووداوە ساسییەکانی ولاّتەکەم دەخاتەڕوو. پاش نووسینی سەعاتێکی شووم بۆماوەی پێنج ساڵ دەستم بۆ قەڵەم نەبرد بیرێك لەزەینم دا دایمە کەڵ کەڵەی دەدام و تینی بۆ دێنام، بەلاّم هەرچەندم کرد تێی نەگەیشتم.

شتێك کە چەندو چۆنەکەیم بەباشی نەدەزانی هەتا ئەوەی کە رۆژێك شێوەیەکی (لحن) باشم کەشف کرد، شێوەیەك کە ئاخرێکەی لەسەدساڵ تەنیایی دا بەکارم برد.

ئەوشێوەیە کە وەکو حەقایەت خوانی دایە گەورەم وابوو. ئەو شتانەی کە ئەو دەیگێڕایەوە مابعد الگبیعی و خەیاڵی دەهاتنەبەر نەزەر بەلاّم زۆر ئاسایی دەیگێڕێنەوە. کاتێك کە ئاخرێکەی شێوەیەك کە دەبوو بەکاری بەرم کەشفم کرد، هەژدە مانگ بەردەوام کارم کرد.

پ: دایە گەورەت چۆن ئەو شتە خەیاڵییانەی تا ئەو رادەیە ئاسایی دەگێڕاوە؟

و: شتێك کە جێی سەرنج بوو حاڵەتێك بوو کە لە رووخساری دا دەخوێندراوە. لەگێڕانەوەی چیرۆکەکانی دا شێوە و حاڵەتی قسەکردن نەدەگۆڕاو هەموومان سەرمان سووڕ دەما. لەسەرەتای نووسینی "سەدساڵ تەنیایی" دا هەوڵم دەدا بیٚ ئەوەی کە خۆم بروام بە چیرۆکەکە بیٚ بینووسم، دوایی بۆم دەرکەوت کە دەبیٚ بروام پێیان هەبیٚ و بەهەمان شێوە بینووسم کە دایە گەورەم چیرۆکەکانی بۆ دەگێڕاینەوە، بەروخسارێك لەچەشنی بەرد.

پ:لەو رەوشتە (techique) یان شێوە قسەکردنەدا چلۆنایەتییەکی گوزارشتی تێدا دەبیندریٚ، ئێوە رووداوە خەیالییەکان هێندە بەوردی شی دەکەنەوە کە وەراست دەگەڕیٚ. ئایا ئەوە هەر ئەو شتەیە کە لەرۆژنامەگەری وەرتان گرتووە.

و:لەرۆژنامەگەری دا فێڵ و تەڵەکەیەك هەیە کە دەتوانی لەئەدەبیاتیش دا بەکاری بەری. بۆ وێنە، ئەگەر بڵێی فیلەکان لەئاسمان هەڵدەفرن خەڵك بروا بەقسەکەت ناکەت، بەلاّم ئەگەر بڵێی چوارسەدو بیست و پێنج فیل هەڵدەفرن زۆرتر لەوەدەچیٚ کە بڕوات پیٚ بکەن. سەدساڵ تەنیایی پرە لە شتی وا. ئەوەرێك ئەو رەوشتەیە (techique) کە دایەگەورەم بەکاری دەبرد. چیرۆکی ئەو کابرایە کە پەپوولەی زەرد دەوریان دەدا بەباشی لەبیرمە کاتێك کە زۆر منداڵ بووم کرێکارێکی برق دەهات بۆ ماڵمان.

ئەو کرێکارە کەمەربەندێکی بوو کە لەدارتێلی چراکانی برق پێی دەچووە سەریٚ. ئەو کەمەربەندە زۆر سەرنجی رادەکێشام. دایە گەورەم دەیوت هەرکات کە ئەو پیاوە دیٚ بۆ ویٚ ماڵەکە پڕ دەبیٚ لە پەپوولە. کاتیٚ کە دەم ویست ئەوە بنووسم زانیم کە ئەگەر نەڵێم پەپوولەکان زەردن خەڵك بڕوا ناکەن. کاتیٚ کە چیرۆکی فەرعی رێمێدیوس جوانکیلەم نووسی کە دەروا بۆ بەهەشت، ماوەیەکی پیٚ چوو تا کردمە شتێکی جیٚ بڕوا. رۆژێك چووم بۆ بۆیاخ و تووشی ژنێك بووم کە شیووکوڵی ماڵی ئێمەی دەکرد. مەلافەکانی هەڵخستبوو هەتا وشك بنەوەو بایەکی توونديشی دەهات. ئەو لەگەڵ با شاخ بەشاخ ببو کە نەکا مەلافەکانی لەگەڵ خۆی بەریٚ. زانیم کە ئەگەر جێگەی مەلافەکان و رێمێدیوس جوانکیلە بگۆڕمەوە، ئەو هەڵدەفڕیٚ، هەر ئەو کارەم کرد و بوو بەشتێکی جیٚ بروا. دژواری هەموو نووسەرێك ئەوەیە کە ئەوکارە بکا. هەموو کەس دەتوانیٚ لەبارەی هەموو شتێکەوە بنوسیٚ بەو مەرجەی جێگەی بروابیٚ.

پ: تاعونی بیٚ خەوی لە سەدساڵ تەنیایی دا ریشەکەی لەکویٚ وە هاتووە؟

و: تاعونەکان هەمیشە سەرنجی منیان راکێشا. لەبارەی تاعونەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لێکۆڵینەوەی زۆرم کردووە، یەکێك لەو کتێبانەی کە عەلاقەی زۆرم پێیەتی،

گوزارشنامەی ساڵی تاعوون، نووسینی دانیەل دیفۆیە. یەکێك لەو هەمووە دەلیل و هۆیانەی کە عەلاقەم پێیەتی ئەوەیە کە ڕیفۆ گوزارشتگەریکە کە هەر وەکو نووسراوەکەی خەیاڵێکی پەتی یە.

ساڵانێك بوو کە پێم وابوو دیفۆ تاعوونی لەندەنی بەچاوی خۆی دیوە، بەڵام دوای تێگەیشتم کە گوزارشتەکەی رۆمانە چونکە کاتێك کە لە لەندەن تاعوون هەموو لایەکی گرتۆتەوە ئەو حەوت ساڵان بووە. تاعوونەکان هەمیشە یەکێك لە دیمەنەکانی بەرهەمەکانی من بوون کە لە شێوەی جۆراوجۆردا دووپات بۆتەوە. پێش لە نووسینی" سەدساڵ تەنیایی" لەچیرۆکی "رۆژێك پێش شەممە" تاعونێکم بەکار برد کە هەموو باڵندەکانی دەکوشت. لەسەدساڵ تەنیایی دا تاعوونی بێ خەویم وەکو فێڵ و تەڵەکەیەکی ئەدەبی بەکارکرد چونکە دژی تاعوونی خەوە. لەوانەگەرێین، ئەدەبیات جگە لەدارتاشی هیچ شتێکی دیگە نییە.

پ: ئەو هەڵەسەنگاندن و بۆ چوونە نەختێك زیاتر شی کەنەوە.

و: هەم دارتاشی و هەم نووسین کارێکی دژوارن نووسینی هەر شتێك تەقریبەن وەك دژواری سازکردنی مێزێك وایە. لەهەدووکیان دا سەروو کارت لەگەڵ راستییە.راستی یەك کە وەك دار رەق و تەقە، هەردووکیان پڕ لە فێڵ و تەڵەکەو رەوشتن (techique) راستی یەکەی ئەویە کە لەگەڵ نەختێك جادوو و کوتێك کاری دژوار بەرەورووین و هەر ئەو جۆرە کە وتوویانە –پێموایە پرۆ وتوویەتی – لە سەدا دە چێژ (الهام) و لە سەدا نەوەد عارەقە رشتنی پێویستە. من قەت دارتاشیم نەکردووە بەڵام زیاتر لەهەر کەسب و کارێکی تاریف و تەمجیدی دەکەم، بەتایبەتی بەخاتری ئەوەی کە کەست پێ شك نایا کارێك بەدڵی خۆت بکا.

پ: لەبارەی وتاری مۆز لە سەدساڵ تەنیایی دا دەڵێن چی؟ تا چ رادەیەك پێوەندی بەکارەکانی شیرکەتی یوونایتێد فرۆتەوە هەیە؟

و: یاو و تاوی مۆز رێك پێوەندی بەراستی یەکانەوە هەیە. هەڵبەت دەبێ بڵێم کەمن فێڵ و تەڵەکەی ئەدەبیم لەبارەی ئەو شتانەوە بەکاربردووە کە پێشینەی مێژوویی نەبوو. بۆ وێنە کوشتنی بەکۆی مەیدانەکە بەتەواوەتی راستە بەڵام کاتێك کە بە پێی قسەوباس و بەڵگەنامەکان نوسیم زۆر جوان نەت دەزانی کەچەند کەس کوژراو. من ژمارەی سێ هەزار کەسم بۆ داناوە، کە بە رواڵەت لەرادەبەدەر زۆرە. بەڵام یەکێك لە بیرەوەرییەکانی منداڵیم ئەوەیە کە قەتارێکی دوور و درێژ کە پریان کردووە لەمۆز، لە مەزرایەکی مۆزەوە تێدەپەڕێ. ئەو قەتارە، دەیتوانی سێ هەزار تەرمی بارکردبێ و ئاخرێکەی بردبێتی لەدەریا بەتاڵی کردبێ. زۆر سەیرە کە ئێستا لە مەجلیس دا قسەی لێوە دەکەن و رۆژنامەکان باس لە (سێ هەزار مردوو) دەکەن. من پێموایە نیوەی تەواوی مێژوو بەو شێوەیە سازکراوە.

لە (خەزانی باوك سالاری) دا، سەرەرۆ، (دیکتاتۆر) دەڵێ کە ئەگەر ئێستا وەراست نەگەڕێ زۆر گرنگ نیە چونکە لەداهاتوودا وەراست دەگەڕێ. درەنگ یا زوو خەڵك بەجێی ئەوە کە بڕوا بەقسەی حکومەت بکەن، قسەی نووسەرەکە قبوڵ دەکەن.

پ:کەوایە بەو جۆرەی کە ئێوە دەڵێن، نووسەر هێزێك پێکەوە دەنێ، ئەرێ؟

و: بەڵێ، منیش هەر ئەو بۆچوونەم هەیە. ئەو مەسەلەیە ئەرکێکی گەورە دەخاتە سەرشانم. بەراستی ئەو کارەی کە پێم خۆشە بیکەم بەرهەمێکی گوزارشی یە کە بە تەواوی مانا راست و دروست بێ بەڵام بەهەمان هێزە خەیاڵی یەکەی "سەدساڵ تەنیایی"یەوە. هەرچی زیاتر دەژیم و شتم لەڕابردوو بیردەکەوێتەوە، زۆرتر هەست دەکەم کە ئەدەبیات و رۆژنامەگەری پێوەندییەکی نیزیکیان پێکەوە هەیە.

***

پ:ئێوە زیاتر دیمەنی هێز بەکار دەبەن.

و: ئینسان هەرچی زیاتر بەهێز بێ، دژوارە کە بزانی کێت لەگەڵەو کێت لەگەڵ نییە. کاتێك کە بەهێزێکی سەرەرۆ دەگەی ئیتر هیچ پێوەندییەکت بەراستی یەوە نامێنێ و ئەوەش خراپترین جۆری تەنیایی یە. ئینسان زۆر بەهێز، ئینسانێکی سەرەرۆ، دەورووبەری بەعەلاقەو خەڵکێك تەندراوە کە ئامانجی سەرەکییان جیاکردنەوەی

ئەو لەراستی یەکانە، هەموو شتێك دەست دەدەنە دەستی یەك هەتا ببێتە کەسێکی دوورە پەرێز.

پ: لەبارەی تەنیایی نووسەردا چی دەڵێن؟ ئایا ئەمەیان شتێکی جیاوازە؟

و: لەگەڵ دوورە پەرێزی هێز (انزوای قدرت) زۆر لەیەك دەچن، هەوڵی نووسەر، بۆ باس کردنی راستی یەکان، زۆرجار ئەو بەرەو شکل و شێوەی راستی یەکان رادەکێشێ. هەر ئەو جۆرەی کە دەڵێن بوورجی عاج نشینەکان لەهەوڵی پاش و پێش خستنی راستی یەکاندان، ڕەنگە پێوەندی خویانی لەگەڵ، لەدەست بدەن. رۆژنامەگەریی پارێزگاری لەبەرابەر وەها کارێك دایە.

هەربۆیە و بەپێی ئەو شتە بووە کە من هەمیشە خەریکی کاری گوزارشگەری بووم چونکە ئەوکارە پێوەندی من لەگەڵ دنیای راستی یەکان رادەگریٚ. بەتایبەتی گوزارشتە سیاسیەکام و سیاسەت. دوورە پەرێزی یەك کەپاش نووسینی سەدساڵ تەنیایی هەرەشەی لێکردم دوورە پەرێزی نووسەر نەبوو، بەڵکو دوورە پەرێزی ناووناوبانگ بوو کە زۆر لە دوورە پەرێزی هێز بەربلاوتر بوو. رفیقەکانم لەبەرابەر وەها خۆ گوم کردنێك دا پشتیوانیان لێ کردم، هەر ئەو رفیقانەی کەدایم و دەرهەم حازرن.

پ: چۆناو چۆن ؟

و: چونکە من رفیقی گیانی بەگیانی و نەگۆرم لەسەرتاسەری ژیانم دابووە. مەبەستم ئەوەیە کە من لە رفیقە قەدیمی یەکانم دانابرێم و پێوەندی خومیان لەگەڵ رادەگرم. ئەوان کەسانێکن کە دەم هێنەوە سەر زەوی، ئەوان هەمیشە لاقیان لەسەر زەوییە و ناوو ناوبانگێکیان نییە.

***

پ:ئایا رۆمانەکانتان وەرچەخانی کت و پر دەکەن؟

و: لەسەرەتای کارکردنم دا وابوو، لەیەکەم چیرۆکەکانی کە دەم نووسی تەرحێکی گشتیم لە شێوەی کار لەزین دابوو بەڵام زیاتر خۆم دەسپاردە دەستقەزار و قەدەر. باشترین پێشنیار کە لەسەرتاوە پێم کرا ئەوەبوو، ئینسان کە لەجەوانی دا لێواو لێوی چێژە ئەوکارە ئیرادی نییە بەڵام ئەگەر بەدوای رەوشت (techique) دا نەگەرێ و فێری نەبێ دواجار کە خەبەرێك لەچێژ (الهام) نیەو دەبێ ڕەوشت بخاتە جێگەی تووشیاری دەردی سەرو گیروگرفت دەبێ. ئەگەر لەگەڵ وەختی خۆی فێری رەوشتی چیرۆك نووسین نەبووم ئێستا نەمدەتوانی لەپێشەوە تەرح بۆ ساخت ی بەرهەمەکانم دارێژم، ساخت مەسەلەیەکە کە تایبەتەن بەستراوەتەوە بە ڕەوشت و ئەگەر نووسەر لەسەرەتای کارکردنەوە فێری نەبوو ئیتر قەت فێری نابێ.

پ: کەوایە رێکوپێکی و نەزم زۆر گرنگە؟

و: برواناکەم ئینسان بتوانێ کتێبێکی بەبایەخ بنووسێ بێ ئەوەی کە نەزم و تەرتیبێکی لەرادەبەدەری تێدا بەکاربردبێ.

پ:لەبارەی بۆچوونە دەستکردەکانەوە (مصنوعی) دەڵێن چی؟

و: شتێك کە هەمینگۆی نووسی و کاریگەریەکی زۆری کردە سەرم ئەوە بوو کە بەبڕوای ئەو نووسەری وەك وەرزشی بۆ کسۆری وایە، ئەو بایەخێکی زۆری بە لەش ساغی و خواردن و خۆراك دەدا. فاکنێر نێوبانگی بەکەسێکی سەرخۆش و مەست دەرکردوە بەڵام لە هەر وتووێژێکدا کە پێکەوە بوون دەیکوت کە قەت وانەبووە بە سەرخۆشی دێرێکی شت نووسیبێ. هەمینگۆش هەر وای دەگووت. خوێنەرە بەپرتەو بۆڵەکانم لێیان پرسیوم کە ئایا کاتی نووسینی هێندێك لەبەرهەمەکانم مەوادی موخەدیرم بەکارنەهێناوە؟ ئەو پرسیارە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان هیچ شتێك لەبارەی مەوادی موخەدیرو ئەدەبیاتەوە نازانن، بۆئەوەی کە نووسەرێکی باش بین دەبێ لەسەرتاسەری کاتەکانی نووسین دا بەتەواوی ورياو لەش ساغ بین.

من بەتوندی دژی ئەو هەڵسەنگاندنە رۆمانتیکی یەم لەنووسین دا کە دەڵێ نووسین جۆرێك قوربانی کردنەو هەتا بارودۆخی ئابوری و حاڵەتی خراپتر بێ نووسراوەکە بەبایەختر و باشترە. بەبڕوای من نووسەر دەبێ وەزعی رووحی و لەشی لەباردۆخێکی زۆر باش دابێ. من پێوام وایە ئافراندنی ئەدەبی لەش ساغی یەکی تەواوی پێویستە و نەسلی بێ ناوونیشان ئەو مەسەلەیەی دەزانی. ئەوان کەسانێك بوون کە ژیانیان خۆش دەویست.

پ: بلایز ساندرا (نوسەرێکی فەرانسییە). دەیگوت نوسەری لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ زۆریەك لەکارو پیشەکان ئیمتیازێك بەحسێب دێ و نووسەران رەنج و ئازاری

خۆیان لەرادەبەدەر زۆر نیشان دەدەن. ئێوە لەوبارەیەوە دەڵێن چی؟

و: من پێموایە کە نووسەری کارێکی دژوارە، هەر کارو پیشەیەکی تریش ئەگەر بێت و بەسەرنج و لەدڵەوە بیکەی هەر ئەو حاڵەتەی هەیە. بەڵام ئمتیازەکە لەوەدایە کە ئینسان کارەکە بەدڵی خۆی بکات. من هەست دەکەم زیادە لەحەد بەرابەر بەخۆمو کەسانی تر پێ داگرو لاسارم و ناتوانم چاو پۆشی لەهەڵەکانم بکەم. بەهەرحاڵ من پێموایە ئیمتیازەکە لەوەدا کە هەرکارێك تا حەددی خۆی و پێگەیشتن بکەین، زۆربەی نووسەرەکان نەخۆشی خۆبەزل زانی یان هەیەو خۆیان بەناوەندی دنیاو ویژدانی کۆمەڵگا دەزانن. بەڵام من تاریف لەکارێك دەکەم کە بەباشی کرابێ. لەسەفەردا کاتێك هەست بە بەختەوەریی دەکەم کە بزانم فرۆکەخانەکان لەمنی نووسەر باشترن.

پ:ئێستا باشترین کات بۆ کارکردن چ وەختێکە ؟ بەرنامەی کارکردنتان هەیە؟

و: کاتێك بووم بەنووسەرێکی پیشەیی دژواری و موشکڵەی من دانانی بەرنامەیەك بۆ کارکردن بوو. مانای رۆژنامەگەری یانی شەو کارکردن. کاتێك کە کاری نووسەریم بە شێوەیەکی درێژەوە دەست پێ کرد چل ساڵم تەمەن بوو. بەرنامەی کارەکەم لە نۆی بەیانی یەوە تا دووی دوانیوەرۆ بوو – یانی کاتێك کە کورەکانم لەمەدرەسە دەگەڕانەوە.

چونکە خووم بەکاری دژاوار گرتبوو هەوڵم دا دوانیوەروانیش کاربکەم. بەڵام زانیم کە تەواوی ئەو شتانەی کە دوانیوەرۆ دەینووسم بۆ بەیانی یەکەی دەبێ سەرلەنوێ بیاننووسمەوە. هەر بۆیە بڕیارم دا کە لە سەعاتی نۆی بەیانییەوە هەتا دووی دوانیوەرۆ کاربکەم و دەست بۆ هیچ کارێکی تر نەبەم. دوانیوەروان بەقەرار و وتووێژەکانم ڕادەگەم و هەروەها هەر کارێکی دیکە کە پێش دێ. موشکیلەیەکی تری من ئەوەیە کە لە شوێنە ناسراوەکان و ئەو جێگایانەی کەپێشتر کارم لێ کردووە دەتوانم بنووسم.

لەمیوانخانەکان یان دیوی کەسانی کە و بەماشێنی تەحریری دیکە ناتوانم شت بنووسم لەکاتی سەفەرکردنیش دا کە ناتوانم کاربکەم مووشکلەم بۆ دێتەپێش. هەڵبەت ئینسان بۆئەوەی کەمتر کاربکات بەدوای بیانوودا دەگەڕێ. هەر بەپێی ئەوەشە کە هەل‌ومەرجێك کە ئینسان بۆخۆی بەسەر خۆی دا دەسەپێنێ هەمیشە مووشکیلەی بۆ دروست دەکا.

بەڵام ئینسان سەرەرای هەموو ئەو رووداوانە دڵبەچێژ (الهام) دەبەستێ. رۆمانتیکەکان لەوشەی چێژ (الهام) بەخراپە کەڵکیان وەرگرتووە. رفیقە مارکسیتەکانی من لەقبوڵ کردنی ئەوشتەدا لەگەڵ دژواری رووبەروون بەڵام هەرناوێکی لەسەردادەنێن من پێموایە جۆرە حاڵەتێك لەزەینی ئینساندا هەیە کە تێی دا بە ئاسوودەیی یەکی زۆرەوە دەنووسێ و نووسراوەکان وەك لافاو بەزەینت دادێن و هەموو ئەو بیانوانە– بۆ وێنە ئەوەی کە تەنیا دەتوانی لەحاڵێ شت بنووسی– وەلا دەندرێ.

دەڵێی ئەوسات و کاتە زەینی یە تەنیا کاتێك پێدەگا کە ئێوە دیمەنێکی باش و شێوەیەکی باشتان بۆ بەکاربردنی دۆزیبێتەوە. جیالەوەش، بەراستی کاردەبێ بەمەیل و خواستی ئینسان بێ چونکە بەراستی هیچ کارێك ناخۆشتر لەوە نیە کە بەدژی خواست و مەیلی ئینسان بکرێ.

یەکێك لە دژوارترین شتەکان نووسینی بەشی هەوەڵی چیرۆکەکەیە. من چەندین مانگ خەریکی بەشی هەوەڵی چیرۆکێك بووم و کاتێك تەواوم کردووە زۆر هاسان باقی چیرۆکەکەم نووسیوە. دیمەن و شێوە ئاهەنگی (لحن) چیرۆکەکە لەخۆوە رەوتی خۆی گرتۆتەبەر. لانی کەم بۆ من، بەشی هەوەڵی چیرۆکەکە جۆرێك شێوەکارە کە نیشان دەدا باقی کتێبەکە چۆناو چۆن دەبێ. هەر بەپێی ئەوەشە کە نووسینی کۆمەڵە چیرۆکێك زۆر دژوارتر لەنووسینی رۆمانێکە. هەموو کەڕەتێ کە دەست دەکەی بە نووسینی کورتە چیرۆکێك دەبێ هەموو شتێکی لەسەرراوە دەست پێ بکەی.

پ: ئایا خەیاڵەکان (رویاکان) وەکوو سەرچاوەیەکی چێژ (الهام) هەمیشە جێگەی بایەخ و سەرنجن؟

و: من هەر لەسەرەتای چیرۆك نووسینەوە گرینگی یەکی زۆرم پێ دەدان. بەڵام پاشان تێگەیشتم کە ژیان خۆی گەورەترین سەرچاوەی چێژە (الهام) و خەیاڵ (رویا) بەشێکی زۆر بچووکە لەو لافاوەی کە ناوی ژیانە. شتێك کە لەبارەی نووسەری منەوە راستە ئەوەیە کە من زۆر حەز

دەکەم لەمانای جۆراوجۆری خەیاڵەکان (رۆیاها) تێبگەم و تاووتوێیان بکەم. بەگشتی من خەیاڵ وەکوو بەشێك لەژیان دادەنێم بەلأم راستی یەکان زۆر غەنی ترو بەبایەخترن. رەنگە مەسەلەکەش ئەوەبێ کە خەیاڵەکانی (رۆیاها) من هێندە بەبایەخ نین.

***

پ: ئایا پێتان وایە کە رەخنەگران حیسێبێکت بۆناکەنەوە؟

و: بەبڕوای من رەخنەگران نموونەی بەرچاوی شتێکن کە ناوی رووناکبیرگەرایی یە. ئەوان لەپێشەوە فەرزو گومانێکیان هەیە کە تایبەت بە نووسەرەو هەوڵ دەدەن کە لەو چوارچێوەیەی خزێنن و ئەگەر هاتوو لەو چوارچێوەیەدا جێی نەبۆوە هەوڵ دەدەن بە زۆر جێگەی بکەنەوە. من تەنیا بەخاتری ئەوەی کە وڵامم بەئێوە دابیتەوە ئەو قسەیە دەکەم، چونکە بەراستی هیچ عەلاقەیەکم بەوە نییە کە بزانم نەزەر و بیروڕای رەخنەگران سەبارەت بەخۆم چیە، ساڵیانێك دەبێ کە رەخنەیەکم نەخوێندۆتەوە. ئەوان خۆیانیان خزاندۆتە نێوان نووسەر و خوێنەرەوە. من هەمیشە هەوڵم داوە شتەکانم زۆر بەسەرنج و روون و ئاشکرا بنووسم تا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ خوێنەر قسە بکەم و پێویستیم بەرەخنە نەبێ.

پ: لەبارەی وەرگێرەکانەوە دەڵێن چی؟

و: من رێزو حورمەتم هەیە بۆ وەرگێرەکان، بێجگە لەو کەسانەی کە پاوەرەقی بەکار دەبەن، چونکە هەوڵ دەدەن شتێك بۆ خوێنەر شی کەنەوە. کە زۆرجار بیروڕای نووسەرەکە نیە، و خوێنەرەکە ئەزێت دەکا، وەرگێرانێکی باش ئافراندنە بەزمانێکی تر. هەر بۆیە گریگۆری راباسام+ قبووڵە و ئافەرینی لێدەکەم، کتێبەکانی من وەرگێردرانەوە سەر بیست و یەك زمان و لەو نێوەدا تەنیا وەرگێرێك کە قەت داوای لێنەکردووم شتێکی بۆ روون کەمەوە هەتا لەخوار لاپەرەکەوە بینووسێ، راباسا بووە. من پێموایە کە تەواوی بەرهەمەکانم بەزمانی ئینگلیس ئافراندراونەتەوە.

هەمیشە چەند بەش لە کتێبێك وەرگێرانەکەی بەشێوەی وشە بەوشە دژوارە. ئینسان وا هەست دەکا کە وەرگێرەکە کتێبەکە دەخوێنێتەوە و پاشان بەفکرو زەینی خۆی دووبارە دەینووسێتەوە. هەر بەپێی ئەوەشە کە ئەو جۆرە وەرگێرانەم قبوڵەو بەدڵمە. ئەوان زۆرتر لەفکری ئاشکرا کردن (مکاشفە) دان تا رووناکبیرگەرایی. نە تەنیا ئەو شتەی کە ناشرەکان خەریکین کەمە بەڵکوو کارەکەتان ئافراندنی هونەری بەحیسیب ناهێنن. من خۆم تووشی کتێبی وابووم کەویستوومە وەریگێرمە سەر زمانی ئیسپانیایی، بەلأم ئەوکارە بەقەت نووسینی کتێبەکانم وەخت دەبا و هێندەشم پووڵ و پارە بە دەستەوە نیە کە بتوانم گوزەرانی پێوە بکەم.

***

پ: بەبڕوای ئێوە خراپە نووسەر زوو ناووبانگ دەرکاو سەرکەوتن بەدەست بێنێ؟

و: لەهەر تەمەنێك پێی بگا خراپە، من پێم باش بوو کە پاش مردنم ناوم کەوتبایەتە سەرزار، لانی کەم لەوڵاتانی سەرمایەداری کە ئینسان دەبێتە جۆرە کالأیەك.

پ:بۆچی پێتان وایە کە ناووبانگ تا ئەو رادەیە بۆ نووسەر خراپە؟

و: زیاترێکەی بەخاتری ئەوە کە هێرش دەکاتە سەر ژیانی ئینسان، ئێوە لە دنیای راستی یەکان دوور دەخاتەوە. نووسەرێکی باش کەدەیهەوێ درێژە بەنووسین بدا دایم ودەرهەم دەبێ لەبەرابەر ناووبانگ دا پشتیوانی لەخۆی بکا، من بەراستی ئەو مەسەلەیە لەو روانگەیەوە ناهێنمە گۆڕێ کە شتێکی راست و دروست نیە، دەبێ بڵێم کە من پێم خۆش بوو کتێبەکەکانم پاش مردنم بلأوبێتەوە هەتا ناچار نەبووبایەم لەگەڵ مەسەلەی "ناووناوبانگ" و "نووسەری گەورەبوون"، دەرگیر بم. بەبڕوای من تەنیا تایبەتمەندی ناووبانگ ئەوەیە کەئینسان دەتوانێ لەکاروباری سیاسی دا کەڵکی لێ وەربگرێ. جیا لەوە بەکاری هیچ شتێکی کە نایا. مەسەلەکە ئەوەیە کە لەماوەی شەو رۆژێکدا بیست و چوار سەعات بەنێوبانگی و ناتوانی بڵێی "وەڵا خۆ زۆر چاکە، لەئیستاوە تا سەبحەینێ، بەناوبانگ نیم، یان ئەوەی کە پاڵ بە دووگمەیەکەوە بنێی و بڵێی" من ئێستا و لێرە بەناوبانگ نیم"

پ: ئایا پێشبینیتان دەکرد کە "سەدساڵ تەنیایی" ئاوا سەرکەوتنێك بەدەست بێنێ؟

و: دەم زانی دەبێتە کتێبێك کە رفیقەکانم زۆرتر لەهەر کەسێکی تر پێی خۆشحاڵ دەبن، بەڵام کاتێك ناشرە ئیسپانیایی یەکە پێی وتم کە دەیهەوێ هەشت هەزار نووسخەی لێ چاپ کا. سەرم سورما چونکە کتێبەکانمی ترم قەت لە حەوسەد نوسخە زیاتر نەبووە. پرسیارم کرد کە بۆچی بەژمارەیەکی کەمترەوە دەست پێناکا بەڵام ئەو وتی کە هاتۆتە سەر ئەو بروایە کە کتێبێکی باشەو هەشت هەزار نووسخە لەماوەی حەوت مانگدا دەفرۆشرێ و هەرواشی لێهات و هەمووی لەماوەی حەوتوویەکدا، لەبۆئنۆس ئایرێس، فرشرا.

پ: ئەی بەبڕوای ئێوە سەدساڵ تەنیایی بۆچی ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەست هێنا؟

و:من ناتوانم لەو بارەیەوە بیروایەك دەربرم چونکە من بەرامبەر بە بەرهەمەکانم رەخنەگرێکی خراپم. یەکێك لەو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنانەی کە زۆرجار بیستوومە ئەوەبوو کە سەدساڵ تەنیایی کتێبێکە لەسەر ژیانی خەڵکی ئامریکای لاتین و هەروەها لە ناوەوەی کۆمەڵگای نووسراوە. لەو لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنانە سەرم سووڕما چونکە من لە سەرەتاوە ناوی "ماڵ"م لەسەر دانا. دەم ویست بەربڵاوی تەواوی رۆمانەکە لە ناو "ماڵ" ێ دابێ و



ئەو شتانەی کەلەدەرەوە روو دەدا تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ ماڵێ دا بێتەگۆڕێ. پاشان ناوی "ماڵ" م وەلانا.

رووداوەکانی کتێبەکە کاتێك دەگاتە ماکۆندۆ لەوێ زیاتر تێناپەڕێ. هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکی تر کە بیستوومە ئەوەیە کە هەر خوێنەرێك کە خۆی دەیهەوێ دەتوانێ لە کەسایەتیەکانی چیرۆکەکە دا ببیتێ و ئەوان بەکەسانی خۆی بزانێ. من نامهەوێ لەسەر ئەو رۆمانە فیلم سازکرێ چونکە ئەو کەسانەی کە فیلمەکە دەبینن رەنگە لەگەڵ شکل و شێوە و کەسایەتی یەك بەرەو روو بن کە بەبیری شیان دا نەهاتبێ.

پ:کەس پێشنیاری پێ کردوون کە لە روویەوە فیلم سازکەن؟

و: بەڵێ، وەکیلەکەم یەك میلیۆن دۆلاری پێ پێشنیار کردم هەتا ئەو کەسانە دڵسارد کاتەوە کە بەهیوای ئەوکارەن، بەڵام کاتێك دیتی کە کەسانی تر تا بەیەك میلیۆن دۆلار پێشنیاریان پێ کردوو نرخەکەی تا سێ میلیۆن دۆلار بردە سەرێ. بەڵام من هێندەم عەلاقە بەو فیلمە نیەو تا کاتێك کە بتوانم پێشگری لەسازکردنی دەکەم، پێم باشە کە هەمیشە وەك پێوەندییەك لەنێوان خوێنەرو کتێبەکەدابمێنێتەوە.

پ: بەبڕوای ئێوە هەموو کتێبێك دەتوانێ سەرکەوتوانە بکرێ بەفیلم؟

و: پێم وانیە هیچ فیلمێك لەرووی رۆمانێکی باشەوە سازکرابێ بەلاّم پێم وایە فیلمە چاکو زۆرەکان لەرووی رۆمانەوە خراپەکان سازکراون.

پ: بۆخۆتان قەت بیرتان لەسازکردنی فیلم کردۆتەوە؟

و: دەورانێك پێم خۆش بوو ببمە کارگێری سینەما. من لەرۆم دەرسی کارگێری سینەمام خوێندووە. هەستم دەکرد کە سینەما شتێکی بێ سنوورە و لە چوارچێوەکەی دا هەموو کارێك دەکرێ. هەر بەپێی ئەوەش هاتم بۆ مکزیك کە دەمویست لەسینەما دا کاربکەم – وەك فیلم نامە نووسێك، نەك وەکو کارگێری سینەما، بەلاّم چونکە سینەما هونەری سەوداگەریە (تجاری)، سەرتاسەری سەوداگەرییە، زۆر بەرتەسکە.

لەسینەمادا بەراستی دژوارە بتوانی بیروڕای خۆت دەربری و قسەی دلّت بکەی. من ئێستاش هەر بیری لێدەکەوە، بەلاّم من ئەوکارەم وەك کارێکی جوان و رازاوە خۆش دەوێ و پێم خۆشە بەیارمەتی رفیقەکانم لەوبوارەدا کاربکەم بێ ئەوەی کە هیوادار بم ئەو شتەی کە خۆم دەمهەوێ و لەدلّم دایە بیلێم. هەربۆیەش پەیتا پەیتا لەسینەما دوورکەوتوومەتەوە.

پێوەندی من لەگەلّ سینەما وەکو پێوەندی نێوان ژن و مێردێك وایە کە ناتوانن جیا لەیەك ژیان بکەن. بەلاّم پێکەوەش هەلّ ناکەن. سەرەڕای ئەوانە ئەگەر بلێن پێت خۆشە شیرکەتێکی فیلم بەرداریت بێ یان ئیدارەکەیەکی رۆژنامە، دەلّێم ئیدارەی رۆژنامە.

پ: وەکو نووسەرێك چ ئاوات و ئارەزوویەکتان هەیە؟

و: پێموابێ وەلاّمەکەی من هەر ئەوەبێ کە لەوەلاّمی ئێوە سەبارەت بە ناووبانگ دامەوە، هەر دوێنی بوو کەلێیان پرسیم عەلاقەت بەخەلاّتی نۆبلّ هەیە یان نا، بەلاّم من پێموایە کە ئەو خەلاّتانە بۆ من بەتەواوی مانا کارەساتێکی گەورەیە. هەلّبەتە هەست دەکەم شایستەی وەرگرتنی ئەو خەلاّتە هەم، بەلاّم وەرگرتنەکەی بۆ من ترسناکە. ئەو مەسەلەیە تەنانەت دژوارییەکانی ناووبانگ ئالۆزتر دەکا. تەنیا شتێك کە لە ژیانم دا ئاواتی بۆ دەخوازم ئەوەیە کە کچێکم بێ.

پ:ئایا کارێکی واتان بەدەستەوە هەیە بیکەن ؟

و: من بەو نەتەیجەیە گەیشتووم کە دەبێ گەورەترین کتێبی خۆم بنووسم، بەلاّم ناوی کتێبەکە و هەروەها وەختی نووسینی کتێبەکەم نازانم. کاتێك وەها هەستێك دام گرێ – کە ئێستا ماوەیەکە وەها هەستێکم هەیە – زۆر لەسەرەخۆو ئارام دەبمەوە تا بتوانم لەداوی خەم.

ئەو وتوو وێژە لە فەسلّ نامەی ئەدەبی پاریس، ریڤیۆ (پائیزی 1981) چاپ کراوە. فەسلّنامەی ئەدەبیسێنکواستۆس ی چاپی ئیسکاتلەند (زستانی هەر ئەوسالّە) ژمارەی ئەو زمانانەی کە بەرهەمەکانی گ.گ مارکزی وەرگێردراوەتە سەری، 32 زمان راگەیاندووە، ئەو ژمارەیە هاوکات لەگەلّ ڕاگەیاندنی خەلاّتی ئەدەبی تۆبلّی ئەدەبیاتی 1982 بۆ گارسیا مارکز، بەپێی گوزارشی رۆژنامەی تایم، گەیشتوە بە 33 زمان...

**مەسخ: (مسخ) وشەیەکی عەرەبییە، دوو مانای هەیە: (گۆڕینی روخسار بەشێوەیەکی زۆ ناتەرزو ناشیرین. (2) کەسێك کە شکل و شەمایلی گۆرا بێ و بووبێت بە شتێکی ناتەرزو ناحەز. وەرگێر.

#(رۆیاها) وشەیەکی عەرەبی یە، بەمانای ئەو شتانەی کە لە خەون دا دەیبینی، بەلاّم لێرەدا مەبەست شتێکی ترە بۆ وێنە: ئەم چیرۆکە خەیالّی یە، واتە بەخەیالّ دروست کراوە..

+گریگۆری را باسا وەرگێری بەرهەمەکانی گارسیا مارکزە بەزمانی ئینگلیسییە

***

# ئەدەبیاتی کرێکاری



| | |
|---|---|
| بەردەنگە لەبیرکراوەکان | ن: عەلی سادقی ـ و: ئازاد 82 |
| سەبارەت بە ئەدەبیاتی کرێکاریی ئێران | ن:عەلی ئەشرەفی دەرویشیان ـ و: عەلی ئەحمەدپور |
| ئەدەبیاتی کرێکاری ئێمە بۆچی لاوازە؟ | ن:مەنووچێهر بەسیر ـ و: سەباح مورادی |

ئەگەر بمانەوێت ئەم پرسیارە بێنینە ئاراوە، کەئەدەبیاتی کرێکاری یان لەچەمکێکی بەربلاوتردا، هونەری کرێکاری لەداهێنانە ئەدەبیو هونەرییەکانی ئەمرۆی ئێراندا چ جێگاو شوێنێکیان هەیە، بەچاو پۆشیکردن لەهەر چەشنە تاریف، یان بیرکردنەوەیەك کەلەم چەمکانەمان هەبێت، بێشك ناتوانین وەلامێکی ئەوتۆو یان هیوا بەخش بۆ ئەو بەدەست بێنین.

شایەد بتوانین بەڕوانین لەدیدگا جۆراوجۆرەکان، دەلیلو بەڵگە گەلێکی بێ ئەژمار بۆ شیکردنەوەو پاساو بۆ بۆشایی ئەم روانگەیە، لەبواری داهێنانە ئەدەبیو هونەرییەکانی دەیەکانی ئەو دواییانەی ئێران ئاماژە بکەین. بەلام باشتر وایە، بەر لەهەر شتێك لەسەر تاریفێکی خاڵی هاوبەشو مەسلەحەت ئامێزی وشەکە، واتا هەرچەشنە کالایەکی فەرهەنگیو هونەرییە. لەو رووەوە کەدەبێتە هۆی کەڵك لێ وەرگرتنی زەینو شعوورو هەستو دەرکی بەردەنگو دەتوانێ لەسەر گەیشتنی بەردەنگ بەدەرکێکی نوێ لەچەمکەکان کاریگەر بێت.

1- بێشك چەسپاندنی پاشگری "کرێکاری" بەهەر وشەیەکەوە، بەگشتی جۆرێك باری کۆمەلایەتی-سیاسی دەدات بەو وشەیە کەبەبێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت، ئەو بەماناکانی خەباتی چینایەتیو سۆسیالیزمو ئیتحادییەکانو حیزبە چەپە سیاسییەکانەوە پەیوەند دەدات. لەم روەوە لەبابەتی جێگای ئاماژەی ئێمەدا واتا داهێنانی هونەری ئەم پاشگرە هێندێك جار دەبێتە هۆی

# بەردەنگە لەبیرکراوەکان

ن: عەلی سادقی

و: کەریم ئەمانی

ئەوتۆ لەبابەتی هونەری کرێکاری، لانی کەم لەچوارچێوەی ئەم نوسراوەیەدا، بەیەك بگەین. بەر لەبەرچاو گرتنی ئەوەی کەمومکینە هێندێك لەبنەڕەتەوە بەهەبوونی ئاوا مەرزبەندییەك لەنێوان بەرهەمە هونەرییەکاندا رازی نەبنو دەرەنجامی داهێنانو ناوەڕۆکی بەرهەمی هونەری بەدوور لەهەر چەشنە دەستبەندییە کۆمەلایەتیو چینایەتێکان ببینین. سەرەتا پێم خۆشە روونی بکەمەوە کەلێرەدا مەبەستم لەهونەر، هونەر لەچەمکی هەمە لایەنە بوونی ئەودایە، نەك بەمانای هەڵێنجراو (انتزاعی)و جوانناسانەی هونەر لەتاریفی "ئاکادمیك"دا، کەکێشمەکێشو باسو مشتومڕێکی زۆر لەسەر چۆنیەتی بەیانکردنی ئەودا لەئارادایە. کەوایە مەبەستم لە"بەرهەمی هونەری"ش، دورخستنەوەی بەدرەنگ، تەنانەت ئەگەر هونەرمەندیش بێت، کەلەبەهەڵە تێگەیشتن لەچەمکی "هونەری سیاسی" یان هونەر "لەخزمەت سیاسەتدا" وە یان "هونەری ئامرازی" لەزەینی کەسەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەڵبەت بەشێك لەم کردەوانە دەکرێت سروشتی بژمێردرێن:

لەزۆر لەوە پێشەوە باسی "هونەری موتەعەهد"و "هونەری غەیرە موتەعەهد" وە یان بەواتایەکی دیکە "هونەری کۆمەلایەتی" و "هونەری هەڵێنجراو" هەمیشە نوسەرانو هونەرمەندانی هانداوە تا پتر لەم بابەتە بکۆڵنەوە. بەتایبەت لەهەلومەرجێکی کۆمەلایەتی-ێژووییدا کەلەگەڵ کێشمەکێشو ئالوگۆڕە سیاسی-

کۆمەڵایەتیە بەرچاوەکان لەمەیدانە ناوخۆیی و نێو نەتەوەکاندا هاوکات بێت. پشتیوانانی هەرکام لەم ڕوانگانە، ڕوانگەی دژ بەخۆیان بەهێندێك لێك دانەوەی، وەك هونەری غەیرە خلاق، هونەری ئامرازی و دژی هونەرو.. وە یان لەلایەکی دیکەوە هونەری خەسیو، هونەری بێ تەعەهدو هونەر بۆ هونەرو.. خستووەتە بەر هێرشی ڕەخنەگرانەوەو ئەم باسە هەروا لەئاستێکی نەزەریدا کراوە ماوەتەوە. ئەگەرچی دەبێت دان بەوەدا بنێین لەم سەردەمە نوێیەدا کەبیرۆکەی کۆتایی هاتن بە"ئارمان گوریزی" هەڵاتن لەدەست ئیدئۆلۆژی و باوەڕەکان تئۆریزە کراوە، هەروەك بیرو باوەڕێکی نوێ خۆی نواندووە، هونەری هەڵێنجراو (لەحاڵێکدا کەبوونی ئەم دەستە بەندییانە قەبووڵ بکەین) زیاتر کەوتۆتە بەر سەرەنج و ڕووتێکردن.

بەڵام لەلایەکی دیکەوە وشەی ئەدەبیاتی کرێکاری یان هونەری کرێکاری بێ ئیختیار سەبکی ڕئالیسمی سوسیالیستی و هێندێ جار ئەدەبیاتی سفارشی دەوڵەتی، لەمێژووی سەدەی ڕابردووی وڵاتەکانی خاوەن ئەنگێزەی سوسیالیزم (بەتایبەت نیوەی ئەوەڵی سەدە)مان وەبیر دێنێتەوە. لەم کۆمەڵگایانەدا بەپەرە گرتنی دیدێکی تایبەتی کەهونەری هەروەك ئامرازێکی پێوەندی گرتن لەخزمەت باوەڕە سیاسیەکاندا دەدیت، ڕوانگەی هونەری موتەعەهدو شۆڕشگێڕ، ڕوانگەیەکی گشتی و قەبووڵ کراو بوو، باقی شێوە هونەرییەکانی دیکە وەك هونەرێکی بۆرژوازی و هونەرێکی بێ بایەخ پێناسە دەکران. هەر لەم ڕووەوە بەرهەمە هونەرییەکان بەگشتی ڕەنگ و بۆنی سیاسییان هەبوو. بەم هۆیەوە لەسەردەمی ئاماژە پێکراودا گەلێك بەرهەمی هونەری بەناوەڕۆکێکی توندی شۆڕشگێڕانەو سیاسییەوە لەقاڵبی شێعر، داستان، نمایشنامەو فیلمو.. لەم کۆمەڵگایانەو یان ئەو کۆمەڵگایانەی کەلەژێر کاریگەری ئەم ئۆلگوە دابوون لەم وێنەیە بەدیهات.

ئەو بەرهەمانەی کەلەلایەکەوە لەباری کارکردنی کۆمەڵایەتییەوە (ئەگەر ئاوا دەورو نەخشێك بۆ هونەر قایل بین) بەگشتی سەرکەوتوو نەبوون، واتا لەبەڕێوەبردنی "ڕەسالەتی مێژویی" خۆیان دا ناکام ماونەتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە زۆربەیان لەباری ڕوانگەی تئوریك و جوانناسانەشەوە شیاوی دیفاع نین و بەتایبەت لەنیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا، بەپەرە گرتنی چەمکە نوێیەکان لەلێکۆڵینەوە ئەدەبی و "هونەرییە"کانداو سەرهەڵدان و زاڵبوونی بیروباوەڕە پۆست مۆدێرنەکان لەناو بابەتە جوانناسانەکاندا، کەوتوونەتە بەرشك و گومانێکی جیدییەوە. سەرەڕای ئەمە گەشەکردنی بزوتنەوە دژی ئیمپریالیستییەکان لەم دەورەیەداو حزووری بەرچاوی مەرزبەندییە ئیدئۆلۆژیکەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواو درێژخایەن بوونی شەڕی سارد لەلایەکی دیکەوە، هەروەك بازاڕێکی مەسرەف، درێژە دان بەبەرهەمهێنان و ئیرایەی ئەم جۆرە لەکاڵا فەرهەنگییەکانی کردبووە ئەمرێکی واقع. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کەشیاوی ڕەخنە لێگیران بوونی ئەو بەرهەمانەی کەلەچوارچێوەی ئەدەبیات و هونەری سۆسیالیستی (وە یان بەواتایەکی هەمەلایەنەتر، هونەری موتەعەهد)دا لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، ئەوەڵەن سەرجەمی ئەو بەرهەمانە لەخۆ ناگرێت، لەبەر ئەوەی کەبەهیچ شێوەیەك ناکرێت بەرزی هونەریی هێندێك لەبەرهەمەکانی کەسانێکی وەك شولوخوف، گورکی، برشت، ئایزنشتاین و ئیلیاکازان و.. بەپێوە چەسپاندنی پاشگری ڕئالیسمی سۆسیالیستی و یان هەر پاشگرێکی تری لەو چەشنە، لەبەرچاو نەگیردرێت. سانیەن، نوکی پەیکانی ئەم ڕەخنانە، نەك ڕوو لەناوەڕۆکی ئەم بەرهەمانە، بەڵکو بەشی هەرە زۆری ڕوو لە"شکڵی" ئیرایەدانی ئەوانە، کەبەبەرتەسك کردنەوەی چوارچێوەی داهێنەرە هونەرییەکان، هەڵسوکەوتی شوعاری و گونجاو لەگەڵ مەسایلی ئینسانی، دوورکەوتنەوە یان بێ تەفاوەت بوون سەبارەت بەلایەنە جۆراوجۆرەکانی وجودیی ئینسان و تەنیا پێداگریکردن لەسەر ناوەڕۆك، بەقیمەتی قوربانیکردنی شکڵی بەرهەمەکانیان.

لەحاڵێکدا لەلێکۆڵینەوە جوانناسییەکاندا، لەلایەکەوە جیاکردنەوەی قەرار دادی نێوان شکڵ و کاکڵی بەرهەمی هونەری، لەمانای کلاسیکی ئەودا بێ مەفهومەو لەلایەکی ترەوە شکڵی بەرهەمی هونەریش زۆر بەرین و بەربڵاوتر لەو چوارچێوەو یان شێوازی ئیرایە دانەی ئەوەو گرینگی و دەورو نەخشێکی لێبراوانەی لەکۆی بەرهەمەکەدا هەیە.

لەمەڕ ئەوەی کەهەر بەرهەمێکی هونەری تەنیا لەکێشمەکێشی هەستو زەینی نێوان بەردەنگو بەرهەمو هەروەها لەهەلومەرجێکدا کەبەردەنگ دەرگیری جۆرێك داهێنانی خەلاقانەو چالاکە بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ بەرهەمەکەدا دەکات، رەخنە دەکاتە ناو شعوورو رۆحی بەردەنگو ئەم رووداوە بەگشتی لەناو چوارچێوەداو هەروەها بەوەسیلەی شکڵی بەرهەمی هونەرییەوە روو دەدات. لەم رووەوە لەبەرچاو نەگرتنی شکڵو گرینگی دان بەناوەڕۆك، بێ ئیختیار بەردەنگ بەرەو غەیرە چالاك بوون رادەکێشێت. ئەگەرچی دەتوانێ کاریگەری عاتفی یان ململانێی عەقڵانیشی لەگەڵ دا بێت، بەڵام ئەم کاریگەریانە لەناخەوە نینو هەر بەم هۆیەشەوە درێژخایەن نابن.

لەراستیدا ئەوەی کەجێگای رەخنە لێگیرانە، بێبەشکردنی بەردەنگ لەپێوەندی خەلاقانە لەگەڵ بەرهەم لەرێگای سەر لەنوێ داهێنانەوەی دەرونیی ئەوە.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەبەشێکی زۆر لەکۆڕو کۆمەڵە هونەرییەکان لەکاتی رووبەڕوو بوونە لەگەڵ مانا گەلێکی وەك هونەری کرێکاری، هونەری موتەعەهدو..دا، لەسەر دوورە پەرێز راگرتنو تێکەڵاو نەبوونی هونەر لەگەڵ ماناو مەفهوومی سیاسی، بەمەبەستی بەدناو نەبوون یان بەواتایەکی دیکە (پاك دامەن) هێشتنەوەی هونەر، هەروەها گرینگی دانێکی زۆرتر بەمانەوەو هەڵێنجراو بوونی هونەر" هەتا لایەنی کاتیو هیوا بەخشی (یان بەواتای ئەمرۆیی سیاسی) پێداگری دەکەن گومان لەوەدا نییە کەبەرین بوونەوەی ئەم چەشنە بیرو بۆچوونە کاریگەرییەکی حاشا هەڵنەگری لەسەر شکڵگیری بەرهەمە هونەریەکان، لەسەرجەم لایەنەکانیدا هەبووە. لەئاستێکی جیهانیدا رەنگە بتوانین کاریگەرییە خراپەکانی ئەم دیاردەیە لەچاوخشانێکی هەڵسەنگێنەرانە بەسەر سینەماکانی ئەم دوو دەیەیەی دوایە لەگەڵ سینەماکانی دەیەکانی پێشتردا بەڕوونی هەست پێ بکەین. بێشك ئەم شەپۆلە، لەبەرین بوونەوەی خۆیدا سنوورەکانی نەتەوەیی ئێمەشی تێپەڕ کردووە. هەر بەم هۆیەوە لەلێکۆڵینەوەی جێگاو شوێنی هونەری کرێکاری لەئێران دا (دەیەکانی ئەم دواییانە)و لێکدانەوەی هۆکارەکانی کەم رەنگ بوونو بێ تەفاوەتی سەبارەت بەئەو، پێویستە بۆ گەشەو رەخنە تێکردنی ئەم روانگەیە دەورووە نەخشێکی تایبەتی قایل بین. بەتایبەت ئەوەی کە لەپێوەند لەگەڵ هەلومەرجی تایبەتی، فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر ئێراندا لەدەیەکانی ئەم دواییانەدا، ئەم شەپۆلە خرۆشاوەی راکردنو دوور کەوتنەوە لەئاواتو ئارەزووەکان "ئارمان گوریزی" لەهونەردا، لایەنی بەربڵاوتر بەخۆوە دەگرێت کەئاکامی بەرچاوی، دوورکەوتنەوە لەراستییەکان "واقع گریزی" لەکاکڵی بەرهەمەکانداو هەروەها رووهێنانێکی توندڕەوانەیە بەرەو هەڵێنجراوبوون، کەلێرەدا بەگشتی تا ئاستی هونەری فانتزی دادەبەزێت. (هەروەك سەرجەم شکڵەکانی دیکەی مۆدێرنێتە بوونی فەرهەنگە هاوردەکان) هەروەك کەلەرابردوشدا لەکاتی پەرەگرتنی شەپۆلی هونەری شۆڕشگێڕانەو موتەعەهدو بەتایبەت رئالیسمی سوسیالیستی، رەنگ دانەوەی بەربڵاوی ئەو لەئێراندا بەشێوەی پەیڕەوییو بەگشتی لەچوارچێوەی بەرهەم گەلێکی سەتحیو سەرەتاییدا بەرچاو بوو، بەڵام بۆ روونتر بوونەوەی ئەم بابەتە، جێگای خۆیەتی کەکەمێك بۆ رابردوو بگەڕێینەوەو لەروانگەیەکی مێژووییەوە سەیری ئالوگۆڕەکان لەم پێوەندیەدا بکەین:

2–لەدەیەکانی پێش شۆڕشی 57، لەلایەکەوە بزوتنەوەی روناکبیری لەهەوای ئالودەی ئیستبدادی سەڵتەنەتی ئێراندا لەحاڵی سەرهەڵدانو پەرەگرتن دا بوو وە لەلایەکی ترەوە شکڵگیریو گەشەی بزوتنەوە رزگاری بەخشو ئازادیخوازانەو دژی ئیمپریالیستی هاوکات لەئارادا بوو هەر لەم رووەوە بۆ چوونی زاڵ بەسەر فەزای روناکبیری ئەوسەردەمەدا. بۆچوونی ئارمان گەراییو شۆڕشگێڕانە بوو.

لەلایەکی دیکەوە لەئێران لەبەر گەلێك هۆکار هیچ کات لەنێوان حیزبە سیاسییەکانو بزوتنەوەی روناکبیریدا، سنورێك بەرچاو نەکەوتووە (بێجگە لەبەیەکەوە سازانو لەیەك نزیك کەوتنەوەی ئەم دوو گروپە) لەگەڵ ئەوەشدا ماهییەتی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو سیاسی زاڵ بەسەر ئەم سەردەمەشدا بەجۆرێك بوو کەزەوقە حیرفەییو هونەرییەکانی هونەرمەندێك لەگەڵ کردەوە کۆمەڵایەتی–روناکبیرییەکانی ئەودا تێکەڵاوییەکی زۆری بوو. (وەك

ئەوەی کەبڵێین بەرهەمی کاری هونەرمەندێك ناتوانێ شتێکی جیا لەدڵەراوکەی دەروونی ئەو بێت) کەوایە بەم روون کردنەوەیە دەتوانین بڵێین کەفەزای زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا بەجۆرێك بوو کەدڵە راوکە ئەسڵییەکانی روناکبیران روو لەگرفتە کۆمەڵایەتییەکان، ئارمانگەرایی سیاسی و.. بووە. هەروەك ئەوەی کەزۆربەی روناکبیر-هونەرمەندەکانی ئەو دەورەیە، بەئاشکرا بەرەو لای هێندێك لەحیزبە سیاسیەکان راکێشراون یان تەنانەت هێندێکیان ئەندامی حیزبێکی سیاسی بوون. لەم هەلومەرجەدا ئاشکرایە کەپێکهێنەری سەرەکی لەبەرهەمە هونەرییەکاندا، تەعەهودە کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕانەکانە، یان بەو جۆرەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، هونەر بەچەشنێکی ئامرازی لەخزمەت ئارمانگەرایی سیاسی‌دا قەرار دەگرێت. بەم هۆیەوە لەفەزایەکی ئەوتۆدا تێگەیشتنێکی بەرپرسانەو شۆڕشگێڕانە لەهونەر، تەنیا، هەڵبژاردەیەکی پەسندکراوو مەنتقی لەداهێنانی بەرهەمی هونەری بەحیساب دێت.

بەڵام بەپەرەگرتنی ئەم گرایشەو بەدیهاتنی بەرهەم گەلێکی زۆری هونەری لەبوارە جۆراوجۆرەکان دا، هەر بەم تایبەتمەندییەوە، کەم کەم یەك لایەنە بوونیان خۆی دەرخست. بەتایبەت ئەوەی کەلەم دەورەیەدا زۆربەی هونەرمەندەکانی ئێمە لەداهێنانی بەرهەمەکانی خۆیاندا بێ ئیختیار لەژێر کاریگەری شەپۆلی هونەری موتەعەهدو شۆڕشگێڕو بەتایبەت رئالیس سۆسیالیستی ئەودیو سنورەکانەوە بوون. هەروەها لەو رووەوە کەپەرەگرتنی هەمەلایەنەیی هەر بیرو باوەڕێك، بەگشتی پەرەگرتنی شکڵی عەوامانەو کەم بایەخیشی لەو بەدواوەیە، لەم دەورەیەدا ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی سەتحی و کلێشەیی بەم چەشنە گەرایشانەوە ئیرایە درا.

بەدامرکانەوەی هەڵچوونە سیاسییەکانی زاڵ بەسەر وڵاتدا لەساڵەکانی سەرەتای شۆڕش و بەشوێن ئەودا بەرتەسك بوونەوەی فەزای سیاسی لەماوەی تێپەڕ بوون لەقەیرانە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی ئەو ساڵانەو هاوکات بەهۆی نائاسایی بوونی فەزای کۆمەڵایەتی-فەرهەنگی وڵات بەهۆی هەلومەرجی شەڕەوە، راوەستانێکی بەرچاو لەسەرجەم مەیدان و لایەنەکانی هونەردا لەوڵات پێك هات کەلایەنی "هونەری موتەعەهد"یش لەم یاسایە بەدەرنەبوو. ئەم دیاردەیە لەدوو روانگەوە شیاوی لێکۆڵینەوەیە:

یەکەم. ئەوەی کەهەڵسوڕاوانی بواری هونەری موتەعەهد لەم دەروون گەراییەدا بەچەشنێکی چاوەڕوان نەکراو هەلێکیان بۆ رەخسا هەتا بەکارنامەی هونەریی ساڵەکانی رابردوو دا بچنەوەو رەنگ دانەوەی کۆمەڵایەتی ئەو لەدەورووبەری خۆیان سەر لەنوێ بەدەست بێننەوە. هەڵبەت لەزۆربەی کەسەکان دا، ئەم سەر لەنوێ پێداچونەوەیە لەئاستێکی بەرین تردا بوو، وە سەرجەم چوارچێوەی گەرایشە ئیدئۆلۆژیکەکانی ئەوانیشی لەخۆ گرت. بەهەرحاڵ ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوانە هەرچییەك بوو بێت، چ دەرکی پێویستی ئاڵوگۆڕ لەشێوەو ناوەڕۆکەکانی داهێنانی هونەریداو چ تەنانەت سەر لێشێواوی سیاسی، سەمەرەکەی، کەمبوونەوەی بەرچاوی ئیرایەی ئەو بەرهەمانەیە کەلەژێر ناوی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاریدا دەیان ناسین. (بەپێچەوانەی هونەری موتەعەهدو شۆڕشگێڕ، لەلایەنەکانی ئیدئۆلۆژیکی نوێداو هەروەها بەگوفتمانێکی ئایینیەوە بەخێرایی گەشەی کرد، کەهەڵبەت ئەم گەشە کردنە تا رادەیەك لەگرێوی فەزای سیاسی-کۆمەڵایەتی پاش شۆڕش و بەتایبەت پشتگیرییە راستەوخۆکانی دەزگای تەبلیغاتی دەوڵەت دا بوو).

دووهەم. ئەوەی کەئەو سیستەمە کۆنترۆڵ و چاوە دێرییەی کەلەفەزای ساڵەکانی سەرەتای شۆڕش دا لەسەر لایەنەکانی فەرهەنگی بەرێوە دەچوو- وە هەر ئێستاش بەتەواوی لەناو نەچووە، دوور کەوتنەوە لەسانسۆرو خود سانسۆری لەداهێنان و ئیرایەی بەرهەمە هونەریەکاندا بەدی هێنا. ئاشکرایە لەدەورەیەکدا کەبەهەمە لایەنە بوونەوەی باوەڕە شۆڕشگێڕ-ئایینییەکان، سەرجەم گەرایش و داخوازییە کرێکارییەکان، لەژێر ناوی باوەڕی مارکسیستیدا، مۆرکی "دژی ئاین"یان لێ دەدراو لەلایەن دەسەڵات دارانی حکومەتیشەوە، بەشیددەت لەسەریان چینایەتی بوونی کۆمەڵگا پێداگری دەکرا. بەرهەمە ئەدەبی-هونەرییە کرێکاریەکان تەنانەت ئەگەر توانایی تێپەڕ بوون لەفیلتێری خود سانسۆریشی بوایە،

تێپەڕبوونی ئەوان لەفیلتێری دووهەم واتا "سانسۆر" ئیمکانی نەبوو.

پێویست بەوەبیرهێنانەوەیە کەراوەستانی چالاکی حیزبە چەپە کرێکارییەکان لەپاش شۆڕش، راستەوخۆ بەدەنەی فەرهەنگی-هونەری‌و بزوتنەوە روناکبیرە پێوەندی دارەکان بەوانیشەوە، کەبەشێك لەباری هونەری موتەعەهدی گەشە کردوویان لەسەر شان بوو تووشی راوەستان کرد. هەر بەم هۆیەوە بەشێکی بەرچاو لەو کەسانەی لەم بوارانەدا چالاك بوون، یان تووشی تەریك کەوتنەوەو گۆشەگیری فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی هاتن یان لەوڵات چوونە دەرەوە. ئاشکرایە کەنسڵەکانی دواتری هەڵسوڕاوانی هونەریش بەدەرس وەرگرتن لەئەزمونەکانی ئەم نەسڵە، رێگای خۆیان لەدەرەوەی بازنەی ئەم کێشەیەدا دۆزییەوە.

3. بەڵام روو هێنانێکی دیکە بەمەسەلەکە:

رەنگە ئامانج لەئیرایەو دەرخستنی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری، پەرەپێدانی وشیاری‌و هەستیاری سەبارەت بەستەمی چینایەتی‌و شکڵە ئاشکراو شاراوەکانی چەوسانەوەی کۆمەڵایەتییە. بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین کەپێکهێنانی وشیاری‌و هەستیاری سەبارەت بەمەسەلەیەك لەرێگای بەرهەمێکی (کاڵای فەرهەنگی-هونەری)یەوە، لەپلەی یەکەم دا گرێ دراوە بەهەبوونی ئاگایی‌و دەرکی قوڵ سەبارەت بەم بابەتە لەروانگەی داهێنەری ئەم بەرهەمە وەیە. لەم روانگەیەوە نەبوونی ناوەندە پێشکەوتن خوازەکانی وەك ئیتحادیە کرێکاریەکان یان حیزبە کرێکارییەکان لەئێران، کەتریبوونێك بۆ دەنگدانەوەی مەسایل‌و موشکلاتی زەحمەتکێشان لەئاستی کۆمەڵگادابەحیساب دێن، لەلایەکەوە کۆمەڵگای مێژوو، وەپێشینەی چالاکیەکانی بزوتنەوەی کرێکاری لەئێران‌و هەروەها گواستنەوەی ئەزموون‌و دەست کەوتەکانی ئەوان بێبەش دەکات‌و لەلایەکی دیکەوە ئەدەبیاتی تایبەت بەم بزوتنەوەیەی بەبێ پشتیوان‌و رێبەری رەها دەکات‌و دەبێتە هۆی دابڕانی (کرێکار)و داخوازیە کرێکاریەکان لەگفتمانی کۆمەڵایەتی-سیاسی ئەمڕۆیی دا. لەم ڕووەوە، بێشك ئەم لەبەریەك هەڵپچڕانە مێژووییە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆو جدی لەسەرنەبوونی ڕوانگەیەکی جامع‌و هەڵسێنگەرانە سەبارەت بەستەمی چینایەتی لەناو رووناکبیران‌و کەسایەتیە ناسراوەکانی کۆمەڵگا(تەنانەت لەئاستێکی کەمایەتیش)داو نادیدەگرتنی گشتی دەورو نەخشی ئابوری سیاسی لەبواری ژیانی کۆمەڵایەتی بووە. هەر بەم هۆیەشەوە کەلە دودەیەی پاش شۆڕش دا، وشەکانی سوسیالیزم یان بزوتنەوەی کرێکاری، لەبیروڕای گشتی دا لەگەڵ ماناو چەمك گەلێکی کلێشەی وەك (خیانەتی حیزبە چەپەکانی سەربە شۆڕەوی) تێکەڵ کرابوو، یان لەپێوەند لەگەڵ وشەی کۆمونیسم دا، بەناچار چەمکی(دین ستیزی) بەزەینەکان دەگەیاند. ئەمڕۆکە لەناو سەرجەم توێژە خوێندەوارەکاندا، ئەو وشانەی سەرەوە لەگەڵ تێك ڕوخانی شۆڕەوی‌و کۆتای هاتن بەتەمەنی سوسیالیزم دا بەیەکەوە لەدایك بوون‌و زۆربەی خاوەن ئەنگیزەکانی سوننەتی روناکبیری، تێك روخانی ئۆردوگای سوسیالیزم‌و لەناو چوونی سەرمایە دارییە دەوڵەتی کانی بەناو(سوسیالیزمی ڕاستەقینە)لەگەڵ مەرگی ئیدەی سوسیالیزم دا بەرابەر دەزانن‌و بەژێستێکی واقعگە رایانەوە، بڕوا بەئامانجی بەرابەری‌و نەهێشتنی چەوساندنەوە، بە(ئارمان شارو خەیاڵێکی خۆشبینانە دادەنێن. بەشێکی زۆر لەڕووناکبیرو هونەرمەندەکانی ئێمە جیاوازیەك لەنێوان چەمکەکانی سوسیالیزم‌و مارکیسم دا قایل نین‌و بەدابەزاندن‌و هێنانە خوارەوەی ئامانجێکی ئینسانی تائاستی تئورییەکی لێك دانەوەیی-رەخنەگرانەیی، کەبێشك وەکوو هەر تئورییەکی دیکە شیاوی هەڵسەنگاندنە، سەرەتا ئەو ڕەخنەپەزیر نیشان دەدەن‌و دواتر هاودەنگ لەگەڵ دەزگا تەبلیغاتییە جیهانیەکانی سەرمایەداری، بەنموونە هێنانەوەی تێك رووخانی شۆڕەوی وەك شاهیدێك، دەنگ بەرەد کردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی ئەم تئۆرییە(لەواقع دا ئەم ئیدەیە)دەدەن. وەك بڵێن بەتێك ڕوخانی شۆرەی(یابەقەولی ئەوان"سوسیالیزم)، ڕۆژ ڕەشی‌و بەش مەینەتییەکانی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانیش کۆتایی پێهاتووەو سەرمایەداری بەپلەیەك لە گەشەوپێشکەوتن گەیشتووە کەبەسەر ئەم گیروگرفتەکانی یانە دا زاڵ بووەو هەر بەم هۆیەوە تەیفی ناوبراو لەناو سیستمی سەرمایەدا باوەڕیان

بەبوونی میکانیزم گەلێك هەیە کەوردە ورەو بەشێنەیی فەقرونابەرابەری لەناودەباتو لەباشترین حاڵەتدا "ڕەساڵەتی" هونەرمەند بەدیتنەوەوچالاك کردنی ئەم میکانیزمە دەزانن. هەر ئێستاش زۆر لەڕووناکبیرانی ئێران مارکسیزم نەوەك هێمایەکی کۆمەڵ ناسی- ئابوری بۆ لێك دانەوەی پێکهاتەی سەرمایە- بەنیشانەی هۆکاری سەرلەنوێ بەرهەم هێنانەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتو ستەم، بەڵکو هەروەك دەزگایەکی فەلسەفی دەبینن کەگرینگترینی دانانی ماتریالیسمی دیالکێك لەجێگای باوەڕە ئایینیو متافیزیکییەکانە. لەنەبوونی تەشەکولە کرێکارییەکانو ناوەندە پێشکەوتن خوازەکان دا وهاوجهەت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کرێکاران موبەلغی دیدگا ڕەخنەگرانەکان سەبارەت بەپێکاتە مەزنەکانی دەسەڵاتو ستەمی چینایەتیو لەبەرانبەر ئەودا بوونی دەزگا بەربلاوە تەبلیغاتییەکانی سەرمایەداری، کەلەپاش " مەرگی سوسیالیزم "یش هەروا بە "حەیاتی" چالاکانەی خۆی درێژە دەدات!-بزوتنەوەی روناکبیری بەناچار لەدەرکێکی دروست سەبارەت بەراستییەکانی دەوروبەری خۆیان تەریك دەبێتو بەواتایەکی گونجاوتر، بەشێکی گرینگ لەڕاستیەکانی دەوروبەری خۆی نابینێت وەیان چاوپۆشیان لێ دەکات(یان پێچەوانەو ئاڵوزی دەبینێت). لەم رووەوە لەناو ئەو تیفە دا کەبەپێی سوننەت، نەسلی هونەرمەندانی وڵات لەداوێنی ئەوداشکڵ دەگرێتو پەروەردە دەبێت، یان درکو هەستیار یەك سەبارەت بەمەسایلی کرێکاری جوودی نییە وەیان هەێندێك جار پێش داوەریو جەبهەیەك سەبارەت بەهێنانە گۆری ئەم بابەتانە بەرچاو دەکەوێت ئێستا هەر بەو جۆرەی کەپێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر ناوەرۆکی بەرهەمێکی هونەری بڵێین(کاڵای فەرهەنگی — هونەری) سەربەخۆ لەدڵە راوکێکانی داهێنەرەکەی نەزانین، شایەد یەکێکی دیکە لەهۆکارەکانی بێ موبالاتیو گرنگی پێنەدان بەم بەشە لەمەسایلی ئینسانی لەناوبەرهەمی هونەرمەندانی ئەم سەرزەویەدا تاڕادەیەك ڕوون بوو بێتەوە.

4-لەکۆتایدا چەند قسەیەك سەبارەت بەڕوانگەی "ئیسالەتی" هونەر یان هونەری هەڵێنجراو: هەروەك ئاماژەمان پێکرد، ئەم ڕوانگەیە بەپێداگری لەسەر خۆپاراستن لەکەڵك وەرگرتنی ئامرازی لەهونەر، کاردانەوەی کۆمەڵایەتی ئەو لەباری پێوەندی بەرهەمی هونەرییەوە ڕەد دەکاتەوە، یان چاوپۆشی لێدەکاتو لەسەر ئەولایەنانەی هونەر پێداگری دەکات کەپەیوەندی بەئاستی کاریگەرییەکانی تاکەکەسی ئەوەوە هەیەو بەپێداگری لەسەر دیدگای پۆست مۆدێرنو باسە هێرمنوتیکییەکان، بە"ناوەڕۆك" سەروەرییەکی تایبەتیتر لەداهێنەرەکەیو تەنانەت بەردەنگیش، دەبەخشێت ئەگەر چی ئەم بۆچونە لەهێندێك بواردا مەنتقی بەنەزەر دەگات، بەڵام لایەنی خراپو زیانبەخشی ئەم ڕوانگەیە، دانی پلەو پاییەکی پیرۆز، واوە تر لەئیرادەی ئینسانیو غەیرە زەوینی بوون بەهونەرە، لەمەڕ ئەوەی کەبەڕازی بوون بەسەربەخۆی ناوەڕۆك، بەرینایی سەرهەڵدانی ئەو ئەو لەسنووەکانیحزوورر ئینسانی تێپەڕدەکات. لەبیرمان نەچێت ئەگەر ئینسانو دڵەراوکێ ئینسانیەکان نەبوویێتە بابەتی هونەرەکە، ئەوا بێشك داهێنەرو بەردەنگی هونەرە. کەوایە بێگومان دڵە راوکێکانی ئینسانی ئەمڕۆیی چ لەدێگاو شوێنی داهێنەری بەرهەمی هونەری داو چ لەجێگاو شوێنی ئینسانێك، کەلەجێی بابەتو بەردەنگی بەرهەم دا قەرار دەگرێت دەبێ لەناو بەرهەمی هونەری دا دەنگ دانەوەیی هەبێت. لەبەر ئەمە، هەوڵی ئاگایانە بۆ سڕینەوەی ئەم دەنگ دانەوەیە بەپشتیوانی هەرتئوریەك، بێگومان شێواندنی بەرهەمو داشکاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانیەتی. ئاوا هەوڵێك بەگشتی ریشەی لەنائاگایو هێندێك جاریش لەپێش داوەری نابەجێ سەبارەت بەئیرایەدانی رواڵەتێکی تایبەت لەراستییەکان (ناوەوە یان دەرەوە) دایە، کەبەهەرحاڵ ناتوانین ئەوە وەك خزمەتێك بەهونەر یان ئینسانییەت بەحسیاب بێنین. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کەئەو باسو لێکۆڵینەوە پەسا مۆدێرنیستیانەی کەلەدەیەکانی ئەم دوایینەدا لەزەمینەی لێکۆڵینەوەکانی زمانناسیو جوانناسیدا هاتۆتە ئاراوە، بەگشتی ئەم بۆچوونە ناپەسەندو نەفی کراوە لەخۆ دەگرن. بەجۆرێك کەلەلایەکەوە بەشێك لەبەرهەمەکانی هونەری لەشکڵی ئەودا تاریف دەکەنو هەر چەشنە باسێك لەناوەڕۆك یان هەڵبژاردنی ئاگایانەی زەمینە، یان بابەتی پێکهێنەری بەرهەمی هونەری، بەتەوهین بەچوارچێوەی

پیرۆزی هونەر دەزانن و لەلایەکی دیکەوە هەرچەشنە ئالوگۆڕێکی نوێ لەشکڵیدا، پلەو بایەخێکی واقعی پەیدا دەکات و بەم جۆرە مەرزو چوارچێوەی دڵە راوکێکانی هونەرمەند لەبوون و ماهییەتی ئینسانییەوە بەدنیایەکی پێچەوانەو، دوور لەواقعییەت و بێ سنوور دەگات (شایەد شکڵی "هونەری لەخۆ بێگانەبوون!") و لایەنی یاخیگەری هونەری، کەبانگەشە بۆ شۆڕشێکی هەمیشەیی لەچۆنیەتی تێڕوانینە، کەلەمەکتەبی "ئیسالەتی هونەر"دا ئەسیر دەکرێت. هەر بەم هۆیەوە بەرهەمی کار ئەوەیە کەئەمڕۆکە زۆر لەهونەرمەندانی نەسلی نوێ، لەبەرهەمەکانی خۆیان دا بەشێوازێکی زۆر ئیفراتی و بەبیانووی ناسیاو سڕینەوە "آشنازدایی"وە، دەست دەدەنە بەردەنگ سڕینەوە "مخاطب زدایی" (کەئەمەش خۆی جۆرێك لەسەر بان کەوتنە خوارەوەیەکی دیکەیە. لەبەر ئەوەی ساڵهایەکی دوورو درێژ ئەوانەی کەمودەعی هونەری شۆڕشگێڕو موتەعەهد بوون و بەتایبەت لایەنگرانی رئالیسمی سوسیالیستی، بەداکۆکیکردن لەسەر گرینگی پەیام و نەخشی مێحوەری ناوەرۆك، شکڵی بەرهەم و کاردانەوەی هونەریی ئەویان کەم رەنگ دەکردەوە.) هەڵبەت ئەم روانگەیە تا ئەو جێگایەی کەبردنە سەرەوەی دەرك و پەسەندی هونەری و شێوەی دیدی بەردەنگ، پێکهێنانی هەستیاری گەلێکی نوێ لەبەردەنگ دا، تەرحی شێوازو دوور نماگەلێکی نوێ لەئیرایەو داهێنانی بەرهەمی هونەریداو بەربەرەکانێ لەگەڵ تایبەتمەندییە رەزایەت دەرانەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە لەرێگای رەدکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی قەراردادە دەستوورییەکانەوە، بکات بەئامانجی خۆی، گەلێك پێشکەوتوو قابیلی دیفاعە، بەڵام کاتێك کەخودی ئەم شێوەیە دەبێتە ئەوپەڕی مەقسەدی خۆی و خۆی بەنموونەو هێمای گشتی بۆ سەرجەم شکڵەکانی هونەری دەزانێت و مۆرکی بێ بایەخی و غەیرە هونەری لەبەدیلەکانی دیکە دەدات، بەهیچ شێوەیەك ناتوانین لەگەڵیدا بین.

قەتعەن ناتوانین فیلمی "عێر جدید" سەردەمی نوێی چاپلین کەلەو پەڕی کۆمیدی بووندا، باس لەدزێو بوونی رواڵەتی ئینسان لەسەردەمی ماشێنیزم و سەرمایەداریدا دەکات بەهۆی هەڵبژاردنی ئاگایانەی بابەتەکەوە وەك بەرهەمێکی غەیرە هونەری پێناسە بکەین. بێشك بەشێکی گرینگ لەدڵە راوکێکانی ئینسانی ئەمڕۆیی و بەشێکی بەرچاو لەهۆکارە شکڵ پێدەرەکانی کەسایەتی و ماهییەتی ئینسانی سەردەمی نوێ، لەشکڵە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کەئەمەش جیا لەپێکهاتە مەزنە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی زاڵ بەسەر کۆمەڵگای بەشەریدا نییە. کەوایە لەبەرچاو نەگرتنی ئەم حەدو مەرزە کاریگەرانی سەر ژیان و چارەنووسی ئینسانی، لەداهێنانە هونەرییەکان داو تەنیا پێداگری لەسەر گۆڕەپانی خۆ بەکەماڵ زانی تاکەکەسی بەبیانوی خۆ پاراستن لەروانگەی ئیدئۆلۆژیك سەبارەت بەهونەر، خۆی کەوتنە ناو گێژاوی رونگەیەکی ئیدئۆلۆژیکی دیکەوەیە. (پابەندبوون بەئاینێکی دیکە بەناوی "مەزهەبی هونەر"). بۆچوونێکی کەدورکەوتنەوە لەرووداوە واقعی و بەرچاوەکان لەگەڵ روانگەیەکی بێلایەنانەو هەڵێنجراو سەبارەت بەهونەر وەك یەك دەزانێت و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات هەر چەشنە کردەوەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی و یان هەرچەشنە هەڵوێست گرتنێکی سیاسی، لەو رووەوە کەبێشك لەسەر لێکدانەوەیەکی نەزەری و تئوریکی پێداگری دەکرێت، لەپێشدا مەحکوم دەکات و بەمەبەستی خۆ لادان لەمەزن بینی (گلان نگری)و یان رەواج دان بەبێلایەنی، لەلایەکی دیکەی سەربانەکەوە دەکەوێتە ناو چاڵی بێ ئەندێشەیی و مونفەعل بوونەوە.

***

مەبەست لە ئەدەبییاتی کرێکاریی، ئەدەبییاتی کرێکار وەکوو سێنفێك نییە" چون بەمجۆرە دەبیٚ بە ژمارەی توێژەجۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا، ئەدەبییات و جۆرەکانی ئەومان هەبێت. بۆ وێنە ئەدەبییاتی جوتیاری، ئەدەبییاتی موعەللیمەکان و ...... یانی ئەدەبییاتی کرێکاریی وەکوو ئەدەبییاتی سێنفی نایەتە گۆڕیٚ. ئێمە لە ئەدەبییاتدا بەر لە هەر شتێك لەگەڵ بۆچوون و ڕوانگەی نووسەر سەبارەت بە جیهان رووبەڕوو دەبینەوە. ئەو بۆچوون و ڕوانگەیە دەتوانیٚ ئینسانی بێت یاخود غەیرە ئینسانی، کە بە بۆچوونی من ڕوانگەی ئینسانی هەر بەڵکوو ڕزگاری تەواوی کۆمەڵگا و مرۆڤایەتی لیٚ دەکەوێتەوە. هەر بەم هۆیەوە قسەکردن سەبارەت بە ئەدەبییاتی کرێکاریی لەڕاستیدا قسەکردن لەبارەی ئەوجۆرە ئەدەبییاتەوەیە کە هەوڵ و جووڵانەوە بۆ ڕزگاری مرۆڤ لە ڕوانگەی بەرین و قوڵی چینی کرێکارەوە وێنا دەکات. بەو مانایە و بە پێچەوانەی بۆچوونە باوەکان، ئەدەبییاتی کرێکاریی ئەدەبییاتی ئیدئۆلۆژیك نییە، بەڵکوو ئینسانشمول و دونیاشمولە. کەواتە ئەدەبییاتی کرێکاریی ئەدەبییاتی هەر کرێکار( بە تەنیایی) نییە، بەڵکوو ئەدەبییاتی جێی پەسەندی تەواوی مرۆڤایەتی

# سەبارەت بە ئەدەبیاتی کرێکاریی ئێران

نوسینی:عەلی ئەشرەفی دەرویشیان
وەرگێڕانی: عەلی ئەحمەدپور

بۆچوونی سۆسیالیستییە کە ئینسان لە هەموو بوارەکانیەوە بەدوور لە بەندوبەستە ئازاردەرەکان دەبینیٚ و دەخوازیٚ. لەو ڕوانگەیەدا ئاوات و ئامانجەکانی کرێکارێك نەك هەر ئاواتەکانی کەسێکی کرێکار، بەڵکوو ئاوات و ئامانجەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی هەڵدەسەنگێنن, ئەگەریش خۆ بە وردەکارییەکان و ساتە هەستیارەکانی ژیانی کرێکارێکەوە خەریك کەین و چیرۆکەکەمان داڕێژین، بەسەرنجدان بەو ڕوانگەبەرینە، یانی لەبەرچاوگرتنی چینێکی کۆمەڵایەتییە" چونکوو ئەوە ئەدەبییاتی تایبەت بەو چینەیە. لەئاکامدا ئێمە لە لێکدانەوەی دواییدا ڕوولە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و چالاك و پڕگڕوتینەسیاسییەکانی ئەو چینە دەکەین و وەکوو هونەرمەند یان چیرۆکنووس یان نەققاش یان فیلمسازێك، کاریگەری لەوەها بزووتنەوەیەك وەردەگرین. بزووتنەوەیەك کە بە باوەڕی من نەتەنیا ڕزگاری خۆی، بەندکراوە کە تینوی ڕزگارییە. لە دونیای ئێستادا زۆرێك پێیانوایە کە ئیتر کرێکار بە شێوازی سوننەتی نەماوە، بزووتنەوەی کرێکاری سڕاوەتەوە و هەموو شتێك یان داخراوە و تەعتیل بووە یان کرێکاران لە نازو نیعمەتدا بەسەردەبەن" بەڵام من وا بیر ناکەمەوە، چوونکە ئەو شتانەی کە لە دەوروبەرمدا دەیانبینم رێك بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیە. ڕوانگەی من بەراوەردەکان دەبینیٚ. بۆ وێنە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمداماڵی زۆربەی کرێکاران لە سەرتاسەری جیهاندا بیٚ برق و ڕوناکایی پێویست بوو بەڵام ئێستاکە دەبینین کە برقیان هەیە. ئەوە مەسەلەیەکی تایبەت نییە" چونکە ئەگەر بەراوەردی بکەین، تێدەگەین کە سەروەت و سامان و رفاە و ئیمکاناتی سەرمایەداران بەڕادەیەك زیادی کردووە کە چینی کرێکار تەنیا لە عالەمی خەیاڵدا ئیمکانی ئەوەیان

هەیە کە بتوانن دەستیان بەو رفاه و ئیمکاناتە ڕابگات. بارودۆخی ئێستای چینی کرێکار، خوێندەواربوونی ئەو یان بۆ وێنە گۆڕینی شوێنی کاری ئەو، بەداخەوە هیچ ئاڵ و گۆڕێکی بنەڕەتی لە بارودۆخی چینایەتی و کەمکردنەوەی دەرد و مەینەتییەکانیدا پێك نەهێناوە. ئەو هەروا بەردەوام دەچەوسێتەوە، بەردەوام بە هۆی گوشاری شوێنە نابێهداشتییەکان و شوێنە پڕمەترسیدارەکانی کار، گیانی لە دەست دەچێ. کاتێك کە هونەرمەندێك یان چیرۆکنووسێك ئەو ئاهەنگ و دۆخە سەقەتە دەبینێ، کاریگەری لێ وەردەگرێ و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. کاتێك کە نووسەرێك دەبینێ خەڵکی زەحمەتکێش هەر لە تاریك و ڕوونی بەیانییەوە دەچنە سەرکارو شەو شەکەت و ماندوو و هیلاك بۆ ماڵەکانیان دەگەڕێنەوە، بەو حاڵەشەوە و بەو زەحمەتە شەووڕۆژییانەیانەوە دیسانیش گرفتاری وەدواکەوتنی کرێ ماڵ، نەبوونی کەمترین کات بۆ پشوودان و حەسانەوە، دابین نەبوون لە هەر بارێکەوەن و هەروەها بە هۆی پرۆژە و بەرنامەی دەستدرێژیکەرانەی "نیئۆلیبرالیسم" ، ڕۆژلەدوای ڕۆژ زیاتر دەچەوسێنەوە و هەڵوەدا و ئاوارەتر دەبن، ئەو ناسەقامگرتوویی و ئاڵۆزییانە دزە دەکاتە نێو ئەدەبییات و تێیدا ڕەنگدەداتەوە. ئەدەبییاتی کرێکاریی یانی وێناکردنی ئەو چەوسانەوەیە، بەرامبەرکێکردنەکەی لەگەڵ هێرش کردن و توندوتیژی سەرمایە و سەرەنجام هیوا و هومێد بە ڕزگاری. ئەدەبییاتی کرێکاریی لە ناوەڕۆکی گشتی خۆیدا بریتییە لە زمانحاڵی سات و کاتە پڕئازارەکانی خەباتی ئەو چینە( لە ئاساییترین قۆناغەکانییەوە تا ئاڵۆزترین و کامڵترین قۆناغەکانی)، هەڵبەت لە قالب و فۆڕمێکی ئەدەبیدا و ئەمەش تەنیا لایەنێك یان بەشێك لەم ئەدەبییاتەیە. ئەو مەسەلانەی کە ئینسانی ئەم سەردەمە بەدەستییەوە ئازار دەکێشن زۆرن و تەنیا تایبەت بە چینی کرێکار نین. لەوڕووەوە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی کە لە ڕوانگەی ئینسانییەوە ڕەخنە لە کاپیتالیسمی زاڵ بەسەر کۆمەڵگا و جیهان بگرێت و کلتوری ئینسانی دەوڵەمەند بکات، دەکەوێتە نێو بازنەی ئەدەبییاتی کرێکارییەوە. لەبەر ئەوەیکە ئەو چینەیەکە، شوێنی سەرهەڵدان و پێگەی ڕوانگەیەکی نوێ و ئینسانی بۆ جیهانی ئەم سەردەمەیە. بەڵام لە وەڵام بەو پرسیارە کە بۆچی ئەدەبییاتی کرێکاری ئێمە ئەوەندە لاواز و کەمڕەنگە دەبێ بڵێم کە هۆکاری زۆر لەوبارەیەوە هەن کە هەڵبەت بارودۆخی کۆمەڵگاکەمان و ئیستبداد و دیکتاتۆری حوکومەتەکان و لەئاکامدا خۆخەریکنەکردنی نووسەرانی هاوچەرخ و بەتوانا بەو مەسەلەیەوە، بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەماندا، هەموویان کاریگەرییان بووە. بەبڕوای من توێژینەوە و باس و قەزاوەتکردن لەسەر ئەدەبییاتی کرێکاریی لە فۆڕم و ئاستی تایبەت و هونەری و هەڵسەنگاندنی ڕابردوو و ئێستاکەیدا بێ گومان پێویستی بە هەوڵی بەکۆمەڵ و تێئۆرێك هەیە. بەکورتی، ئەگەر ئەدەبییات و هونەر بەگشتی و ئەدەبییاتی کرێکاریی بەتایبەت ئەدەبییاتی سەردەمی نوێ(سەرمایەداری)یە و بە شێوازێکی دووبارەوێناکردنی خەباتی چینایەتی بەئەژمار دێت، هاوکات باس و ڕاوێژکردن سەبارەت بە ئەدەبییاتی کرێکاریی بە گشتی، دەبێ بەسەرنجدان بە پێوەرەکان و بنەما ئەدەبییەکان بچێتە پێشێ، دەبێ لە خواستگەی کۆمەڵایەتی وەها ئەدەبێك وردبینەوە، یانی بزانین کە ئەو ئەدەبییاتە لە چ کۆمەڵگایەکدا پێکهاتووە. کاتێك کە ئێمە کۆمەڵگای خۆمان لەگەڵ کۆمەڵگای ئینگلیستان هەڵدەسەنگێنین، دەبینین کە لە ئینگلیستان بنەماڵەیەکی کرێکاریی نەسلاونەسل کاریان کردووە. باوك کرێکار بووە، بابەگەورە کرێکار بووە و ...... هەتا دەگەین بە کارگاکان و کارخانە سەنعەتییەکانی ئەم سەردەمە. بەڵام لە ئێران بەڕاستی وەها دیاردەیەك ناکەوێتە بەرچاو و نیمانە. یانی ڕیشە و پێشینەی کرێکاریی زۆر کۆن و قەدیمیمان نییە. ئەوە لەحاڵێکدایە کە کرێکار لەگەڵ خۆیدا کلتور و فەرهەنگی کرێکاری پێکدێنێت، بایەخ و ئەرزشەکانی خۆی دروست دەکات. لە پاشان نووسەر کاتێك کە بیهەوێ ژیانی بنەماڵەیەکی کرێکاریی وێنا بکات، پێویستی بە پێشینەی مێژوویی ئەو بنەماڵەیە هەیە. ئەویش ئەوەیەکە تاچ ڕادەیەك خووڕەوشتی چینایەتی لەو بنەماڵەیەدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە، تا چ ڕادەیەك بایەخە تایبەتییەکانی چینی کرێکاری هەزم

کردووە و نەسلاونەسل گواستوویەتەوە و ڕایگرتووە. ڕەنگدانەوەی ئەو فەرهەنگە و ڕیشەکانی ئەو لە وتەکانیان، لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیاندا، لە قەزاوەتەکانیاندا و تەنانەت لە فەرهەنگی گشتیشیاندا خۆی دەردەخات. بە پێچەوانەی وەها بارودۆخێك یانی نەبوونی ئەو ڕیشانە و ئەو پێشینە مێژووییە لە ئێران، هەر ئەوەیەکە ئێستاکە ئێوە دەیبینن و لەوە پڕئازارتر ئەوەیەکە هیچکات حکوومەتە دیکتاتۆرەکان ئیجازەیان نەداوە تا ئەو چینە بوون و مەوجوودییەتی خۆی دەربڕێ و بەداخەوە تەسویر و وێنای کرێکار تەنانەت لە زەین و بیری هەندێك لە نووسەران و ئەدەبییاتماندا، هەر ئەو " فەعلایەی ناو کۆڵان" ە " لەو نێوەدا مومکینە نووسەرێکی بەرپرس و دڵسوز بۆوێنە کرێکارێك لە شوێنێك لە کارگایەك دا دەبینێ و بیهەوێ لەبارەی ئەودا بنوسیٚ" تەبعەن ئەوە نابێت ئەدەبییاتی کرێکاری، کارەکەی ئەو هەر لە پەراوێزدا دەمێنێتەوە، یانی بەبیٚ پێوەندی لەگەڵ ڕیشەمێژووییەکانی، بەبیٚ پێوەندی لەگەڵ مەسەلە گشتی و تایبەتییەکانی ئەو تەبەقە، بەبیٚ ئاشنابوون و ناسینی ئەدەبییاتی جیهانشمول، تەنیا وێنەهەڵگرتنێکی ناخەللاقانەی لێدەردێت. کە واتە هەر بەمجۆرەی کە وتم، ئێمە بۆ ناسین و ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی وەها ئەدەبێك( ئەدەبییاتی کرێکاریی) ، پێویستیمان بە هەوڵی بەکۆمەڵ و گشتی هەیە" بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەو بۆچوونەشدا نیم کە گۆیا ئەدەبییاتی کرێکاریی دەبیٚ شێوازی زۆر زۆر تایبەت و تێکنیکی جیاوازی هەبێت. لەگەڵ ئەو ڕوانگەئیدئۆلۆژیکەشدا نیم کە ئاکامێکی جگەلە لەکارخستنی ئەدەبییاتی ئینسانی نییە. تێکنیکەکان و شێوازەئەدەبییەکان دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە و دەتوانریٚ کەڵکیان لێوەربگیردریٚ. لێهاتوویی و بەتوانایی نووسەر دەتوانیٚ بۆ ئامانجی ئینسانی بەکاربێت.

***

نەبوون یان کەم بوونی حیزب و ڕێکخراوگەلی سیاسی سنفی کرێکاری و لەلایەکیکەوە باڵادەستی بایەخەکان، فەلسەفەو هونەروئەدەبیاتی چینی دەسەڵات دار نەتەنیا بوەتە هۆی لاوازی ئەدەبیاتی کرێکاری، بەڵکوو چەمکی کرێکاریشی بۆ خەڵکی ناڕوون کردوەتەوە. زۆرێك لە خەڵك هونەر و ئەدەبیاتی دەوڵەتی کەڵك وەردەگرن تا لە هونەر وئەدەبیاتی کرێکاری. هەروەها لە خوارەوە بوونی ئاستی زانیاری ودژواری و سەختی ژیان لەو هۆکارانەن کە کەمتر دەرفەت بە کرێکاران دەدەن بۆ بیرکردنەوە و ئاشنایی لەگەڵ ئەوشتەی کە پێوەندی بە خودی ئەوانەوە هەیە، بە

# ئەدەبیاتی کرێکاری ئێمە بۆچ لاوازە؟

ن:مەنووچێهر بەسیر
و: سەباح مورادی

وا بیردەکەنەوە کە کرێکاران، کەسانێکن کە لە کارخانەکان و کارگەکاندا ئیش دەکەن. لەحاڵێکدا ئەمەپێناسەیەکی ناتەواوو چەواشە کراوە کە زۆرتر بۆداپۆشینی دژایەتی سەرەکی نێوان دوو چینی سەرەکی کۆمەڵگا واتە چینی باڵادەس و ژێردەس داڕێژراوە. جیاکردنەوەی پەرستار،فەرمانبەر مامۆستا، فەلا، پزیشك وئەندازیار لە یەکدی تەنیا سەرچاوەگرتوو لە سیاسەتی، دژایەتی بنێوەو حکوومەت بکەیە.

بەشێوەیەکی گشتی تەواوی ئەو کەسانەی کە ناچارن بۆ بژیوی ژیانیان کار بکەن و هێزی لەش و زەێنی خۆیان بفرۆشن کرێکار بە حسێب دێن، هەر بەم پێناسەیە لە مامۆستایەکی زانکۆوە بگرە هەتا وەکوو کرێکارێکی شارەوانی هەرکرێکارن، جایەکیان کرێکاری زەێنی و ئەوی دیکە کرێکاری دەستی.

نیزامی چینایەتی بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵاتی خۆی ڕاگرێ، هونەر و ئەدەبیاتێکی ڕەسمی یان دەوڵەتی دەکاتە جێگری هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری. لە لایەکی ترەوە کرێکاران یان بەگشتی زەحمەتکێشان بە هۆی نەبوونی وشیاری چینایەتی یان لە خۆ بێگانەبوون، زۆرتر لە تایبەت هونەروئەدەبیاتی ئەم چینە زەحمەتکێشە.

سینەمای پێش شۆڕش یان سینەمای کلاوومەخمەڵیەکان و دراما بێ سەرەو بەرەو چەواشەکارانەکانی تەلەفزیۆن بۆ بەلاڕێدا بردنی خەڵکی بەتایبەت چینی کرێکار ئامادەدەکرا.

بەڕێزعەلی ئەکبەرئەکبەری لە بەرهەمە بەنرخەکەی دابەنێوی ((لومپەنیسم)) نیشانی Aدەدات کە پەرە دان بە فەرهەنگی ئەوباش گەری یان لومپەنیزم بەمەبەستی چەواشەکردنی فەرهەنگی زەحمەتکێشانە. ئەم کتێبە لەڕیزی ئەدەبیاتی بایەخداری کرێکاریدایە کە بەهۆی زاڵبوونی مەتۆسیداری بایەخگەلی بازاڕی بەسەر بازاڕی بڵاوکراوەو کتێب دا فەرامۆش کراوە. زۆربەی چاپەمەنیەکان دەست دەدەنە بڵاو کردنەوەی بەرهەمگەلێك کە فرۆشی هەبێت، بازاڕێکی، بەو هۆکارانەی کە لەسەرەوە ناومان بردن بنەڕەتەکەی لە سەربێ بەندوباری داندراوە .

لە لایەکی دیکەوە هەندێ لە نووسەرانی ئێمەکە نێشتەجێی باڵەخانەی عاجی ڕۆناکبیرین و زۆرتر دەست دەدەنە بڵاو کردنەوەی بەرهەمهایەك کە بە زمانێکی زۆر

قورس و ئاڵۆز نووسراوەو بگرە لە پێوەند لەگەڵ ژیان و بایەخگەلی چینی باڵادەستی کۆمەڵگادایە.

بۆوێنە هەرئەم باس وبابەتانەی ((مودێرنیسم)) یان ((پەسامودێرن)) کە بووە بە باسی کۆڕو کۆمەڵی بە نێوڕۆشنبیری کۆمەڵگاو پێوەندی بە ژیانی ئەوخەڵکەوە نیە کە بۆ کڕینی شووشەیەکی شیر یان کیلۆیەك گۆشت ومێوە دەبێ کاتژمێرێك لە سەفدا ڕاوەستن یان بە واتایەکی ڕوونتر بۆ بژیوی ژیانێکی سادە گیانیان بگاتەسەرلێو.

لە شەقامەکەی ئێمەدا کرێکارانێك هەن کە هەندێك لەوان تەمەنیان لە نێوان 12 تا 18 ساڵدایە و ڕۆژانە 12 تا 18 سەعات ئیش دەکەن .



زۆربەیان لە ئێسلام شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری تارانەوە دێن، بە جۆرێك کە خۆیان باسی دەکەن کاتێك دەگەنەوە ماڵ بە هۆی ماندوویەتی زۆرەوە تەنیا دەرفەتی خواردنی پارۆیەك نانیان هەیەو دواتر دەخەون. چەند جار هەوڵم دا چەند گۆڤار و کتێبیان بۆدابین بکەم، بەڵام زۆرینەیان جگەلە کەسێکیان عەلاقەیەکیان نیشان نەدەدا.

چەندجارئاگام لێبوە پێکەوە گاڵتەی زۆرناشیرین ونابەجێیان کردوە، کەئەم شۆخیانە تەنیا لەلات و لووتەکان دەوەشێتەوە.

بە هەرحاڵ دەردی کرێکارانی ئێمە دانە و دوان نیەو بەچاپکردنی بڵاوکراوەیەك یان چەندکتێبێك کارێکی گرینگ ناتوانین بکەین. ڕێکخستنی بنەڕەتی ئەوان و پەرەپێدانی هونەروئەدەبیاتی زەحمەتکێشان بەستراوەتەوە بە پێکهێنانی حیزب وڕێکخراوەی کرێکاریەوە.

***



# پروشــــه


| | |
|---|---|
| سەرکەوتنی موسیقا بەسەر دیکتاتوریدا | و: پێشەنگ |
| کورتە مێژوویەك لەمۆسیقای راك | ن: بەهرام حسین ـ و: ئارام |
| زیندان لەهونەرو ئەدەبیات دا | و:پێشەنگ |
| ژنان فیلتێر ناکرێن | ن:فوئاد شەمس ـ و:سەیران ڕەحیمی |
| هونەرمەند کێیە؟ | ن: فەرهاد عێرفانی ـ و: دەریا |
| جەك لەندەن، نوسەرێك لە چینی کرێکار عەلی | و:پێشەنگ |
| میرزادە عیشقی: (شاعیری ئازادی) | ن: محەمەد سەپانلو ـ و: پێشەنگ |

و: پێشەنگ

# " سەرکەوتنی موسیقا بەسەر دیکتاتوریدا"ویکتور خارا

ویکتور خارا، لەگیان بەخت کردوانی ساڵۆنی شیلییە کەهەر وەك گیان بەخت کردوانی ساڵی 47و گۆڕستانی خاوەران، لەوڵاتی ئێمە، هێمای جنایەتی وەحشیانەو هەوسار پچڕاوانەی دەسەڵات دارانی ئەو وڵاتەیە. خارا, تا دواین کاتەکان لەناو ساڵۆنەکەدا گۆرانی بۆ بەندکراوەکانی دیکە وتو کاریگەرییەکانی هەتا هەتایی لەسەر کلتوری موسیقا لەناو ئامریکای لاتین دا هێشتەوە.

ئەو یەکێکە لەبناغە دارێژەرانی بزوتنەوەی، nueva cancio لەئەمریکای لاتین. ویکتور خارا، لەشاری لوخوئن لەوڵاتی شیلی، لەناو بنەماڵەیەکی کرێکاریدا چاوی بەژین پشکوت، باوکی ئەو ژیانێکی هەژارانەی هەبوو، وە بەهۆی هەلو مەرجی نالەباری ژیانو گوشاری ڕۆحییەوە پەنای دەبردە بەر ئەلکۆل، هەروەها دایکیش، هەروەك زۆربەی ژنە هەژارو دەست کورتەکانی ئەمریکای لاتین، لەگەڵ سەرجەم ئەو گیروگرفتانەی کەلەژیانی کۆمەڵایەتیو تەنانەت شووەکانی خۆشیان دا لەگەڵی بەرەو ڕووبوون، دەستو پەنجەی نەرم دەکرد، ئەو سەرەڕای ئەوەی کەلەدەرەوە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیو بنەماڵە هەژارەکەی کاری کاتی دەکرد، لەماڵەوەش لەلایەن شوەکەیەوە توندوتیژی لەگەڵ دەکرا. کەلەئاکام دا دایکی، (ئاماندا) بەسەر نویشتی بەمیلیۆن ژنی هاوچارەنووسی خۆی، لەئامریکای لاتین دووچار بوو: ئەو، شووەکەی لێی جودا بۆوەو، سەر پەرەشتی منداڵە وردەکانی، ناناوەریو کاری تاقەت پڕوکێن، کەوتە ئەستۆی.

وە ئەم دایکە زەحمەتکێشو خاوەن ورەو بەجەربەزەیە بوو، کەکاریگەری واقعی لەسەر ژیانی ویکتۆر دانا، نەك




ئەو باوکەی کەلەئاست سەختێکانی ژیان دا هیلاكو هەڵاتوو بوو!

دایکی، گیتاری لێدەداو گۆرانی فۆلکلۆری دەوتەوەو هاوکات هەم هونەرەکەیو هەم میراتی کلتوری خەڵکی ناوچەکەو بازاڕی، فێری ویکتۆر دەکرد.

هەروەها وەکو زۆربەی دایکەکانی "جیهانی سێهەمی" لەو دەورانەدا تەنیا هیوای ئاماندا‌ش بۆ داهاتووی منداڵەکانیو هەروەها ڕزگاربوون لەدەست هەژارییو برسێتی، خوێندن بوو، هەر بۆیە هەمیشە ویکتۆری هان دەدا تا دەرس بخوێنی. ویکتۆر، پاش تەواوکردنی دەورەی سەرەتایی، لەرشتەی جسابداریدا لەدەبیرستان، درێژەی بەخوێندن دا.

ویکتۆر لەتەمەنی پازدە ساڵیدا، دایکی لەدەست داو لەو پێوەندییە دڵسۆزانەو پڕ لەهەستی خۆشەویستانەی ئەو

كەسەبارەت بەمنداڵەكانی هەیبوو، دابڕا. هەر ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی كەبكەوێتە هەوڵی پەناگایەك، بۆ پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییە لەژیانیدا. بەم بۆنەیەوە سەرەتا رویكردە كلێسا-كەزۆر زوو هیوای بەكلیسا لەدەستدا و ناچار چووە ناو ئەرتەشەوە، بەڵام دوای چەند ساڵێك لەوێش هاتە دەرێ.

بێكاریو بێ سەرپەنایی ئەویشی هەروەك زۆربەی لاوو تازە لاوەكانی ناو كۆمەڵگا بردە ناو قوڵایی ناخی خۆیەوە، بەڵام ویكتۆر لەدایكییەوە دەرسی ورەی بەرزو خۆراگری، وەرگرتبوو، نەك لەباوكیو دەرسی هەڵاتنو پەنا بردنە بەر كەرەسەی خۆ لەناوبردن" بەڵكە هەوڵ، هیواو موزیك، پردی خۆ دەربازكردنو تێپەڕبوونی ئەو بەسەر ئەو هەلومەرجە دژوارەدا بوو ئەو گەڕاوە بۆ شارەكەی خۆیو لەوێ لەگەڵ دۆستەكانیدا گروپێكی مۆسیقای فولكلۆری دروستكردو لەپەنا ئەوەش دا لەڕشتەی شانۆگەری دانشگادا نێونوسی كرد، هەروەها لەدانشگای شیلی لەسانتیاگۆ، بازیگەریو كارگەردانیش فێربوو، پاش ماوەیەك لەگەڵ ویوڵتا پارا ژیانی هاوبەشیان دەست پێكرد. ویوڵتا پارا خاوەنی چایخانەیەكی چكۆلە بوو لەشاری سانتیاگۆ، هەروەها بۆ خۆی گۆرانی بێژو هونەرمەندو هونەر دۆست بوو، لەهەوڵە هونەرییەكانیدا یارمەتی ویكتۆری دەداو، ویكتۆریش لەچایخانەكەدا یارمەتی ئەوی دەكرد. ویكتۆر، هەم لەشانۆگەرییەكاندا نەخشی ئیفادە كردو هەم ئاهەنگ سازی دەكرد. لەساڵەكانی دەیەی (40)دا نەسلێك لەلاوان، ئەوانەی كەبیریان لەدروستكردنی دنیایەكی باشتر، دەكردەوە سەریهەڵدا, ئەوان بۆ نەسلەكانی دوای خۆیان، كۆمەڵێك شتی باشیان بەیادگار بەجێهێشت، كەهێندێكیان بریتی بوون لە:



ئازادی زیاتری بیرو باوەڕەكان، بەرابەری مافی ژنو پیاو و عەداڵەتی كۆمەڵایەتی زۆرتر، كەویكتۆر یەكێك لەم لاوانە بوو، ئەو ئیتر وردە وردە هۆگری سیاسەت بوو. ئەوەڵین بەرهەمی مۆسیقای ویكتۆر لەساڵی 1966دا دەرچوو، ئەو دواتر شانۆگەری وەلاناو تەواوی وەختی خۆی بەمۆسیقا تەرخان دان.

تەواوی مۆسیقاكانی سەردەم بەناچاری لەگەڵ دەردوو رەنجەكانی خەڵكدا پێوەندییان هەبوو، ویكتۆریش لەبەرهەمەكانی خۆیدا هەروەك باقی هاوكارەكانی، لە Nueva cancion یان بزوتنەوەی مۆسیقای نوێدا بێ عەداڵەتیە كۆمەڵایەتییەكانو فەسادی سیاسی زاڵ بەسەر كۆمەڵگایدا دەخستە بەر رەخنەی توندو مەحكومی دەكردن.

ئەو هەروەك زۆربەی هونەرمەندە پایە بەرزەكانی ناو ئەو بزوتنەوەیە دیفاعی لەسۆسیالیزم دەكرد.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، پشتگیری سەختی ئەو لەسالوادور ئالندەو بەڕێوەبردنی چەندین كۆنسێرتی مۆسیقا بۆ پشتیوانی لەئەو، لەهەڵبژاردنەكاندا شتێكی دوور لەچاوەڕوانی نەبوو. خارا لەدیفاع لەبەرنامەكانی سۆسیالیستی ئالندە "حیزبی یەكگرتوویی خەڵك" هەروەها دیفاع لەپێكهێنانی ئیمكاناتی خوێندن، بێهداشتو مەسكەن بۆ خەڵكی فەقیرو هەژار، چەندین كۆنسێرتی بەرێوە برد. زۆربەی كۆنسێرتەكانی، خارا لەشارە چكۆلەكان، بەڕێوە دەچوو، بەڵام ئەو كۆنسێرتەی

کەلەناو سالۆنە وەرزشێکەی شلیدا، لەیدفاع لەهەڵبژارنەکەی ئالندە بەرێوەی برد، ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد. زۆر لەگۆرانی بێژە ناو دارەکانی ئامریکای لاتین، لەو کۆنسێرتەی ئەودا بەشدارییان کرد.

ئالندە لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا، بەڵام بەداخەوە ئەو بەهۆی برِوا بەرێك کەوتنەکان، لەگەڵ دامودەزگا برِوکراتیکەکانی سەر بەتەبقە داراکانەوە کەلای وابوو ئەوان بەتەواوی رێز بۆ ئەو رێککەوتنانە دادەنێن، بەکۆدتاییەکی ئامریکایی لەلایەن ژنرالێکی ناوخۆییەوە، دەسەڵاتی خۆی لەدەست داو، یازدەی سپتامبری لەگەمارۆی کۆدتاچێکاندا گیانی بەخت کرد. هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، رۆژی کۆدتاکە، وێکتر خارا، لەشوێنی کارەکەی (مەدرەسەی هونەری)دا لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە گەمارۆدراو دوای دەستگیر بوون برا بۆ زیندان.

هاوبەندەکانی خارا، لەو پێنج رۆژەی کەلەگەڵیدا لەبەنددابوون، زۆر بیرەوەرییان لەمقاومەتو خۆراگرییەکانی ئەو، لەبەرابەر ئەشکەنجەی وەحشیانەی زیندان وانەکانو تینویەتیو برسیەتیو هەروەها رۆحییەی فیداکاریو لەخۆ بردویی، سەبارەت بەخۆیان لەیاددا ماوەتەوە. دوای چەند رۆژ، کۆدتاچێکان، وێکتۆر خاراو بەندکراوەکانی دیکەیان بردە هەر ئەو سالۆنەی کەکۆنسێرتە بەناوبانگەکەی لەپشتیوانی لەئالندەدا لێ بەرێوە بردبوو، لەناو ئەو سالۆنەدا عاملانی سەرکوت، ئەو دەستەی کەبۆ خەڵكو هەڵبژاردنی ئالندە، ئاهەنگی ئازادیو یەکسانی لەسەر گیتارەکەی بەرز دەکردەوە، شکاند، هەتا ئیتر نەتوانێت گیتار لێ بدات، وە بەحاڵەتێکی سەرکەوتووانەوە گاڵتەیان پێ دەکردو پێیان دەوت: جا ئەوجار گیتار لێ بدەو گۆرانی بڵێ.

بەڵام ویکتۆر لەحاڵێکدا رواڵەتی لەمەرِ ئێشی دەستی تێکچوو بوو، چەند بەشێك لەسرودی حیزبی سۆسیالیستی ئالندەی، بەدەنگێکی بەرز خوێندەوە. کەئەمە لەمێژووی ئازادیخوازی ئامریکای لاتیندا، بوو بەچیرۆکێك، کەهەرگیز لەیاد ناچێتەوە. سەرکوتگەران لەئاست ئەو دژ کردەوەیە خۆیان پێ رانەگیراو، سەرەتا دایانە بەر لێدانو ئەشکەنجەیەکی زۆرو پاشان بەگولەیەك، کۆتاییان بەتەمەنی هێناو پەیکەری ئەویان گوازتەوە بۆ گۆرِستانێکی بەکۆمەڵ.

هاوسەرەکەی، واتا "جوان خارا"، گیانی خۆیو کاسێتەکانی ویکتۆری هەڵگرتو بەنهێنی لەشیلی خۆی دەرباز کرد.

ئاوازەکانی ویکتۆر، هەر ئێستاکەش لەناو ئامریکای لاتیندا زەمزەمە دەکرێنو پینۆشە، واتە ئەو بکوژەی ویکتۆر خاراش، لەسەفەرەکاندا، لەسەر تەختی نەخۆشخانە، لەماڵێیو لەسەر لێوی گۆرِیشدا، لەئاست حەق خوازەکاندا، وڵام بەپرسیاری تاوانەکانی دەداتەوە. هەروەها روو لەدەسەڵات دارانی سەرکوتگەرانی ئێران.

11ی سپتامبری شیلی، سالوادور ئالندەو ویکتور خارا، ناوێکی کۆیە لەیادو بیرەوەرییو بەناوی هەزاران قوربانی کۆدتاکەی شیلیو هەزاران قوربانی قەتڵی عامەکانی دەیەی 80 لەسەرتاسەری ئامریکای لاتیندا، کەلەژێر چاوەدێری راستەوخۆی عالیە جان نکرۆپۆنتە، سەفیری جنایەت پیشەی پێشوی ئامریکادا لەعراق بەرێوەچوو. هەروەها بەیادی باقی قوربانیانی سیاسەتە تەجاوزکارانەکانی ئامریکا لەسەرتاسەری جیهان. ئەو تەجاوزو جنایەتانەی، کەکەرەسەی نیو سەدە، دەسەڵات دارییەتی ئامریکای مسۆگەر کرد.

وە ئێستاش بەرەو ئەوە دەرِوات، لەهەڵدێری سەرنخون بونەوەی ئیمپراتۆرانو دەسەڵات خوازاندا، ببێتە پێلەقەیەکی مێژوویی.

وە بەڵام لەیادتان بێت: ئالندەو ویکتور خارا” 11 سپتامبری شیلیو چارەنوسی ئێستاکەی پینۆشەو شکستی کۆتایی ئەو کودتایەی کەهێزێکی گەورەو خۆ راگری، وەك ئامریکا پشتگیری دەکرد، لەهەمان حاڵدا وە بیرهێنەرەوەی ئەم راستیەیەکە ماڵی زوڵم لەسەرەبا، رۆنراوەو سەرکەوتنی دیکتاتۆرەکان کەم خایەنە، بەڵام شکستی یەکجارییان قەتعییەو بۆ هەمیشە دەچنە ناو زەلکاوی بەدناوییەوە.

***

# كورتە مێژوویەك لەمۆسیقای راك: خەباتكارەكان

ن: بەهرام حسین
و: ئارام

مۆسیقای "راك" بەكەڵك وەرگرتن لەزۆرێك لەسەرچاوەكان، لەدەیەی (50)دا دەست پێدەكات. ئەم شێوە مۆسیقایە لەتێكەڵاوییەك لەسەبكەكانی "كانتری"و نەزمی "ان بلوز" پێكهاتووە.

"Rocket88" شایەد لەمێژینەترین قەتعەی "راك" بێت. كارێك لە Jackie Benston & his Delta Cats كەلەساڵی 1951دا دەرچوو. بەڵام دەڵێن گوایە سەرەتای دەست پێكردنی "راك" هاوكات بووە لەگەڵ "چاك بری"و Bill Haley & his Comets. ئەم دوبەرهەمە "راكیان" دروستكرد كەلەگەڵ شانسێكی هەمەلایەنە بەرەو روو بۆوە. لەساڵی 1954دا الویس پریسلی بەقەتعەی That,s allright mama موسیقای "راكی" لەناو رەش پێستەكانەوە گوازتەوە بۆ ناو سپی پێستەكان، هەڵبەت كۆڕی مۆسیقای الویس پریسلی بەرادەی بناغە دارێژەرانی سەبكی راك نەبوو بەڵام بەهەرحاڵ ناوبانگی سوڵتانی "راكی" بۆ خۆی دەستەبەر كرد. ئەو هەتا دەیەی (60) حاكمییەتی بەسەر مۆسیقای "راك"دا كردو بناغەی سەبكێكی نوێی لەراك بەناوی "راك بیلی" دارشتو مۆسیقای راك "چای بری" كەهۆوییەتێكی ناڕازی هەبوو، كەوتە پەراوێزەوەو لایەنی كۆمەڵ پەسەندی مۆسیقای "راك" لەناو تەواوی خەڵكدا جێكەوت. هەڵبەت لەم ماوەیەدا چەند كەسێكی وەك "سیتل ریچارد"، "سام كۆك"و "جری لوئیز" كۆمەڵێك بەرهەمی جۆراوجۆریان پێشكەش كردووە كەهەریەك بەنۆبەی خۆیان خاوەنی جێگاو شوێنێكی تایبەتی لەناو خەڵكدا بوون، بەڵام بەهۆی هۆوییەتی خەباتكارانەو پشتكردن لەبایەخە كۆمەڵایەتییەكانی سەردەمی خۆیانەوە، لەلایەن كۆمەڵگاوە بەتەواوی وەرنەگیرانو جێگاو شوێنێكی ئەوتۆیان لەناو خەڵكدا بەدەست نەهێناو "الویس" هەروا لەپلەی یەكەم دا مایەوە. مۆسیقای "راك" دوای چەندین ساڵ گەیشتە ئینگلیسو هەر لەسەرەتاكانی دەستپێكی دەیەی (60)دا گروپی "بیتلز لەشاری لیورپولی ئینگلستان پێكهات".

"بیتلز" كاری خۆی زیاتر لەسەر شێوازی كۆمەڵ پەسەند دەست پێكردو هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كەببێتە بەناوبانگترینو خۆشەویستترین گروپی هەموو سەردەمەكان. لەفاسیلەیەكی كورتداو هەر لەنیوەی ئەوەڵی دەیەی (60)دا چەند گروپێكی دیكەی وەكو "رولینگ استونز"، "یارد بردز"و "دانیمال" دروست بوون. ئەم گروپانە كەلەپشتیوانی بەهێزی مۆسیقای "بلوز" بەهرەمەند بوون، لەبەرهەمەكانیاندا شورو شەوقێكی مۆسیقایی زۆرتیریان تێدا وەبەرچاو دەكەوت. "رولینگ استونز" لەناو ئەو سێ گروپەدا لەلایەن خەڵكەوە پێشوازییەكی زیاتری لێكرا، بەڵام ئەمە "یارد بردز" بوو كەتوانی بەهۆی ئەو ئەزموونانەوە كەبەدەستی هێنابوو، سێ كەس لەباشترین گیتاریستەكانی سەبكی راك لەناو خۆی دا پەروەردە بكات. "اریك كلپتون"، "جف بك"و "جیمی پیج" هەر سێكیان، كاری خۆیان هەر لەو گروپەدا

دەست پێکرد. کەدواتر "پیچ" لەگەڵ "رابرت پلنت" گروپێکیان بەناوی "لدزپلین" پێکهێنا.

مۆسیقای راك هاوڕێ لەگەڵ "بیتلز"و "رولینگ استونز" گەڕایەوە بۆ ئەمریکاو چەندین گروپ‌و کەسایەتیان خستە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. کەئەم دەورەیە لەمۆسیقای راك، بەدەورانی "هێرشی ئینگلیسیێکان" ناو دەبەن. هەڵبەت لەئەمریکاش، کەسانێك جیا لەحەرەکەتی ئینگلیسەکان چەند بەرهەمێکیان بەنمایش دەرهێنا. "باب دیلن" بەتێکەڵاوێك لەمۆسیقای فۆلك‌و راك‌ونوسراوە گەلێکی کەناوەڕۆکی وەك شێعریان هەبوو، لەسەرەتاکانی دەیەی 60 دا لایەنگرانێکی تایبەت بەخۆیان بوو، لەساڵی 1965دا "جیم موریسون" کەخاوەنی گروپی "دورز" بوو، پێی نایە مەیدانی مۆسیقای "رك"ەوەو، بوو بەیەکێك لەکاریگەرترین سیماکانی ئەو سەبکە. لەداوی ئەو هاڵو هەوای مۆسیقای راك گۆڕدرا. هێندێ گروپی دیکەش هەبوون" ئەو کەسانەی کەلەبەرهەمەکانیانەوە پەیامی شەڕ ئەنگێزی دەگەیشتە گوێ، وەکو "گریتفولدد"و "جفرسۆن ایرپلین".



لەدوای "دورز" هێندێك، گروپ هەوڵیان دا، هەتا ئەو حاڵەتە سڕکەرو لەسەرخۆ بردنەی کەلەئەلکول‌و مەوادی موخەدردا هەیە بێننە ناو ئەو مۆسیقایەوە.

هەوڵی ئەو بەشە چەند سەبکێکی، وەکو "اسیدراك" و "هارد راکی" لا دروست کرد. ئاهەنگی زەربەیەك کەلەدوای یەك‌و بێ پسانەوە کانو، ناوەڕۆکە "سوررئال"ەکان، هێمای ئەم سەبکانە بوون. "لدزپلین" و "کریم" بوون، کەئەم سەبکەیان دەست پێکردو ماوەیەك دواتریش مۆسیقای "هوی متال"ی لەناودا پێك هات. هێندێ گروپی دیکەی وەکو Kinks , The Whoنیش هەبوون، کەژیانی بورژوازیو نریتە پێك هاتووەکانی هاوچەرخیان خستبووە ژێر لێشاوی رەخنە گرانەی خۆیانەوە. لەنیوەی دووهەمی دەیەی 70وە، لەپاش مەرگی "جیم موریسون"، "جیمی هندریکس"و "جنیس جاپلین"، "راك"، بوو بەتابوتێکی کۆمەڵایەتی. هیچکام لەم کەسانە لەناو خەڵك دا خاوەنی جێگاو شوێنێکی کۆمەڵایەتی نەبوون‌و هەر سێکیان بەهۆی کەڵك وەرگرتنی زۆر لەمەشروب‌و مەوادی موخەدەرەوە گیانیان لەدەست دا. "راك" بوو بەکەژاوەیەك بۆ هەڵسوکەوتی نا جوان مێرانەو کردەوەی توندوتیژو شتی لەم بابەتە. کەدەتوانین بڵێین، هێمای ئەم گروپە لەراك کارەکان. "دیوید بووی"و "ئالیس کوپر"بن، بەڵام راك، بەخێرایی پەلوپۆی جۆراوجۆری لێ دەبێتەوە. لەسەرەتاکانی دەیەی 70دا گروپ‌و کەسایەتیەکی زۆر هاتنە ناو گۆڕەپانی خۆ تاقیکردنەوە، لەناو مۆسیقای "راك" دا مۆسیقای "راك" بەتێکەڵاو بوون لەگەڵ سەبکە جیاوازەکان، کۆمەڵێك سەبکی نوێ تری بەدی دێنا. مایلز دیویس‌و John Mclaughline چەند کارێکی تێکەڵاویان لەمۆسیقای "راك"و "جز" بەنمایش

دەرهێنا. Frank zape و لئونارد برنشتاین مۆسیقای "راکیان" لەگەڵ مۆسیقای کلاسیك واتا لەگەڵ سەبکی ئەدەبیاتی رۆم‌و یۆنانیەکان تێکەڵاو کرد.

کەسێکی وەك "ریچی بلك مور" ساز ژەنی، بەرهەمە کلاسیکەکانی بەگیتاری بەرقی دەست پێکرد، کەهەرچەندە شتێکی تازە نەبوو لەمۆسیقادا، بەڵام ئاستی ساز ژەنی لەمەیدانی "راك"دا تا رادەیەکی بەرچاو بردە سەرەوە. جیمی پیچ‌و اریك کلپتۆن نەزمی "بلوز"یان لەناو سەبکی "راك"دا پڕ رەنگ تر کرد. هەروەها "جت روتال"و "ترافیك" سەبکێکی نوێیان لەژێر ناوی "راك پڕاگڕسیو" دەست پێکرد کەهەر بەم ناوەوە ناوبانگی دەرکرد. گومان بۆ ئەوە دەچێت کەئاڵۆزترین‌و تاقیکارنەترین پارچەکانی "راك" لەناو ئەم سەبکەدا دروست بوون. کەرەسەکانی مۆسیقا پیشەیی ترو تایبەتی تر بوونەوە. سەبکەکانی "جز"و کلاسیك لەناو ئەم سەبکەدا، لەگەڵ "راك" بەتەواوی تێکەڵاو بوون‌و، چوارچێوەیەکی مۆسیقای ئیلکترۆنیکیشی پێوە زیاد بوو.

شایەد لەدەیەی 70دا بەناوبانگترین کەسەکان لەم سەبکەدا، کەسانێکی وەك "کینگ کریمسون"، کمل، یس‌و جنیس (تا ئەو کاتەی کەپیتر گابریل لەوێدا حزوریان بوو) بن، چەندین گروپی دیکەش، وەکو Third Ear Band و هیتر.. لەم مەیدانەدا بەرادەیەك چوونە پێشەوە، کەبە"ژانرهایی" گەیشتنەوە بەڵام هەر ئێستاش هیچ ناوبانگێکیان نییە. هاوکات لەگەڵ ئەم گروپانە، کەبایەخێکی زۆرتریان بەلایەنی مۆسیقای "راك" دەدا. نەسڵێکی نوێ لەنیوەی دەیەی 70دا پێك هات، کەزیاتر ناوەڕۆکی ئاهەنگەکانیان بەلاوە گرینگ بوو.

هەر بۆیە ئەو ناوەڕۆکە بەهێزانەی کەزیاتر شێوازی شێعریان تێدا بەدی دەکرا، ببوون بەباو "ون موریسون"، "سید برت" و "کت استیونس" نەسڵی ئەوەڵی ئەم بەشە لەمۆسیقای "راکن" کەلەکۆتایی دەیەی 70دا چەند کەسێکی وەك "لئونارد کوهن"، "تام ویتس"، "نیل یانگ" و "بوریس اسپرینگستین"، لەشێوەکاری ئەوان پەیڕەوی دەکەن.

دوو شت بوونە هۆی ئەوەی کەئەم کەسانە لەناو خەڵکدا، جێگای خۆیان بکەنەوە:

یەکەم. ئەوەی کەئەوان بوون بەهۆی ئەوەی کە"باب دیلن"و "جیم موریسون" کەناوەرۆکەکانیان بەشێوە شێعرن، لەناو خەڵکدا خۆشەویستتر بن‌و چەند گروپێکی وەك "ولود ئاندر گروند"و "کاپیتان بریف هارت" کەخاوەنی بەرهەمێکی پڕ شورو شەوقی مۆسیقایی، بوون بەتەواوی لەبیر بچنەوە.

دووهەم. ئەوەی کەتوانیان بەرهەمەکانی "کانسپت" لەناو خەڵکدا جێ بخەن. بەرهەمەکانی "کانسپت" کەلەگەڵ بەرهەمی Slonely Harts Clubshsgt Pepper کار "بیتلز" دەستی پێکرد. بەو بەرهەمانە دەوترێ، کەلەتەواوی پارچەکانی ئەو بەرهەمەدا، بەشوێن رێبازێکی داستانی، یان مەتڵەبێکی دیاریکراودا دەچن.

کەبەناوبگترین کاری لەو چەشنە، لەناو بازاڕی ئێراندا بەرهەمی گروپی "پینك فلۆیدە" لەژێر ناوی "دیوار" کەهەڵبەت کارێکی تەقریبەن مام ناونجیە.

هاوکات لەگەڵ ئەم شەپۆلە دا چەند کەسێکی وەك پیتر گابرێل، اندرو لاتیمرو رابرت فریپیش هەر وا بایەخێکی زۆریان دەدا بەلایەنی مۆسیقایی "راك"و کارەکانی خۆیان بەدوور لەهەراو هوریای بازاڕی "راك" دروست دەکرد. لەناو کارەکانی ئەو دەورەیەوە نەسلێك سەریهەڵدا کەبەرچاوترینی ئەوان بریتین لە"مایك اولدفیل" و"کیت بوش" واتا نەسلێك کەمۆسیقای "راکیان" بەرەو هەڵدێری نەمان پاڵ پێوەنا!

سەرچاوە: رۆژنامەی "شەرق"

***




# لەهونەرو ئەدەبیات دا

و:پێشەنگ

ئەو بابەتەی خوارەوە بەشێکە لە قسەکانی (مونیرە برادەران) کە لە پەراوێزی نمایشی شەونمە ئاگرینەکان لەمانگی مەی 2002، لەیەکێك لە زانکۆکانی لەندەن پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. ئەو نمایشە بەسەرهاتێك بوو لە زیندانەکانی ژنانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لەلایەن پەروانە سوڵتانییەوە هاتەسەر سەحنە، شیاوی باسە مونیرە برادەران خۆی 9 ساڵ زیندانی سیاسی حکومەتی ئیسلامی ئێران بووە.

پائیزی ساڵی 60ی (هەتاوی) لە ئیوین شەوانە لەدیوێکدا کە کۆمەڵێکی تەقریبەن هاوشێوە لە زیندانیان لەودا کۆکرابوونەوە بەدەوری یەکتری کۆدەبوینەوەو هەوڵمان دەدا بەگۆرانی و شێعر خوێندنەوە، بیرەوری گێڕانەوە و نوکتەوتن ساتێك خۆمان لەو واقعییەتە سامناکەی لە دەوروبەرمان دەگوزەرا، دوور بکەوینەوە. لەیەکێك لەو شەوانەدا دووان لەکچەکان پارچە نمایشێکیان ئیجرا کرد. ئەو نمایشە کە دیمەنێك لە لێپرسینەوە بوو، بەبێ گەلاڵەی پێشوو و بەتەواوی خودجۆشانە پێشکەش کرا. لێکۆڵەر زیندانی دابووە بەر قامچی و ئێعترافی لێی دەویست.

زیندانی کە بەهۆی ئێش و ئازارەوە خۆی وێکی دێناو دەینالاند بە زیرەکییەکی تایبەتەوە ملی بەدرکاندن نەدەدا، نمایشەکە لەجیاتی کاریگەری تراژیك ئێمەی هێنابووە پێکەنین و خۆشی. زیرەکی زیندانی کە هەر درۆو تەدبیرێکی بەکاردەبر تامل بەوتن نەدا، لەلایەکەوە

دیمەنی بەگاڵتەگرتنی وامعینیەتە تاڵەکانی دەوروبەرمان و لەلایەکی تریشەوە نمایشی سەرکەوتنی زیندانی بەسەر لێکۆڵەر دابوو. پێم وایە ئەو تەدبیرەش لەلایەن ئەو دوو ئەکتەرەوە بیر لێ نەکراوە و خۆ هەڵقوڵاو بوو.

دواتر کچەکان بەشانۆ گەلێکی ترەوە سەرقاڵیان کردین. ئەمجارە نمایشەکان بەگەڵاڵەی پێشتر دارێژراو و تەمرینەوە پێشکەش دەکرا. بەڵام ئێمە هەرگیز نەمانزانی لەو دیوە پڕلە حەشیمەتەدا تەمرینەکان لەکوێ و چۆن بەڕێوەدەچن.

ئەونمایشانەی ناو زیندان، دەمێك خۆ رزگار کردن لەزەمان و لە بیرکردنەوەی ئێستا بوو، بەڵام ئەم شانۆیەی ئەم شەو بەرانبەر کێیە لەگەڵ فەرامۆشی. پەروانە سوڵتانی ئێمە دەباتەوە بۆ تەماشاو ڕامان لە بابەت زیندان و بیرەوەرییەکانی ئەو تا ناچارمان کا ڕابردوو فەرامۆش نەکەین. ئەو نمایشەی ئیوین بەگاڵتەگرتنی زەمان بوو بۆ زاڵ بوون بەسەری دا، بەڵام ئەوەی ئێستا هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی دیمەنی زیندان بەبێ کەم‌وکۆڕی. پەیامی ئەو نمایشە بەبێ ئەوەیکە بە ئانقەست لە گەمارۆی رەساڵتێك دا بووبێ، سەرکەوتنی زیندانی بوو بەسەر ئەشکەنجەگەر. و ئەمەیان، بەسەرلەنوێ دروست کردنەوەی ڕابردوو، شکەستی مێژوویی ئەشکەنجەگەر بەنمایش دەردێنێ.

دواتر هەرچی یاساو رێساکانی ناو زیندان چرتر بۆوە و تەوابەکان زیاتر بوونەتە خاوەن هێز، رێژەی مەمنوعییەتەکان دەچێتەسەرێ. کارە دەستییەکان کە نمایشی هونەری زیندانییە و هەرچەشنە سەرگەرمی، شادیو تەنانەت پێکەنینیش قەدەغە دەکرێ، نمایش و تائەتر بەجینایەت و خیانەت بە حیساب دێن. تەنانەت گۆرانیش کە هەر جار ناجارێك شەوچەرەی شەوانەمانە، مۆری تاغونی پێوە دەلکێندرێ.

رایدەگەیەنن: ئەمانە هەمووی سەرچاوەی گوناهن و دەڵێن بۆ پاك بوونەوە لە گوناهەكان و ڕێگای ڕاست گرتنە بەر دەبێ تەنیا دوعا بخوێنین و بگرین. بەڵام زیندانی بۆ مل نەدان بە دونیای داسەپێندراوی ئەوان، بۆ ڕێزگرتن لەژیان و مرۆڤایەتی و بۆ دیفاع لە شوناسی خۆی پێویستی بەدونیای بەدیلی خۆی هەیە. دونیایەك كە شادمانی ژیان و ئاوازی سروشتی تێدابێ. دونیایەك كە پەژارەكەی نەبێتە ڕێگری خۆراگری.

پاراستنی ئەو دونیا بەدیلە ئاسان نییە. بۆ بیستنی ئاوازی هاوبەندییەك، ڕێك و لوس كردنی بەردێك یان ناوكە خورمایەك، دەبێ چی ها پارێزو تەدبیر بكرێ.

بەم شێوەیە یە كە هونەر لەزینداندا دەبێتە ژێرزەمینی (شاراوە). زایەڵەی دەنگەكان دەهێنرێتە خواری، هێندێك جار تا ئاستی ورتەیەك. بەڵام شێعرو ئاواز خامۆش نابێ. زیندانی بەناچار بۆ دەربازبوون لە تێڕوانینە مزاحیمەكانی پاسدارو تۆبەكارەكان خۆی بەژێر پەتۆدادەكا تا گوڵ یا دیمەنێك لەسروشت بەسەر كوتە پارەچەیەكەوە بدروێ. ناچار دەبێ لەكاتی پشوودان بخزێتە پشت ئەو جالانەی بۆ ویشك بوونەوە هەڵاوەسراون، تا بتوانێ نەخشێك بەسەر لەتە بەردێكەوە هەڵكەنێ یا دەنا ڕەسمێك بەسەر كاغەزێكەوە بكێشێتەوە. بەڵام شانۆ لە خەفەقان دا و بەو پارێزانەوە دەست نادا.

نمایش جێگای خۆی بەشێوازێكی تر لە هونەر دەدا. هونەر سزادەدرێ، بەقاچی، ئێنفرادی و بەڵێنی وەرگرتنەكان. كارە دەستییەكان لەپشكنینەكان دا بەتاڵان دەبرێن. تەنانەت دووای ساڵی 1364 هـ كە سەركوت بیانوگەلێكی تری دەست دەكەوێ، وە ئیتر ئەو حەساسیەتەی پێشتری لەسەر هونەری زیندانی نییە، دیسانیش لە پشكنینەكان دا ئەو بەرهەمانە دەستیان بەسەردا دەگیرێ.

لەناو زیندان مانەوە بۆ هیچ شتێك نییە. نە تەنیا بەرهەمی زیندانی، بەڵكو تەنانەت گیانیشی بەهەمان شێوە لە مەترسی بەتاڵان چوون دایە. ئەو زیندانییەی بەرۆژو حەوتوو دادەنیشێ و لەسەرەخۆ بەرد یا ناوكە خورمایەك لەموزائیكێك دەساوێ، دەزانێ كە بەرهەمەكەی تەمەنی زۆر نابێ، وە ئەوەش دەزانێ كە چ مەترسی گەلێك لەسەر خودی خاوەن بەرهەمیشە. بەڵام هێندك شت هەن كە لەدژواری و مەترسییەكان پڕبایەختڕن. بۆ وێنە بزەو ڕەزامەندی دۆست، كاتێك كارەكەتی وەك هەدیە پێ دەدەی. گرینگ ئافەرینە. هاندانی بیروسەلیقە بۆكارو دەستەبەركردنی ئەزموون كاتێك كە كار تەواوە، هەروەها پڕكردنەوەی كاتەكان. بەرهەم سەلماندن و دەربڕینی خۆتە.

لەجێیەك كە حكومەت و بەرپرسان زیندان بە بەكارهێنانی ئەشكەنجەو سەركوت و شێوازی ڕێبەری كردن هەوڵ دەدەن شوناس و كەسایەتی زیندانی بەرەو نابوودی بەرن، زیندانی ئامرازێك بۆ سەلماندنی خۆی دەدۆزێتەوە. (زیندان)ی ئیدیۆلۆژیكی دەیهەوێ زیندانییەكان لەپەیوەندی شوناسی و كەساتییەكەیان بێبەش كاو ئەوان بكاتە مرۆڤ گەلێكی یەكدەست و لایەنگری خۆی.

بۆ پوچەڵ كردنەوەی سیستمی وێرانگەری زیندانبان و سەلماندنی خۆی، زیندانی پێویستی بە پێشكەشكردنی



بەدیلی خۆی هەیە. واتە پاراستن و بەهێزكردنی دونیای خۆی. ئەم دونیای بەدیلە، شێوازی جۆراوجۆر لەخۆراگری، لەخۆ دەگرێ. شێوەیەك لەتەنگ و چەڵەمەكە زیاتر لایەنی تاكە كەسی هەیە.

لەكارە هونەرییەكانی زیندان، سروشت، حزوورێكی چالاكی هەیە. تیژ خەیاڵی و بەرزە فڕی زیندانی،

جوانییەکی سەرسوڕهێنەری شاراوەی سروشت پەی پێ دەبات و لەسەرکوتە ئێسقانێك، بەرد یا پارچەیەك سەرلەنوێ دروستی دەکاتەوە.

بەڵام بوونی سروشت لەکارەکانی زیندانی دا، جێیەك کە ئەو لێی بێبەشە، لەکوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ ڕەنگە پەنابردنە بەر سروشت، یان بەواتایەکی تر پەنابردنە بەر بیرەوەرییەکانی سروشت، خۆ دەرباز کردن لە ئازارەکان و واقعییەتەکانی زیندان بێ، هەروەها خۆ دوورخستنەوە لە مرۆڤەکان، ئەو مرۆڤانەی کە ئەو ڕۆژگارە ڕەشەیان پێکهێناوە. ئەگەر بیرەوەرییەکانی سروشت دونیای زیندانی تەسکین دەدەن و ئارامی پێ دەبەخشن، ڕەنگە بەم هۆیەوە بێ کە سروشت لە بەدیهێنانی ئەو ڕەشایی یانەدا بێ تاوان بووە.

هەربەم چشنەیە پەیوەندی زیندانی لەگەڵ سەرچاوە گەلێك لەسروشت، کە هێندێ جار لەزیندانی دا بوونی هەبووە. بەشێکی کەم لە ئاسمان یا چڵە گیایەکی لاواز دەیتوانی شادیو خۆشی بخاتە دڵی زیندانییەوە. ئەوانە دەوری هەر ئەو بازنەیەی ئاسمان دەبینن بۆ کەسێك لە چاڵێکدا گیری کردووە.

بەرهەمی دەستی زیندانی، تەنانەت کاتێك بەجواییەکانی سروشت دەرازێتەوە، نواندنەوەی ڕۆژەکانی ئەون. زایەڵەی دەنگە خامۆشکراوەکان و داغی ئەو سەرگوزەشتانەیان هەیە کە نابێ فەرامۆش کرێن. مەل و مێلاق یادو سەمبولی ئێعدامییەکانن. ئەو پارچە شێعرەش بەسەر پارچەیەکەوە دەدورێ، پەیامی ئەوان و ئازاری جوانییەکانی پێیە، ئەوەش بەرانبەر کێیە کە لەگەڵ فێڵ و تەڵەکەی زیندانبان و ئەشکەنجەگەران کە دەیانهەوێ ئەوە بسەلمێنن ئیتر زیندانی پەیوەندی بەو دونیایەوە نییەو هەرچی یەکیش لەو زاخانەدا دەگوزەرێ، کەس لێی ئاگادار نابێ. دەیانهەوێ زیندان، ئەشکەنجەو ئیعدام بێ بۆ سەرکوت و لەناوبردنی دوژمنان و هەروەها پێکهێنانی کەش و هەوایەکی ترساندن و تۆقاندن لە کۆمەڵگادا.

بەڵام هەموو ئەوەیکە لەوێدا ڕووی داوە و ڕووئەدا، دەبێ بەفەرامۆشی بسپێردرێن. ئەوە لە وڕێنەکانی ئەو دیکتاتۆرانەیە کە لەلایەکەوە هەمووان دەبێ بزانن زیندان و ئەشکەنجە هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا قسەو نوسین لەبابەت زیندان قەدەغە دەکرێ. زیندان دەبێ دیوارگەلێکی بەرزی هەبێ، بێ هیچ کەلێنێك، تا هەرچی یەك کە تێیدا ڕوو دەدا لەهەمووان شاراوە بێ. بەڵام هەمووان دەبێ هەستت بەبوونی ئەو دیوارانە بکەن.

لەبەرامبەردا، ئەوە بیرەوەرییەکانە ڕێگە بەم جۆرە دەرهاویشتن و پێچەوانە کردنەوانە نادا و دوژمنی سیاسەتی فەرامۆشی و دیکتاتۆرەکانە. تۆمارکردنی ئەم بیرەوەریانە، کە لەدوای ڕزگاربوون لەزیندان لە تاراوگە دەست دەدا، بەجۆرێك درێژەی پێویستییەکە کە لەزیندان دا خۆی لەشێوەی شانۆ و هونەرە دەستییەکان دا دەردەخست. نوسین کە لەزیندان دا تەنانەت لەخەیالیش دا نەدەگونجا و تەنیا وەك ئارەزوو خۆی دەنواند، دوای ڕزگاربوون لەزیندان دەکەوێتە خزمەت هەر زیندوومانەوەی بیرەوەرییەکان. ئەوە بەو مانایەیە کە ئێمە بەنووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆمان، ئەوان دەکەینە گەنجینەی بیرەوەرییەکی تر. بیرەوەری کە لەسەرەتادا پرۆسەیەکی تاکە کەسییە، کاتێك دەچێتە قاڵبی وشەوە وشەکان تۆمار دەکرێن، دەبێتە ڕێگە خۆشکەرەی یادگەی گشتی.

ئێستا بابەتی زیندانی بەشێکی جێگای سەرنجی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، لە تاراوگە پێکهێناوە. بەوێناکردنی بیرەوەرییەکان، نوسینەوەی بیرەوەرییەکان، گەلاڵەو چیرۆك و کارە توێژینەوەییەکان لە بابەی زیندان، چەمکێکی لە ئەدبیاتی ئێمەدا کرۆتەوە.

زیندانی دەبێتە قارەمانی چیرۆكو نمایشەکان (قارەمانێك) کەڕواڵەتی چاخی خۆی پێوەیە. ئەو زیندانی (سەرکۆنە)کان و (سنور)ەکانە، هەم قارەمانی خۆڕاگرییەکان و هەمیش زیندانی تۆبەکانە. هەر دوو کەسایەتییەکە قارەمانانە دەردەکەون.

بەڵام تەنیا لە تاراوگەدا نییە بێ پەردەو ئاشکرا باس لە زیندان و بەتایبەتی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکرێ، لەبڵاوکراوەو کتێبەکانی ناوخۆی وڵاتیشدا ئەو بابەتە قەدەغەکراوە خەریکە وردە وردە (جێگای خۆی دەکاتەوە). بوونی هەمووی ئەوانەش بۆتە هۆی شکڵ گرتنی چەمکێك بەناوی ئەدەبیاتی زیندان.

***

# ژنان فیلتێر ناکرێن

ن:فوئاد شەمس
و:سەیران رەحیمی

سانسۆر دیاردەیەکی خاوەن پێشینەیە! مێژووی بە درێژایی مێژووی مروڤایەتیە. لەو کاتەوە کە پەیوەندی لە نێو ئینسانەکان دا دروست بووە. لەو کاتەوە خاوەنداریەتی شکڵی گرت لە پاڵ ئەویشدا دەرهاویشتن و سانسوریش دروست بوو. سانسور بەردەوام ئامرازێك بووە بە دەستی زلهێزانی کۆمەڵگاوە کە بەرژەوەندی خۆیان لە بەرامبەر بەرژەوەندی زۆرینەی لاوازی کۆمەڵگا دا دیتووە. سانسور ئامرازی سەرکوتی خواستەکانی خەڵك بووە. بەردەوام ئەو کەسانەی کەرەستەی بەرهەم هێنان و کونترۆلی کۆمەڵگایان لە دەست دابووە، بە سانسور ویستویانە کە دەنگە جیاوازەکان کپ کەن. ئەوان بەردەوام دەنگە جیاوازەکانیان پشت گوێ خستووە چونکە بەرژەوەندیەکانیانی دەخستە مەترسیەوە. لەم نێوەندەدا ژنان یەکەمین و گەورەترین قوربانیانی ئەم دیاردەیە بوون. لە کۆمەڵگای پیاوسالاری سوننەتی زاڵ بە سەر ئێمەدا،بەردەوام ژنان لە تەواوی بوارە گشتیەکانی ژیان دەرهاویشتراون. بەردەوام ژنان لە ژێر سێبەری پیاواندا بوون.

ژنان بە رەگەزێکی کەمتر و خوارتر حیساب کراون. ئەوان لە سوچەکانی ماڵدا و لە ئاشپەزخانەکاندا حەبس کراون. رۆڵی دایکایەتی وهاوسەریەتی یان پێ داون تا نەك خۆیان وەکوو مروڤێکی سەربەخۆ، بەڵکوو تەنیا وەکوو کەرەستەیەکی ناسەربەست مانا بکەن. ئیزنیان نەداوە کە رواڵەتی ئینسانی و ئازادی ژنان لە کۆمەڵگادا دەرکەوێ. هەرکات ژنان ویستوویانە دەنگیان بەرز کەنەوە لە ژێر ناوە جیاوازەکانی وەکوو ئەو کارە ناحەزە، ژن نابێ بە دەنگی بەرز پێبکەنێ، ژن نابێ لە گەڵ کەسی غەیردا قسە بکاو...ئەوانیان ناچار بە بێ دەنگی و گوشەگیری کردووە.

ژنان بەردەوام سیما دەرهاویشتراوەکانی مێژوو بوون. ئەوان گەورەترین دەرهاویشتراوەکانی مێژوو بوون. بەڵام بە پێشکەوتنی مروڤ و بە پێك هاتنی بڵاوکراوە جیاوازەکان و بە تایبەت ئینتێرنێت گشت ئەم سنوور و سوننەتانە تێك شکاون. ژنان توانیویانە خۆیان دەربخەن. توانیویانە خۆیان لەو دیوی هەزاران ساڵە تۆز لێ نیشتوەکان بتەکەنێنن و سیمای تازە و جیاواز و ناڕازی لە خۆیان نیشان بدەن. ئەوان ئەو بەشە گەورەیەی واقعیەتی سەرکوت کراو لە جیهانی مادی و رێگەپێدراو دەخەنەسەر شانۆ. بەڵام کاتێك کە بڕیاربوو دیسانەوەش زلهێزەکان کونترۆڵ و کردەوەکانی دەسەڵات لە بواری جیهانی رێدراو بێننە سەرشانۆ، دیسانەوە یەکەم گروپ کە دەبوایە ببێتە قوربانی سانسور و فیلترینگ ئەوە ژنان بوون. چونکە ئەوان مافی ئەوەیان نییە جیا لە پیاوان رواڵەتی ئینسانی لە خۆیان نیشان بدەن، چونکە ئەوان نفرەت لێکراوەکان و دەرهاویشتراوەکانی مێژوون. زۆری پێ نەچوو کە سایتەکان و وێبلاگەکانی ژنان بە بیانووی پاراستنی ئەخلاقیات و نەزمی کۆمەڵگا فیلتێر کران. چونکە بەرژەوەندی زلهیزان لە گرەوی پاراستنی سوننەتە دارزیوەکانی هەزاران ساڵە دایە. لە هەر شوێنێك دا نابێ ئەم نەریتانە بخرێنە ژێر پرسیارو بڕوشێندرێن. وە گەورەتر لەم ڕوشاندنە کە دەنگ و خواستی ژنان ببیسترێ هەیە؟

بەڵام ئەوان ئاگایان لەوە نیە کە ناتوانن ژنان لە سوچی ماڵدا بهێڵنەوە. ئیتر ناتوانن بە فیلتێر کردنی رواڵەتی بابەتەکە هەموو بابەتەکە بەرنە ژێرپرسیارەوە. بە فیلتێر کردنی جیهانی رێگەدراوی ژنان ناتوانرێ ئەوان لە جیهانی واقعی و مادی بێ بەشکەن. چونکە فیلتێر کردنی هەر ئەو داخوازیانەی ژنان لە جیهانی ڕێگەپێدراو ڕۆژێك بەرهەم دێنێ کە ژنان لە جیهانی واقعی دا دەست بدەنە نابودی و فیلتێرکردنی تەواوی بیر کردنەوە وژەنگە کۆن و داڕزیوەکانی سوننەتەکانی پیاوسالارانە. ئیتر توانای فیلتێرکردنی ژنان نەماوە. چونکە ئەم جارە ژنان خۆیان لە گورەپانی گشتی کۆمەڵگادا دەرخستووە. ئەم جارە ژنان تەواوی سوننەتەکان و هەل و مەرجی نالەباری هەنوکەیان کێشاوەتە مەیدانی خەباتەوە. بە فیلتێر کردنی ئەم سایت و ئەو وێبلاگ توانای دەرهاویشتنی ژنان نیە. ئەم ژنانە ئیتر نەسڕاوەن. ئەمەش مێژووی هەزاران ساڵە نیشانمانی داوە.

# هونەرمەند کێیە؟

ن: فەرهاد عێرفانی (مەزدەك)
و: دەریا

–هونەرمەند کێ یە؟ رەنگە وەڵامەکەی سادە بەنەزەر بگا، کەسێك کاری هونەرمەندانە دەکا. بەڵام ئەم وەڵامە نامەنتیقییە، چونکە وەڵامی پرسیارێك، دەسپێرێتە پرسیارێکی تر، کاری هونەرمەندانە چۆن کارێکە ؟ وە خێرا ئەم پرسیارە لەزەین دا دروست دەبێ: هونەرمەند چی یە؟

وای دابنێین وەڵام ئەمە بێ: هونەر ئامرازێکە بۆ هەڵخزاندنی هەست و ئەندێشەو گواستنەوەی لێها تویی یەکان و ناراستەوخۆش هەردووکیان، بەچەشنێك کە ئاوێتەی مەعریفەتێکی جوانی ناسانە بکرێ.

ئەگەر ئەو گریمانەیە بکەینە پایەو بنەمای بەڵگەکەی خۆمان، هوشیاری و هەڵێنجراوی سێ توخمی مومکین دەبن: هەست– ئەندێشەو جوانی. لەسەر ئەم بنەمایە، مانایەکی تر دەستەبەر دەکەین، هونەر کۆکردنەوەی تواناییەکان، پەیوەندی دان و گواستنەوەی هەست، ئەندێشەو جوانی یە، بەم شێوەیە یە کە مەنتقی هەستی موخاتەب، جۆرە ڕسکاوییەکی جیاوازی لەگشت رسکاوییەکانی دەورووبەر بەدی کردووە و هەڵخرێندراوە. ئەو هەڵخڕاندنە لەهەرسێ توخمەکەدا بەرچاوە، نەوەك بەشێوەی جیاو لەهەر یەکەیاندا.

بەم پێشەکییەوە، دێینەوە سەر هێنانەوە گۆڕێی دووبارەی پرسیارەکە، تا وەڵام بە ئەسڵی پرسیارەکە بدەینەوە نەوەك ئاکامەکانی.

**هونەرمەند کێ یە؟**

هونەرمەند کەسێکە یەکێتی و هاوپەیمانی روانگەی خۆی لەگەڵ فراوانی روانگەی ئێمەدا هاوشێوە دەکا. بەشە پرش و بڵاوەکانی هەست و ئەندێشەو پەیوەندی جوانی ناسانە بەژیان لەدیاردەیەکی چەند لایانەیی یەوە بەجۆرێکی یەکگرتوو، پیشانمان دەدا. دروست لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەرچی هونەرمەند لەگەڵ ئەو ژیانەو هەر لەو ژیانەدا دەکولێ، ئەوەی پێشکەشی ئێمەی دەکات، جیایە لەو شتەی خۆمان دیتومانە یان پێی گەیشتووین و تێی گەیشتووین.

سروشت، ژیان، کۆمەڵگاو لایەنە دەرەکی و ناوخۆییەکان، هەرسێکیان، نوێنگەی کاری هونەرمەندە.

دونیای ئالۆز و هەزار تویی، مەعریفەتێك دەخوازێ کە هەم لەروو و هەمیش لەقوڵایی دا لەو بروانێ و ئەو نیگایەش، هەر ئەوکارەی هونەرمەندە.

هونەرمەند مرۆڤێکە هەروەك مرۆڤەکانی تر، بەڵام هەوڵدەدا زیاتر بزانێ، زیاتر تێبگا، قوڵتر هەست پێبکات و لایەنە نەدیتراوەکانی دونیای دەورووبەری ببینێ و لێی بکۆڵێتەوە ئەوکات، دۆزراوەکانی خۆی لەسەر پشتی کەشتییەکی هەست هەڵخرێن کە بەرەو ئۆتۆ پیایە، بخاتە دەریای وجودی ئێمەوە.

هونەرمەند هەر ئەو ویژدانە نائارام و بەخەبەرەیە، عەقڵی گەریدەو هەستی شەریفە، ئەستێرەیەکە لەتاریکە شەوی لەریشەکێشانی مرۆڤایەتی دا دەدرەوشێتەوە. هەر ئەو خاڵی ناوەندە یە کە سەرەنجام لە بەرامبەر ئەوەیکە لەئاستی دا بێ سەرەنجین، ئاگادار دەکاتەوە، لەوتەیەکدا، ئەو شکەستە بەندی ژیانە و هەمیشەش داهێنەری....

...... بەڵام بۆ ئەوەیکە پێناسەمان– لە هونەرمەند گشتی تر بێ، پێویستە پێناسەیەکی زانستی و درووستیشمان لەتوخمی سێهەم، واتە (جوانی)، هەبێ.

هێگڵ دەڵێ: ......... تەنها رۆحە کە ئەمری راستەقینەو زاتەن گشت لەخۆگرە بەم پێیە، هەر شتێکی جوان، تەنیا کاتێك بەراستی جوانە کە لەگەڵ ئاوا مەزنییەك شەریك و بەخشراوی رۆح بێ.

بەڵام ئەم بۆچوونە، شانە خاڵی کردنە لەژێر باری ناساندن ! دروست وەك ئەوەی بپرسین ئۆتۆمبێل چون

دەڕوا؟ لەوەلآمدا بڵێن: هێزێك! پاڵی پێوەدەنێ، بێ ئەوەیکەشی کەنەوە چۆن؟ بەهۆی چی یەوە؟ بۆچی ؟ وە تەنانەت لایەنەکانی ئەو هێزە بۆ خۆشتان ناروون بێ.

دۆستی فرەزانمان! هەرگیز نەیتوانی ئەوە شی کاتەوە بۆچی رۆحی کانچی یەکی باشوری فەرانسە (لەسەردەمی ئەودا) توانایی درك کردنی جوانییە نهێنییەکانی ئۆپێرایەکی نییە کەلە لایەن ئاریستۆکراتێکی ئاڵمانیاوە درك کراوە؟...



بەرقەرارکردنی پەیوەندی لەنێوان جوانی– رۆح و ئیدەی رەها! هەڵەیەکی گەورەبوو، کە تەنیا دەیتوانی لەخڵتەکانی ئیدەئالیسم لە ئەندێشەیەکی دیالکتیکی دا بەرزبێتەوە. بەوتایەکی تر پاڵدانەوە بەلای وەی شومەی بۆرژوازی تازە پێگەیشتوو و پێکەشکردنی پێناسەیەکی گشتیش بۆ هەر شتێك!

سەدەها بەر لە هێگل، ئەفلاتوون وتبووی ، ... جوانی ئەو شتەیە کە بەسودبێ و هەر شتێکیش بەزیان بێ، ناحەزە.

ئەگەر لێی گەرێین کە گوایە ئەو وتانە مەسەلە گەلێکی گشتی و ئاساییە، ئەوە هیچ شتێك چارەسەر ناکا، بەپێی ئەو پێناسەیە، وەحشیگەری گلا دیاتۆرەکان و کوشتاری کۆیلەکان لەوکاتدا، هەم جوان و هەمیش بەسود هاتۆتە بەرچاو! ئەفلاتوون سەرنجی بەم خاڵە نەداوە: بەسود بۆکێ؟ وە زیانباریش لەکام بواردا؟

ئەو هاورێژەیی لە بەشەکانیش دا لەبەرچاو گرتووە، سەرەنج دان بەوەیکە هاوڕێرەیی بەلای مرۆڤەکانەوە ئەمرێکی رێژەیی – زەینی و سەلیقەیی یە بەبایەخ دۆزینەوە و بایەخدانێکی جیاوازەوە.

ئەگەر بمانهەوێ لەسەر ئەو رەواڵە بچین، وتەمان درێژە دەکێشێ و لە باسە سەرکییەکە دوور دەکەوینەوە، کەوایە بەدوو نموونەی تر کەفایەت دەکەین.

چرینشفسکی دەڵێ: (هونەر دەنگدەرەوەی ژیانە. مانای ژیان، ژیانی جوان و ژیانی ئەوجۆرەی کە دەبێ ببێ، بۆکەسانێك کە سەربەچینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگان، یەکسان نییە) لەلایەکی تریشەوە، پۆلخانۆف دەڵێ: (..شێوەی وەرگرتن لە ژیان و بەم پێیە ڕامان و مانای جوانی، لەگەڵ رەوتی گەشەی ئابووری کۆمەڵگا، دەگۆڕێ.)

بەم پێشینە زینییەوە، دیسانەوە شوێنی پرسیارەکەمان دەگرین، جوانی چی یە؟ پێشووتر لە بابەتێکدا بەناوی (باسێك لەسەر ماهییەتی شێعر...) نووسیبووم، ... ئێستاتیك لەهونەردا بەرقەراری ئەو جۆرە پەیوەندییە مەنتقی و سەلیقەییەیە کە بتوانێ لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، پەروەردەو داهێنان، لەنێوان سێ توخمی تەوەرەیی، واتە دونیای دەرەوە– هەستی مرۆڤی و پاڵاوتن و هەڵپەرداوتنی بۆچوونی و دەماغی، هاوشێوەیی پێك بێنێ و لەگەڵ مەنتقی هەستی موخاتەبیش دا بێتەوە. ئێستا ئەو باسە ئاواڵە دەکەمەوە و بەزمانێکی سادەتر دەڵێم جوانی، زیوەرێك نییە بکرێتە ملی هونەر، بەڵکوو ئاکامی کارکەردی هاوشێوەی بایەخەکانی ناو بەرهەمی هونەری یە لەسەر ئەرزشە مادییەکانی ناو زەینی موخاتەب، بەم پێیە، بەتەواوی رێژەییە و گشتی نییە. جوانی بەر لەوەیکە واقیعییەتێك بێ، مانایەکی ئەرزشی یە کە چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو پەیوەندی راستەوخۆی لەگەڵ سیستمی ئابوری، کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی فیکری و فەلسەفی و فەرەنگی و تەنانەت سوننەتی کۆمەڵگا هەیە.

بەم کورتەیە لەبابەت جوانی یەوە، ئێستا دەتوانین بڵێین، هونەرمەند شکەستە بەندێکە بەویستگەی دیاری ئابووری– کۆمەڵایەتی، کە لە هەوڵی ڕازاندنەوەی چۆنایەتی هەستی– هۆشیارانە– بیرمەندانەو جوانی ناسانەو ئامانج دار، لەبەرهەمی نوێ دایە. بەرهەمێك کە ناوی دەنێین هونەر و داهێنەرەکەشی: هونەرمەند!

***

ن: وەرگیراوەکان، لە کتێبەکانی پێشەکییەك لەسەر جوانی ناسی هیگل و کۆمەڵێك بابەتی چرنیشفسکی و پۆلخانۆف.

# "جەك لەندەن" نووسەرێك لە پێشی كرێكار

و:پێشەنگ

"جەك لەندەن":

(( ناكرێ چاوەڕێی وەحی و ئیلهام بیت، بەڵكو پێویستە بە هەوڵ و كۆشش بە دەستی بێنی))

" جەك لەندەن":

« ئێسكێك خستنە بەر سەگ نابێ بە كارێكی چاكە نێو برین. كاری باش ئەوەیە ئێسكەكە بەشكەی لەگەڵ سەگێكدا كە تۆش بەقت ئەو برسیبی.»

جەك لەندەن گشت توند و تیژی و ماتەمی سەبكی ناتوڕالیسم لە بەرهەمەكانیدا وێنا دەكات. خوێندنەوەی داستانەكانی جەك لەندەن وا نیشان ئەدەن كە ژیانی ئاوێتەی كەند و كۆسپێكی بێ ئەژمار بوبێ و ئەویش میراتێكە لە ژیانی تاڵ و بێ حەسانەوەی دایك و بابیەوە سەرچاوەی گرتوە.

"فلورا " دایكی جەك لەندەن، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، خۆشبەخت نەبوو. گیرۆدەی یاوی "تیفۆئید" هات و بەم نەخۆشینەش نەك هەر جوانیەكەی لە دەست دابوو بەڵكو تووشی لاوازی جەستەیش هات لەوانە كم بینایی چاوەكانیشی بوونە سەرباری باقی دەردەكانی. كەوشی لە 12ی مندالأنە بانتر نەچوو. تەب، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر ئەفسوردەی دەكرد. بەردەوام سەبارەت بە شتەكانی دەور و بەری، لەوانە ئەسالەتی نیژادی كەس و كاری پێشوی، وڕێنەی دەكرد.فلۆرا منداڵە تاقانەكەی هەر لە چكۆلەییەوە بەم بیرۆكەوە بارهێنا كە ڕەش پێستەكان جێی سیقەو باوەڕ نین.(جەك لەندەن بە درێژایی ژیانی لەسەر ئەو بڕوایە بوو كە ئەنگلۆ سەكسۆنەكان بانترین نیژادی ئەمریكان.)

دایكی جەك لەندەن لە تەمەنی 25 ساڵیەوە لە بنەماڵەكەی جیابۆوە و دوای ئەزمونێكی كورتی ژیانی لە "سیاتل"، ڕێگای "سن فرانسیسكۆ"ی گرتەبەر: لەبەر ئەوەی ئەو شارۆچكەیە كەوتبوە بەر هوجومی ئەو كەسانەی بە شوێن زێڕ دا دەگەران و زۆر لە نەجیب زادەكانیش بە قەتار بەرەو ئەوێ دەچون. بە دەیان



كۆچبەری دیكەش، بە هیوای ژیانێكی ئاسودەتر، ڕێبواری ئەم گۆشەیە لە جیهان بوون.

فلۆڕا سەرەتا بۆ دابینكردنی پێداویستیەكانی ژیانی وانەی پیانۆی دەوتەوە. لە ساڵی1874 دا لەگەڵ پیاوێك بە نێوی "ویلیام چینی"، كە یەك ئەستێرە ناس بوو، ئاشنابوو. ولیام چینی شەیداییەكانی فلۆرای بە بانگكردنی ئەڕواح زیاتر دەكرد. ئەوان بە یارمەتی یەكتر شوێنێكیان بۆ بانگكردنی ئەرواح كردەوە. فلۆرا لە

بەرانبەر پەیوەندی بەر قەرار کردن لەگەڵ ئەرواحی پێشینیان دا و ناردنی پەیام بۆیان پوڵی لە مشتەریەکان وەردەگرت، بەڵام ئەو دەرامەدە ولام دەرەوەی کرێی شوێنی کارەکەیان نەبوو. ویلیام مایل بوو کاری شەوانە ڕۆژی لە گۆڤارەکەدا بەجێ بێڵێ. ئەو پێی وا بوو کە ئەستێرە ناسی یەك زانستە و ژن و پیاویش بە یارمەتی ئەم زانستە دەتوانن ببنە خاوەنی منداڵێکی سەرسوڕ هێنەر.

فلۆرا لە 12ی ژانویەی 1876 دا وەها منداڵێکی بە دنیا هێنا. حامیلە بوونی فلۆرا بەری بە سەروەتمەند بوونی ئەو گرت و منداڵ بوون ئەو برە تین و گوڕە جەستەییەشی لێبڕی و ئیتر توانایی پێویستی بۆ شیردانی کوڕپەکەی نەبوو.

جەکیان بۆ ماوەی هەشت مانگ سپاردە دایە نێك بە ناوی "مامی جنی" و ئەویش وەك منداڵی خۆی پێی ڕادەگەیشت. هەر لەو سەرودەمەدا ویلیامی مێردی بە دزیەوە، فلورای بەجێهێشت و لە دەست بەرپرسیاریەتی بنەماڵە هەلات. تەنیا چەند مانگ دوای هەڵاتنی ویلیام، فلۆر لەگەڵ پیاوێکی دیکە دا بە ناوی "جان لەندن"، کە سەربازێکی کۆنی شەڕە ناوخۆیەکانی ئامریکا بوو وە خاوەنی دوو کچ کە لە دایکیان جیا ببۆوە، زماوەندی کرد و بە گشتی لە ئاپارتمانێکی بچووك دا نیشتەجێ بوون.

کاتێ جەکیان هێنایەوە بۆ نێو بنەماڵە، "ئلیزا"ی زڕخوشکی بەرپرسیارێتی بەخێو کردنی ئەوی گرتە ئەستۆ. ئلیزا دواتر بوو بە خۆشەویسترین ژنی ژیانی جەك لەندەن. جان لەندەنیش بە ئەندازەی باوکێکی دڵسۆز خۆشی دەویست و جەکی بە ناوی خۆیەوە کرد.

فلورا هەل و مەرجێکی جەستەیی ڕێك و پێکی نەبوو بەردەوام بێ ئۆقرەیی، وەزعیەتی ئاڵۆزی ڕەوانی، لە کار کەوتووی مەغزی و تێکچوونە قەڵبیەکانی بە تەواوی بنەماڵەی ژاکاندبوو. بەڵام ئەم تەئسیراتە مەنفیانە زیاتر لە هەموو کەسێ لەسەر جەك، کە هیچ کاتێ هۆگری خۆی سەبارەت بەو نیشان نەدا، دەبیندرا. سەرنجام بنەماڵەی لەندەن بەرەو ئکلەند کۆچیان کرد. ئەم شارە بەپێچەوانەی سن فرانسیسکۆ، شوێنێکی ماسەیی و پڕ لە خورافات بوو کە لەسەر ئەساسی بایخ گەلی پێشقەراولانی سەختکۆش و سەداقەت پایە ڕێژی کرا بوو. ئەم چوار چێوە فکریەش دواتر لە بەرهەمەکانی جەك لەندەن دا ڕەنگی دایەوە.

جان لەندەن مەزرایەکی کڕی و جەکیش لە تەمەنی پێنج ساڵیەوە ناچار بوو لە مەزرا کار بکات.

جەك، ڕۆژێك لە حاڵی کارکردن لە مەزراکەیاندا چەند قومی لە ئاوجۆ ئینگلیسیەکەی باوکی خۆاردەوە و بەتوندی نەخۆش کەوت، دوو ساڵ دواتر لە ئاهەنگێکی زەماوەند دا بە خواردنەوەی شەڕاب مەستی کرد. بەو چەشنە نەخۆشی ئەو بە درێژایی تەمەنی لە خەبات دژی ئالکۆڵ لەو سەردەمەوە دستی پێکرد.

کاتێ جەك هەشت ساڵانە بوو، ئلیزای خوشکی لە کاپیتان "شپارد"، خوێندکاری شەوانە ڕۆژی، مارەکارا. چەند ساڵ دواتر کاپیتان و ئلیزای خوشکی و سێ منداڵەکەیان گوێزرانەوە بۆ ناوچەیەکی تری ئکلەند. جەك لەو سەردەمەدا لە باری ڕۆحیەوە بە تەواوی ڕووخا بوو.

چەند مانگ دواتر، نەخۆشیەکی واگیر تەواوی مریشکەکانی جەکی لەناو برد. بنەماڵەی "لەندەن"یش، بە فەرامۆش کردنی ڕوئیای مەزرایەکی سەر سەوز، بەرەو ئکلەند گەرانەوە. جەك لەوەی کە دەیتوانی دیسان لە نزیك ئلیزا و مامی جنی دا ژیان بەسەر بەرێت شادمان بوو. لە ڕێگای ماڵێ و مەدرەسەدا شەڕ کردنی لە چەشنی فشە پاڵەوانەکان فێر دەبوو. جەك هەر چەند قەد و قەڵافەتێکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام لە حیلەگەری و ئاژاوەناوەدا خاوەنی لێاتوویەکی بەرچاو بوو.

جەك لە تەمەنی 14 ساڵی دا لە مەدرەسەی شێوازی زمانی ئینگلیسی دا خوێندنی دوا ناوندی تەواو کرد، بەڵام بە هۆی دەست کورتی ماڵی نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات و بچێتە زانکۆ بە ناچار لەکارخانەیەکی قوتوسازی دا دەست بەکار بوو. خۆشبەختانە کار لە سەردەمی منداڵیدا لە کڵی دەرهێنا بوو وە ئەندامی بە باشی خارا بوو. دەورانی منداڵی جەك لە تەنیاییدا تێپەری بوو کتێبخانەی گەڕەکەکەیان هەوڵێن و تەنیا سەرچاوەی ناسیاوی ئەو لەگەڵ ئەدەبیات دا بوو. کتێبەکان، جیهانێکی باتر لە ئکلەندیان بە ڕووی ئەو دا دەکردەوە.

لەو سەردەمە دا، جەك لە بەشی ترشەمەنی دوکانێکی خۆراك فرۆشی دا کاری دەکرد و هەرچی زیاتر سرکەی

دەخەواند، هەستی هەڵاتن و نەحەجمین لەودا بە هێزتر دەبوو، زۆر جار ئەو هەستی نەفرەت لێکردنەی خۆی بە بەدمەستی دادەمرکاند.

ئەو خوی بە بەدمەستی لە نادیەکانی گەڕەك دا گرتبوو، هەر لەم شوێنانە دا کە لەگەڵ پیاوانی دەریا (مەلەوانان، ڕاوچیانی بەراز و نەهەنگ و زووبین و نیزە سازان ) دا ئاشنایەتی پەیدا کرد. مەجالێکی دەست کەوت تا دەست بکات بە ڕاوی نایاسایی سەدەف و لە دڵەوە ئەو کارەی قبوڵ کرد. کاتێ کە وەرزی ڕاو بەسەر چوو وە ئەویش چێژی تەواوی لەم پیشەیە، لە ماوەی سی مانگ دا، وەرگرتبوو بەرەو سن فرانسیسکۆ گەڕایەوە.

جەك لەندەن، دوای کۆتایهاتنی ماوەی قەدەغە بوونی ڕاو، بەرەو دەریا گەڕایەوە و چەندین مانگ لەو مەجالەی دەستی کەوتبوو بۆ ئەزموون کردنی دەریا و هەست بە ئازادی کردن کەڵکی وەرگرت.

کاتێ جەك گەرایەوە بۆ کالیفۆڕنیا، سالێك بەسەر گەڕانی بە گۆشەو کەناری ئامریکا دا تێدەپەڕی ئێستا دەیویست لە خوو خدە لات مەنشانەکانی دوور کەوێتەوەو بە هەوڵ و کۆششێکی کە لە کەسب و کار دا لە خۆی نیشان دەدا دەڵی دایکی خۆش بکات. دەیویست بەوە ئەستۆ گرتنی ئەرکی دابینکردنی ژیانی بنەماڵە ببێتە جێی شانازی دایکی.

جەك لەندەن لە تەمەنی 19ساڵی دا هاتە سەر ئەوەی بگەڕێتەوە دەبیرستان. ئێستا هەم کار دەکا و هەم دەرس دەخوێنێ. هێدی هێدی، بە سەرنج دان بە ئاشنایەتی لەگەڵ حیزبە سیاسیەکانی وڵات دا و بەتایبەتی حیزبی سوسیال، هۆگری بۆچوونە سیاسیەکان بوو.

جەك لەندەن، سەسیالیزمی لە باقی ئیالەتەکانی ئامریکا دا ناسی و هۆگری بوو. سوسیالیزم چەندین ساڵ بیر و هەدەفی ئەوی پێك دەهێنا. جەك لەندەن وەك "کوڕی سوسیالیزمی ئەکلەند"یش نێو دەبەن. چەندین جار، لە دەورانی کامڵ بوون دا، هەوڵی دا وەك شارەدار هەڵبژێردرێ بەڵام سەرنەکەوت.

جەك دەیویست بچێتە ناو ڕەوتە شۆڕشگێرەکانەوە بەڵام سەرەتا دەبوو دەبیرستان تەواو بکات و بچێتە دانیشگا. بە ئەندام بون لە حیزبی کرێکاری سوسیالیست دا، بوو بە هۆی دەرکرانی لە دەبیرستان. کەوای لێهات بڕیاری دا لەسەر ئەساسی عەلاقە و هۆگری تایبەتی خۆی دەست بکات بە خوێندنەوە و دواتریش بچێتە دانیشگای بریکلی کالیفۆرنیا.

واریدی دانیشگا بوو بەڵام هێشتا چوارمانگ لە چوونی بۆ زانکۆ تێنەپەڕی بوو کە لەبەر خەفەقانی زاڵ بەسەر جەوی زانکۆ دا دڵسارد و پەشیمان بۆوە و درێژەی بە خوێندن نەدا. دەستی دایە نوسین و خوێندنەوە. لەو سەردەمە دا لە جل شۆریەك دا کاری دەکرد بۆ دابین کردنی مخارجی ژیانی.

جەك، کاتێ کە تەبی دۆزینەوەی تەڵای "کلۆندایك" لە ئامریکا هەموانی داگرت، توانی لەگەڵ مێردی ئلیزا دا، بەو سەروەتەی ئەو بووی، بەرەو باکور وەرێدەکەوێ (1897- 1898). ڕەنگە بکرێ بڵێین ئەوەی کە ئەو لە



باکور دیتی و ئەزموون و تەجروبەی کرد گرنگترین خاڵەکانی جێی سەرنج لە بەرهەمە سەرکەوتوەکانی دا پێك دێنن.

سەرئەنجام بە گەڕانەوە بۆ ئەکلەند، سەردەمی سەرکەوتنی گەورەی جەك یش هاتبوە ئاراوە، کتێبی "ئودیسەی شیمال"ی، کە داستانێکی کورتە سەبارەت بە دۆزینەوەی تەڵا، لەساڵی 1900دا بلاو کردەوە. هەوەڵین بەرهەمی بە خاتری پتەوی و وەسفی یەکجار زۆر سەرنج ڕاکێشی ئەهمیەتێکی زۆری پێدرا. جەك هەر لەو ساڵەدا لەگەڵ کچێك بە نێوی "بسی مادرن" کە مامۆستای

بیرکاری و زۆر ڕوو ڕاست و خوێن شیرین و خەڵکی ئیرلەند بوو ناسیاوی پەیداکرد، کچە، دەیەکانی تەمەنی تەجروبە دەکرد و ماوەیەکی کورت دوای ئەم ئاشنایەتیە بەیەکەوە زەماوەنیان کرد.

هەر لەو سەرو دەمەدا چەندین پێشنیاری نووسەری لەلایەن چاپەمەنیە کانەوە پێگەیشت کە بە لێنی پارەیەکی زۆری دەدا و دەیتوانی لە فەقیری و دەست کورتی رزگاری کا و بیگەیەنێتە دنیای سەرمایەداری.

"بسی" کچێکی بوو. جەك کچەکەی زۆر خۆش دەویست بەڵام هیچ دڵی بەلای دایکی منالەکەیەوە نە بوو. دوای زەماوەند کردن زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ دۆست و هەواڵەکانی دا بەسەر دەبرد. هاورێکانی ناسناوی"گورگ"یان بۆ هەڵبژارد بوو.

بنەماڵەی جەك لەندەن لەساڵی 1901دا کۆچانکرد بۆ دەورو بەری ئکلەند. "ئانا" لەم ماوەیە دا بۆ دیتن و یارمەتی دانی جەك لە نووسینی داستانەکانی دا هاموشۆی ماڵی ئەوانی دەکرد و ئەم کارەی هەستی دژایەتی و حەسادەتی "بسی" هەڵدەخڕاند. دوای ماوەیەك "ئانا" بۆ نیۆیۆرك گوێزرایەوە و پەیوەندی لەگەڵ جەك لەندەن دا پچڕا.

جەك لە تەمەنی 25ساڵی دا هەستی دەکرد ئیتر ناتوانێ وەك ڕابردوو بنووسێ و ڕەنگە کورتە سەفەرێك بۆ ئینگلستان بتوانێ بەشێك لە توانایيە لەدەست چووەکەی ڕابردووی بۆ بگەرێنێتەوە.

دووهەمین کچیان لە ساڵی 1902دا لە دایك بوو، واتە هەر ئەو ساڵەی کە جەك لەندەن"ئاوایوەحش"ی تێدا نووسی. ئەم داستانەش توانی سەرنجی خوێنەرێکی زۆر بۆلای خۆی ڕاکێشێ و هێزی وێنا کردنی سەر سوڕهێنەری داهێنەرەکەی بە هەموان بناسێنێ. دوای بەچاپ گەیاندنی ئەم داستانە، سەفەرە یەك لە دوای یەکەکانی و دیدار لەگەڵ کەسایەتیە جۆراو جۆرەکان بوونە بەشێك لە ژیانی ئەو.

جەك نەیتوانی بە بەڵێنە ئەخلاقیەکانی ژن و مێردایەتی وەفادار بمێنێتەوە و ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە "بسی" لە ساڵی 1903دا لە دادگا داوای جیا بونەوە بکات. جەك دوای جیا بونەوە لە دایکی دوو کچەکەی لەگەڵ ژنێکی دیکە دا بە نێوی "چارمیان کاتریج" زەماوەندی کردەوە تا شایەد خۆشەویستیەکی کە لەگەڵ بسی دا شکی نەدەبرد و هەستی پێنەکرد لەگەڵ هاوسەرە تازەکەیدا بیدۆزێتەوە. چارمیان خاوەنی سەبر و شەکیباییەکی زیاتر بوو لە چاو بسی و گیرۆدە بوون بە ئەڵکۆڵ و هەڵچونە ڕەفتاری و ئەخلاقیەکانی جەکی، بە تایبەتی کاتی نوسینی ڕۆمانە نوێیەکانی بە خۆڕاگریەکی زیاترەوە دەرك دەکرد.

لە ساڵی 1907 دا هاوڕێ لەگەڵ "چارمیان" ڕێگای سەفەرە دەریاییەکانی لە دڵی ئوقیانوسەکانی هەسارەی زەوی دا گرتە بەر و بەرەو دەریاکانی باکووری ئسنارك ( snark) ڕۆیشت. ئیدەی نوسینی کتێبی "سەفەر بەرەو ئسنارك"ی لەو گەشتە دا بە دەست هێنا. ئەو ئەویندارى گەشتە دەریاییەکان بوو، تەنانەت بە کەشتی سەفەری بۆ هێندێك لە وڵاتە ئاسیاییەکانی، وەك ژاپۆن و کورە، کردبوو. زەماوەند لەگەڵ چارمیان ئەوی بەرەو کڕینی مەزرایەك بە نێوی "هیل رنچ" لە کالیفۆرنیا و چەندین جار بەرین کردنەوەی پاڵپێوەنا تا خۆی بە ئاژەڵداریەوە سەرگەرم بکات، 1400 هێتار زەوی جەنگەڵی، مەزرا، کانی و ئاو، خڕ و دۆڵ و جێگای حەوانەوەی ئاژەڵی کێوی بەشێك لە جوانیەکانی ئەو مەزرا گەورەو بەرینە بوو کە جەك لەندەن لە نێوان ساڵەکانی 1905 تا 1913 دا کڕیبووی. جەك لەندەن یەکەمین نوسەری سەرکەوتوی چینی کرێکار لە ئامریکایە. توانای لە نوسینی زیاتر لە یەك هەزار وشە لە ڕۆژ دا بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەم نوسەرە لە ماوەی 18ساڵ کاری نوسینی دا گەلێك بەرهەمی بە نێو بانگ نخوڵقێنێ.

کاری بەردەوامی جەك لەندەن لە نووسینی 51 کتێب و بە سەدان وتار دا دەکرێ ببینین، کە وەك پڕ بایەخترین و گران قیمەت ترین نوسەری ئەو سەردەمەی ئامریکا نووسیونی.

پێویست بە وتنە، بەرهەمەکانی جەك لەندەن لە باری ئەدەبیەوە دەکرێ بەسەر ڕۆمان، کورتە چیرۆك، وتار، شانۆنامە و ئاساری واقعگەرایانە دا دابەشکەین.

سەرچاوە: وبلاگ ماندگار.

# میرزادە عیشقی:
# (شاعیری ئازادی)



ن: محەمەد عەلی سەپانلو

هەرچەند میرزادە عیشقی بەشداربووی گەلێکی ساتەوەختی تۆمارکراوی ولاتەکەمانە، ساتە وەختگەلێکی وەك دەورەیەکی کە مشروتە خوازەکان لەپارکی ئەتابەکی تاران لە بەرامبەر یەکتردا قەراریان گرت و لەو رۆژەدا ستارخان و موجاهیدەکانی تر بە زۆرەملێ چەك کران، کۆچی دەوڵەتانی "موقاومەتی نەتەوەیی" بۆ عوسمانی و....، بەلام شاعیر هەروا ڕوانگەیەکی هەبوو کە لە چوارچێوەی پەنجەرەکەی دا جێی دەبۆوە. تینوێتی بەسودی میرزادە عیشقی کە دەبوایە بەهۆشیاری و لێکۆڵینەوەی ئامانجدار و بەرین لەکاتی خۆیدا تێرئاو کرابا، لەپڕتاوی کردەوەگەرایی و ژۆرنالیستی دا کە بەتووندی کەوتبووە ژێر کاریگەری فەزای سیاسی ئەوکات، بەو ئاکامەی کە چاوەڕووان دەکرا، نەگەیشت.

ئەو گەنجە خۆش بیرو هەستیارەی کە ناحەزی و خراپەی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان و دواکەوتوومانەوەی کۆمەڵگا زۆر لێکراوەکەی، ئەوی زۆر ئازار دەداو ناچار بەرەنگدانەوەی دەکرد، زۆر زوو دەرگیری قەیرانی کۆمەڵگاکەی خۆی بوو. ڕەنگە یەکێك لەهۆکارەکانی ئەو زوو پێگەیشتنە لەپڕتاوە، هەڵسوکەوتی لەگەڵ کەسانێکدا بێ کە لەخەبات و چەندایەتی و چۆنیەتی ئەودا گەلێك لەو لەپێشتر بوون و عیشقی هەنگاوەکانی خۆی لەگەڵیاندا هاوئاهەنگ دەکرد، بێ ئەوەیکە دەرفەتی تەواوی بۆ هەڵسەنگاندنی خۆی هەبێ. بەڵگەش ئەوەیە کە ئەو لەسەردەمی کۆچی دەوڵەتی موقاومەتی نەتەوەیی بۆ عوسمانی، لەگەڵ زۆریەك لە روناکبیران و خەباتکارانی مەشروتەدا هات و چۆی بووە.

بەجێترین شەڕی پێنوسیی عیشقی بەناوی راستیەکان مافی نەسڵێکە کە بەسالاچوانی دەسەلاتدار لای لێناکەنەوە. ئەو بەجوانی بۆی دەرکەوتووە کە ئەو دۆخە، چارەنووسی بێ ئەملاو ئەولای گشت ئەو کۆمەڵگایانەیە کە شۆرش تێیاندا ببێتەهۆی دامەزراندنی ناوەند گەلێکی چەق بەستوو نادیموکرات.

ئەو بەپاشکەوتی رۆحی نەسڵەکەی باوەڕمەند، دڵنیاو مەغروورە. باوەڕ بەخۆبوون وئامادەیی نەسڵەکەی خۆی بۆ بەکردەوە دەرهێنانی ڕەسالەتەکەی، کە مەبەستی وجوودیی ئەو، یانی لەدایك بوون بۆ شۆرش، ڕادەگەینێ و دواتر بەهوشیارییەکی کەم وێنەو نەتیجەگیری لە ڕوانگەکانی، بەکارێکەوە خەریك دەبێ کە دیاردەی هەموو شۆرشە نیوەچڵ یا ناکامەکانە. سەبکی عیشقی کارەساتبارەو لەحنەکەی، بەنیسبەت خائینان بەرامبەر خەڵك و شۆرشی مەشروتە، گەلیك توندو تیژو هەلخرێنەرتر بوو.

(.... کاتێك هەڵگیر سێنەرانی شۆرش دیتیان کە هیچ کام لە دامەزراوەکانیان مەبەستی نە پێکاوە، بەدڵنیایی یەوە ناهومێد دەبن، پێیان وایە کە ئەگەر شۆرش نەکرابایە باشتر بوو.... کاتێك هاتنە سەر ئەو باوەڕە، کۆنەپەرستن و کۆنەپەرستیش خۆ شاخ و باڵی نییە.)

مەڵێ لەبەرچی خونچە پەڕ پەڕ و دڵ بەخوێنە

حەکایەتی زامی دڵی مەجنوونە بەوێنە
نمونەی قەلبی ئازادەگانە، گوڵی سوور
وەك ئەم وشەیە لاپەرەکانی سوور بەخوێنە
زمانی عیشقی، قوتابی شۆرش، ئەمەیە
زمانێکی سوور، زمان نیە، پەرچەمێك لەخوێنە

رۆژی 27ی پوشپەری 1303ی هەتاوی، میرزادە عیشقی دوایین ژمارەی رۆژنامەی (سەدەی بیستەم)ی دەرکرد،

ئەوتاکە ژمارەیەی کە پاش سالێك و چەندمانگ



وێستانی رۆژنامەکە، دەرکرا، بەلای ئەوەوە تروسکەیەك بوو کە زوو خامۆش بوو. بەڵام لەراستی دا بەهۆی ناوەرۆکی ئەو بابەت و شێعرو نووسراوە توندو چزێنەرانەوەی، دەتوانین بڵێین ئەو تروسکەیە نەك (بلاوکرابۆوە) بەڵکو (تەقیبۆوە).

... ئێستا سێ چوار مانگێك دەبوو کە دارو دەستەکەی (سەردار سپە) گەلاڵەی کۆمارییان وەلانابوو و لقەکانی بەرەی ئەو باسیان لە گۆرینی یاسای بنەرەتی دەکرد و زەمینەی ئالوگۆری سەڵتەنەتیان خۆش دەکرد، بەڵام عیشقی بەخۆ گێل کردنێکی ئاشکرا، دیسانەوە مەسەلەی کۆماری هێنابۆوە گۆرێ تا بەوەبیرهێنانەوەی شکستی (سەردار سپە) هەرچی زیاتر ئەوو لایەنگرانی لەقاوبداو

ئەوەش تاوانێك بوو کە ئەو نیزامە خۆپەسەندە هەرگیز لێی خۆش نەدەبوو، بوێری عیشقی لەو هەلو مەرجەدا سنووری نەدەناسی و رقی دیکتاتۆرییەت فەرمانی مەرگی ئەوی دا. ئەویش بەشێوەیەکی زۆر ترسنۆکانە: تێرۆر! بەڵام عیشقی بەرلەم رۆژانەش و لەباشترین کاتەکاندا مەرگی خۆی هەڵبژاردبوو. لەرێورەسمێکدا کە پاش تێرۆرەکەی لەلایەن جەردەکانی دیکتاتۆری یەوە بۆ بەخاك سپاردنی تەرمەکەی وەك دەربرینی نارەزایەتیەکی سیاسی لێهات و بەدەیان هەزار کەس لەخەڵکی تاران تێیدا بەشدار بوون.

(فەزلی تابش) چیرۆکی ژیانی عیشقی لەچوارێنەیەکدا، بەشێوەی رۆمانتیکی چرکردۆتەوە و ئەڵێ:

بەزینی لاسکەوە، بوە تاجێکی سوور و وەری
بوە کایەی دەسی بای سەرسەر و بێ هوور وەری
چاو لەئەفسانەی تەمەنکەو لە دەم بەیانی‌یەکا
پشکوت، بوە میلاقەو و پر شوور وەری

***



# توێشوو

چۆنیەتی ژیانی نازم حیکمەت و ... — و. شورش محەمەدی و بێستون

ئەو پیاوەی کە ڕاوەستاوانە مرد — ن: یاشار ئازەری ــ و: کەریم ئەمانی

یادێك لەنازم حیکمەت — ن: عەمران سەلاحی ــ و: بێستون

برنجی بۆ خۆی گوشت؟ — ئا: بێستون

# شێوەی ژیانی نازم حیکمەت
# و
# ناساندنی بەرهەمەکانی

و. شورش محەمەدی و بێستون

نازم حیکمەت بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشانی زۆر یەك لەناوچەکانی جیهان ناسراوە. شێعرەکانی نازم حیکمەت وەرگێردراوەتە وەسەر چەندین زمانی جۆراو جۆر لەوانە فارسی، هەرچەند کە وەك باقی شێعرو وەرگێردراوەکانی تر نەیتوانیوە لەجەماوەری کرێکار و وەرزێر لەئێران نزیك بێتەوە. سەرەڕای ئەوە لەناخەوە پەیوەندیەکی پتەو هەیە لەنێوان چۆمی خوڕو جوانی شێعری نازم حیکمەت لەگەڵ چینی کرێکاری جیهانی و خەڵکانی زوڵم لێکراو. بیرو ئەندێشەی شۆرشگێرانە و ئامانجە بەرزەکانی کۆمۆنیستی هەوێنی بەرهەمەکانی بووە.

دڵی شێعرەکانی ئەو بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی لێدەدات. ئەولێدانە بەدەنگە، بەرهەم و نیشاندەری ژیانی پڕ جموجۆڵ، خەباتی پڕ لەهەورازو نشێوو پڕاوپڕ لە سەرکەوتن و شکستەکانی شاعیر لەسەردەمی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی لەتورکیاو سەراسەری جیهان دایە.

نازم حیکمەت ساڵی 1903 لە (سلانیك)، شارێك لەسەر سنوری نێوان یونان و تورکیا، چاوی بەژین پشکوت. دوای تەواوکردنی دەبیرستان چۆتە ناو سوپا وە دەرسی قوتابخانەی ئەفسەری هێزی دەریایی تورکیاشی تەواوکرد. لەساڵی 1920 لەسوپا جیابۆوەو هەر ئەوساڵە چوو بۆ وڵاتی شوراکان. لەیەکێك لە زانکۆکانی مۆسکۆدا لەبواری ئابوری سیاسی دا درێژەی بەخوێندنی خۆی داو دوای تەواوکردنی خوێندن گەراوە بۆ تورکیا. لەنێوان ساڵەکانی 1931 تا 1936 پیشەی جۆراوجۆری تاقی کردەوە و لەهەمان حاڵ دا خۆی خەریکی کارکردن کرد لە رۆژنامەو گۆڤارەکان دا.

لەساڵەکانی 1936 تا 1938 کە فاشیسم لە تورکیا. لەژێر کاریگەری گەشەی ئەو ڕەوتەدا لە تەواوی ئەورووپا هێزێکی بۆ خۆی دەستەبەرکرد، نازم حیکمەت بەپێی هێڵی گشتی ئەوکاتی بزوتنەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستی و حیزبی کۆمۆنیستی تورکیا دەستی بەوتنی شێعری شۆرشگێرانەو دژی فاشیستی کرد. ئەم شێعرانە لەناو روناکبیرانی ئەم وڵاتەو زۆریەك لە ئەفسەرانی لاوی سوپای تورکیادا لایەنگرانێکی زۆری دۆزیەوە و هەرئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاَت بەتوندترین شێوە ئەو بخاتە ژێر چاودێرییەوە.

لەساڵی 1938 گوروپێك هەر لەو ئەفسەرە لاوو پێشکەوتنخوازانە لە پرۆسەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەگەڵ

نازم حیکمەت و لەڕاستی دا لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی تورکیادا بوویان بیری بەڕێوەبردنی شۆرشێکیان لەسوپادا لەمێشك دادەهێناو دەبرد.

بەڵام پێش ئەوەی کە کردەوەیەك لەلایەن ئەوانەوە بەئەنجام بگات، رژێمی تورکیا ئەوانی لەگەڵ نازم دەستگیر کرد. نازم حیکمەت لە دادگا 38 ساڵ و چوار مانگی زیندان بۆ برایەوە. ئەو 13 ساڵ لەتەمەنی خۆی لە زیندانەکانی ئیستانبول، ئانکارا، چانکری و بورسادا بەسەر برد. پاشان بەپیێ یاسای لێبوردنی گشتی پەسەند کراو نازم ئازادکرا. بەڵام لەو جێیەوە کە دەست و پەیوەندی دەسەڵات هەنوکەیەك دەستیان لەبەدوادا چوونی دا نەدەکێشاوە و تەنانەت پیلانێکیشیان بۆ کوشتنی ئەو دارشت، بەشێوەیەکی شاراوە تورکیایی جێهێشت. سەرەتا بەرەو رومانی، پاشان لە هیستان و لەکۆتایی دا بەرەو ولاتی بولغار رۆیشت. دوای ماوەیەك چوو بۆ مۆسکۆ و لەوێ نیشتەجێ بوو.

لەو قۆناغەدا دەوڵەتی تورکیا ئەوی لەسەر بەتورکیا بوون بێ بەش کردو وەك خەیانتکارێك بە نیشتمانەکەی چاوی لێدەکرد. باقی تەمەنی نازم حیکمەت لەشورەوی و چەند ولاتی تر تێپەربووەوە لەکۆتایی داو لە ساڵی 1963 بەهۆی نەخۆشی دڵ لە مۆسکۆ گیانی لەدەست دا. ئەو جگە لە چەند کۆمەڵە شێعری جیاواز، 11 رۆمان و شانۆ نامەشی نوسیوە کە تەواوی ئەو بەرهەمانە تاکێك کە زیندوو بوو، لە تورکیا ئیزنی بلاوبونەوەیان پیێ نەدەدرا.

شێعری نازم حیکمەتیش وەك ژیانی، پڕ هەورازو نشێوو پڕاوپڕە لە ئاڵوگۆڕ، ئەو لە تەمەنی 13 ساڵییەوە رووی کردە شێعر ووتن. لەساڵی 1914 یەکەمین کۆمەڵە شێعری خۆی کە لە قاڵبێکی کۆن و بەوەزن و قافیەیەکی باو نوسرابوو، بەناوی "محەمەد نازنم" بلاوکردەوە. بەڵام ئەوکاتەی کە بۆ خوێندن رووی کردە مۆسکۆ، شۆرشێکی راستەقینە لەزمان و قاڵبی شێعرەکەی دا ڕووی دا.

وە ئەم کارە بێ گومان لەژێر کاریگەری شاعیری گەورەی شورەوی سوسیالیستی ئەوکات، وێلادیمیر مایا کۆفسکی ئەنجام درا. نازم حیکمەت ناوەرۆکی شۆرشگێرانەو هەڵچوی شێعری خۆی لە جمگەی قەوافی رزگارکردو وەزنێکی نوێی پیێ بەخشی. ئەو بەوکارە شێوازێکی نوێ و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لەشێعری هاوچەرخی تورکیا دا پێك هێنا کە بوو بەخاڵی وەرچەرخانی بەشێکی زۆر لەو شاعیرانەی کە دوای ئەو لەگۆڕەپانی ئەدەبیاتی تورکیادا هاتنە کایەوە.

وشەکان لەشێعری نازم حیکمەت نوێنگەی ئاوازن و موسیقی یەکی تایبەت دەدەن بەشێعر. جێگای داخە کە ئەم بوارە لەشێعرەکانی ئەو لەوەرگییڕان دا ڕەنگدانەوەیان نییە. نازم حیکمەت ئاڵۆزو دژوار قسەناکات، شێعرەکانی ساکارو بزۆك واتە ڕەوانن و بەدووریشن لە شێوازەکانی ڕوناکبیری. هەرچەند کە هەندێ جار کەڵك لە لێکچواندنێك وەردەگرێت کە بۆ تێگەیشتنی ئەو دەبێ لەسەری ڕابوەستین.

تا ئەوجێیەی کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر بەرهەمەکانی نازم حیکمەت، دەبیێ وێرای جەخت کردن لەسەر لایەنی شۆرشگێرانەی زۆربەی ئەوان. ئاماژە بکەین بەخاڵێکی گرینگ، ئەوەی کە تێگەیشتنی ئەو لەئەنتێرناسیۆنالیزم و هاوپشتی نێونەتەوەیی هیچ شتێك نەبوو جیا لە تێگەشتنێکی باو لە بزوتنەوەی نێونەتەوەیی کۆمۆنیستی نازم حیکمەتیش هەروەك زۆرینەی کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەمەدا.

ئەوکاتی جیهان، خۆی بەنوێنەری خەڵکی خۆی و لەهەمان کات دا بەئەنتێرناسیۆنالیست دەزانی و لەو ڕوانگەوە نەدەچووە پێشەوە کە پرۆلتاریا لەبواری ئیدۆلۆژیکەوە نیشتمان و نەتەوەی نییە. ئەو ڕوانگەیە لە شێعرەکانی دا، لەو جێیەی کە لە تاراوگەدا، باس لە تورکیا دەکات. خۆی دەنوێنیێ. لەوجێیەی کە بەغەریبی دەهۆنێتەوە:

(خۆشم دەوێ هەوارگەکەم،  
نارەوێنی خەم لە دڵەکەم  
بێجگە لە تووتنی ولاتەکەم  
نەوای دڵنشینی ناوچەکەم)

یا لەو جێیەدا کە لە سەرەتایەك بۆ یەکێك لە کتێبەکانی، پەیوەندی خۆی لەگەڵ باقی خەڵکانی تر لە دەریچەی خەباتی خەڵکی خۆیەوە دەخاتەبەر جەخت و دەنوسیێ: نوسەری ئەو کتێبە دڵی و، پێنوسەکەی‌و، ئەندێشە و

سەراسەری ژیانی خۆی بەخشیوە بەخەڵکی وڵاتەکەی خۆی.

بەڵام لەهەمان کات، لەودیوی ڕادەی سنورو نیشتمان، ناو شوێنی جوگرافیایی، رەگەزو نەتەوە، خەباتی هەموو خەڵکانی لەڕێگای وەدی هێنانی ئازادی، سەربەخۆیی، یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئاشتی لەشێعرەکانی خۆی دا نیشان داوە. سەرکەوتنی ئەوانی بەسەرکەوتنی خەڵکی خۆی و شکستەکانیانی بەشکستی خەڵکی خۆی زانیوە.

بەڵام ئەو بۆچوونە نادروستە باوە، نابێتە ڕێگری ئەوەی کە بەپێوانە و هەڵسەنگاندنی کۆمۆنیستی لەبارودۆخی بەرچاوی بزوتنەوەی ئەوکات دا، وەك ئەنتێرناسیۆنالیستێك چاوی لێنەکەین. چاو لێبکەن چۆن لەیەکێك لەشێعرەکانی دا بەزمانێکی ئاسایی پەیوەندە چینایەتیەکان لەدەرەوەی سنورو چوارچێوە نەتەوەیی یەکان دا زەق دەکاتەوە.



((کەسێ نیە لەسەر ڕێرەوی من و بەقاڵ

بمانناسێ لە ئامریکا

سەرباری ئەوەش لەچین تا ئیسپانیا، لەلێوارگەی ئاواتی (نیك) تا ئالاسکا،( لەهەربستێ سەروشکانی و لەئاوا، نیمە ئاواڵێك و نەریارێك)،( هەمە هاوەڵانێك، نەمدیتوون تاکە جارێك ) (بەڵام حەزیای مردنی تیکەنانێك، هەستی دەروونمانە )حەزیای هاوبەشی ئازادی و خەیاڵێك

هەمە نەیارانێك تینوون بەخوێنی من و منیش بەخوێنی ئەوان.

نازم حیکمەت بەردەنگەکانی لەسەر باڵی شێعرەکانی خۆی دەدانێ لە بیابانەکانی ئافریقاوە دەیانبات بۆ شارە قەرەباڵغەکانی ئامریکا، یان لە زەلکاوەکانی بورژوازی ئەوروپاوە دەیانبات بۆ دورترین شوێنەکانی ئاسیا. تالە هەر شوێنێك کردەوەی سیستمی زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەی ئیمپرسالیستی و هەروەها ململانێی دەورانسازی جەماوەری پرۆلیتێرو خەڵکانی زوڵم لێکراو بخاتە بەرچاو. هۆنراوەکانی (ژوکۆندوسی یا ئوو) و (چەند نامەیەك بۆ تارانتا-بابو) چەند وێنەیەکی درەوشاوەن لەو پێك هێنانی پەیوەندییە جیهانیە لەشێعرەکانی نازم حیکمەت دا. لە چەند نامەیەك دا بۆ تارانتا-بابو) نازم حیکمەت، سەر لێشێواوی و کارەساتباری شەڕی داگیرکارانە لە ئافریقاو مەنتقی جەنایەتکارانەی ئیمپریالیزم لەزمان لاوێکی حەبەشییەوە ئاوا بۆ هاوسەرەکەی وێنا دەکات:

((بۆ کوشتنت، ڕێگەی هەوارگەی تۆیان گرتۆتەبەر
(تارانتا-بابۆ)
بۆ دیتنی سك و تێرامان لە ریخۆڵەکانت
لەچەشنی ماری برسی و خوشینی لەسەر رەڵم و پاپۆکەبوونی
ڕێگەی هەوارگەتیان گرتۆتەبەر
بەچەشنێك کە هەرگیز تۆیان نەبینیوە و
نەتۆش ئەوان
لەپەرژینی ئەوان تێ پەربوە .

شێعری نازم حیکمەت ئیدعانامەیەکی توندو تیژەو لەدژی پەیوەندی و موناسباتە شێتانەکانو لەسەر ئەساسی قانونی نرخ و قازانجە، کاتێك کە دەنوسێ.

((ئەوە چ سرێکە
((تارانتا-بابو))
کە لێرەدا پێچەوانەن کارەکان
جیهانێکی سەرسوڕهێنەرە ئەم دەڤەرە
کە نوقمی وشکە ساڵی و

پڕیەتی لەنەمان))

وە لەشێعرەکانی تردا دەبینین کە چۆن نازم حیکمەت بەشێعرەکەی، ڕێگای دەسەلاّتداری ئیمپریالیزم دەبەستێ و لەگەڵ ڕوانگە تەسلیم خوازانەکانی کە جیهانی ئیمپریالیستی بەزەرورەت واتە پێویستییەکی عەینی ناوزەد دەکەن و چارەسەری دواکەوتویی و گیروگرفتەکانی کۆمەڵگاکانی ژێر چەپۆکە لەوەرێ خستنی وەها پەیوەندیەك دا دەبیننەوە، شەر دەکات، نازم حیکمەت هێرش دەکاتە سەر جیهانی ئیمپریالیستی:

((کەسێك لەئێوە کە

خاوەن سەرمایە بێ،

دەبارێگەی بۆ ناو ئێمە نەبێ

تەنانەت گەر بخوازێ وبتوانێ

ئەو گایەی کە لە برسا دەمرێ

سەر لەنوێ رۆحی وەبەر بنێ.))

لەماوەی دەیانساڵ دا جەستەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی تورکیا لەژێر سەرەنێزەی ئیرتجاع و دواکەوتوویی دەسەلاّتدارو ئیمپریالیزم دا، بە بەردەوامی بریندار بووە.

ئەم زامە بەباشی دەتوانین لەشێعرە جۆراوجۆرەکانی نازم حیکمەت لە قۆناغە جیاجیاکانی ژێواری خەباتەکەی دا ببینن، کاتێك کە (بەڕیشەی پتەو و لەخوێن دا شەلاڵ) قسەدەکات و هاوار دەکاتن هەستن و چاو لێبکەن کە چۆن نەیاری ئێمە دەکەن و چۆن ئێمە لەنێو بازارەکاندا دەفرۆشن و یان کاتێك کە بەم جۆرە باسیان لێوە دەکات کە:

(جل و بەرگیان پاکژو نەبوون رووگرژ مەخابن لەسەر لاجانگیان هەبوو زامێکی نوێ )یەکێك لە ناودارترین شێعرەکانی نازم حیکمەت کە لەیادی گیانبەختکردا‌ونی کۆمۆنیست دا وتراوە، ناوی (دڵی منە) کە بۆیادی موستەفا سوبحی ریبەری حیزبی کۆمۆنیستی تورکیاو 14 کەس لە هاوڕێکانی دا وتراوە.

کەشتی واتە (پاپۆرەکەی) ئەوان لەلایەن دەست و پەیوەندەکانی دەسەلاّتەوە لەنزیك بەندەری ترا بۆزان گوللەباران کرا. نازم حیکمەت بەم جۆرە لەتازیەی هاوڕێکانی دا بەشداری دەکات:

15 زامم بەسینەوە

لێلاّوەکان لەچەشنی ماری ڕەش و خزۆك

لەزامەکانی سینەم هالاّوە و دەریای لێڵی ئەم چڵکاوانەش

مەوجەکانی مەرگی پێوە

مەرگی بەدیاری هێناوە ئەم ئاوە لێڵە خوێناوییە

دڵم دیسانیش لێ ئەدات

دڵم دووبارە لێ ئەداتەوە

15 زامم بەسینەوە

لە 15 جێوە سینگمیان دڕیوە

بەو هیوایەی لەپشت ئەم ماتەمەوە

قەڵبم ئیتر، هەرگیز لێنەداتەوە.

دڵم دیسانیش لێ ئەدات

دڵم دووبارە لێ ئەداتەوە.

ئەگەرچی کۆتایی شێعرەکانی نازم حیکمەت لێواو لێون لەباوەڕ بەسەرکەوتن و هیواداری شۆڕشگێڕانە، بەلاّم دوای ئەو ئاڵ و گۆڕانەی بەسەر ڕەوتی چەپ و بەرەی کومونیستی دا هات، نازم حیکمەتیش هەروەك زۆرێك لە کومۆنیستەکانی تر تووشی سەرلێشێواوی و سستی و بێ هیوایی هات.

تەئسیرو کاردانەوەی ئەو سەردەمەمان لەسەر خۆی، کاتێ کە لەشاری لایپزیك ی ئاڵمانی شەرقی ئەوکات بوو، لەساڵی 1959 دا، بەم جۆرە بۆ باس دەکات:

((دەرگانەی هەموانم لێ داخراوە

قەڕازەی پەنجەرەکان قایم کراوە

نەبستێك ئاسمان، نەمشتێ لەئەستێرە!

کاتێ مردم خاکەکەم

ئەسپەردەم دەکات.

ڕزگاری لەم دەڤەرە چەتوون و دژوارە))

بێ گومان، نازم حیکمەت لەرێگای زۆربەی بەرهەمەکانی یەوە لەتاریخ دا، وەك شاعیرێکی مەزنی شۆڕشگێر، دڵسۆزێکی پر جۆش و خرۆشی کۆمۆنیزم کە شێعرەکەی کردبووە بانگەوازێك بۆ پەیوەست بوون بەسوپای مەزنی پرۆلتاریای هۆشیار تۆمارکراوە، هەرئەوە بوو کە ڕاستی جیهان داگری مارکسیزم لینینیزمی وەك خۆرە تاوێك شوبهاندو وتی پێویستە جەماوەری بێ بەش و ژێر دەستو

زۆرلێکراو بۆ ڕزگاری و سەرکەوتن، ئەو چۆڕ چۆڕەو شان بەشانی یەکتر بنۆشن. وەك لە سرودێك دا ئەڵێ:

ئەوە سروودێکە،
سروودی ئەو کەسانەی کە
لەجامی گلین دا گەرمایی خۆر دەنۆشن.

هەر ئەوەش بوو بەعەشقەوە کۆمۆنیزمی هەلبژاردو ڕایگەیاند کە :

لەتەك ئەوانا، تێ پەریم
بەسەر پردێك دا کە بەرەو خۆر ئەچوو
منیش لەو کاسە گلینەدا
گەرمی خۆرم نۆشی،
ئەو سروودەم چڕی
وە پاشان پەیامی دا:
دڵت ئاوێتەی دڵم بکە
پەلامارێك لەڕێ دایە
هروژم کردنە سەرخۆر
خۆرمان وا لەدەستایە
ئەم سەرکەوتنە لەرێ دایە

نمونەی شێعرێکی جوان لە نازم حیکمەت بە کە ناوی ((لەزمان هێندی یەکەوە)یە دەخوێنەوە.

لەرۆژهەلأتەوە دێم
لەدەرگانەی یاخی بوونی رۆژهەلأتەوە دێم
بەبای باکوور تێپەڕم کرد
ڕێگاکانی ئاسیا،
هەتا گەیشتم بەتۆ
بۆچی وەستاوی
والأ بکە ئامێزت بۆم
لەباکورەوە هەڵوەدای تۆم
لەدەرگانەی یاخی بوونی رۆژهەلأتەوە دێم
رۆژهەلأتیم
مافی خۆمە، یاخی بوون!
کوا پلیتە، پێم دەنیشان
تاگری دەم بەرزو جوان
من رۆڵەی لافاوێکم کە شەوو رۆژ
24 کات ژمێر دە ئاژوێ و داغی گورزو مەتاڵ
نەقشی بەستووە
لەسەر شان و باهۆی زەردی ئێسقان
لوتکەی هاواریانم
ئاسیا، زەلکاوێکی بێ کۆتایە
کارگاکانی سەرتاپا لە ئاسن و
هەڵچوە لەکەش و هەوای سەوزی گەندەڵیان.
وەشەوو رۆژ
لەم کەش و هەوا سەوزە رێکوەندەدا
کەڵەکەبوونی دوو کەڵە تێك دەرمێ لەچەشنی کێوەکان
زەلکاوەکان دەهەژێن
چەرخەکانی ئەسورێنەوە خول ئەخۆن
ژیان دەمرێ و لەبەرچاوان ون دەبێ
لەوێ ئاونگەکانی یا و لەزری نۆبەدار
ئەبنە شمشی تەلأی تروسکەدار
لەئاسۆی لێکی ئاسیاوە
قات، قات بانکی 77 قات
لەچەشنی درنجی ئەفسانەکان، هەناسە دەکێشن
لەوێ، لەوزەلکاوەدا
ئەسرینی هاوڕێ یانی (وەبا) گرتووم
دائەبارێن، وەك جەستەی بۆگەن کردوو
هەموو ئەوانە لەبەرچاوی جوتیارەکان
لەچەشنی خەیاڵی دۆزەخێکە
لەوەها ساتەوەختێکدا
تامەزرۆیی دیداری
وەك خەیاڵێکی سەرکەش ریشەی لەناو دڵم کوتاوە،
واتێنەگەی کە لە چەشنی سەگێکی برسی دەنووزێنم لەوێ
(نا)
بەبای باکوور تێپەڕم کرد ڕێگەی ئاسیا،
هەتا بەتۆ گەیشتم
بۆچی وەستاوی
بۆم بکەوە ئامێزت
سۆمایی بدە چاوانم
لەناو بۆچوونم هەڵکە وشیاری
ئەوان لەوێ چاوەڕێی منن.

سەرچاوە: www.sarbedaran.org

***

# ئەو پیاوەی کە ڕاوەستاوانە مرد

ن: یاشار ئازەری ــ و: کەریم ئەمانی

نازم حیکمەت راوەستاوانە مرد، ئێمەش، هەستینەپێ. (لوئی ئاراگۆن) ئەم قسەیەی لەرێوەرەسمی ساڵ یادی (حیکمەت) دا لەپاریس، ئەم ڕێزلێنانە شیاوە، لە پیاوێکە کە بەسەرسەختی و خۆڕاگری، مێژووی نەتەوەیەکی تۆمار کرد بۆ هەمیشە یادی پیرۆزە.

نازم حیکمەتی شاعیر، ئەم پیاوە خۆراگرە، ماڵ بەکۆڵ و زیندانییە بێ پەروایە، لەسەرەتای (شەوی درێژ) یەکێك لە نوسراوەکانی دوایین ساتەکانی ژیانی دا، کە کەسایەتی خۆی لەپاش بەربەرەکانێیەکی دوورودرێژ لەگەڵ بوون دا بۆ جارێکی دیکە بەدەست دێنێتەوە، دەنوسێ کە (چاوەکانی لەئاست خۆی و ئەزمونی ژیان، کراوەیە). لێرەدایە کە ئەو لەناو بەرزترین پلەی شاعیرانەی خۆی دا، ئازادی، پاکی و جۆرێك شەفافیەت و ڕوناکی بەدەست دێنیت، کە بێ گومان داوەری لەسەر ڕاستییەکانی جیهان و هەڵسەنگاندنی خەون و خەیاڵ و راستەقینەکان ئاسان دەکات.

(ئیتر وشەکان مەستم ناکەن)، "نەوشەکانی خۆم و نەوشەکانی ئەوانی تر". شێعری حیکمەت بەمانای راستەقینە شێعرێکی جیهانییەو بۆخۆشی، مرۆڤێکی جیهان زێدە، نیوەی قەڵبی لەیونان گوللەباران دەبێت و نیوەکەی دیکەی نیگەرانی چینە، لەگەڵ (تار ئەنتابابو) لە ئەفریقا قسەدەکات و لەئازادی و یەکسان خوازی ئەو دەدوێ کرێکارەکانی بەندەری مارسی بە هاوڕێی خۆی ناوزەد دەکات هەروەها زمانی شێعری ئەو تێکەڵاوێکە لەشۆخی و هێما، هەر بەو ڕادەیەی کە دەرگا بەڕوی ڕوناکیەکان و خووخدەی جوان و پاکی مرۆڤایەتی دا دەکاتەوە، لە تەنگانەدا کە تەواوی زمانە هیوا بەخشەکانی ئەو بۆ ڕزگاری تێدەکۆشا.

شێعری (حیکمەت) ئەو گەوهەرە بێ غەل و غەشەی ئەزمونەکانی مرۆڤایەتی یە کە لە سەردەمی پێگەیشتنی فکری دا، بە سانای لێوڕێژ دەبێت و وەك رووبارێك کە لە هەڵدێرێك دێتە خوارێ بەتوانایە.

حیکمەت و چۆنیەتی شکڵ گیری کەسایەتی ئەو:

شاڵ دویزینسکی دەڵێ: (شێعری حیکمەت بە کەڵك وەرگرتن لە خووخدە کلتوری و نەتەوەیەکانی، لەگەڵ جۆرێك پێویستی، نەك ڕواڵەتی، بەڵکو عەینی و ئەخلاقی هاوسەنگی دەکات و کاریگەریەکەی، هەر ئەو کاریگەریەی نوسراوەکانی مایاکوفسکی و لۆرکایە) وە ئایا بەڕاستی کاریگەری شێعری حیکمەت بەم جۆرەیە کە دویزنسکی دەڵێ؟ ئایا شێعری ئەو شۆرشێك نەبووە، کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی دا، بەگەشەیەکەی هاوشێوە گەیشت، ئایا کاریگەریەکەی لەو هەل و مەرجە سەرچاوە دەگرێت یان لە شکڵ گیری ئەو لەگەڵ کلتورێك کە دەمودەست لەگەڵیدا بەرەو ڕووبۆوە، پێك هات، وە کاریگەریەکەی ئەو هەل و مەرجە کلتورییەی خوڵقاند، دەگەڕێنەوە سەر ڕابردووی حیکمەت، ئەم کوڕە نەجیب زادە هەژدە ساڵە ئستانبولیە. کە باوکی ئەوی ناردبووە ڕووسییە تا دەرسی کۆمەڵناسی بخوێنێت، بەجێگای هەموو شتێك هۆگری شێعری ڕووسییە بوو، وە کۆمەڵناسی نەخوێند، شێعری خوێند و زمانی ڕوسی بەباشی فێربووە، وە هەروەها بە هەوڵە جیهانییەکانی شێعر، بەتایبەت (فوتوریستەکان) کە لەو سەردەمەدا لەلایەن مایاکوفسکی لەڕووسییە دا دەکرا هۆگرییەکی قوڵی پەیدا کرد.

شکڵ گیری کەسایەتی (حیکمەت) لێرەوە دەست پێ دەکات، ئەو بەماناو مەفهوم گەلێکی نوێ لە بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی دەکات، هەر بەو ڕادەیەی کە لەبەرانبەر هونەرکەی (شێعر) دا خۆ بە بەرپرسیار دادەنێت، لەبەرانبەر ئەو خەڵکەشدا کە لە ناویاندا سەرمەست و دڵشادە هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات. ئەو هاوشێوەیی خۆی لەگەڵ مایاکوفسکی لەم ڕوانگەوە پاساو دەکات.

هاوشێوەیەك کە ماناکەی، هەر لە هەنگاوی ئەوەڵدا جۆرێك دەستوری (ئەخلاق)یشی تێدا بەدی دەکرێت، (نازم) کاتێك کە بۆ زێدەکەی خۆی دەگەڕێتەوە زۆر زوو ناوبانگ دەردەکات، نەزمی شێعری عوسمانی تێك دەدا، وشەو شێوەی بەیانی شێعر دەگۆڕێ و سەبکێکی وێنەیی لەشێعردا کە لەسەر بنەمای (فوتوریسم) و شێعری جەماوەری (تورك) داڕێژراوە، پێك دێنێت دەروازەکانی شێعری تورکی، کە ئەسیری دوپات بوونەوە و ڕاوەستانە، بەڕووی مرۆڤ و سروشت دا دەکاتەوە و سەرئەنجام ئەو، داستان، حماسەو سرودەکانی جەماوەری خەڵك لە قاڵبێکی نوێدا، بەنمایش دەردێنێ.

حیکمەت بەڕاگەیاندنی مەرگی شێعری دوێنێی (تورك) دنیایەکی نوێ و زیندوی شێعر، لەزێدەکەی خۆیدا بنیاد دەنێ.

(حیکمەت) گەشە دەکات و بۆ ئەو ڕوداوێکی دیکە و سنورێکی دیکە، کەتێیدا، زۆر ڕەمزوڕازی نەگوتراو و نەناسراو حاکمە، دەکاتەوە. هەر لەو سەردەمەدایە کە نامیلکەیەکی شێعری ئەو لەلایەن (تریستیان تزارا) شاعیری فەڕانسەوی و (حەسەن گۆرە) وە لە فەرانسە دەردەچێت. تزارا لە پێشەکی ئەم نامیلکە شێعرەدا دەڵێ: شێعری نازم حیکمەت لەگەڵ سنوری کلتوری مرۆڤی ئەمرۆدا ئاوێتەیەو بە بەرینای نەجابەتی مێژوویی خۆی، بایەخی، حەقیقەتێکی هەمیشە زیندووی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە).

(ئەزمون کاری بێ پەروا):

(حیکمەت) شاعیرێکی بەئەزموون و واقیعییە، ئاوێتەبوونی دۆستانەی ئەو لەگەڵ نزیکترین کەلامی خەڵك دا، گیان بەوێنە سازییەکانی دەبەخشێت و، هۆگری ئەو بەداب و نەریتی خەڵك (فۆلکلۆر)، پێداویستی کەلێکی نوێی دەنگی، لە کارەکەی دا دەخولقێنێ. ئەو بەدەنگەکان، حەرکەتەکان و چاوخشاندنە سەر سەرییەکانی مرۆڤ بەسەر شتەکاندا ڕۆحی مادی دەبەخشێت و دەیان هێنێتە بەرچاو.

شاعری (چەند نامەیەك بۆ تار ئەنتابابۆ، ئەزمون کارێکی بێ پەروایە کەبەرزی هونەرو خووخدەی خۆڕاگرانەی مرۆڤەکان ئاوێتەی یەکتر دەکات و شێعرەکەی وەك خەنجەرێکی دو سەر وایە کە لەهەر لاوە دەبرێت و بریندار دەکات، یان وەك ئاوێنەیەکی دو ڕوو دەچێت کە ڕویەکیان دیمەنە جوانەکان و پێداویستیەکانی زمانی جادویی شێعر دەنوێنێ و ڕوەکەی دیکەشیان نوێ ترین بەرپرسیاریەتێکانی هونەرمەند لەپێناو جیهان دا وەردەگرێت و، پێوەندی مرۆڤایەتی و ڕازە شاراوەکانی ناو وجودی ئەو کە تەنیا لەواقع بینی دا دەردەکەوێت و، بێ بیرکردنەوەو، بەبێ ئەوەی کە پێکهاتەیەك لەڕەنگە

جوانەکان وێنە بکات، جەوەری ڕەنگەکان دەناسێنێتەوە. حیکمەتیش هەروەك مایاکوفسکی نەترس و خەباتکارو لە ئاست تەنگ و چەڵەمەکاندا خۆڕاگرە.

بەڵام وەکوو مایاکوفسکی گوللەیەك نانێت بە ناوچاوانی خۆیەوە و کۆتایی بەهەموو شتێك ناهێنێ، ئەو دەمێنێتەوە، شێعر دەڵێت و مەیلی بێ باکی و خەباتکاری، دەگوازێتەوە بۆ ناو ئەو چینەی کە کەم دەژمێردرێ و هیچ کات جیدی نەگیراوە.

((لەدوای تێك هەڵچوون)): (3)

لەساڵی 1950 کە حیکمەت لە زیندانی (بروس) ئازاد دەبێت وەرزێکی نوێ لە شێعری ئەودا دەکرێتەوە. ئەو ئیتر ماڵ بە کۆڵێکە کە بەدەست نەخۆشینی پشو سواریەوە زەجر دەبینێ بەڵام لەلایەکی دیکەوە تەنیا سەفەرەکانییەتی کە ئارامی پێ دەبەخشێت.

شێعرەکانی دوای 1951 ی (حیکمەت) لەو ڕاستیانە پەیڕەوی دەکات کە بۆ خودی خۆشی پرسیارگەلێکی بەدور لەچاوەڕوانی پێك دێنێت.

دویزینسکی دەڵێت: (شاعیرانێکی وەك، والری لاریۆ و ساندراس، سەفەریان کردو لە پەنجەرە گەورەکانی قەتارە تیژ ڕەوە نێونەتەوەییەکانەوە زۆر دیمەنی جوانیان بینی و سنورێکی ناشناسیان بەڕوی هەستی ئێمەدا کردەوە، بەڵام ئەوان لەڕوانگەی خۆیانەوە زیاتر جەخت دەکەنەسەر نائاسای بونی ڕواڵەت و دیکۆری ئەم ڕۆکە، بەڵام بۆ (حیکمەت) سنورێکی نوێ، بۆ تەرحێکی نوێ بەڕوی دا دەکرێتەوە.)

لەدوایین شێعرەکانی حیکمەت دا لەگەڵ دو سیمای ئاشنا ڕوبەڕوو دەبین، ژنەکەی، کە ماوەیەکە لێی دابڕاوە و، کوڕەکەی کە بەزەحمەت هاتەوە بیری!

حیکمەت لەتەواوی خۆشەویستێکان دادەبڕێت، بەڵام ئەو بەسەرهاتی ناو دابڕانەکان تەنیا لەخۆی دا نابینێت، لەپشت بەسەرهاتی غەم ئەنگیزی خۆیەوە، بێ عەدالەتیەکان مەحکوم دەکات. ئەو وەبیر ڕابردوی خۆی دەکەوێتەوە. ڕابردوویەك کە ساتەکانی خۆش بەختی تێیدا مانای هەبووە حیکمەت بیر لەخۆش بەختییەکی کورت ماوە دەکاتەوە، کە ئیتر بەخاك سپێردراوە، ئەو دەی هەویت بەوبیرەوەریانە کە لە ئەزمونێکی تاڵەوە سەرچاوەی گرتووە، خۆی بەبۆنەوە گرێ بدات، شێعر بۆ عیشق دەڵێت تا لەسەرپێ ڕاوەستێ، لەئاست بەچۆکداهاتن و بێ هیوایی داخۆڕاگری دەکات، بەڵام نەك لەئاست هەست کردن بەو بەدبەختیانەی کە شاڵاویان بۆسەر ئەو هێناوە.

لەم سەردەمەدا داستانێکی غەم ئەنگیزی تر هاوڕێی (حیکمەتە)، (داستانی غەم ئەنگیزی جەستەیی) کە لە هەڵسوڕانی ڕۆژانەی ئەو و چاوخشاندنی بەسەر شتەکاندا هەست پێ دەکرێ و لەشێعرەکانیشی دا ڕەنگ دەداتەوە.

چەندین جار نەخۆشی، ئەوی تا سەرهەڵدێری نەمان بردووە، بەڵام (نازم) لەخوگێل کردنی یەك لایەنەی ئەندێشە بێزارە ئەو نایەوێت لەناو خۆی دا ئەسیر بێت. لەترسی مەرگ نالەرزێت، لەتەنیایی، بێزارە، ئەو بونی خۆی وادار دەکات کە سورعەتەکی دوسێ چەندان بکات، بۆئەوەی.... بەبێ دەنگی بگات!.

((سێ مەنزومە)):



کتێبی (سێ مەنزومەی نازم حیکمەت) دەرفەتێکی باش دەرەخسێنێت بۆئەوە کە لەگەڵ سێ شێعری بەناوبانگی ئەو کە بریتین لە ("ژۆکوندوسی-یا-او"، "چەند نامەیەك بۆ تارئەنتابابۆ" و "داستانی شێخ بەدرەدین") ئاشنابین.

سەمین باغچەبان وەرگێڕی ئەم شێعرانەش، وەبیردێنینەوە کە هاڵ هەوای شێعرەکانی (حیکمەت) ئەو جۆرەی کە هەیە وەردەگێڕێتە سەر فارسی، هەرچەندە هەروەك مایاکوفسکی دەی وت: (وەرگێڕانی شێعرەکانی من تەقریبەن غیرە مومکنە)، شێعرەکانی حیکمەتیش بەو ئیمکاناتە دەنگییە و سەبکێك کە هەیەتی بەدژواری دەکرێت وەربگێڕدرێتەوە، بەڵام (باغچەبان) ئەوەڵین ناسێنەری (حیکمەت) لەئێران دا لە ئیمکاناتی زمانی پارسی بۆ پێکهێنانی شێوەی شێعری (حیکمەت) بەباشی کەڵکی وەرگرتووە.

(ژۆکوند) و (سی-یا-او) ڕادەیەك لە جوانی ناسی، بەیان کردن و ناڕەزایەتی بە مەرگە. مەرگی جوانی و ئازادی، جوانی لەناو (ژۆکوند) و ئازادی لەناو (سی-یا-او) دا بەدی دەکرێت. ئەم دوانە بەیەکەوە حەرەکەت دەکەن، جوانی بەدوای ئازادبوندا دەروات و ئەوکاتەی کە ئازادی (سی-یا-او) دەمرێت جوانی مانای خۆی لەدەست دەدات و "زەردەخەنەی ژۆکوند" لەناو بڵێسەکانی ئاگردا، دەتوێتەوە.

بەپێی باوەری (حیکمەت)، لەناوچونی جوانی لەم شێعرەدا مەرگی هەموو شتێك نییە، بەڵکو بێ دەنگی مرۆڤەکانە، کە مەرگ دەخوڵقێنێ، و بێ دەنگی (سی-یا-او)ش هەر بەوشێوەیە.

(تارئەنتابابۆ) داخوازی نامەیەکە لە مرۆڤێکی بەرپرسەوە کە بۆ ئەستاندنی مافی" کۆمەڵێك خەڵکی نەخوێندەوار، برسی وستم لێکراو، کە ژیانی ئەوان خەون و خەیاڵێکی تاڵ زیاتر نییە" هەستاوە و قسەکانی نیشانەی بەڵگەیەکی مێژوویی بەشێك لەکات و ساتەکان لەناو خۆی دا زیندو ڕادەگرێت.

حیکمەت لەشێعرەکانی دا سەرنجێکی زۆری داوە بە حەماسەی ڕابردووی وڵاتەکەی و هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شێعرەکانی ئەو لەناو خەڵکی کوچەو بازاردا دم بە دم بگەرێت، کە داستانی"شێخ بەدرەدینیش" یەکێکە لەو حەماسانە.

(شێخ بەدرەدین پیاوێە کە لە بیری ژیانی باشتر بۆ هەمووان دایەو کۆمەڵێکی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە، بەڵام "سوڵتان محەمەد" ترسی لێ دەنیشێت و ئەو لەداردەدا) مەنزومەی بەدرەدین تێکەڵاوێکە لەخەیاڵ و حەقیقەت کە بەڕادەیەکی پێویست لە سێحری شێعری حیکمەت کەڵکی وەرگرتووە. شێعری وێنەیی (بەدرەدین) مەرگ وەك حەقیقەتێکی بەرزو مەزن بەیان دەکات و شەهیدبونیش، بەنیشانەی هێمای نەمری و سەرفەرازی.

مەرگ لەزاتی بەدرەدین دا گیانێکی وا مادی و واقعی هەیە کە هیچ کات زهنی ئەو پەرێشان ناکات، چون دەزانێت و دەبینێت (مەرگ) چۆنە. تەنیا مەرگ نییە کە کەسایەتی دەدات بە بەدرەدین، چون ئەو کەسێکی خەباتکارو لەهەمان حاڵ دا بێ ڕیایە، ئەم بێ ڕیاییەشی بەو مانایە نییە کە لەسەر قەول و بەڵێنیەکانی خۆی سورنەبێت، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە کە نابێت ئێوە جیدی بگێرین، "بم کوژن" بەڵام خۆلەدەستتان نایەت بیروباوەڕەکەم بکوژن.

شێعری حیکمەت ئاوێنەیەك نییە لە بەرانبەر مرۆڤ دا، بەڵکو وڵامێکە بەو پرسیارانەی کە بۆ مرۆڤ دێتە گۆڕێ.

(حیکمەت) ڕاوەستاوانە مرد، با ئێمەش هەستین.

***



# یادێك لەنازم حیكمەت

ن: عەمران سەلاحی   و:  بێستون

زۆر کەس بەتیرێك دوو نیشان دەپێکێ، من دەمەوێ بەتیرێك لەسێ نیشانە بدەم، رەنگە زیاتریش دەمەوێ یادێك بکەم لەسەمەدی بێهرەنگی، هەم لەنازم حیكمەت و هەم لەشاعیری گەورە (مەفتونی ئەمینی).

لەساڵی 65 مەفتون کتێبێکی بەنرخی لەچوارینەکانی نازم حیكمەت پێشکەش بەمن کرد. ئەوەی کەنرخ و بایەخی ئەم کتێبە دوو بەرابەرو سێ بەرابەر دەکات دەستخەتی بێهرەنگی و مەفتونە کتێبەکە لەتورکیەوە بەحروفی لاتین چاپکراوە. سەمەد سەرجەم چوارینەکانی بەحروفی خۆمان نووسیوەتەوەو کتێبەکەی بەمەفتونی ئەمینی داوە هەتا بەو ئاواتە کەلەسەر شێوازی شیعری فارسی دایرێژێتەوە، ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کەسەمەد بەچ رادەیەك هۆگری بەشێعرو شاعیرییەوە هەبووە وەر گێردراوی تورکی ناوبراو شێعری شاعیرانی ئەمڕۆی ئێران شاعیری ئەو قسەیەیە کەسەمەد ئەم زەینی شاعیرانەیەی لەقسەکانی خۆیان ئاشکرا کردوە.

چوارینەکانی حیكمەت بەفارسی لوتفێکی ئەوتۆی نییە بەم حاڵەش مەفتون نمونەی یەکێك لەوانی کردوە بەفارسی کەبەراستی جوان و دڵگیرە. نازم لەچوارینەکانی‌دا وەزنی چوارینەو بەرابەریی درێژیی مەسرەعەکانی لەبەرچاو نەگرتووە. هەوڵیداوە کارێکی نوێ لەقاڵب و شێوازی کۆن دا دەربڕێ ئەو چوارینانەی بۆ واتە پیرایە وتوە، سەر دێڕی ئەسڵی ئەوان بریتییە لە "چوارینەیەك بۆ پیرایەم" ئەم شێعرانە لەنێوان ساڵەکانی 1945 تا 1948 هۆنراونەتەوە. کتێبەکە ناتەواو ماوەتەوە. نازم هەوڵی داوە ئەوان لە چوار بەشی چوارینەکانی فەلسەفی، کۆمەڵایەتی، عاشقانەو تەنزدا تەنزیم بکات و لەهەربەشێك دا 35 چوارینە بگونجی کەلەسەر یەك دەکرایە 100 چوارینە لەو کتێبەی کە چاپکراوە تەنیا 23 چوارینە هاتوە کەلەبەشەکانی یەکەم و دووەم و سێهەم. هەر ئەوچوارینانەش محمد فوادەوە لەساڵی 1966 لەئیستانبول لەچوار چێوەی کتێبێکدا چاپکراوە.

وەرگێردراوی چەند چوارینەیەکی نازم حیكمەت کە بریتین لە:

شانەیەك پڕ لەهەنگوین
چاوانی پڕ لەخۆر

چاوەکانت خۆشەویستم، سبەینێ چاوەکانت دەبنە خاكو

هەنگوینی شانەکانی ترت پڕ دەکەن.

حەسرەتی رۆژی رابردوو ناخۆم

بێجگە لەشەوێکی هاوینی

دواین تروسکەی ماشینی چاوەکانم

موژدەی دوارۆژ بەتۆ دەدەن

من ئینسانم، من شاعیرم

سەرتا پێم، جۆش‌و خرۆش، هیواو حەسرەت

* * *

خەیام وتی گۆزەیەك مەی بێنە تا بینۆشین، دڵخۆشکە لە گڵی ئێمە گۆزە دروست دەکەن، ئینسانێك کەجلوبەرگ‌و پێڵاوی شڕو دراوی لەبەردا بوو، سەیری کردو وتی: لەجیهانێکدا کەنیعمەتەکانی لەئەستێرەکان زیاترە، من برسیم، شەراب هیچ، تەنانەت پوڵی کڕینی نانیشم نییە.

لەنێوان ئێمەدا جیاوازییەك هەیە،

بەمجۆرە بیر دەکەمەوە

تۆ مەلێکی لانەوازی کەبیر ناکەیتەوەو پەڕو باڵت هەیەو

منیش ئینسانێك کەبیر دەکەمەوەو دەست‌و بازووم هەیە.

# "برینجی بۆ خۆی کوشت"

ئامادەکردنو وەرگێڕانی: بێستون

شاعیری ناوداری جیهان نازم حیکمەت کەساڵی 2002 بەساڵی ئەو ناسراو و لەلایەن رێکخراوێکی خزمەتکاری ئیمپریالیستی واتە یۆنسکۆی جیهانی بڕیاردرا بەبۆنەی سەد ساڵەی ئەوەوە لەدوو وڵاتی جیا جیادا، ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێ، هەڵبەتە لەبەر ئەوە نەبوو کەئەم شاعیرە هەر بەشێوەی ئەوان بیر دەکاتەوە، بەڵکو بەهۆی گەورەیی و کاریگەریی ئەوە کەناتوانن چاوپۆشی لێ بکەن. پێویستە بوترێ کەلەڕوانگەی ئەوانەوە، ئەدەبو هونەر بەجیا لەژێر خانی کۆمەڵ چاو لێ دەکەن، ئەگینا خودی نازم حیکمەت گۆڕ هەڵکەنی ئەوانو نیزامەکەیان بووە.

بەڵێ نازم حیکمەت جارێ مەرگی سەرمایەداری دابوو هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی تورکیە لەسەر نوسینێکی بەناونیشانی "برینجی بۆ خۆی کوشت" بڕیاری ئیعدامیان بۆ دەرکرد پاشان ناچار بوون سزای ئیعدامەکەیان بۆ گۆڕی بە(5) ساڵ زیندانی. ئازادی ئەوەندە لێ تەسك کرابۆوە و تەنانەت نووسینەکانیشی، لەترسی پۆلیسی تورکیە، لەژێر ناوی ئورهان سەلیم دا بڵاو دەکردەوە. پاش چەندین جار زیندانی، بەناچاری لەتەمەنی 48 ساڵیدا، ساڵی 1945 تورکیە بەجێدێڵێو روو دەکاتە رووسیە، لەوێش ئەو چەوسانەوەیەی (ستالینی) پێ قەبووڵ نەکراو لەژێر ناونیشانی (ئایا ئامادەبووە یان نا) بەتوندی رەخنەی لەسیاسەتی بۆرژوازییانەی ستالین گرتووە.

نازم حیکمەت لە1903/1/15 لەدایکبووە. لەتەمەنی حەڤدە ساڵییەوە شێعری نووسیوە. دواتریش ئەم بەرهەمانەی پێشکەش بەجیهانی ئەدەب کردوە کەبریتین لە: شانۆگەری کەللەسەر، جۆکەنداو چەند دیوانە شێعر. بەهۆی نەخۆشی دڵەوە بۆ ماوەیەك لەنەخۆشخانەکانی رووسیا ماوەتەوە، بەڵام هەرگیز لەهەوڵو تێکۆشان نەکەوتوەو خۆی پێی وابوو کەپێشڕەوی خەباتی چینایەتی نەسرەوتنی دەوێو هەروەك مارکس دەڵێ: لەکۆتاییدا بتوانی بڵێی ئەرێ جوان ژیاوم. لەرێکەوی 1963/6/1 ئەم نەسرەوتنەی توانی بڕستی لێ ببڕێو بۆ یەکجاری چاو لێك بنێ. بەڵام "ژیان" وتی: ئالایەکەم، گوڵە سوورەکەی سەر دڵم نازم حیکمەتە. تا لەژیانیشدا بوو ئاوها ژیانی دەدواند:

ئەو دیوارە، دیواری ئێوەیە
بەهیچی تێناگەین، گوێ نادەینێ
لەهەر شتێك دروست کرابێت
ئەو هێزەی لەچۆکماندایە
دوانێکی لێڵی: کابرایەکی دیندار نییە
لەهۆنینەوەی هەودای خەواڵوییەکی:
بێ ئاگاش نییە.
لەهەوڵدانو گەشەی بێ ئەملاو ئەولای
مێژووەوەیە
ئەوەی لەروومان راوەستێ
بەرەنگاری یاسای ئەبەدی بزووتنەوەو
ماوەو گەشەی کۆمەڵ ئەبێ
لێرەوە، بزووتنەوەیە
بوونێك نییە بۆ وەستان
ئەمڕۆ سبەی بار دێنێ
سبەی ئەمڕۆ دەڕوخێنێ
بەردەوامە
بێ راوەستان
هەروەها، بەردەوامە

ئێمە پاڵەوانی ئەمڕۆین
بەشەوقەوە، بۆ سبەینێ تەکان ئەدەین
ئێمە دەنگی ئەو عیشقە دیاریکراوەین
ئەو ئەوینە،
بێ راوەستان تێکدەدا
بوونیان دەنا
کۆمۆنیست"
کەسێکە هەنگاوەکانی لەگەڵ
کاروانی مێژوودا هاو ئاهەنگ دەکا.
ئەوە تێکدەدا
کەئەمڕۆ ژێر خانی داتە پیوە
ئەو پاڵەوانەیە،
سبەینێ بوونیان دەنا
ئەو دیوارە، دیواری ئێوەیە
بەهیچی تێناگەین
گوێی نادەینێ
لەهەر شتێك دروستکرابێ.

***